
KURDISTAN
یەکەم کۆمار، وشەی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان
75
مەشخەڵی خەباتی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
ناکوژێتەوە
دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵێک وتار، وتووێژ، لێدوان و هەڵسەنگاندن
بەشی چوارەم
کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- حیزبی دێموکرات، داینەمۆی خەبات و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی کوردستان.................. مستەفا شەڵماشی ..... ٤
٢- کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی................. عومەر باڵەکی ..... ٩
٣- تایبەتمەندییە نەتەوەیی - دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات.................................. شۆڕش شاباز ..... ١٦
٤- گەلاوێژێک بە تامی بەهار!........................................................................ ناسر باباخانی ..... ١٩
٥- ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (لە دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە هەتا ژێکاف)........................
....................................................................................... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٢٣
٧- ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری سیاسی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان....................
........................................................................................................ ئاکۆ عەلیزادە ..... ٣٤
٨- حیزبی دێموکرات، ڕێکخەر و پەرەپێدەری بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان..............................
.........................................................................................................حیسام ئەحمەدی ..... ٤٠
١٠- ٧٧ ساڵ خەبات و چاوەڕوانییەکان.................................................................. زاگرۆس ..... ٤٦
١١- بنەماکانی دەوڵەتداری لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا....................................... شۆڕش شاباز ..... ٥٠
١٢- مستەفا مەولوودی: نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە.......
.......................................................................................... وتووێژ: کاروان مێراوی ..... ٥٥
١٣- سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا.............................................................. قادر وریا ..... ٦٥
١٤- سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکرات هەم ئەخلاقە، هەم پرەنسیپ ........................ سمایل شەرەفی ..... ٨١
١٥- پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ............................................ مەنسوور مروەتی ..... ٨٤
١٦- چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە دووای شۆڕشی ١٣٥٧.................. پێشەوا عەلی پوور ..... ٩١
١٧- کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات..................................
.................................................................................... د. ئازاد محەممەدیانی ..... ١١٥
١٨- دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ......................................................................... شیوا مورادیان ..... ١٣٢

## بەشی چوارەم


١٩- حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانیدا........................................... سمایل شەرەفی ..... ١٣٥

٢٠- ٢٥ی گەلاوێژ، دەرکەوتنی ئەستێرەی هیوا................................................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١٣٨

٢١- حیزبی دێموکرات لە بەردەم هەلومەرجێکی مێژووییدا....................................... مەنسوور مروەتی ..... ١٤٢

٢٢- قوتابخانەی گەلاوێژ................................................................. کەریم پەرویزی ..... ١٤٥

٢٣- ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیەک لە هەشت دەیەی ڕابردوودا........................... حەسەن قارەمانی ..... ١٥٠

٢٤- حیزبی دێموکرات، پرسە جەوهەری و ژێرخانە فکرییەکانی....................................... عەلی بداغی ..... ١٥٣

٢٥- ٢٥ی گەلاوێژ و چەند وتەیەک............................................................. برایم چووکەڵی ..... ١٥٦

٢٦- حیزبی دێموکرات و ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە.......................................... سمایل شەرەفی ..... ١٥٩

٢٧- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە................................. سمایل شەرەفی ..... ١٦٢

٢٨- خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش، دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە......................

................................................................................................... کوردکاناڵ .... ١٦٥

٢٩- شەڕ و ئاشتی و پرەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا............ عەلی بداغی ..... ١٧٢

٣٠- ٧٩ گەلاوێژ......................................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٧٩

٣١- چەند برگەیەک لە ٧٩ ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی....................................... ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١٨٢

٣٢- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، هەنگاوی پێویست............................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٨٧

٣٣- حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو......

.................................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٩٠

٣٣- حیزبی دێموکرات و ٨ دەیە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس............................. ڕامیار مەهابادی ..... ١٩٥

٣٤- مێژووی پڕ لە شانازی، باری قورسی ئەرکمان لە بەرانبەر داهاتوو........................... ئەلبورز ڕووپینتەن ..... ٢٠٣







سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات، داینەمۆی خەبات و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی کوردستان



**مستەفا شەڵماشی**

حیزبی دێموکراتی کودستان، ئەمساڵ حەفتاوحەوتەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ. لە و ٧٧ ساڵەدا لە زۆر بواردا ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە و شانازیی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاندوە. ئەم حیزبە ساڵی ١٩٤٥ وەک یەکەمین حیزبی پێشکەوتوو لە کوردستاندا بە شێوەیەکی مودێرن دامەزرا و لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا بەرنامەیەکی بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتوو، و ڕێبەرییەکی بەکۆ و ڕێبەرێکی لێهاتووی هەڵبژارد. ڕێبەرێک کە تا ئێستاش پێشەوا و جێگای ڕێزی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری یەکەمین دەسەڵاتی مۆدیرنی کوردی بوو کە نیزیکەی ساڵێک دوای دروستبوونی خۆی، بە سەرۆکایەتیی پێشەوای ڕووناکبیر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و لە مێژوودا یەکەمین کۆماری کوردستانی بۆ تۆمارکردین. هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەباتکاری سەرەکی بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان بۆ یەکەمجار لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دامەزرا. ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی گەلی کورد بە جۆرێک کە تا ئێستاش بوونە هێمای نەتەوەییمان لە سەرانسەری کوردستان هەر دەسکەوتی ئەم حیزبە بوون.

## بەشی چوارەم

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەمو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە هاتوونە سەر ڕێگای و زۆرجار تا سنووری کەوتن چووە، بەڵام هەموو جارێ هەستاوەتەوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان خۆی گرتۆتەوە و بۆتەوە چاکەسواری مەیدان و جڵەوی خەباتی وەدەست گرتوە. هەرچەندە لە قۆناغی جۆراوجۆردا تووشی لێکدابڕان و پەرەوازەیی بووە، بەڵام بە هیممەتی کادرە وردبینەکانی، جارێکی دی ڕیزەکانی خۆی پتەو کردۆتەوە و نەمامەکانی دوارۆژی خۆی بە ئاوی یەکیەتی پاراو کردۆتەوە و دوژمنانی ناکام هێشتۆتەوە.

بێگومان حیزبی دێموکرات لەو ماوە دوور و درێژەدا و لەنێو تۆفانی ئەو هەموو دژواری و نەهامەتییانەی بەسەر خۆی و گەلی کورددا هاتوە، ڕەنگە لە هێندێک قۆناغدا تووشی هەڵەی تاکتیکیش بووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانازییەکی گەورە بۆ ئەو حیزبە خوشەویستەی گەلی کورد ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز و لە هیچ قۆناغێکدا نەبووەتە داردەستی دوژمنان و هیچ کاتێک سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەداوە. تەنانەت ئەگەر هەڵەشی کردبێ، لەسۆنگەی کارتێکەریی هیچ لایەنێکدا نەبووە و لە خانەی هەڵەی سیاسی و تاکتیکیدا خۆی دیوەتەوە، یا لەلایەن هێز و لایەنی دیکەڕا و بە هۆی هەلومەرجی نالەبارەوە بەسەریدا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرچەند لە تەمەندا ساڵانێکی تێپەڕاندوە، بەڵام لە بۆچوون و گوتاردا هەمیشە ڕوحێکی زیندووی بووە. ئەو حیزبە هەرچەند لەنێو گیر و گرفتی جۆراوجۆردا ماندوو دیارە، بەڵام ئیمکانات و ئێنێرژیی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کە بنەماڵەکەی لێکترازانی پێوە دیار بووە، بەڵام ویست و پتانسێلی کۆکردنەوەی نێوماڵی خۆی و بەرهەمهێنانی یەکیەتی و پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی و نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەمیشە هەبووە. خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەماوەری خۆیدا دەتوانم بڵێم بێوێنەیە. لە سەرانسەری جیهاندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە ڕۆژ و بە مانگ و ساڵ لەژێر تاقیکردنەوەی بەدەنە ولایەنگران و کۆمەڵانی خەڵکدان و زۆر جار بە هەڵەیەکی سیاسیی بچووک ئەوەندەیان لێ دەوەرێ کە بەتەواوی لاواز دەبن و کەمتر حیزبیش هەن لە ماوەی پەنجا ساڵدا بە تەواوی نەتوابنەوە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای حەفتاوحەوت ساڵ تەمەنیش، هێشتا جێگای هیوای ئەندامان، لایەنگران وکۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا خاوەن پێگە و خۆشەویستە. ئەو خۆشەویستییەی حیزب لەبەر ئەوە نییە کە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هیچ هەڵەیەکی نەکردوە، بەڵێ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لەنێو ڕیزەکانی خۆیدا چەند جارێک هەڵەی کوشندەشی کردوە کە ترازان و لێکدابڕانی ڕیزەکانی لێ کەوتۆتەوە. هەروەها لە مێژووی خۆیدا تووشی ڕکەبەریی ناسالم و کێشەی لاوەکی و نەخوازراو لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی دیکەش بووە. یان لە بەرامبەر دوژمنانی گەلەکەماندا تووشی کەمتەرخەمی و بێموبالاتی بووە کە

## بەشی چوارەم

زیانی قەرەبوونەکراوی پێ گەیاندوە، بەتایبەت بە لە دەستدانی ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی. بەڵام مێژووی حیزب لەژێر ڕێبەری و گیانبازیی سەردەمی کۆماردا، لە جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ و سەرهەڵدانەوەی حیزب بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هەزاران کادر، پێشمەرگە و ئەندام و دەیان هەزار لایەنگر بەدەست هاتووە. حیزب لە مەیدانی کردەوەدا سەلماندوویەتی کە هیچ کاتێک دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرێ و هیچ کاتێک پشت لە قازانجەکانی نەتەوەکەی ناکا، نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری کوردستانی دابەشکراودا تەنانەت بە قوربانیکردنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانیشی، هەر پارێزەری دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو قۆناغی مێژووییدا گەورەترین حیزبی کوردستانی و دەسەڵاتداری ناوچەی خۆی بووە. هەم لە سەردەمی کۆماردا و هەم بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران. لە هەردووک ئەو قۆناغانەدا ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ، یارمەتی بە خەباتکارانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردوە. هەرچەند لە هەردووک قۆناغەکەدا لەژێر فشاری شەڕێکی خوێناوی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی ئێراندا بووە، بەڵام بە هێچ شێوەیەک ئامادە نەبووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ساتوسەودا بە مەسەلە نەتەوەییەکەوە بکا و بچووکترین زیان بە بەشەکانی دیکەی کوردستان بگەیەنێ. بەپێچەوانەوە زۆر جار لە مێژووی خۆیدا، قازانجەکانی کاتیی خۆی فیدای پاراستنی پرەنسیپە نەتەوەییەکان کردوە. تەنانەت لە مێژووی تازەشیدا کە ڕێبەرایەتییەکەی بەناچاری لە باشووری کوردستان جێگیر بووە، هەمیشە هەوڵی داوە تەنانەت ئەگەر بۆخۆی زیانیشی پێ گەیبێ، دەسکەوتەکانی هەرێمی باشووری کوردستان بپارێزێ و ئەوەندەی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ گەشەپێدانی ئەو دەسکەوتانە و یارمەتیدەر بێ بۆ ئاشتی و تەبایی نێو هێزە کوردستانییەکان.

کەواتە لە باری مێژووییەوە دەتوانین شانازی بە حیزبەکەمانەوە بکەین. مێژووی خاوێن بناغەیەکی باشە بۆ ئەوەی داهاتووی لەسەر بنیات بنێی. بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی کە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەدوا نەکەوی. بەس نییە بۆ ئەوەی خەباتەکەت بە جەماوەری بکەی و مافەکانت بەدەست بێنی. گرفتی ئێمە ئەوەیە کە لەنێو ئەو مێژووە جوانەدا گیرمان کردوە و زۆرتر بە مێژووەکەمانەوە خۆ ڕادەنێین. شانازی بە ڕابردوومان و پشتبەستنی لە ڕادەبەدەر بە ئەنجامی خەبات و گیانبازیی ڕێبەرانی شەهیدمان، نابێ ئەوەندە غافڵمان بکا کە بۆ داهاتوو لە بیری پلان و بەرنامەدا نەبین. پێویستە بەپێی هەلومەرج بەرنامەمان بۆ داهاتوو هەبێ، چونکی چەقی خەباتی ئێمە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسیدایە.

## بەشی چوارەم

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا دێ زیاتر لە زەلکاوی پاشماوەی جینایەتەکانیدا نوقم دەبێ. بەرهەمی چلوسێ ساڵ سەرکوت و ئیعدام، ئاژاوەگێری لە ناوچەدا و دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، میلیتاریزەکردنی کوردستان و برەوپێدانی تیرۆریزم لە ناوچەدا، کۆمەڵکوژیی زیندانییان و تیرۆری ڕێبەرانی سیاسیی کوردستان و ئێران و چەکدارکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، بەرنامەی مووشەکی و پەهپادی و هەوڵدان بۆ نائەمنکردنی شاڕێی گواستنەوەی وزە و پەترۆڵ لە کەنداو، وەلانانی ئابووریی سەردەم و دەستبەسەرداگرتنی سوپای پاسداران بەسەر هەموو ڕەگەکانی ئابووری ئێراندا و لە کۆتاییدا برسیکردنی زیاتر لە شێست لە سەدی دانیشتووانی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێران، کاریکیان کردوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆی ئێراندا و چ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چ لە ڕاددەی دنیادا، ببێتە ڕێژیمێکی قێزەون، مەحکووم و ئیزۆلە بوو. گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیم لە نێوخۆیدا بە ڕادەیەک لە دارمان نیزیک بۆتەوە کە تازە زۆر دژوارە بتوانێ خۆی کۆ کاتەوە و چارەسەری ئێزۆلەبوون، ناکارابوون و دواکەوتوویی خۆی بکا و ڕووخانی ڕژیم تەنیا بەستراوەتەوە بەوەی کە ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران و شوێنی ژیئۆپۆلیتیکی ئێران درووست ببێ.

لە هەلو مەرجێکی ئاوادا پێویستە ئێمە خۆمان بەرۆژڤ بکەیەنەوە، بەرنامەمان بۆ داهاتوو هەبێ و پێش ئەوەی ڕێژیم بڕووخێ، بنچینەکانی دەسەڵاتی خۆییمان لە کوردستان دیاری کردبێ. ئەوەش تەنیا بە بەرنامەی هەر حیزبەی کە ئامانجەکانی دوارۆژی خۆی تێدا دیاری کردوون و زۆرجاریش ناتەبایی لەنێوان بەرنامەی حیزبەکاندا هەیە، جێبەجێ نابێ. ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بەرنامەی هاوبەشمان بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. لە کاتی پێکهاتنی هەر ئاڵوگۆڕێکدا پێویستە دەستبەجێ بە هاوکاریی یەکتر بەرنامە گشتییەکە بۆ کوردستان پیادە بکەین و بۆ دەوڵەتی ناوەندیی خۆمان بکەینە ئەمری واقیع. نابێ مەسەلەکەمان بسپێرین، بە دێموکراسی، وادە و بەڵێنی دەستووری و ڕەئی خەڵکی سەرانسەری ئێران. نابێ بەدیار ئەوەوە دانیشین دیسان زنجیرەیەک لە وتوویژ و کاتکوشتن دەست پێ بکاتەوە تا دەوڵەتی ناوەندی خۆی دەگرێتەوە و دیسان هێرشمان بۆ دێنێتەوە. ئێمە دەبێ دەست بکەین بە نیشاندانی دەسەڵاتێکی کوردیی پێشکەوتوو و ڕاست و زەحمەتکیش بۆ نەتەوەکەمان. پێویستە بەر لە هەموو شتێک یەک بگرین و هەموومان پێکەوە تەنیا بە ئامانجی خزمەتکردن ڕێک بکەوین و نیشانی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمانی بدەین کە هەموو زەحمەت و خەباتی چەند ساڵەمان تەنیا و تەنیا بۆ خزمەت بە ئەوان بووە و دادپەروەری لە دابەشکردنی ئیمکاناتی وڵاتدا لە سەرووی هەموو شتێک دەبێت.

پێویستە لە ئێستاوە هەوڵ بدەین کە پێشمەرگە بە گشتی ببێتە هێزێکی نیشتمانیی یەکگرتوو. بەرەو درووستکردنی هێز و

## بەشی چوارەم

دەسەڵاتی حیزبی نەڕۆین، بەڵکو هەوڵ بدەین دامەزراوەی نیشتمانی لە هەموو بوارەکاندا بەرهەم بێنین. پێویستە گیروگرفتەکانی خۆمان بە ڕێگای جێگیرکردنی دێموکڕاسی ڕاستەقینەدا، کە تێیدا هێزی قانووندانان و ئیجرایی بە ئیرادەی گەل هەڵدەبژێردرێن و هێزی قەزایی بەتەواوی سەربەخۆیە، چارەسەر بکەین و لە دژی یەکتر سەنگەر نەگرینپ نە سەنگەری چەکدارانەو نە سەنگەری سیاسی.

بۆ وەدیهاتنی هەموو ئەو ئامانجانە بوونی حیزبێکی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. بۆیەشە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیی دێموکراتەکان گوڕوتینێکی باش بە خەباتی حیزبە خۆشەویستەکەمان دەدا و دەشبێتە کۆڵەکەیەکی بەهێزی بەرەی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە دڵنیاییەوە حیزبی دێموکرات دەبێتە داینەمۆی یەکگرتوویی بۆ هێزە سیاسیەکانی دیکەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢


---



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

# کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی



عومەر باڵەکی

٢٥ی گەلاوێژی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی ڕووداوێکی گەورەیە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ لە ساڵانی ڕابردوو جیاوازترە، چونکە هاوکاتە لەگەڵ مزگێنیی هیوابەخشی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات، ئەمەش هیوایەک دروست دەکا کە لەوە بەدواوە وەزەو تواناکانی دوولایەنی دێموکرات (تا ئێستا) لە داهاتوودا بە یەکیەتی و یەکڕیزی بخرێتە خزمەت ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەبارەت بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژ ساڵە لە زمانی ڕێبەرانی شەهید د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و نووسەران و توێژەرانی مێژووی حیزب باس لەوە دەکرێ کە "دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو". ئەوە تەنیا دەربرینێکی سادە نییە، بەڵکوو ئەنجامی لێکدانەوەیەکی درووستە لەو هەلومەرجەی کە حیزبی دێموکراتی تێدا درووست بوو و لە هەمان کاتدا دەرخەری لێکدانەوەی درووستی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتە بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد لە قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجەی لەو سەردەمدا هاتبوو ئاراوە بە قازانجی بزوتنەوەیی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە وا باشە ئاورێک لەو سەردەمە بدەینەوە کە حیزبی دێموکراتی تێدا پێکهات. ئەوکات



سەرچاوە Serchawe

بۆمان دەردەکەوی کە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێویستییەکی مێژوویی بووە و لە هەمان کاتدا ئەو حیزبە لە کوردستانی گەورە بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی چ کاریگەرییەکی هەبووە؟

هەموو ئەوانەی ئاشنا بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانن ئاگاداری ئەوەن کە حیزبی دێموکرات لە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی بە ڕاگەیەندراوێک بوونی خۆی ڕاگەیاندوە. بەڵام وەک دەبینین ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ماوەی ٧٧ ساڵە لە ٢٥ی گەلاوێژی هەر ساڵێک یادی دامەزرانی حیزبەکەیان دەکەینەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆ دەردەخا کە بۆ ٢ی خەزەڵوەر (١ی جۆزەردان) نەبۆتە ڕۆژی دامەزرانی حیزب و لەبەرچی ٢٥ی گەلاوێژ بۆتە ڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبە؟ ئەو ٢٥ی گەلاوێژە لە کوێڕا هاتووە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سێ ساڵ پێش لە دەرچوونی یەکەم ڕاگەیەندراوی حیزب واتا ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ کە بەهۆی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان (یەکیەتیی سۆڤییەت، ئینگلیز و ئەمریکا) بە بیانووی یارمەتیگەیاندن بە سپای یەکیەتیی سۆڤییەت لە بەرانبەر سپای ئاڵماندا لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بۆ نێو خاکی ئێران، حکوومەتی ڕەزاشا ڕووخا. ڕووخانی حکومەت لە تاران دەرەتانێکی پێک هێنا و بۆشایی دەسەڵات و هەروەها کرانەوەیەکی سیاسیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا دروست کرد. ئەو کرانەوەیەش بوو بە هۆکارێک کە حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ئێران سەر هەڵبدەن و لەو نێوەشدا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو دیاردەیە بێبەش نەبوو. لەنێو هەموو ئەو ڕێکخراوانەدا کە لە کوردستان هەبوون، ژێکاف ڕۆڵی بەرچاوتری هەبوو لە کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە دەوری بەرنامەکەی خۆیدا کە بەرنامەیەکی بەتەواوی نەتەوایەتی بوو، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان و ئەو هەلومەرجەی هاتبوو ئاراوە،

**پێویستی بە حیزبێکی ئەوتۆ بوو کە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی بۆ سێ مەبەست هەبێ:**

١- حیزبێک کە بتوانی هەموو چین و توێژەکانی کومەڵگەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

٢- حیزبێک کە بتوانی خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلانی دیکە لە سەرانسەری ئێران گرێ بدا.

٣- حیزبێک کە بتوانی پشتیوانیی گەلانی جیهان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری دنیا بۆ لای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕابکێشێ. ئەو ئەرکەش بە ڕێکخراوی ژێکاف نەدەکرا، چونکە بەپێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوی کە ژێکاف بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا زۆر داخراو بووە، بۆیە دەبینین دوای ئەوەی پێشەوا دەبێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە، هەوڵ دەدا ئەو ڕێکخراوەیە لە داخراوی بێنێتە دەرێ و بە هەستپێکردن بە دۆخی ئەو


سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

سەردەم و ئەو پێویستییانەی لە سەرەوە بۆ بوونی حیزبێک لە کوردستان باس کرا، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بڕیار دەدەن پێکهاتەی ڕێکخراوەکە بگۆڕن بە پێکهاتەی حیزبێک کە بوونی وەک پێویستییەکی مێژوویی خۆی دەنواند؛ بەڵام بە پابەندبوون بە بیروباوەڕە نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف. بۆیە دەبینین هەتا ئێستای لە گەڵدا بێ، حیزبی دێموکرات دوای تێپەربوونی ۷۷ ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتە هەر وەفادارە بەو ڕێبازە. هەربۆیەشە لە ڕۆژی یەکەمی پێکهاتنی بۆ ئەوەی لەو مێژوویە دانەبڕێ، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافی بە ڕۆژی دامەزرانی خۆی پەسند کردوە. بەڵگە بۆ ئەوە یەکەم جێژنی یادکردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی حیزب لە ۲۵ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ی هەتاوی لە ماڵ و بارەگای پێشەوا بەڕێوە چووە و لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ۷۹ی بە ڕێکەوتی ۲۹ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ی هەتاوی بە ڕاپۆرتێک بڵاو بۆتەوە کە تێیدا دەگوترێ "مۆمی پێنج ساڵەی تەمەنی حیزب داگیرسا"، واتا حیزبی دێموکرات مێژووی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکافی بە مێژووی خۆی داناوە.

ئەو سەردەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاڤ ڕاگەیاند و بە کردار هاتە مەیدانی سیاسیی کوردستان، سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران ماوەی نزیک بە ۲۰ ساڵ بوو لە قاجارەوە بۆ پەهلەوی گۆڕابوو. ئەو نیزامە پاشایەتییە نوێیە بە بیروبۆچوونی نوێ لە تاران دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتبوو. ڕێژیمی سیاسیی نوێ سیاسەتەکانی بە ئاراستەی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوو، و ئەوە هۆکارێکی بەهێز بوو کە کەلێن بکەویتە نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گەلانی پێکهێنەری ئێران. قووڵبوونەوەی ئەو کەلێنە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ وەدستهێنانەوەی مافە نەتەواتییەکان پێویستیی بە ڕێکخراوە و ڕێکخستنێک هەبوو کە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو پێویستیە خۆی لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەردەمیانە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە؛ واتا درووستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانین بڵێین پەرچەکردارێک بوو بەدژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی کە بە پێکهێنانی دەوڵەت- نەتەوە هەولی ئەوە بوو گەلانی پێکهێنەری ئێران لە فەرهەنگ و کولتووری گەلی باڵادەستدا بتوێنێتەوە. بۆیە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا خاڵوەرچەرخانێکی بەهێزە لە چۆنیەتیی پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی. حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو ئامانجەی کە بۆی دروست ببوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانی پێکهاتەیەکی دەوڵەتداری هەرچەند لە ناوچەیەکی بەرتەسک لەژێر ناوی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. بەڵام ناوبانگ و کارتێکەریی ئەو کۆمارە وای کرد کە لە ماوەیەکی زۆر زۆر کەمدا ببێتە ڕوانگە و جێگای ئومیدی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین لە مێژووی هاوچەرخماندا گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیەکەم گوتاری نەتەوەیی و دەستپێکی خەباتێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی دادەنرێ.

لەو سەردەمدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی ڕاگەیاند، ماوەی چەند ساڵێک بوو دەنگی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و دژەکورد سەرکوت کرابوون و ئەو سەرکوتە هەتا ڕادەیەک وای کردبوو کە هەناسە و پشووی لە هەموو تاکێکی نیشتیمانی کوردان بڕیبوو. بۆیە سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو هەلومەرجەدا زۆر بەخێرایی لەنێو دڵی هەموو ئازادیخوازانی کوردستانی گەورەدا جێی خۆی کردەوە و هەرزوو بیروئەندێشەی حیزبی دێموکرات بوو بە نموونە و وێنەیەکی کاریگەر لە پارچەکانی دیکە کوردستان. خۆ ئەگەر بمانەوێ سەرنج بدەینە کارکردی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا، دەبینین کە هەموو کاتێک هەوڵی داوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش و کولتوور و مێژووی هاوبەشە وەک ستراتیژیی سیاسیی لە کاروکردەوەی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەبێ و بە گەلانی دیکەی ئێران، ناوچە و جیهانی وەک نەتەوە بناسێنێ. ئەو تێڕوانینە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا بەڕوونی دەردەکەوی کە خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لەپێناوی بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیدا لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە و فیداکاری بنوێنن.

بەپێی ئەو ستراتیژییە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە یەکێک لە ئامانجەکانی پاراستنی خاکی کوردستان بووە و بەکردەوە هەوڵی داوە تۆوی خۆشەویستیی خاک لە ناخی تاکی کورددا بە چەشنێک بچێنێ کە بۆ پاراستنی ئەو خاکە گیانی خۆی بەخت بکا. لە شانۆی "دایکی نیشتمان" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەتا شانۆی ڕاستەقینەی خوێن و قوربانیدان لە پێناو پاراستنی نیشتمان و ژینگەی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. ئەم حیزبە لە هەمان کاتدا کە بیری لە پاراستنی خاکەکەی کردۆتەوە، خەمی لەوەش خواردوە کە زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی دەبێ کاری بۆ بکرێ و گەشەی پێ بدرێ. هەربۆیە دەبینین لە دوای پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم هەنگاوی یەم حیزبە کردنەوەی قوتابخانەکانە بە زمانی کوردی و تەنانەت لە کۆماری کوردستاندا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمیی ئیداراتی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار کاری پێ کراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای بەرەسمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستوویەتی کورد وەک نەتەوە لە زمان وکولتوری نەتەوەی باڵادەست کە هێزی دەوڵەتی لەپشت بوو جیا بکاتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵات و ئیلزامیکردنی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی گەلی کورد وەک نەتەوە دەربکەوێ و بتوانی لەلای نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دنیا بەڕوونی پێناسەی خۆی بکا، دەبوا بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە گەلانی دیکە گەلی کوردیش خاوەنی هێماکانی خۆی بێت

## بەشی چوارەم

کە ئـاڵا و سـرودی نیشـتمانی پێناسـەیەکی گرینگـی نەتەوەیـین لە سـەردەمی ئیسـتادا. حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان بـۆ بەئەنجامگەیانـدنی ئەو ڕیسـالەتە مێـژوویە دەبینـین هەر پـێش ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان ئـاڵای کوردسـتان (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤)بۆ یەکەمجار بەڕەسمی و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بەرز دەکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەتـا ئەمرۆش لەگەڵدا بێ لە فاکتەری هێزی چەکدار قەت خافل نەبووە، ئەویش بە دوو هۆکار: یەکەم، بەرگری لە خاک و نیشتیمان و دەسکەوتەکانی گەلی کورد. دووهەم، هیـزی چەکدار فاکتەرێکی گرینگە لە پێکهێنـانی کولتـووری نەتەوەیی بەو مانـایە هەر نەتەوەیەک کە هێزی چەکدار، واتـا سپای میللیی هەبێ بەهـۆی تیکەڵبـوونی تاکەکـانی کۆمەڵگە لەو سپایە کە هەرکامیـان لە نـاوچەیەکی نیشتمانەکەیانەوە هـاتوون و لە مـاوەی خزمەتیانـدا جۆرێـک لە ئینتیمـای نەتەوەیـی و خۆشەویستیی خـاک و نیشـتیمانیان لا درووست دەبـێ و، ئەوە خـۆی یەکێـک لەو ڕێگایـانەیە کە کولتـوورێکی نەتەوەیـی پـێ چـێ دەبـێ. بـۆیە دەبینـین حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان پـێش ڕاگەیاندنی کۆمار سپای میللی دامەزرێنی و پاشان ناوی پێشمەرگە بۆ تاکەکـانی ئەو سپایە دەست نیشـان دەکـا کە ئیسـتاش دوای ٧٧ سـاڵ نـاو و کـارکردی پێشـمەرگە بـۆتە جێـی شـانازی تـاک تـاکی کـۆمەڵگەی کـوردەواری لە هەر چـوار پـارچەی کوردستـاندا.

پێکهـاتنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا هاوکات هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگەی کـوردی لەگەڵ یەکتـر و لاوازکردنی ئینتیمای عەشیرە و خێڵ و بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتـایەکی دیکە حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار توانی عەشیرە و خێڵ و هۆزەکان لە دەوری تەوەری "کوردبوون" کۆ بکاتەوە. خۆ ئەگەرچی حیزبی دێمـوکراتی کوردستان و کۆمار ئەوەنـدەیان دەرفەت نەبـوو کە بتـوانن ئەو هـزرە سەقـامگیر بکەن، بەڵام هەر ئەو دەرفەتە کەمەش بەس بوو بۆ بزاڤی ڕووناکبیریی کورد کە دوای هەرەسهێنـانی کۆمار و لەسێداردان و زینـدانیکرانی ڕێبەرانـی حیزبـی دێمـوکراتیش ئینتیمای نەتەوەیی نەک بەرەو لاوازی نەڕوا؛ بەڵکوو هەتـا ئێستاش ڕۆژبەرۆژ لە گەشەکردن و پەرەئەستاندندا بێت.

مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٧سـاڵی ڕابـردوودا پـڕە لە کـار و تیکۆشـان لە پێنـاو گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و شوناسخوازیی کورد. دوای کۆمـاری کوردستـانیش ئێمە دەبینین کە خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازەکانی حیزبی دێموکراتەوە دەچن و هەر زوو ئەو حیزبە دەتوانێ بە پشتیوانیی خەڵک، خۆی بگرێتەوە و دەست بە خەبـات و بەردەوامیـی تێکۆشـانەکەی بکـاتەوە و بە پشـتیوانیی خەڵـک لە هەمـوو بەش و ناوچەکـانی کوردسـتان ڕەگ داکوتێ. ئەگەر ٧٧ ساڵ لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا لە پانتایی موکریان بە ناوەندێتیی مەهاباد پێناسە

بەشی چوارەم

دەکرا، ئیستا لکوپۆی داری ئەو حیزبە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەتا باشووری داگرتوە کە ئەمە بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبەیە.

لە مێژووی هەشت دەیەی ڕابردوودا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات ئادەرسێکی بەهێز بووە بۆ پێناسەکردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا بە هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵام لە بەردەوامیی ئەو خەباتەدا پشوودرێژ بووە و هەر ئەو پشوودرێژییە هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ دەستەبەرکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ماددی و مەعنوی بۆ پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێموکرات دوای تێپەر بوونی ٧٧ ساڵ تیکۆشان ئیستاش هەر لە سەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بنیات نرا و د. قاسملوو گەشەی پێدا و د. شەرفکندی درێژەدەدری بوو. گوتاری حیزبی دێموکرات ئیستاش پێداگری دەکا لەسەر یەکیەتی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەرمەندبوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، پاراستنی سەروەرییە نیشتیمانییەکان، هاندانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتووتی نەتەوەیی و، بەپوختی هەر بابەت و ڕێکارێک کە بتوانی هەست و سۆزی نەتەوایەتی پەرە پێ بدا و کۆمەڵگەی کوردی لەپێناو بەرەوپێشچوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیدا یەکگرتوو بکا.

ئێستاش کە بەخۆشییەوە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات گەیشتووەتە ئامانجی کۆتایی و هەموومان لە ڕیزەکانی یەک حیزبدا بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکەین، وا باشە پێداگری بکەین لەسەر ئەو ئەسلە کە حیزبی دێموکرات حیزبیکی ئیدئولۆژێک نییە، حیزبی گرووپێکی تایبەت و حیزبی چینێکی دیاریکراو نییە، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە ژن و پیاو، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بە هەموو ئایین و ئایینزاکان و، هی هەموو چین و توێژەکانە. ئەگەر وایە حیزبێکی لەو بابەتە بیروڕای جیاوازی سیاسیشی تێدا بەدی دەکری و بۆیە پێویستە ڕێز لە جیاوازیی تێروانینی سیاسی بە پاراستنی یەکڕیزی حیزب بگرین. جیاوازیی بیروبۆچوون، خوێندنەوەی جیاواز لە ڕابردوو، دەبێ بۆ نەخشەڕێگای داهاتوو بێ کە ئێمە چون بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە و، خوێندنەوەی جیاواز لە بابەتە سیاسییەکان دەبێ بۆ ئەوە بێ کە لە سیاسەتی کەلان و بەرژەوەندی نەتەوەییدا زۆربەی خەڵک تێیدا بەشدار بن. وەسەریەککەوتنەوە و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ بە دەرفەتێکی گەورە چاو لێ

## بەشی چوارەم

بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو هێز و توانای خۆمان کەڵک وەربگرین بۆ خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی. ئەو فەرهەنگەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکی هەستیار، لە وڵاتێکی نەخوێندەواری ٧٧ ساڵ پێشدا هەوڵی بۆ دەدا،

فەرهەنگی "وێکهەڵکردن" بوو. بۆیە هیوادارم ئێمە بتوانین بە خوێندنەوەیەکی دروست لە زیان و خەسارەکانی لێکدابران وەک میراتگری دامەزرێنەرانی حیزب و خوێنی شەهیدانی ئەو فەرهەنگە زیاتر و زیاتر لەپێناو پاراستنی یەکڕیزیی تەشیکیلاتی حیزبدا پەرە پێ بدەین.

کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات لەو ٧٧ ساڵەدا کاروانی خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی ئە حیزبەیە و، ئەو کاروانە بە هیممەت و بەشداری و لێکتێگەیشتن و ئیرادەی یەکڕیزیی هەموو لایەک بە هێزی زیاترەوە بەرەوپێش دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# تایبەتمەندییە نەتەوەیی - دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات



**شۆڕش شاباز**

بۆ ناسین و شرۆڤەی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی خەباتگێڕ لە چوارچێوەی دیاردەناسیی سیاسیدا دەبێ تایبەتمەندیی کات و شوێن و چۆنیەتی خوڵقانی ڕووداوەکان ئاوێتە لەگەڵ جۆری ڕوانگە و عەقڵییەتی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە لەبەرچاو بگیردرێ. ئەم شێوە ناسینە دەگەڕێتەوە سەر پێناسە و فەلسەفەی وجوودی ئەو شۆڕشە و لە خوێندنەوەی مێژووی حیزبی دێموکراتدا کە نزیک بە هەشت دەیە پێشەنگایەتیی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوە، بە دڵنیاییەوە دەبێ تایبەتمەندییە پادمانییەکانی وەکوو مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی دێموکرات بوونی بۆڵد بکرێت.

لە پێکهێنانی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی بزۆتنەوەدا، پرسیار ئەوەیە بۆچی و چ بارودۆخێک بۆتە هۆی پێویستبوونی ئەو جووڵانەوەیە. هەموو جۆر ئاڵوگۆڕێک لە ڕوانگە سیاسییەکاندا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە دوو کاناڵەوە سەرچاوە دەگرن: دژکردەوە لە ناوخۆی دەسەڵات و دژکردەوە لە دەرەوەی دەسەڵات. دژکردەوەی خەبات لە نێوخۆ دێتەوە سەر بەتاڵکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی حاکم و تا بنەبڕکردنی ئەو پێکهاتە بەردەوامە، بەڵام لە دژکردەوەی ڕوو لە دەرەوە خەبات لەدژی داگیرکاریدا دێتە ئاراوە. لەم دۆخەدا وڵاتی داگیرکراو لەژێر گوشاری مەترسییەکانی داگیرکاریدا دژکردەوەیەکی توندوتیژ بەرەورووی خەباتێکی ناچارکراو دەکاتەوە. لەم دۆخەدا بەگشتی لەڕوانگەی ڕزگارکردنی وڵات لە چنگی داگیرکەران هەموو بزۆتنەوەکان ڕێک دەخرن و زۆربەی بەرەنگاربوونەوەکان دێنە

چوارچێوەی بیروباوەڕ و ڕوانگەی ڕزگاریخوازانەوە. زۆربەی بابەتەکان ڕەنگ و ڕواڵەتی وڵاتپارێزی و هۆگربوون بە خاک و نیشتمان دەگرنە خۆیان و زۆربەی هەوڵدان و تێکۆشانەکان لە بەرنامەی کاری خەباتێکی ڕادیکاڵدا جێ دەگرێت.

ڕوانگەی دژکردەوە لە نێوخۆی وڵات بۆ ڕزگاری لە دەست دەسەڵاتی حاکم زۆرتر سیمای خەبات و تێکۆشانەکان بۆ سەربەخۆیی لەخۆ دەگرێ کە ئەم سەربەخۆییە بە ئامانجی ڕزگاربوونە لە دەست زوڵم و هەڵاواردنەکانی دەسەڵاتی لە جنسی ناوخۆی ئەو وڵاتە نەک مەترسییەکانی وڵاتانی داگیرکەر، بۆ نموونە بزووتنەوەی کاتالاییەکان و ئیرلەندییەکان، بەڵام دژکردەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی دابەشکردنەکانی جوگرافیای کوردان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە نێوان چوار وڵاتدا زور ئاڵۆزترە و میللەتێک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا دەبوا بۆ هەر پارچەیەک شێوەیەکی جیاواز لە ڕێکخستن و خەباتی بەڕێوە بردبا و هەر بۆیە لە هەرکام لەم پارچانەدا دەستی کرد بە دامەزراندنی حیزب و گەلی لێکدابڕاوی کورد خەباتی هۆویەتخوازانەی خۆی لە هەمبەر چوار وڵاتی داگیرکەردا ڕاگەیاند و بزووتنەوەکان بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆیانەوە دەستیان کرد بە تێکۆشان. شێوەی خەبات و میتۆدی خەباتی سیاسی گەلی کورد هاوتەریبە لەگەڵ ئاڕاستە و پارادایمی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەمەش گرنگایەتی خۆی هەیە چونکوو بابەتی دێموکراسی و دێموکراسیخوازی وەکوو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ گەیشتن بە خواستە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد لە بەرنامەی کاری ئەم حیزبەدایە و نزیک بە هەشت دەیە وەکوو ڕێساویاسای ئەو حیزبە چاوی لێ دەکرێ.

نەتەوەیی بوون و دێموکراتیک بوونی پێکهاتەی سیستەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ لە دوو لایەنەوە چاوی لێ بکرێ. یەکەم، ئەو کاتەی باسی خەباتی نەتەوەیی/هۆویەتی - دێموکراتیکی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەرەوڕووی ئەم حیزبە دەبێتەوە، دەبینین هەڵوێستی ڕوون و پشتگیرییەکان لە هەموو ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حیزبی دێموکراتدا بە بەڵگەوە دێت و دیارە و هۆکاری ئەم هەڵوێست گرتنەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە مەسەلەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لە هەر جوگرافیایەک و لەژێر فەرمانی هەر دەوڵەتێکدا خاوەنی تایبەتمەندییە هاوشێوە و بنەماییەکانی خۆیەتی و ئەم تایبەتمەندییانە چ لە ڕووی زمانی و چ لە ڕووی جۆراوجۆری بەرفراوانی فەرهەنگییەوە، لە هەموو شوێنێکدا بە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە دەڵێن کورد. سەرەڕای هەموو سیاسەتە نگریس و زوڵمە مێژووییەکان و پیلانە ڕەشەکانی دوژمنانی دوور و نزیکی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تێکەڵاوییە فەرهەنگییەکان و هاوهەستییەکان بۆ هێما نەتەوەییەکان لە هونەرە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردان لە پارچەکانی کوردستان و تەنانەت لە وڵاتانی دوورتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کوردەکان فاکتە سەرەکییەکانی

بە نەتەوەبوونیان پێوە دیارە و هۆکاری لێکبڵاوییەکەیان پێوەندی بە سیاسەتە بەرژەوەندیخوازانەکانی دەرەوەی کوردستانە نەک بارودۆخی ناوەوەی کوردستان.

ڕەهەندی سیاسی لە هەڵسوکەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتما هۆوییەتییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕەهەندی نەتەوەخوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوگرافیای سیاسی ئێران و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتارە سیاسی و خەباتە ڕەواکەی ئەم حیزبەدا. دارشتنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی چالاکییە خۆجێییەکانیدا لە دروشمی ستراتژیکی حیزبدا (دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵدا) بەتەواوی ڕاڤەکردنی خواستی کوردەکانە لە جوغرافیای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بە شێوەیەکی گشتگیر بۆتە پێشاهەنگی بزووتنەوەی میللی کوردەکان. بابەتی دێموکراسی لە بەرنامەی کاری حیزبی دێموکراتدا خواستی پێشکەوتووی زەینییەتێکی کراوەی ڕوانگەی ئەم حیزبەیە بە لەبەرچاوگرتنی دوو لایەنی زۆرینە و کەمینە و پێناسەکردنی ئەرکی زۆرینە لەهەمبەر کەمینە و تێگەیشتن لە ڕاڤەکردنێکی گەشەپەسەند و جێگیر لەسەر دوو کۆڵەکەی ئازادی ڕادەربڕین و تەرخانکردنی دۆخێک کە تێیدا بەشداری کەمینە لەلایەن زۆرینەوە بە لەناوبردنی هەموو جۆرە حاشالێکردنێک سەقامگیر بکرێت. ڕەنگە گەیشتن بە دێموکراسی و دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ئارمانێکی ئایدیاڵ بێت و گومان لەوەی کە خودی وڵاتانی دێموکراتیک بە گیروگرفتەکانی دێموکراسییەوە گلاون کرابێتە دارەدەستی ڕەخنەگران، بەڵام ڕەخنەگرانی نێو وڵاتێکی وەکوو ئێران مافی ئەو ڕەخنەگرتنەیان پێ نادرێ چونکوو لە وڵاتێکدا دژین کە دێموکراسی بە ڕواڵەتیش تێیدا تاقی نەکراوەتەوە! باوەڕی دێموکراتیک و دێموکراسی‌خوازی پێویستی بە پێکهێنانی فەزایەکی کراوە و بەستێنێکی گونجاوی دامەزراندنی سیستەمی دێموکراتیک هەیە. ئەو شتەی لە وڵاتانی دێموکراتیکدا دەیبینین لە ئەنجامی پرۆڤە و ڕاهێناندا هاتۆتە دی، کەوابوو دەبێ سیستەمێکی دێموکراتیک بێتە ئاراوە کە توانای بەڕێوەبردنی ئەقڵانییەتێکی دێموکراسیخوازانەی هەبێت بۆ گەیشتن بە فەزایەکی ڕەخنەگرانە، نە ئەوەی کە لە بەستێنی ئایدۆلۆژیایەکی سەرپەرەشتیارانەی ویلایەتی فەقیهە، دێموکراسی بدرێتە بەر تۆپ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئاوەها فەزایەکی گونجاو، باوەڕی بە پلۆرالیزمی سیاسی هەیە، ئەم دێموکرات بوونەش لە حیزبدا دەتوانرێ بەم شێوە پێناسە بکرێت: حیزبی دێموکرات هەر شتێکی لە چوارچێوەی خواستی سیاسی نەتەوەی کورددا ویستبێت هەر ئەو شتەشی بۆ باقی ئێتنیک و نەتەوە و تەنانەت گرووپە سیاسییەکان وەکوو بنەمایەکی دێموکراتیک و نەگۆڕ قەبووڵ کردوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# گەلاوێژێک بە تامی بەهار!



ناسر باباخانی

هیچ شتێک لە "خەمۆکیی سیاسی" بۆ نەتەوەیەکی بندەست کوشندەتر نییە، چون خەمۆکی سیاسی کە بەرهەمی نەبوونی هیوا بە دواڕۆژە، خەونکوژە. کە خەون و خولیاش نەما، ئیتر وردەوردە و بەئەسپایی، نەتەوەش دەمرێ!

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشتر لە چەند قۆناغێکدا بە جۆرێ تووشی ئەم خەمۆکییە بووە، بەڵام بە هۆی خاڵگۆڕانێک لەم قۆناغانەدا، ئامالڕۆنێسانسێکی ناسنامەخوازانەی لە ژیانی سیاسی خۆیدا بەخۆوە بینیوە کە دواجار لەم ئازارە کوشندەیە ڕزگاری کردوە.

لە ڕاستیدا خەمۆکی سیاسی جۆرێ لە ئەتۆمیزاسیۆنی لێ دەکەوێتەوە کە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەتۆمیزاسیۆن بریتییە لە شکاندن و وردکردنەوەی هەر چەشنە ماددەیەک بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی واتە ئەتۆم، وەک بچووکترین یەکەی پێکهێنەری ماددە کە بە شێوەیەکی جیا و ڕەها دێ و دەچێ. جین شارپ دەستەواژەی ئەتۆمیزە دەگوازێتەوە بۆ واقیعی هەندێ کۆمەڵگەی جیهانی سێهەم. بە تەعبیری شارپ خەڵکی ئەم وڵاتانە، چەشنێ ئەتۆمیزەیان پێوەدیارە، واتە لەتوپەت کراون، بە جۆرێ کە توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان بۆ مەبەستێکی هاوبەش نییە. ئاکامی ئەم ئەتۆمیزاسیۆنە دەبێتە هۆی لاوازیی خەڵک و دواجار هیوا و هەستی متمانەبەخۆبوون و هێز و وزەی خۆڕاگرییان لەنێو دەچێ. ڕێک دەکرێ ئەم ئەتۆمیزەبوونە لەنێو

حیزبە سیاسییەکانیشدا بەدی بکەین.

ڕەنگە سازبوونی کۆماری کوردستان تەنانەت بەر لەویش واتە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، خەباتی چەکداری ساڵانی ٤٧ - ٤٦ی هەتاوی و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە گرینگترین قۆناغەکانی ئەم ئاماڵڕۆنێسانسانە بن، کە بوون بە هۆی ڕەوینەوەی خەمۆکی سیاسی و ئەتۆمیزەبوون لە قۆناغێکی زەمەنی تایبەتدا! بۆیە دەڵێم ڕۆنێسانس چون کارتێکەری و شوێندانەری ئەم ڕووداوانە جگە لە سەردەمی خۆیان تا هەنووکە بە شێوەیەکی بەربڵاو، لە ئاستی تیۆریک و فکری و تەنانەت مەیدانیش‌دا هەر بەردەوامە. نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە پارچەکانی تریش! دیارە بێ هیچ شک و گومانێک شانازی ئەم دەسکەوتانەش تەنیاوتەنیا بە بەژنی حیزبی دێموکرات دەبڕدرێ.

حەفتاوحەوت ساڵ کە ئەگەر سێ ساڵەکەی ژێکافیشی - بەحەق - لێ زیاد کەین، هەشتا ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا ئێستاش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی‌تر لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێ‌گومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان (وەک سەرەتای قۆناغی دەوڵەت - نەتەوە) بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە سەرجەم کلیل‌وشەکانی پێناسەیەک بوون بۆ ئەو ناسنامەیەی کە تا ئاستی لەبیرچوونەوە لایکەم لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا ون ببوو. کلیل‌وشەکانی ئەم گوتارە بریتی بوون لە: پێشمەرگە، پێشەوا، شەهید، ئاڵا، سەربەخۆیی، ئیستقلال، کۆمار و... ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری بەشەکانی تردا زاڵ و دیارە.

جگە لەم دەسکەوتانەی کە وەک ڕۆنێسانێس باسم لێوەکردن، بە دڵنیاییشەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە. لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە، تا سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی جووڵانەوەی ساڵانی ٤٧ - ٤٦ و دابڕان و لەتبوون و شەهیدبوونی سەرکردە کاریزماکانی و هەروەها دۆخی خەمۆکی سیاسی داسەپاوی ئێستا.

بەڵام بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەری هاتووە و بەدەر لەم دەسکەوتانەی وە چنگی خستوە، حیزبی دێموکرات "بەرپرسترین" حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" لەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ساز کردوە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێ‌وێنەیەی لەلای خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوایە و پاڵپشتیی ئەم گەلە نەبوایە، دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو.

## بەشی چوارەم

پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەموێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵ و زەینی خەڵکی کوردستاندا.

بەڵام کە بێینە حاڵی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە هەر دوو ڕەهەندی فکری و ڕێکخراوەییدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. هەم لە ڕوانگەی گوتارییەوە هەم لە سۆنگەی دامەزراوەییەوە، بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستوە. بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی نێوخۆی حیزب و نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لەم قەیرانانە.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی بۆ چارەگەسەدەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "پێشەنگیی و ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕیی حیزبێکی سیاسی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ، حیزبێکی شۆڕشگێڕ نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراوی حیزب لەنێو خەڵکدا دەباتە سەر و "جیددی" بوون و "بەرپرس" بوونی حیزب نیشان دەدا. ئەمە ڕێک ئەو پنتەیە کە دەبێ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات زیاترین نرخ و بەهای پێ بدا کە ئەگەر بێتوو ڕەخنە وەک دیاردەیەکی ئاسایی سەیر نەکرێ و چەمکی وێکهەڵکردن بەتەواوی نەچسپێ، ئەگەری چەندپات بوونەوەی ئەزموونە تاڵەکان هەر هەیە.

دووەم وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکراتە کە لە نێوخۆی کوردستاندا هەیەتی. بۆ نموونە لە دوایین دابڕانی ئەم حیزبەدا، خەڵکی کوردستان نە سەلماندی و نە پێمل بوو بەم لێکترازانە، هەربۆیە بەڕاشکاوی جۆرێ لە خەمۆکی سیاسی و ئەتۆمیزەبوونی خەڵک وەبەر چاو دەهات چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە. هەرچەند سەرەڕای ئەم دۆخەش گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات لە زۆر بواراندا چالاک و پێشەنگ بوو و تەنانەت بۆ پشتگیری لە حیزب، حەماسەی ٢١ی خەرمانان دەخوڵقێنن، بەڵام گوشارەکانی خەڵک بۆ سەر هەر دوو باڵی حیزب سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بوو کە ڕۆژهەڵات دوو دێموکراتی نەدەویست و ناوێ!

## بەشی چوارەم

حیزبی دێموکرات بە هۆی ئەم پتانسییەلە لەناخداهەڵگرانەی کە هەیەتی و بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەی ئەم جارەیان بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ، دەبێ ڕەخنەگرتن و تەنانەت دەربڕینی ڕای دژواز بکا بە میکانیزمی بەڕێوەبردنی حیزب. دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای دامەزرانی، حیزبی تەواوی گەلی کورستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ کە ببێ بە چەترێک بۆ هەمووان و گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!

لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکەم و هیوای ئەوە دەخوازم کە یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات ببێتە سەرەتایەک بۆ کۆتایی و ببێتە ئامالڕۆنێسانسێک بۆ سڕینەوەی تەمی خەمۆکی سیاسی و لەناوبردنی ئەتۆمیزەبوونی کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوەی نەتەوەیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

# ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (لە دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە هەتا ژێکاف)



شاڕوخ حەسەنزادە

"ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات، سەرەتا بە بزووتنەوەی شێخەکان لە کۆتاییهاتن بە دەستەڵاتی میرنشینە کوردەکان و بۆشایی نێوان کۆمەڵگە و درێژەی ڕەوتی سیاسیی کورد دەست پێ دەکا و دواتر بە دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی کوردی پەنگێکی بەرۆژ دەداتەوە و لە دامەزرانی دووهەم ڕێکخراودا دەگاتە سەرچڵەپۆپەی داخوازییە شۆرشگێڕییەکانی خۆی. حیزبی دێموکراتی کورستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێرن، ڕەوتی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەگرێتە دەست و ڕیالیستییانە درێژە بە خەبات دەدا."

ڕەوت بریتییە لە دامەزراوە، کۆمەڵە و گرووپێکی دیار کە بێجگە لە بناخەی هزری، جۆرێک ڕەوشتی کۆمەڵایەتیشی هەیە. (خسروپناه، ١٣٨٨)

ڕەوتەکان سێ تایبەتمەندیی سەرەکییان هەیە کە بریتین لە:

١- کۆمەڵایەتیبوون و هەبوونی جۆرێک لە ڕەوشتی تایبەتیی کۆمەڵایەتی.



سەرچاوە Serchawe

٢- بوونی دامەزراوە و کۆمەڵە.

٣- هەبوونی بیرۆکە، هزرێکی بەرچاو و دیار و هەڵسوکەوتی تایبەت بە ئەو.

کە وابوو ڕەوتناسی بریتییە لە ناسینی وێژمان، چلۆنایەتیی بیچمگرتن، ناساندنی دامەزرێنەران و کەسایەتییە ناسراوەکان، هەروەها کاریگەرییان لەسەر دامەزراوە، گرووپی هزری، کولتووری، سیاسی و ئابووری هەیە. ڕەوتێکی سیاسی بە مانای شەبەنگێکی بەربڵاوی هزری، ئایدئۆلۆژی، سیاسی و بڕواییە. ڕەوتێکی سیاسی مێژوویەکی دیاری هەیە و لایەنەکانی گووران هەتا گەشە و ئامانج و شێوازی خەباتی سیاسیی خۆی دەناسێنێ.

**به شێوەیەکی گشتی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر چوار لێڕوانین دابەش دەبن:**

١- ڕەوتی هزری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیین کە لەسەر بناخەی هزر و ڕوانینی زانستی هەڵچنراوە و زیاتر لە بەستێنی بیر و ئەندیشەدا چالاکن.

٢- ڕەوتگەلی کولتووری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەک کە بەر لەوەی باس لەسەر پرسگەلی فەلسەفی و کەلامی بکەن، چالاکی کولتووری و پرۆپاگەندایان هەیە و زۆرتر لەسەر فەرهەنگ و کولتوور کار دەکەن.

٣- ڕەوتی سیاسی؛ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ئاراستە و چالاکییەکانی سیاسییە و زۆرتر لە بەستێنی سیاسیدا کاریگەریی هەیە.

٤- ڕەوتی ئابووری؛ ئەو دامەزراوانەی ڕوانینیان ئابوورییە و لەم بوارەدا چالاکن.

یەکێک لە کارکردەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیی ڕەوتی سیاسی، شکڵدان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەقامگیرە کە گوورانی لەنێو کێشمەکێشی سیاسی بە ڕوانگەی"گرامێشی" مەمنوونی "هەژموونییە"، کەوابوو ئەمرێکی سیاسییە (خرم شاد، سادات، ١٣٩٢).

ڕەوشی جۆراوجۆر بەستێنی دامەزراندنی ڕەوتەکان وێنا دەکەن، ناسین و شرۆڤەی دۆخی بەر لە هەبوونی ڕەوت بنەمای ناسینی لایەنی هزری و مێژوویی پێک دێنێ. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتنی زاراوەکانی سیاسی و خۆخستنە سەر مێشک و زاران (سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیزم، دێموکراسی و...)، شەڕە مەزنەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی و مەودای نێوانیان، ڕەوشی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی سیاسی، دۆخی کۆمەڵگە بەستێن بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پڕکاریگەر خۆش دەکا.

## بەشی چوارەم

ڕەوتناسیی سیاسیی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی بەشێکی بۆ هاتنی چەمکگەلی وەک ناسیۆنالیزم، دێموکراسی، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم و... لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە فەڕانسە "مۆنتێسکیۆ"، "ژان ژاک ڕۆسۆ" ئاوانگاردی هزری سیاسیی سەردەمی خۆیان بوون، "جێفرسۆن" و "توماس پین" لە ئەمەریکا و "جێرمی بێنتام" و "گلادستۆن" لە ئینگلیس، "گاریباڵێدی"، "مێزینی" لە ئیتالیا لە مەزنترین تیۆریسیەنەکانی ناسیۆنالیستی و پێکهاتنی جۆرێک لە نۆرمی نوێی سیاسی و ڕوانینی تایبەت بە جیهانبینی ئیتالیایی بوون و، "بیسمارک" لە ئاڵمان ئاڵاهەڵگری نەتەوەگەرایی بووە. ئەگەر لەسۆنگەی لەمێژەبوونی، باسی ئەحمەدی خانی و میرشەرەفخانی بدلیسی لە کوردستان و نەبوونی نەزمێکی سیاسیی بەرچاو لە میرنشینەکانی نەکەم، ناکرێ ماڵباتی بەدرخان، بزووتنەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، سمایل ئاغا و... نەهێنینە بەرباس کە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی فکریی لە دەزگای بیرکردنەوە و ئاستی وشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵات کردەوە.

کاتێک دەسەڵاتی میرنشینەکان نامێنن، بۆشایەکی سیاسی ئەمنی بوروکراتیک ڕوو دەدا، شێخەکان بە تەکیە و دامەزراندنی خانەقاکان دێنە مەیدان و تەنانەت جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی و بزووتنەوەکانیش دەگرنە بەدەست. دوو تەریقەتی گرنگی کوردستان "قادری" و "نەقشبەندی"، لە شکڵگرتنی نوێی ڕەوتی سیاسیی کورددا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە کە پشکی تەریقەتی نەقشبەندی لەم ئاستەدا زۆرترە. مەودای نێوان شەڕی یەکەمی و دووهەمی جیهانی، ئەو ڕێککەوتننامانەی "سایکس پیکۆ"(١٩١٦ز)، "سێڤەر"(١٩٢٠ز) و "لۆزان"(١٩٢٣ز)، شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست هەموویان سەرەتا بە دەستپێکی ڕوانینێکی "نەتەوەیی - ئایینی" دواتر ڕەوتی چەپ(سۆسیالیزم - کۆمۆنیزم) و (ناسیونالیزم - نەتەوەیی) کاریگەریان لەسەر بیچمگرتنی سێ ڕێکخراوی "ح. ا. ک "(حیزبی ئازادیی کوردستان ١٩٣٨)، "ک. ژ. ک" (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ١٩٤٢) و "ح. د. ک"(حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٩٤٥) هەبووە.

هەر کردەوەیەک دژکردەوەیەکی هەیە، هەموو ئەو نەهامەتی و کردەوە دژە کوردانەی، دەورانی بیست ساڵەی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و خەفەقانی ڕەزاشا، پڕۆژەی قاڵکردنەوەی کورد و شوڤینیزمی فارس (گۆڕینی ناوی شار و ئاواییەکان، بەراوەژووکردنی مێژوو و چەواشەکاری، دژایەتی لەگەڵ کولتووری ڕەسەن و خۆماڵیی گەلی کورد و پێداگری لەسەر زوڵم و ستەمی نەتەوەیی، سەرکوتی شۆڕشەکانی کورد، (سمکۆ لە ورمێ و شنۆ، جافرسوڵتان لە هەورامان، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەحموودخانی کانی سانان لە مەریوان، مەلا خەلیل گۆڕئومەری (١٣٠٧-١٣٠٨)، بیرهۆ و فەرزەندە لە ناوچەی ماکۆ) هاوکات دەگەڵ گۆڕینی بیروهزری کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسی نیشتمان و نەتەوە بوونە دنەدەری ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

### حیزبی ئازادیی کوردستان ١٩٣٨

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨ز) سپای ڕووسیە خۆی دەخزێنێتە ئێران و تەنانەت لە بەشێکی خاکی ئێراندا دەگەڵ عوسمانلییەکان دەکەوێتە شەڕ و پێکدادان. لە ناوچەی موکریان و بەتایبەت لە شاری مەهاباد کەسانێک دەکەونە ژێر کاریگەریی بانگەشە و بیروبۆچوونی ئەو ئەفسەرانەی کە لایەنگری حیزبی سۆسیال دێموکراتی (کۆمۆنیست)ی ڕووسیە بوون و لە سپای ئەو وڵاتەدا بوون. سەرۆکی ئەمانە کەسێک بوو بە ناوی "حەمە هەتیو". ئەوانە بە بەڵشەڤییەکانی مەهاباد ناوبانگیان دەرکرد و دروشمەکەیان ئەوە بوو کە دەبێ، فەقیر و هەژار سەرکەوێ و دەوڵەمەند نەمێنێ (بازیار، ٢٠١٩). دواتر کرماشان وەک شوێنی دەرکەوتنی سۆسیال دێموکراسیێ لێ دێ و "ئەبولقاسم لاهووتی" ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جووڵە سیاسییەکانی سۆسیالیستە چەپەکان و لەلایەکی تریش چالاکییەکانی حیزبی توودە لە کوردستان و خۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد ڕەوتی چەپی بەسەر فەزای کوردستاندا زاڵ کرد و ئیدی هێدی هێدی ڕەنگی ئایین و سەرکردایەتیی شێخ و ئاغا کە پێشتر جڵەوی بزووتنەوەکانی کوردیان لەدەستدا بوو، کاڵ دەبێتەوە.

یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە سیاسەتی نەتەوەسازی و یەکڕەنگکردنی کولتووری، ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ڕەزاشا لە ئێران، تێکشکانی بزووتنەوە خێڵەکی و چەکدارییەکانی کورد، بوونە هۆکاری دامەزراندنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە ناوی "حیزبی ئازادیی کوردستان" کە لە پووشپەڕی ١٣١٧ لەنێو ئەو هۆکارانەی باسمان کرد هەڵقولا. لەبەر نهێنی بوونی کار و چالاکییەکانیان هەروەها ڕەوشی پۆلیسی و پڕەترسیی ئەو قۆناغە ناوی دامەزرێنەرانی بەتەواوی ڕوون نییە، بەڵام ناوی بەشێکیان بۆ ئێمە ئاشکران کە بریتین لە "حوسێن فروهەر (زێڕینگەران)، کەریم یاهوو، مەحموود ڕابتی، حوسێن میکائیلی، محەمەد نانەوازادە، بە سەرۆکایەتیی ڕووناکبیری مهابادی عەزیز مەلا زەندی کە دوکتور عەزیز زەندی و عەزیز ئەڵمانییش بەناوبانگ بوو (سەردەشتی، ٢٠١١).

هەر زۆر زوو ناکۆکیی فکری لەنێو ئەو حیزبە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی و دابەشبوونی بەسەر دوو بەرە. عەزیز ئەڵمانی کە سەردانی ئەڵمانی کردبوو و لە نزیکەوە شاهیدی پێشکەوتنەکانی ئە وڵاتە بوو، لەلایەک و لەلایەکی تر عەبدوڵڕەحمان زەبیحی و حوسێن فروهەر بوون کە بەلای سۆڤیەتدا شکانەوە (باباخانی ١٣٧٨). بەرنامەی ئەم حیزبە لە ٢٨ خاڵدا گەڵاڵە کراوە و لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەخۆ دەگرێ (بازیار، ٢٠١٩). شکڵگرتنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە تەکووزییەکی نیوەدیار دەگاتە حیزبێکی دێموکراسیخوازی ئانتی فاشیزمی پێشکەوتنخوازی کوردستانی. ئەوان بڕوایان بە

کوردستانێکی ئازاد، فرە نەتەوە، فرەزمان و کولتوورە کە تەواوی نەتەوەکانی کورد و ئاسووری و ئەرمەن لە سایەی کۆمارێکی عەلمانی و سێکۆلاردا ئازاد بن.

بە ورد بوونەوە لە مەرامنامەی ئەو ڕەوتە دەردەکەوێ کە لایەنگری لە "چینێکی" (زاراوەیەکی سیاسییە کە مارکس دایهێناوە) ڕەنجبەران و کرێکاران دەکا، دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو شوێنێک بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆڕی و دامەزراندنی هەرەوەزییەکان و هەلوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازێک کە ژیانی جووتیاران نائاسوودە دەکا، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێکی چەپ بووە (بازیار، ٢٠١٩).

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد

دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم ٩ی خەرمانانی ١٣١٨، یەکی سێپتامبری ١٩٣٩ وڵاتی ئێران بێلایەنیی خۆی لەو شەڕەدا ڕاگەیاند، بەڵام بە دوو هۆکاری بەربڵاویی سنوورەکانی ئێران دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت و دەرگیربوونی شووڕەوی دەگەڵ ئاڵمان ئەم بێلایەنییە سست بوو. سپای "هاوپەیمانان" بە پاساوی بوونی سیخوڕانی نیزامیی ئاڵمانی لە ئێران ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. دوابەدوای یەکگرتنی ئینگلیس و شوورەوی لەپاش هێرشی ئاڵمانی نازی بۆسەر سۆڤیەت و پێویستی ئەم وڵاتە بە یارمەتییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس بۆ بەرەکانی شەڕ لە شوورەوی، هاوپەیمانان بڕیاریان دا لە کۆلیدۆڕی ئێران کەڵک وەرگرن، هەربۆیە ئەو هێزانە لە ٢٥ی ئوتی ١٩٤٥ هێرشیان کردە سەر ئێران و ئەم وڵاتەیان گرت. لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی١٣٢٠، سەرەتا هێزەکانی شوورەوی لە باکوور و ڕۆژهەڵات بە ئاسمان و زەویدا هێرشیان کردە سەر ئێران، دواتر هێزەکانی بریتانیا لە باشوور و ڕۆژئاوا داگەڕان و هەموو شارەکانی ئێرانیان بەهاسانی دەستبەسەر دادەگرت و هەردووک وڵات بەرەو تاران ملی ڕێگایان گرتەبەر. ئەرتەشی ئێران خێرا دارما. ڕەزاخان بە زەختی وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا وازی لە دەسەڵات هێنا و دوای گرژی و چەقەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشتن کوڕەکەی ڕەزاخان واتە حەمەڕەزا کە جێگرەوەی پێشووشی بوو، بکەنە خونکاری ئێران.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ١٩٤٥دا سپای بریتانیا بەپێی ڕێکەوتنێک دەگەڵ ئێران، ئەو وڵاتەی چۆڵ کرد، بەڵام هێزەکانی سپای سووری شووڕەوی ئەو ڕێکەوتنەیان لا پەسەند نەبوو و لەو وڵاتە مانەوە هەتا دوو ناوچەی جوغرافیای ئازەربایجان و کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لێ ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٢١دا پاش کودتایەکی نیزامی کە بە یارمەتیی ئینگلیس هاتە دی، ڕەزاخان هاتە سەر کار و ساڵی ١٩٢٣ لە تاران تانجی خونکاری لەسەر نا و

زنجیرەی پاڵەوی ڕاگەیاند.

ڕووکاری ئاوەڵایی سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەر چوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە تاران هێزی گرت و پشووی لە هەمووان بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و شۆڤێنیزمی فارسی ئێرانی و "یەک وڵات" – "یەک نەتەوە" بوو بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی نیشتەجێ لە بانووی ئێران ئەو ناوە دەستکردەی تازە داتاشرابوو، خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

سرووشتیە لەهەمبەر ئەو هەمووە زوڵم و غەدرە دژکردەوە هەبێ، ڕەخسانی هەلی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند کە لە نەبوونی دەسەڵاتی پتەوی شا لە ناوچەکە بەتایبەت ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئینگلیس لە باشوورەوە هەتا لای لۆرستان و ئیلامی گرتبوو و لە باکووریشەوە هەتا نزیک ورمێ دەدەست هێزەکانی شوورەوی دابوو بزاڤی مافخوازانەی کورد سەرهەڵدەنەوە.

"دەوڵەتی ئێران بەرنامەی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان لە ناوچەی ورمێ چەک بکا، زەختێکی زۆریان بۆ دێنێ، ئینجا ژاندارمی ئازەری شیعەمەزەب بە کرێ دەگرێ، لە ئاوریلی ١٩٤٢ ڕەوشی ئەو ناوچانە زۆر ئاڵۆز دەبێ و سەرهەڵدان و پشێوی درووست دەبێ. لەو نێوەدا بەرەنگاری و تێکهەڵچوون ڕوو دەدا، لە ڕۆژی ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٢دا (هەشتی بانەمەڕی ١٣٢١) عێل و عەشیرەتەکانی کوردی نیشتەجێی دەڤەر و ناوشاری ورمێ خۆپێشاندانێک لە شەقامەکانی ورمێ بەڕێوە دەبەن کۆچیرا، ١٣٦٩ کوردەکانی باژێری ورمێ چەند داخوازییەکی تەواو مەدەنیانەیان لە کاربەدەستان و کونسولی شووڕەوی لەو ناوچەیە هەیە.

**کە بریتین لە:**

١- زمانی کوردی لە مەدرەسەکاندا بخوێندرێ.

٢- تەواوی ژاندارمی بەینی شارەکانی خۆیە و مهاباد دەبێ لەو ناوچەیە بچنە دەرێ.

٣- کوردەکان دەبێ لە کاروباری نەتەوایەتیدا ئازاد بن.

٤- دەبێ نوێنەری کوردان لە هەموو ئیدارە و ئۆرگانەکانی دەوڵەتیدا هەبن و لە مەدرەسەکانیش جێگیر بن.

٥- کوردەکان دەبێ لە هەڵگرتنی چەک ئازاد بن.



سەرچاوە
Serchawe

٦- هەروەها داوای ئازادکردنی ٢٠ کەس لە گیراوانی خۆیان دەکەن کە لە بەندیخانە دان.

دوای ئەو داواکاریانەی کوردانی ورمێ لە هێزی شوورەوی، لە سێپتامبری ١٩٤٢ واتە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ کۆنفرانسێک لە شاری شنۆ بە بەشداریی ئاغا و سەرۆکە کوردەکانی لای خواروی ڕۆژئاوای ورمێ و باکووری کوردستانی ئێران بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەڕێوە دەچێ، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دوور لە چاوی ئینگلیسەکان و بە پاساوی زەماوەندی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش گیرابوو، بەرپرسە کوردەکان بە هیچ ئاکامێک و یەکیەتییەکی ئەوتۆ ناگەن.
"سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە، یەکێ لە ئەفسەرانی باڵای لەشکری ٤ی ڕەزائییە لە ژێر سەردێری "لەهەمبەر بارودۆخی ڕەزائییە لە ساڵی ١٣٢٠ـدا" نووسیویەتی: دوای هەڵوەشانی لەشکر لە شەهریوەری ١٣٢٠، ڕەزائییەش وەکوو زۆر ناوچەی تری وڵات ئارامی و ئاسایشی بیست ساڵە بۆ نائەمنی و شێوان گۆڕا، بەشێک لە ئاژاوەخوازانی ناوچەی ڕەزائییە وەکوو، عومەر شەریفی عومەرخانی شکاک لە ناوچەی سۆما و برادۆست سەرووی ڕەزائییە، ڕەشید بەگی جەهانگیری لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای ڕەزائییە، زێرۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی بالانیش و ناوچەکانی خوارووی ڕەزائییە، تەها هەرکی لەناوچەی دۆڵی خوارووی ڕزائییە" کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بێگانە و ئەفسەرانی یەکیەتیی سوڤیەت"(مستەفا ئەمین، ١٩٩٣). ئەم بارودۆخە وا ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی تۆکمە، مۆدێرن و نەتەوەیی بەتەواو مانا بە ناوی "کومەڵەی ژیانەوەی کورد" ک.ژ.ک لەسەر داروپەردووی حیزبی ئازادی کوردستان پێک بێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١دا (بەرامبەر بە ١٦ای ئوتی ١٩٤٢) لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژێکافیان دامەزراند. ئەو یازدە کەسە بریتی بوون لە: حوسێن فروهەر، عەبدوڵڕەحمان زەبیحی، عەبدوڵڕەحمان ئیمامی، عەبدوڵقادر مودەڕسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدوڵڕەحمان کیانی، سەدیق حەیدەری و قاسمی قادری(قاسملوو، ١٩٨٨). ئەم دامەزراوەیە وەک ڕیخراویەکی نهێنی چالاکیی دەکرد و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کوردانی باشوریش تێیدا بەشدار بوون".

ساڵی ١٩٤٢حیزبی هیوا کە ئەوسا بەهێزترین ڕێکخراوی چەپی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا بوو؛ دوو کەس لە ئەندامە شارەزاکانی خۆی؛ واتە "میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو"، کە هەردووکیان ئەفسەر بوون بۆ درووستکردنی پێوەندی و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ کوردەکانی خۆرهەڵات نارده کوردستانی ئێران. دوای پێوەندیکردن دەگەڵ چەندین کەس لە ڕۆژی ٢٥ی شەهریوەر خەرمانانی ١٣٢١ دەستەیەک لاوی سابلاغی لە باخی حاجی داود لە نزیک چۆمی سابلاغ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی هیوا، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد کۆبوونەوە.

## بەشی چوارەم

لە مانگی بانەرمەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە چیای "خوداپەرەست" گیرابوو ، نزیکەی سەد کەس بەشدار بوون؛ بڕیار درا کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە. کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخراوێکی ناسیۆنالسیتی و نیشتمانپەروەر بوو و خواستی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی وەک بەیداخێک بەرز کردبووە بەڵام لەبەر نهێنیبوونی، نەیدەتوانی بەئاشکرا ئەوە ڕابگەیەنێت. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" کرد(قاسملوو، ١٣٦٧)

ئەو ئایدئۆلۆژییەی کە سەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بینای کارەکەیان لەسەر دامەزراندبوو، لە کۆنگرەی دووهەمیدا دانی پێدانرابوو. لە بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا دەڵێ: کۆمەڵەی ژی- کاف لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلام، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازیدا ڕۆنراوە.

یەکێک لە ئەسڵ و ئەستوونە بەهێزەکانی دامەزراندن و فەلسەفەی وجودیی ژێکاف، باوەڕ بە ئاشتی و مەدەنییەت بووە، ڕەنگبێ دامەزرێنەرانی بەشێوەی ئاکادێمی و هەنووکە؛ زانیارییان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و شێوازەکانی کاری سڤیلی نەبووبێ کە زۆر سرووشتییە، بەڵام باوەڕی قووڵی بەرپرسان و خەباتکارانی کورد بە چەمکی مەدەنییەت لە مێشک و ئەستیاندا هێلانەی چنیبوو!

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی (ک.ژ.ک)ە کە سەر بە کوردی شارنشینی وردە بورژوازی بوون(وەلی، ١٩٩٥). ئەوە یەکەم کۆمەڵەی نەتەوایەتیی کورد بوو کە دامەزرێنەرەکانی شێخ و ئاغاکان نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕووناکبیر و بازرگان و زانایان بوون. ئەمانە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردین کە تەنیا بۆ مافەکانی خۆیان هەوڵیان نەدەدا بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون(مەکداول، ٢٠٠٣)

کۆمەڵەی ژێکاف لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکراوەی بیری ئەم ڕێکخراوەدا سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوەیە دەنووسێ: "ئەی برای کوردی خۆشەویست: کۆمەڵەی ژێکاف بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرەستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستادا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی(نیشتمان، ١٣٢٢).



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

هێمنی موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی ژ - ک بووە و لە نووسەرانی نیشتمان بووە، دەڵێ: ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفییان هەبوو، ئەگەر چاوێک بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ. بەلام، بیروباوەڕی کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزرانییەوە تا هەڵوەشانەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازی ڕاستڕەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسووڕانی وەک ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندوە(ئەسەسەرد، ٢٠١٢). نێوەڕۆکی ئایدیئۆلۆژیی کۆمەڵەی ژێکاف زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەلایەتی - ئابووری پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو.

گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر خێرا بوون. جیهان بەرەو ئاڵوگۆڕێکی مەزن هەنگاوی دەنا، شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو، "کۆمەڵەی دەوڵەتەکان" هەم ژمارەیان زیاتر دەبوو هەمیش بەرەو ڕێکخراوێکی مەزنتر و ڕێکوپێکتر دەچوو کە دوایی بوو بە "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی". ولاتی ئێران گۆڕانێکی نێوخۆیی بەسەردا هات و لەلایەکی دیکەوە لەو بارودۆخە گرینگەدا چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرینتر ببوونەوە. بەڕێوەبەرانی دەبوو بەڕێکوپێکی چالاکییەکان بەرنە پێش و پێویستیان بە سیاسەتێکی دیاریکراوتر و لاستیکی هەبوو. هەروەها دەبوو ڕێکخراو مەندتر، یەکگرتووتر، خاوەن‌پلان بۆ بەرەوپێش ڕۆشتنی ڕوونتر، سیاسەت و دوورەدیمەنی ستراتیژی خۆیان دارێژنەوە. سەرکردایەتیی کۆمەڵە باش لەو ڕەوشە ئاگادار بوون، هەربۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ دامەزراندنی هێزێکی سیاسیی مۆدێرن و بەرفرەوان. دوای سێ ساڵ لە پێکهێنانی ڕێکخراوی ژێکاف، لە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە شاری مەهاباد حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا.

ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵک و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و هەوڵی کۆنگرە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، کەچی حیزبی دێموکرات هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی دامەزراندنی خۆی دەگێڕێ! هۆکارەکەشی ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە درێژەی ک.ژ.ک دەزانێ. بە قەولی هەژاری موکریانی حیزبی دێموکرات لەسەر داروپەردووی ژ.ک دادەمەزرێ(بازیار، ٢٠١٩). ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەردەگرت، بەلام لە سیاسەت، ڕوانین و چالاکییەکانیدا زیاتر خۆی دەگەڵ ڕەوشی مەوجود هاوئاهەنگ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا بەیاننامەیەکی بە زمانی کوردی و فارسی لە هەشت بەندا گەلاڵە کرد و بلاوی کردەوە کە زیاتر لایەنی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی لەنێو سنوورەکانی ئێرانی پێوەدیارە. دەگەڵ ئەوەیکە "حدک" لەسەر بناخەکانی "ک.ژ.ک" دامەزرابوو بەلام بەرنامە هەشت خاڵییەکەی لەچەند لایەنەوە جیاوازیان دەگەڵ



سەرچاوە Serchawe

بەرنامەی "ک.ژک" هەبوو. ژێکاف باسی لە وەسەریەکخستنەوەی کوردستانی گەورە کردبوو، بەڵام "حدک" لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختارییەکی نیمچە سەربەخۆی لە خاکی ئێراندا دەویست. سەرکردەکانی "حدک" باش لە واقعی ڕەوشەکە تێگەیشتبوون و دەیانهەویست سەرەتا بناخەیەکی تۆکمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی ژێکاف دابمەزرێنن بۆیە خۆیان لە درووشمی قەبە و بریقەدار دەپاراست. بۆ وێنە حیزب لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە ژیانی جووتیارانی کوردستانیشدا هەوڵ دەدا بۆ ڕۆژگاری ئەوسای کوردستان ڕێگەچارەسەرییەکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، واتە نە لە ئاست ژیان و بەڕیوەچوونیان بێدەنگ بێ و نە خۆ لە خانەی درووشمێکی ڕادیکاڵی وادا دەبینێتەوە، هەربۆیە لە مادەی پێنج دا دەنووسێ: دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن موڵکدا ڕێکەوتنێک پێک بهێندرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ(ئەیووب زادە، ٢٠٠٨).

ئەو ڕووداوە خێرایانە بە جۆرێک بوون دوای پێنج مانگ لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەوڵەتی کوردی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ڕاگەیەندرا و قازی محەممەد کە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بوو بە یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆماردا زۆرێک لە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەلات وەدی هاتن؛ لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی سپای نەتەوەیی پێشمەرگە، سروودی نەتەوەیی، ئالای نەتەوەیی، دامودەزگای حکومەتی کوردی، هاتنی ژنان و لاوان بۆ نێو ژیانی سیاسی دامەزراندنی یەکێتییەکان ژنان و لاوان، پەروەردەی مۆدێرنی کوردی، بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییەکان سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە.

خاڵی جێگای سەرنج لەم قۆناخەدا ئەوەیە لەنێوخۆی حیزبدا باڵی چەپ پەراوێز دەخرێ، بەڵام لە هەمبەر دەرەوەدا حیزبی دێموکرات لە حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران نزیک دەبێتەوە، لە ئاکامدا دەگەڵ ئەو حیزبانە حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و توودە بۆ هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پەرلەمان دەچێتە یەک بەرە( بازیار، ٢٠١٩).

**بە گشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەی کوردەواری و نفووزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەر بەم چین و توێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو و شوێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی ڕەوتی کوردی و کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەیکە بەرنامەیەکی رادیکاڵی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە سرووشتی بوو. سەرکردایەتیی حیزب لە شێوازێک گەڕاون بۆ پێکەوە گونجاندن و ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان چینە جۆربەجۆرەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەویکە بتوانێ هەموو لایەک لەژێر چەتری دەسەڵاتێکی نەتەوەییدا کۆ بکاتەوە.**

**سەرچاوەکان:**

١- خسروپناه، عبدالحسین، جریان شناسی فکری ایران معاصر، قم:موسسه حکمت ١٣٨٨
٢- خرم شاد، محمدباقر، سادات، سید ابراهیم، جریان شناسی بەمثابه روش، فصلنامه علمی پژوهشی، دوره ٥ شماره ٢
٣- سمایل بازیار، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نمونه ١٩٩١ - ١٩٤٥)، هەولێر ٢٠٢١
٤- سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩ - ١٩٧٩)، سلێمانی ٢٠١١
٥- باباخانی. ناصر، عبدالرحمن زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان مهاباد ١٣٧٨
٦- حەسەنزادە، شاروخ، کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان بە تەکز کردن بە ڕۆژهەلاتی کوردستان هێشتا چاپ نەکراوە.
٧- کۆچیرا، کریس وەرگێرانی ڕەیانی، محەمەد، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا چاپخانەی کارون چاپی یەکەم
٨- مستەفا ئەمین، نەوشیروان، حکومەتی کوردستان...چاپی دووهەم ١٩٩٣، وزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان
٩- د.قاسملوو، عەبدوڵرەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی چاپی دووهەم ١٩٨٨
١٠- وەلی، عەباس. پەیدابوون و بناغەی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران، و. حەسەن قازی، سوید ١٩٩٥
١١- مەکداول، دیڤید، مێژووی هاوچەرخی کوردی، ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی ٢٠٠٣
١٢- نیشتمان، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە ژ١، ساڵی یەکەم ١٣٢٢
١٣- ئەسەسەرد، فەرید، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووهەمی جیهانی ئاکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢
١٤- ئەیووب زادە، ئەیووب، لە ژ - ک وە بۆ کۆمار هەولێر ٢٠٠٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

بەشی چوارەم

# ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری سیاسی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان




ناکۆ عەلیزادە

## پێشەکی

شعووری سیاسی ئاکام و دەسکەوتی گەشەی عەقڵی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە دوای گەشەی مێشک لەو بوارەوە دەستی پێڕادەگات؛ ئەو قۆناغە لە پەروەردە و گەشەی فکر کاتێک بۆ تاک دەستەبەر دەبێ کە ئەو بتوانێ چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە ناویدا پرسی نەتەوەیی و پرسی جیهانبینی ڕۆڵگێڕترینی ئەو خاڵانەی کە جێگای ئاماژەن بە جوانی تێبگات.

ئێمە کاتێک باس لە زانیاری سیاسی لە کەسێکدا دەکەین دەبێ سەرەتا سەرنج بدەینە ئەوە کە کەیسی ئێمە لە چ بەستێنێکدا ژیان دەباتە سەرێ. ئەوە حاشا لێنەکراوە کە تاکی کورد بەهۆی چاوەدێری ڕێژیمی زاڵ و بەهۆی ئەوەیکە بەستێنێکی بەرتەسکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە ئاوێتەیە لەگەڵ سیاسەتی شەڕی نەرمی ڕێژیم بۆ لەناوبردنی شوناس و کەسایەتی کورد لە هەرلومەرجێکی جیاوازدایە کە پێویستی بە چاوساغ و ڕێنیشاندەر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێئالیستانە بڕوانێ بۆ پرسە سیاسییەکانی دەوروبەری خۆی و ئەوانەی کە وێژمانی نەتەوەیی

ئەون. لێرەدا حیزبە سیاسییەکانن کە دەبێ هەریەکەی بە نۆبەی خۆی ئەو ئەرکە لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و مەدەنی خۆیاندا بۆ پەروەردە و بارهێنانی تاکێکی هۆشیار لە کۆمەڵگادا بگێڕن. حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین لە تەواوی ڕەهەندەکانی خەباتەوە چ لە بواری مێژووی ٧٧ ساڵەی و چ لە ئەو ئاکام و دەرەنجامانەی هەیبووە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران و پێشهاتە سیاسییەکان و ئەوەیکە سەربەخۆیی سیاسی خۆی لە هەر هەلومەرجێکی سەقامگیر یان ناسەقامگیردا پاراستووە، ئاڵاهەڵگر و چاوساغی پەروەردەی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە بووە و شوێندانەری خۆی داناوە.

## تەوەر:

ڕێژیمی ئێران بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و هەوڵ بۆ جینۆسایدی فکری و نەتەوەیی گەلانی ژێردەستی خۆی و پەرەدان بە بیرکردنەوەی دەوڵەت نەتەوە و هەروەها فەرهەنگی کۆنەپەرەستی و خوراڤات سیمایەکی دزێوی پەیدا کردووە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەروەها لە وڵاتانی دەرەوەش. بە پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیای خۆی و تیرۆرە فکری و فیزیکییەکانی، هەڵاواردنی سیاسی و ئابووریی گەلانی ژێردەست و بەتایبەت گەلی کورد، بۆتە هۆکارێک کە کۆمەڵگا زۆر زیاتر لە جاران پێویستی بە زانست و شعووری سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتە سیستماتیکەی کە دەیهەوێ بیری کورد لە ڕێڕەوی خۆی لابدا بێت.

حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاستی سیاسیی کۆمەڵگا هەوڵی بێوچانی بۆ ئەوە داوە کە تەواوی ئەو هێرشە نەرمەی کۆماری ئیسلامی و مێتۆدە فکرییەکانی لە کوردستان پووچەڵ بکات و کورد بتوانێ ئاڵنگاری ئەو هزرە کۆنەپەرەستانە بکا؛ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان، کاروباری تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات و کارکردن لەسەر توێژی تازەپێگەیشتوو و لاو کە داهاتووی ئەو وڵاتەن تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی سیمای ئەو ڕێژیمە نگریسە نشان بدات.

### شعوری سیاسی ئەو خاڵانە لەخۆ دەگرێ:

١- ناسینی دۆست و دوژمن

٢- ناسینی ئاڕاستەی بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

٣- ناسینی پالن و ستراتیژییەکان کە دژی ئەون لە بارودۆخی ئەورۆی کۆمەڵگای کوردیدا هەر تاکێک پێویستە بزانێ کە دۆست و دوژمنی ئەو کێن و کام یەک لە لایەنەکانی بەردەنگ دەیانهەوێ داهاتوویەکی ڕوون بۆ ئەو دەستەبەر بکەن و کام یەک دەیهەوێ ئەو تاکە وەک کوردێک کەسایەتییەکی ناهوشیار، لەرزۆک، ترسەنۆک، گوێڕایەڵ و خۆبەدەستەوەدەری هەبێ؛ بۆ ئەوەش دەبێ بتوانێ پۆلێن بکا لە نێوان فکرەکانی چوارچێوەی ئێران و فوکوس بخاتە سەر وێژمانی نەتەوەیی کە لە بەرامبەر ڕێژیمێکی ناوەندگەرا چ هەڵوێستێکیان لە خۆیان نیشان داوە.

هەبوونی میدیایەکی نەتەوەیی و چاوساغێکی سیاسی لەم ڕێگایەدا دەبێتە خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ ئەوی خەڵک بگەڕێتەوە سەر شوناسی حەقیقی خۆی و بتوانێ لێکدانەوە بکا بۆ ڕووداوەکانی پێشهاتوو و بە ئامادەبوونێکی فکرییەوە بەرەنگاری سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕێژیمی ئێران ببێتەوە.

یەکێکی تر لە خاڵە بەرچاوەکان ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایە کە لە بوارە جیاوازەکاندا و لەهەمبەر کێشە و ئاریشەکان چ هەڵوێستێکیان هەیە و فکریەتیان لە چ ئاستێکدایە کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆسەر پەروەردەی فکری و سیاسی خەڵک و هەروەها ئاگاداربوون لە سیاسەتەکانی لایەنی دژ و کۆلۆنیالیستیبوونی سیستمی ئیدارەی وڵات و هەوڵەکانی بۆ دوورخستنەوە لە شوناس و فەرهەنگی کورد. ئەگەر کورد لە ڕۆژهەڵات ئاگاداری ئەوە بێت کە کۆمەڵگاکەی خەریکە لەژێر تەوژمی بیرکردنەوەی نەتەوەی فارس کە نەتەوەی زاڵە بەسەریدا و هەروەها ڕەوتی بەلاڕێدابردنی فکری بەهۆی دیسکۆرس و وێژمانەکانی کورد لەگەڵ ڕێژیم، هەست بەوە دەکا کە دەبێ ڕۆڵگێڕ بێت لە کۆمەڵگادا و بڕوات بەرەو ئاقارێکی واقیعبینانە و دوور کەوێتەوە لە چەواشەکارییەکان کە لە شەڕی نەرم و لە میدیا و زۆر ڕەهەندی دیکەوە دەستەملانی کوردە بۆ تواندنەوەی لە کیانێکی وەهمی و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای داگیرکەر لەسەر خاکی کوردستان، و بەشێکی ئەو ئاگادارکردنەوەیە دەکەوێتە سەر شانی وێژمانی نەتەوەیی و میدیا نەتەوەییەکان و چالاکانی نێوخۆیی وڵات کە دەتوانن چاوساغی خەڵک بن و هاوکاری بکەن بۆ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەگەر لێرەدا باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکەین دەبێ بڵێین هەوڵێکی ڕێکخراون لە نێوان ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی کۆمەڵگایەک بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانجێکی دیاریکراو. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەشێوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانە هەتا دروستکردنی هەندێک چاکسازی

لەخۆ بگرێت لە سەردەمی مۆدێرندا، یەکێک لە گرینگترین میکانیزمەکانی دروستکردنی گۆڕانکاری، یا پێشگرتن لە گۆڕانکارییەک، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن.

هەندێک لەو بزووتنەوانە کە ئامانجیان وەدەستهێنانی سەروەریی سیاسی بۆ کوردستان بووە، بزووتنەوەکانی دابینکردنی یەکسانی چینایەتی، بزوتنەوەیی ژینگەیی و خوێندکاران، بزووتنەوەی پاراستنی زمانی دایکی دەچنە ڕیزی گرینگترین بزووتنەوەکانی کوردستان کە بە بەردەوامی لەلایەن خەتی فکری حیزبە سیاسییەکان و لە هەموان بەرچاوتر و شوێندانەرتر حیزبی دێموکرات پاڵپشتی میدیایی لێکراوە و بایەخێکی زۆری پێدراوە تا تاکی کورد بتوانێ لەمەڕ ئاریشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە چاونەترسی هەڵوێست بگرێ و ترسی بە ڕێژیمی ناوەندگەرا و سیاسەتە توندئاژۆ کوولتوورییەکانی بۆ کۆمەڵگای کوردی نەبێت.

هەموو حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و بەتایبەت ئەوانەی لەسەر بنەمای ئایین دامەزراون و یاسا و ڕێسایان دەگەڕێتەوە سەر مەکتەبی تێئۆکراسی و دەسەڵاتی کەسانی ئایینی، دەیانهەوێ بە پەروەردەی فکری و ڕەوتی ئاپاراتووسی و شەرتیکردنی کۆمەڵگا بە هێندێک ئاکار و باوەڕ کە لە ئایدیۆلۆژیای خۆیاندا بۆ زاڵبوون بەسەر کەمینە نەتەوەیی و فکری و ئایینییەکانی دیکە جێگەوپێگەی هەیە لە هەوڵی ئەوەدان کە بە نەرمترین شێوە ویست و خواستی خۆیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوە یا ئۆمەت نەتەوە وەکوو کۆماری ئیسلامی لە پەروەردەکردنی منداڵان و تا ئاستێکی باڵاتر وەک کۆمەڵگا بە گشتی نیشان بدەن. لە وەها هەلومەرجێکدا پیرۆز نیشاندانی زۆر شتی قێزەون و قێزەون نیشاندانی پیرۆزییەکانی خەڵک کە جێگای پەسەندی ئەوان نییە یەکێک لەو هەڕەشانەیە کە تاکێک ئەگەر شعووری سیاسی نەبێ دەکەوێتە داوی و تێیدا پەلەقاژە دەکا.

لە بابەت کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەو پلان و ستراتیژییانەی کە دەوڵەت بۆ لاوازکردنی هزری کورد و تواندنەوەی کولتور و زمانی دەیکا، پێویستە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئەوە بزانن کە هەوڵی دەوڵەت بۆ لەنێوبردنی یەکگرتوویی کوردە و بە سیاسەتی ئەتۆمیزەکردن و بچووککردنەوەی بازنە فکرییەکانی باوی نێو کۆمەڵگا جار بە بیانووی ئایین و جار بە بیانووی زاراوە وەک جیاکردنەوەی پارێزگاکانی خواروو خەریکی ئەوەیە کە کورد بوونێکی یەکانگیری نەبێ و دابەشی بکا بەسەر چەند دەستە تا بتوانێ بە ئاسانی تێکیان بشکێنێت.

ئەوە ئەرکی کوردە کە ئاگاداری ئەو جۆرە هەڕەشانە بێت و بە یەکگرتوویی و بە پاراستنی پیرۆزییەکانی پیلانەکانی



سەرچاوە Serchawe

ئەو ڕێژیمە نگریسە پووچەڵ بکاتەوە، هەروەها دەبێ خۆی نزیک کاتەوە لەو بیرە ناسیۆنالیستییە کە پێویستە هەر تاکێکی کورد بۆ مانەوە و دەستوێراگەیشتن بە مافە سەرەتایی و نەتەوەییەکانی وەک کوردێک هەیبێت و ئەو هەستە نەتەوەییەی لە خۆیدا بەهێزتر بکات.

ڕەوتی ئاگاداربوون لە پان و ستراتیژییەکانی داگیرکەر پێویستی بە بەستێنێکی هزری و سیاسی هەیە کە دەبێتە دیتنێکی بەربڵاوی تەوژم و هێرشەکان بۆ سەر نەتەوەیەک کە دەیانهەوێ لە نەزانیدا بیهێڵنەوە و لە چوارچێوەی میدیا وەهمییەکاندا بیئاخننە نێو مێشکی کۆمەڵگا و لە ڕەوتی بەکۆیلەکردنی تەواوی چین و توێژەکان کەڵکی لێوەرگرن.

ئەو بەستێنە جار بەهۆی ڕۆشنبیری تاک و وەدواکەوتنی و جاروبارێش بەهۆی حەزە سیاسی و نەتەوەییەکانی دەستەبەر دەبێ. هەندێک جاریش ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی پارتە سیاسییە چالاکەکانی ئەو نەتەوەیە کە بە نیشاندانی مێژووی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی و ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە پلانەکانی ڕێژیمی دژ و هەروەها ناساندنی چەمکەکانی سیاسەت و بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دروستییە دێموکراتیکەکان و ویژمانی نەتەوەیی لە دژی ئەو ویژمانە دژە و بەمیدیاییکردنی، کۆمەڵگا لەو زەلکاوە ئایدیۆلۆژیاییە قێزەونە ڕزگار بکات.

دەربازبوون و تێپەڕین لە کۆیلەیی و زەینیەتی کۆیلەتی و هەنگاونان بەرەو دەوڵەتی خۆ وەک ئامانجی کۆتایی، ستراتیژی پێگەیشتنە هەرچۆنێک بێت، دەبێ تەوەری ویژمانی نەتەوەیی بێت.

لە نەبوونی ناوەندە دێموکراتیکەکان و بنەمایەکی یاسایی مۆدێرن و بە لەبەرچاوگرتنی شێواز و پرۆسەی سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوە لە وڵاتانی ناوچەکە، کورد دەرفەتێکی یەکجار تەسکی لە بەردەستدا بووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە چوارچێوەی سیاسی - یاسایی فەرمیدا بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانی خۆی بکات. لە وەها دۆخێکدا خەباتی چەکداری لەلایەن زۆرێک لە پارتە سیاسییەکانەوە وەک ئاڵترناتیڤێک سەیر کراوە بۆ درێژەدان بە «بەرخۆدان» بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتیی جۆرێک لە ناسیونالیزمی فەرمیی وڵاتەکەیان دەکەن. بە پێچەوانەی ڕوانگەیەکی زاڵ کە زۆرتر لە لایەن وتاری سیاسیی ئەو دەوڵەتانەوە ئاراستە دەکرێ، خەباتی چەکداری نە وەک کەرەستەیەک بۆ داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی، بەڵکوو زۆرتر وەک ڕێگاچارەیەک سەیر کراوە بۆ پاراستنی هەبوون و مەوجوودیەتی پارتەکان و ڕاگرتنی بەستەرێک کە تێیدا بکرێ درێژە بە کار و چالاکیی سیاسی بدرێت.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

گەرچی خەباتی چەکداری لە «شاخ» و بە ڕواڵەت لە دەرەوەی «شار» سەقامگیر بووە، بەڵام هاوکات ڕیشەی ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەستێن و پەیوەندییە شارییەکاندا ڕوویان داوە.

### دەرئەنجام:

لە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە بەردەوام پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بووە و هەر لە سەرەتای کۆمارەوە لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی بردنە سەری ئاستی شعووری سیاسی خەڵکی داوە و ویستوویەتی کۆمەڵگای کوردی لەو بێدەرەتانییە سیاسییە بێنێتە دەرەوە و لە مێژووی ٧٧ ساڵەی خۆیدا لە سەر ئەو چەمکە کاری کردووە و توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو خەڵک لە داگیرکاری و لە هەمان حاڵدا لە مافە نەتەوەیی و تاکییەکانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە.

لەگەڵ وێژمانی نەتەوەیی کورد و وێژمانی نەتەوەی زاڵ و سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و پان فارسیستییەکانی ڕێژیم ئاشنای کردوون و هەوڵی داوە خەڵک بتوانن خۆیان ئەو سیاسەتانە تاوتوێ بکەن و لە پان و کردوەکانی دوژمن ئاگادار بن. هەستی ناسیۆنالیستی و پیرۆزییەکانی نەتەوەیی وەک زمان و جلوبەرگ و کولتوور لە نێو تاکی کورددا دژێک بووە بۆ سیاسەتی ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی بیر و فکری کورد لە لایەن دەوڵەتێکی شۆڤینیست و فاشیست کە بە درێژایی مێژوو هەوڵی لەنێوبردنی فکر و حەزفی فیزیکی کوردی داوە وەک جینۆسایدی ساڵی ٥٨ لە دوای فتوای خومەینی.

**هەمووی ئەوانە و ئەو ئاگادارکردنەوانە ئەرکێک بووە کە حیزبی دێموکرات وەک ئەستێرەی هیوای ڕۆژهەڵات بە باشی بە ئەنجامی گەیاندووە و تا ئێستاش بێوچان لەو ڕەهەندە تایبەت و هەستیارەوە خەریکی خەبات و چالاکییە.**

سەرچاوەکان: گۆڤاری تیشک

ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات کۆمەڵە

وتاری ئاگاهی کۆمەڵایەتی سیاسی

سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٢٨ - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

# حیزبی دێموکرات، ڕێکخەر و پەرەپێدەری بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان!

حیسام ئەحمەدی

لەگەڵ ئەوەی پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی «حیزب» یان پارتی سیاسی کراوە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین کە حیزب بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک کەس لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی دیاریکراودا کە بە پێبەندبوون بە پرەنسیپ، پلان، ستراتیژی و سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ ئامانجی هاوبەشیان تێدەکۆشن. لەو پەیوەندییەدا بەشێک لە زانایانی بواری زانستە سیاسییەکان پێیان وایە کە حیزبەکان لەڕاستیدا دەرهاویشتەی ئەو کۆمەڵگایانەن کە تێیدا دروست دەبن. بەو واتایە کە واقعی کۆمەڵگا و ڕوداوەکانی کە تێیدا ڕودەدەن یارمەتیدەر و هەوێنی بیچمگرتنی ساختار و بنەمای فکری پارت یان ڕێکخراوەکانن؛ بۆیە لە ئەگەری بەراوردکردنی حیزب یان پارتێکی سیاسی کە لە دوو ژینگەی بە تەواوی جیاواز و بەرهەمی دوو ڕووداوی جیاوازن، تەنانەت ئەگەر ئامانجیشیان یەک بێت، ڕێگر دەبێت لە بەدەستەوەدانی خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە سەر حیزبەکان و ڕۆڵ و کاریگەریان. هەر بۆیە و بۆ باشتر تێگەیشتن لەو چەمکە ڕۆژاواییە گرینگە شوێن و دۆخی دامەزرانی پارت و حیزبی سیاسی لەبەرچاو بگیرێت.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییە دەتوانین بەقوڵی هەست بە ڕۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا ئازاد و



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

دێموکراتیکەکان بەبەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و سیستمێکی چەقبەستوودان بکەین. بەو واتایە کە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتدا هەوڵی پارتە سیاسییەکان و ململانێیان لەگەڵ یەکتر لە سەر ئەساسی بابەتگەلێکی هاوشێوەی ئەو خاڵانەی خوارەوە دەبێت:

- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتری پارلمان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.
- نوێنەرایەتیکردنی ویستی خەڵک و گەیاندنی دەنگیان بە پارلمان و دەسەڵات،
- پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی وڵات و ڕەخنەگرتن لەو بەندانەی مەترسی لەسەر ئازادی خەڵک دروست دەکەن.
- کارکردن بۆ نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ماف و ئەرکدا (بەپێی یاسا).
- هەوڵدان بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک.
- گەشەدان بە بنەمای ئابووریی وڵات و پێشکەوتووتربوونی پیشەسازی و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ خەڵک.
- خوڵقاندنی دەرفەتی زیاتر بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و....هتد. بەڵام بە پێچەوانەوە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سیستمێکی دیکتاتۆر بەسەریاندا زاڵە، یان دەرفەت بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی بوونی نییە، یان ئەگەر بوونیشی هەبێت و مەجالی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات پێبدرێت،

### بەشێوەیەکە کە لەڕاستای پاراستنی سیستمی داسەپاودا پێویستە ئەو ڕۆڵانەی خوارەوە بگێڕن:

- بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و شاردنەوەی ڕاستییەکان.
- بەردەوامیدان بە سەرلێشێواوی، هەژاری و بێدەنگکردنی خەڵک لەبەرامبەر نادادپەروەری بە کۆمەڵێک بەڵێنی بێ بنەما و بە سەرنجدان بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕاستای بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات، دەکرێ بڵێین کە پتەوترکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگ لە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتە و ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیش گاڤێکی تری ڕێکخستن و پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی.
- دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئاسۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕوونتر دەکات ناڕاست.
- هەڵدان بە شکۆی دیکتاتۆر و پابەندکردنی خەڵک بە بڕیارەکانی.
- پشتیوانی لە یاسای بنەڕەتی وڵات کە دیکتاتۆرییەت دەپارێزێت و ئەو بەندانەی سەرکوتی خەڵک و جیابیران بە ڕەوا دەزانێت و...هتد.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو پێشەکییە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی واقعبینانە لە پێگەی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێری سیاسی کە ڕێکخەر و پەرەپێدەری «بزوتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان» (ڕۆژهەڵات)ە بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی داگیرکەرانی کوردستان، تێبگەین. حیزبێک کە لە جوغرافیایەکی پەراوێزخراوی قۆرغکراو بە ئایدیۆلۆژی دواکەوتووانەدا دادەمەزرێت، بەڵام بە بەرنامەیەکی سیاسی مۆدێرن لە ڕاستای پرسی شوناسخوازی نەتەوەی کورد درێژە بە تێکۆشان دەدات.

لێرەدا مۆدێرنبوونی حیزبی دێموکرات تەنیا بە واتای دژایەتیکردنی داگیرکەرانی کوردستان و دیکتاتۆرییەت نایەت، بەڵکوو بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو عورف و عادەت، کلتووری دواکەوتووانە، ڕوانگە و بۆچوونی چەقبەستوو و....هتد، دەگەیەنێت کە هۆکار بوونە بۆ لە دواکەوتوویدا هێشتنەوەی کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی تر، حیزبێکی مۆدێرن خۆی لە ئایدیۆلۆژیکبوون بەدوور دەگرێت، ڕەخنە وەک ئەسڵێک بۆ چاکسازی قەبوڵ دەکات، هەبوونی بۆچوونی هاوبەش لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی نێو ڕێکخراو بە گرفت ناو دەبات و باوەڕمەندە بە تۆلێرانس و کراوەیی لە بۆچووندا.

هەرچەند، پێش دامەزرانی «حیزبی دێموکراتیش» گەلێک سەرهەڵدان و شۆڕش لە کوردستان بە گشتی و دژ بە داگیرکەرانی کوردستان بوونیان هەبووە و لە برگەی جۆراوجۆردا شوێندانەری ئەرێنییان لە سەر خواستەکانی کورد داناوە، بەڵام کاتێک باس لە دامەزرانی «حیزب» وەک یەکەیەکی مۆدێرن دەکەین، لێرەدا بەرنامە و ستراتیژی سیاسی دەبێتە جێگرەوەی سەرهەڵدانە خۆڕسک و لەناکاوەکان، بەڕێوەبەری بەکۆمەڵ شوێنی ویستە تاکەکەسی و بڕیاری تاکلایەن دەگرێتەوە، مەنتق و خوێندنەوەی دروست دەبێتە پلانی کار و تۆلێرانس و دێموکراتبوون وەک ڕێکارێک بۆ چارەسەری ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێو بزووتنەوە دەسنیشان دەکرێت و گرینگتر لە هەر شتێک ئەوەیە کە خەباتی نەتەوایەتی و پرسی شوناسخوازی و ڕزگاری نەتەوەیی دەبێتە جێگرەوەی بەرژەوەندییە تاکەکەسی، خێڵەکی، ناوچەیی، ئایینییەکان و ...هتد!

بێگومان ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەشی هەرەزۆری ئەو تایبەتمەندییانە بۆ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا کە حیزبی دێموکراتی تێدا دامەزرا، نامۆ بوون، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی نەتەوەیی (کۆماری کوردستان) لە دوای تێپەڕبوونی تەنیا چەند مانگ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات، وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد لە ڕاستای گەڕانەوەی شوناسی ڕاستەقینەی کورد دێتە ئەژمار و دیاریکردنی



سەرچاوە
Serchawe

ئاڵای کوردستان، دانانی سروودی نەتەوایەتی، دیاریکردنی هێزی پێشمەرگە وەک سوپای میللی کوردستان، دەرکردنی یاسای بەڕێوەبەریی وڵات، دانانی کابینەی وەزیران، جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیک لە کوردستان، بەشداری پێکهاتەکانی کۆمەڵگا (ژنان، لاوان) لە کاری سیاسی، گرینگیدان بە ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، خوێندن بە زمانی کوردی، نموونەیەکی بەرچاو لەو سەرکەوتنانەن کە هەڵقوڵاو و دەرخەری بنەمای فکری و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، کە لە ئێستادا نەک هەر لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی ناویان لێ دەبردرێن و بە شانازییەوە یادیان دەکرێتەوە.

خەباتی حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی لە چونەسەری وشیاری نەتەوەیی تاک وکۆی خەڵکی کوردستان هێزی وەرگرتووە و هەر ئەوەش بۆتە هەوێنی گرینگی پێدانی ئەو حیزبە بە پەروەردە و بارهێنانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بە تایبەتی بۆ ئەوەی بە باشی لە پرسی شوناسخوازی خۆیان تێبگەن و لە ڕاستای بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەییدا ئەرکوەخۆگر بن. بەو واتایە کە یەکێک لەو فاکتەرە گرینگانەی کە نەتەوەیەکی دابەشکراو بەرەو یەکیەتیی و یەکگرتوویی دووبارە دەبات، گەشەسەندنی فکری و وشیاری نەتەوەیی ئەوانە، لە هەمانکاتدا لاوازبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بۆشایی نێوان پێکهاتەکانی ئەو نەتەوەیە زیاد دەکات و دەرفەت بۆ نەیار و دوژمنان دەخوڵقێنێت کە لە ڕاستای بێگانەبوون لە شوناسی ڕاستەقینەیان کەڵکیان لێوەربگیرێت. ئەو شێوە ڕوانیینەی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی کورد لە کوردستان لە سەر ئەساسی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ و هاندانی خەڵک بەرەو فاشیزم نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕێگریکردن و لەمپەر دروست کردنە لەبەردەم گەشەسەندنی زیاتری فاشیزمی نەتەوەیی و مەزهەبی کە هۆکارن بۆ داگیرکردنی کوردستان و پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد. لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەتوانین ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو کە بنەمای فکری حیزبی دێموکرات پێداگری لەسەر ژیانێکی مرۆڤتەوەرانەیە، بەو واتایە کە شوناسی مرۆڤەکان چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ ڕێزی لێبگیرێت و جیاوازییەکان نەبنە هۆکار بۆ چەوسانەوە و زەوتکردنی مافەکانیان! لەو پەیوەندییەدا پێویستە شوناسی ڕاستەقینەی کورد وەک نەتەوە چیتر بەلاڕێدا نەبرێت و لە ژێر کاریگەری ئایدیا و دەستەواژەی تر، هەوڵی ئاسمیلەکردن و توانەوەی نەدرێت.

لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی هەر دوو ڕێژیمی دیکتاتۆری (پاڵەوی و ئاخوندی) دا گەلێک لاپەڕەی زێڕین تۆمار کراون کە بوونەتە ڕێبازێکی ڕوونی سیاسی بۆ حیزبی دێموکرات و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو حیزبە نەک هەر گرێدراوی بارودۆخێکی تایبەت و شێوازێک لە

خەبات نەبووە، بەڵکوو وەک حیزبێکی شوناسخوازی نەتەوەیی هەم لە بارودۆخە گونجاوەکاندا کەڵکی وەرگرتووە و هەم خوڵقێنەری دەرفەتیش بووە بۆ خزمەتی زیاتری ئامانجە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.
ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەک نوێترین برگە لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، لەخۆگری گەلێک تایبەتمەندی گرینگ و شوێندانەرە لە سەر پرسی کورد و خەباتە ڕەواکەی. بە جۆرێک کە دەکرێ هەم بە تەواوکەری قۆناغەکانی تری خەباتی ئەو حیزبە ناو ببرێت، هەم وەک هەنگاوێکی نوێ بۆ دەربازکردنی کۆمەڵی (Gemeinschaft) کوردەواری لە «سوننەتیبوون» بەرەو کۆمەڵگایەکی (Geselschaft) وشیار و زیندوی «مۆدێرن» باسی لێوە بکرێت. کۆمەڵگایەک کە تێیدا بیرکردنەوە و لۆژیک ببێتە جێگرەوەی هەست و سۆزی تاک لە ڕاستای بڕیاردان لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ژیانی ئێستا و داهاتوویەک کە بەرهەمی هەڵسوکەوتەکانی ئەو دەبێت.

کاتێک باس لە دەربازبوون بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن دەکرێت، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ ئاسەوارێکی دواکەوتوویی بە ڕوخساری ئەو کۆمەڵگایەوە نەماوە، بەڵکوو مەبەست قۆناغێکە کە تێیدا تاکی کورد بەرەو وشیاری هەنگاو دەنێت.

هەروەها ڕاسانی ڕۆژهەڵات توانی دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان بخوڵقێنێت کە لە هەر شوێنێک بن، هێز، توانایی و پسپۆڕی خۆیان لە ڕاستای خزمەت بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەیان بخەنە گەڕ و بۆ دەستەبەر و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و ژیانێکی ئازاد کە خوازیاری هەن، تێبکۆشن. ئەو شێوە ڕوانینەی حیزبی دێموکرات بۆ قۆناغی نوێی خەبات ئاماژەیە بۆ بەرفراوانترکردنی مەیدانی تێکۆشان و هەروەها هەڵگرتنی کۆمەڵێک بەربەست و سنوورە لە بەردەم بەشێک لە خەڵکی کوردستان کە ڕەنگە ئۆگر بە کاری سیاسی نەبن، بەڵام لە ڕاستای پرسی کوردبوون و کوردمانەوەیاندا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن. یان بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە هەر کەس بە پسپۆڕییەک کە هەیەتی و بەو ڕادەیە کە لە توانایدایە و لە چ شوێنێک کە بۆی دەکرێت، دەتوانێ پشکی بەشداریکردنی لە خەبات بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوایەتی خۆی هەبێت. لەو پەیوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە شێوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە شارەکانی کوردستان، هەوڵی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ گەشەدان بە زمانی دایکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵی ژینگەپارێزان لە پێناو ئاوەدانی و پاراستنی سروشتی کوردستان و هەروەها بە دەیان مانگرتنی مەدەنییانە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی، مەدەنی، ژینگەپارێز و....هتد بکەین کە هەرکامیان بەجۆرێک هێز و تینیان بەخشیوەتە بزووتنەوەی شوناسخوازی کورد.



سەرچاوە
Serchawe

هاوکات ڕاسان دەکرێ وەک جۆرێک لە بەخۆداچوونەوە یان ڕەخنەلەخۆگرتن بۆ حیزبی دێموکرات خوێندنەوەی بۆ بکرێت. پێداچوونەوە بە مێتۆدەکانی خەبات لە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان، گرینگیدان بە کاری هاوبەش، ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە ساختاری حیزب و ئەزموونکردنی بیرۆکەی نوێ لە ڕەوتی ئیدارەکردنی حیزب و ... هتد، هەروەها ڕەخنەگرتن لە جۆری پەروەردە و پێگەیاندنی هێزی مرۆڤی حیزب، ڕەخنەگرتن لە کلتووری دابڕان و ئینشعابکردن لە حیزب و خسارناسیکردن بۆی، تۆکمەترکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و..هتد، بەشێک لەو خاڵانەن کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژەیان پێبدرێت. چونکە لە حیزبی دێموکراتدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی پابەندبوون بە نەزم و دیسیپلین بوونی هەیە، بەڵام بنەما فکرییەکانی ئەو حیزبە لە سەر ئەساسی «یەک جۆر بیرکردنەوەی» ئەندامانی دانەڕێژراوە، بە جۆرێک کە دەرفەت بە تۆلێرانس و کراوەیی نەدات، یان ڕێگر بێت لە بەشداری کەسانی جیابیر لەو حیزبەدا.

لە کۆتاییدا و بە ئاوڕدانەوە لە بەردەوامبوونی حیزبی دێموکرات لە پێناو هاوئاهەنگی زیاتر لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت لە «ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران» دا و بە سەرنجدان بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕاستای بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات، دەکرێ بڵێین کە پتەوترکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگ لە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتە و ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیش گاڤێکی تری ڕێکخستن و پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئاسۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕوونتر دەکات.

سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٢٨ - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# ٧٧ ساڵ خەبات و چاوەڕوانییەکان




**زاگرۆس**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردیدا تێدەپەڕێ کە تا هەنووکەش ڕێبوارانی ئەم ڕێگەیە وەک میراتگری شۆڕش و خەونەکانی شۆڕشگێڕانی بەرلەخۆیان و ئاواتەکانی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو بەرەو سەرکەوتن و ڕزگاری لە چەوسانەوە و ژێردەستی و پچڕانی زنجیری کۆلۆنیالیزم لە خەبات و بەرخۆدان بەردەوامن.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەم نزیک بە هەشت دەیەدا گەلێک هەورازونشێو و نسکۆ و سەرکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە کە وەک لایەنێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە نێو خەڵکەکەیدا هەیە سەرکەوتنەکانی بووەتە هۆی خۆشحاڵی و گەشەی کۆمەڵگا و نسکۆ و پاشەکشێ و لاوازییەکانی بووەتە هۆی دڵنیگەرانی و پاشەکشێی ورەی شۆڕش لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا.

تەمەنی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات تەژییە لە ڕووداوی مێژوویی گرینگ و چارەنووسساز بۆ نەتەوەکەمان و گەلێک وانەیان تێدایە بۆ فێربوون و بەرچاوڕوونی داهاتوومان کە هەر کامەیان پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی تایبەت هەیە بەڵام لەم دەرفەتە کورتەدا تەنیا لە چەند دێڕدا ژمارەیەکی کەم لە هەستیارترین ڕووداوەکانی تەمەنی ئەم حیزبە باس دەکەین کە بەهۆی کاریگەری وتار و پێگەی جەماوەری ئەم حیزبە کاریگەری لەسەر سەرجەم خەڵکی نیشتمانمان



سەرچاوە
Serchawe

داناوە.

**یەکەم:** دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەرچەند لەبەشێکی کەمی ئاخی داگیرکراوی زاگرۆسماندا ڕووی دا بەڵام بووە هۆی سەرچاوەیەکی جێگەی ڕێز و هێمایەک لە بەڕێوەبەرایەتی لێزانانە و یاساتەوەرانە کە تا هەنووکەش دەسەڵاتێکی لەم چەشنە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێوێنەیە و لە هەمان کاتدا بۆ گەلی ئێمە هێمایەکە بۆ یەکیەتیی نەتەوەیی و سەلماندنی بە کردەوەی ئەو ڕاستییە کە کورد یەک نەتەوەیە و پێئەسپاردن و بەرپرسیارەتی کوردانی پارچەکانی دیکە لە کۆماردا باشترین بەڵگەی ئەم ئیدیعایەیە کە بەداخەوە تا هەنووکەش و لە ئەزموونی باشور و ڕۆژاوادا بەم چەشنە و لەم قەوارەدا دووپات نەبووەتەوە.

**دووهەم:** بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیە بۆ ئەم حیزبە کە پێداهەڵگوتن بە حیزبی دێموکراتدا نییە ئەگەر بێژین ئاکامی ئەم شۆڕشە بوو کە ترسی لە دڵی خەڵکدا نەک لە نیشتمانی ئێمە بەڵکوو لە ئێرانیش دژ بە دەسەڵاتی پاڵەوی ڕەواندەوە و ئەو باوەڕەی گێڕاوە بۆ کۆمەڵگا کە خەبات و شۆڕش دەکرێ لەهەمبەر دەسەڵاتی داگیرکەردا هەرچەند زۆر بەهێزیش بێ بکرێت و درز بە تاریکی بدرێ و ئەگەر ئیرادە هەبێت دەسەڵاتەکان ناچار بە ملکەچکردنن و جڤاک چاوەڕێیە ئەو ئیرادەی لە ڕێگەی ڕۆڵە پێشەنگەکانیەوە بۆ بگەڕێتەوە و کاتێک ئیرادەی بۆ گەڕایەوە بەدڵنیاییەوە لەهەمبەر زوڵموزۆری داگیرکەردا بێدەنگ نابێ.

**سێهەم:** پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسەڵاتداریەتی حیزب لە بەشێکی بەرچاوی نیشتماندا لەم وێستگەی خەباتدا بە ڕێبەرایەتی ڕێبەری هەڵکەوتە و بێوێنە کاک دوکتور قاسملوو خەباتی نەتەوەکەمان لە ئێران و هەر چوارپارچەی نیشتماندا دەبێتە سەرباشقە و لەم ماوەدا جیاواز لە ناوخۆی وڵات کە دەبێتە مەزنترین هێزی شۆڕش لە کوردستان و ئێران و لە دنیای ڕۆژاوا و دەرەوەشدا دیپلۆماسی کوردستانی بە مانای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشت نەتەوەی کورد لە واتا ڕاستەقینەکەیدا لە هەمیشە زیاتر و بە قازانجی خەباتی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو برەو پەیدا دەکات و ئەم دیاردەش تا هەنووکە و دیپلۆماسیەک بە قازانجی سەرجەم نەتەوەکەمان بێوێنەیە.

**چوارەم:** سەردەمی ڕێبەرایەتی ڕێبەری مەزن و شۆڕشگێڕی بێوێنە کاک دوکتور سادق شەرەفکەندییە پاش شەهیدبوونی ڕێبەری کاریزما د.قاسملوو؛ لە هەموو بزووتنەوە و خەباتێکدا نەمانی ڕێبەری کاریزما دەبێتە هۆی نسکۆ و پاشەکشەی خەبات. هەر لەم سەردەمەدا بوو بلوکی سۆڤیەت ڕووخابوو و شەڕی ئێران و عێراقیش کۆتایی هاتبوو؛ لە سەردەمێکی وادا

هەموو فاکتەکان و ڕووداوەکان بە ئاقاری کپکردنی دەنگی خەبات و شۆڕشدا هەنگاویان دەنا، بەڵام ڕێبەرایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەکانی حیزب و بەڕێوەبەرایەتی زانایانەی د.سادق شەرەفکەندی بەپێچەوانەی ڕەوتی ڕووداوەکان کاروانی خەباتی ئاژوت و دۆست و دوژمن شایەدی دەدەن کە خەباتی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات سەلماندی کە خەباتێک نییە کە ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بوو یان هەلومەرجی ناوچە و جیهان ئیزنیان دا گەشە بکات بەڵکوو خەباتێکە گرێدراوی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراوە و هەموو کات ئەگەر ئیرادە هەبێت توانای گەشە و بەهێزبوونی هەیە و دەتوانێ دەسەڵات بخاتە لەرزە و ورە و هەستی شۆڕش بۆ خەڵک بگەڕێنێتەوە کە تا هەنووکە ئەم ڕەوانین و پشتبەخۆبەستن و لەهەمانکاتدا بەهێزییە لە خەباتدا تەنانەت کاتێک هەموو فاکتۆرە ناوخۆیی و ناوچەیی و جەهانییەکان دژ بە تۆن بیۆینەیە.

**پێنجەم**، ئەم قۆناغە لە ساڵی ٧٥ەوە دەس پێدەکات و هاوکاتە لەگەڵ سرکردنی بەشێکی سەرەکی خەبات یانی خەباتی چەکدارانەوە و پشتبەستنی زیاتر بە خەباتی جەماوەری و مانگرتن لە نێو شارەکاندا؛ لەم وێستگەی خەباتدا حدکا توانی چەند مانگرتنی سەرانسەری لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی د.قاسملوودا بەڕێوە بەرێت کە تا هەنووکەش بێوێنەیە و هیچ حیزبێکی ئێرانی و کوردستانی مادام کە لە دەسەڵاتدا نەبووە و هێزێکی نایاسایی بووە و ئیزنی بانگەشەی ئازادانەی بۆ سیاسەتەکانی نەبووە نەیتوانیوە بەم بەربڵاوییە و لەو پانتادا خەبات لە شاردا ڕێک بخات.

**شەشەم**، ساڵی ٩٥ و ڕاگەیاندنی ڕاسان وێستگەیەکی گرینگی دیکەی خەباتی ئەم حیزبەیە کە تا هەنووکەش بەردەوامە و لەڕاستیدا ڕاسان ڕێگەیەکی سێهەمە لە خەباتی باوی حیزبەکان لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا؛ خەباتی ڕاسان لە هەمان کاتدا کە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی لەبەرچاو دەگرێ و ئەوپەڕی هەوڵ ئەدات کێشە بۆ هەرێمی کوردستان ساز نەبێت بەڵام خەباتیش بەهۆی بەرژەوەندی باشورەوە سڕ ناکات و بە پشتبەستن بە تیۆری بەرەنگاری ڕەوا، خەباتی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە چوارچێوەی یاسا نێونەتەوەییەکاندا ڕێکخستووە و لە هەمانکاتدا بە دروشمی گرێدانی خەباتی شاخ و شارە و وەک ڕەوتێکی دانەبڕاو لە مێژووی بەرلەخۆی درێژەی وێستگەکانی دیکەی ئامادەپێکراوی خەباتە کە لە ئەگەری بەهێزبوونیدا خاوەن ئەو وزەیە کە خاوەنداری سەرجەم پێنج تایبەتمەندییەکانی وێستگەکانی ئامادەپێکراو بێت.

ڕاسان وەک شێوازێکی خەبات بە هێنانە ئارای واتای وەک پێشمەرگەی شار و هەڵۆکانی زاگرۆس و گەڕاندنەوەی هێز و سەروەری بۆ خۆرهەڵات خاوەن گەلێک ئایدیای سەرنجڕاکێشە بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەموو وزەی تاکەکانی نەتەوەکەمان و هەرچەند لە سەرەتای ڕێگەدایە،

بەشی چوارەم

بەڵام گەلێک کاریگەری ئەرێنی داناوە و لە هەمان کاتدا ژمارەیەکیش چاوەڕوانی لە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک دروست کردووە کە بە کورتی بریتین لە:

ئا؛ کەڵک لە هەموو شێوازەکانی خەبات وەربگیرێت و هیچ شێوازێکی خەبات و بە هیچ بیانویەک سڕ و لاواز نەکرێت.
ب؛ چالاکییەکان هەموو پانتای زاگرۆس بگرێتەوە و سێوەری باڵی هەڵۆکان گشت زاگرۆس داپۆشێت و خەبات بۆ باشووری ڕۆژهەڵات زیاتر هەنگاو هەڵگرێت و کەڵک لە وزەی ئەو بەشە مەزنەی نیشتمان وەربگیرێت کە بەداخەوە تا هەنووکە کەمتر شۆڕشی ئێمە توانیویە لەو هێز و پۆتانسیەلە کەڵک وەرگرێت.

ج؛ جێگەی خۆیەتی زیاتر بایەخ بە کێشە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان وەک مەترسی مەزنی سەر کۆمەڵگا بدرێ و بە پشتبەستن بە سوسیالیزمی دێموکراتیک بەرچاوڕوونی زیاتر بە خەڵک بدرێت بۆ شۆڕش و بونیادنانی دونیایەکی باشتر.

لە کۆتاییدا دەبێ پێمل بەو کەتوارە بین کە بە درێژایی مێژوو ئەگەر خەباتی حدکا بەهێز بووبێ وەک ڕێگەی سێهەمی خەبات لە ئێران و کوردستان چاوی لێکراوە کە تواناى گۆڕانی بناغەییان هەبووە؛ هەر بۆیە بەهێزبوونی خەباتی حدکا بەرژەوەندی هەمووان دابین دەکات و تەنیا دژ بە قازانجی داگیرکەرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# بنەماکانی دەوڵەتداری لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا



**شۆڕش شاباز**

ئەستۆندەک و پاڵپشتیی هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بریتییە لە جۆری دنیابینی و شێوەی بەکردەیی کردنی بنەما تیورییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. کاتێکیش خەباتی بەکردەوە و ڕوحی یاسا و بنەما تیورییەکانی ئەم بزووتنەوە ئاوێتەی یەکتری ببن، بزووتنەوەکە گەر بکەوێتە تەنگانەشەوە ڕێگای سەرکەوتنی خۆی هەر دەبینێتەوە و بە ئامانجەکانی خۆی دەگات. خۆ ئەگەر گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە ڕەوتی خەبات لەسۆنگەی کەندوکۆسپەکانی تێکۆشاندا درەنگتریش دەست بدات، هۆکارەکەی بۆ چەوتیی بنەما تیورییەکان و جموجۆڵە مەیدانییەکان ناگەڕێتەوە؛ بەڵکوو سەرنجەکان دەبێ لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ و بەرامبەر بێ کە لەمپەری بنەڕەتیی بەردەم وەدیهاتنی ئەو ئامانجەیە.

دەسەڵاتی سیاسیی توتالیتێر و ناوەندگەرا کە بەردەوام هەوڵی داشکاندن و بچووککردنەوەی خواست و داوای سیاسیی نەتەوەکانی دژبەری خۆی دەدا، جەغزێک لە نێوان خۆی و ئەوانیدی دەکێشێ و سیاسەت و پلانی حکوومەت لە هەمبەر جووڵانەوە مافخوازەکان هەموو کاتێک حاشا و نکۆڵی کردن بووە و، لە خۆیدا زەرفییەتی دانانی و بەڕەسمی ناسینی ئەو مافانەی شک نەبردوە. جۆری ئەو سیستمە دەسەڵاتدارییانە لە وڵاتانی جۆراجۆر لەیەکتر جیاوازن و ڕۆڵی کەسانی نێو بازنەی دەسەڵات و شێوەی بیرکردنەوەیان و، گوشاری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەش بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بە ملدان گرینگیی تایبەتی لە جێکەوتنی ئەو بنەما و تیورییە سیاسییە هەیە کە بزووتنەوە خەباتکارییەکە بەڕێوە دەبات.

جووڵانەوەی سیاسیی کورد یەک لەو بزووتنەوانەیە کە سەرەڕای ماوەیەکی دوورودرێژ لە خەبات و تێکۆشان هێشتا ئامانجە بنەڕەتییەکانی وەدی نەهاتوون. ئەو جووڵانەوەیە کە چەقی بەشێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕابردووی خەباتی نیزیک بە هەشت دەیە پێشەنگایەتیی دەکا، هەتا ئێستا لەگەڵ دوو کۆسپ یان بە واتایەکی دی دوو حاکمییەتی دیکتاتۆری و سەرەڕۆی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بووە. دێموکراسیخوازی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەردی بناغەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەمای تیوریی ئەم حیزبە بووە. حیزبی دێموکرات کاتێک کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، دێموکراسیخوازی و ئازادیخوازییەکەی لە پێکهاتەی دەسەڵات و کار و بڕیارەکانی کۆماردا وەک کۆڵەکەکانی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە عەینی و بەکردەوە ڕەنگی دایەوە.

ئەو کۆڵەکە بنەڕەتییانە بریتی بوون لە: وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، ڕەچاوکردنی مافی منداڵان و مافی بەرانبەر و وەک یەکی ژنان و پیاوان، بایەخدان بە مافی گرووپە پیشەییەکان، دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان و یەکسانیی مافە ئایینییەکان و تەنانەت بەڕەسمی ناسینی مافی نەتەوەکانی غەیرەکوردی نێو چوارچێوەی حوکمڕانیی کۆماری کوردستان. ئەو کۆمارە کوردییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری بوو، بووە قوربانیی سیاسەتی ساتوسەودای نێودەوڵەتی و عەقڵییەتی نیزامی کۆلۆنیالیستی ناوەند، ئەویش لە حاڵێکدا کە ڕێژیمی پەهلەوی خۆی لەو کاتەدا وڵاتێکی داگیرکراو بوو. ئەوە بوو کە دواجار بە هێرشی سەربازیی حکوومەتی حەمەڕەزاشا کۆتایی بە تەمەنی ئەو کۆمارە دێموکراتیکە هات. ڕاستە کۆماری کوردستان بەهۆی گەلەکۆمەگێ ڕووخا، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای لەداردرانی بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی لە ماوەیەکی کورتی دوای نسکۆی ڕووخانی کۆماردا بەهۆی کادرە لاوەکانی ڕێکخرایەوە و درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دایەوە. ڕەوتی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای قۆناغی کۆمار هەورازونشێوی زۆری بڕیوە و لەگەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی فکریی چەپ و هۆگری و ئینتیمای زۆر لە گەلانی ناوچە بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە ڕێگەی ئۆردووگای سۆسیالیستییەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات بنەما تیۆرییەکانی خەباتی خۆی پاراست کە هەموو کاتێک دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بووە. هۆکارەکەشی بۆ ڕەگداکوتانی ئەو ویژمانە لە ڕەوتی جووڵانەوەکە و هەوڵی پراگماتیستیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەسەڵاتێکی حکوومەتیی دێموکراتیکی بنیات نابوو، لە مەیدانی کردەوەشدا دەبوا تیوری و بنەما فکرییەکانی خۆی کە بەرنامەوپێڕەوی حیزبدا هاتوون جێ بخات. هەر بۆیەشە قەوارەی فکری و پێکهاتەیی خۆی وەک چۆن دوکتور قاسملوو بە "سیمای دێموکرات"ی پێناسە دەکا، پاراستی.



سەرچاوە
Serchawe

قەوارەی حیزبی دێموکرات پتر لەوەی حیزبی بێت، پێکهاتەیەکی دەوڵەتتەوری هەیە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکرات بە هەبوونی پاشخانێک لە دەوڵەتداری - ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێ - تیوری و بنەما فکرییەکانی و هەروەها کار و کردەوەکانی بۆ ئەو پاشخانە دەگەڕێتەوە؛ بەدەر لەوە ئەو پاشخانە تیوری و هەروەها پراکتیکەکانی حیزبی دێموکرات شوێنی لە گۆڕانکارییەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش داناوە. دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان نموونەیەک لە کارتێکەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ وڵاتان لەگەڵ دامەزرانی ئەم حیزبە و لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا کە لە سەردەمی کۆماردا خزمەتێکی زۆری بە ناساندنی پرسی کورد کرد. هەبوونی پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت، ناردنی شاندی دیپلۆماتیک بۆ تاران و هەروەها بۆ باکۆ (ئازەربایجان) بەشێک لە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا بووە. دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزب قۆناغێکی دیکەی ئەزموون کرد و زۆر پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە وڵاتانی دیکە و هەروەها کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان گرێ دران کە هەتا ئێستاش بەردەوامن. بەگشتی پێوەندیی دیپلۆماتیک لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتدا ڕەهەندێکە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی ئەم حیزبە، کە خۆی لەسەر تەوەری ناساندن و پۆلێنکردنی ماف و خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا پێناسە دەکا. ئەندامەتیی حیزب لە شورای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست یەکێک لە دەسکەوتەکانی ڕەهەندی خەباتکاریی حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری دیپلۆماسیدایە کە بایەخ و گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە. گرێدان و بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکان چ لە نێوخۆی ئێران و چ بزووتنەوەکان لە وڵاتانی ناوچەدا و باشی و ئاستی بەرزی ئەو پێوەندییانە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەهەندێکی تری پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

کەرخێکی دیکەی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزب بریتییە لە پێوەندییەکانی ئەم حیزبە دوای گۆڕانکاری لە دروشمی ستراتیژیی ئەم حیزبە لە خودموختارییەوە بۆ فیدڕالیزم. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەشدا کە خودموختاری دروشمی ستراتیژیی بوو، هەموو کاتێک دێموکراسیی وەپێش دەخەست و پێی لەسەر یەکیەتیی دێموکراتیکی گەلان لە ئێراندا دادەگرت. هەربۆیەشە کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچێتە نێو شورای بەرگریی نیشتمانی، هەر لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییە دیپلۆماتیک-دێموکراتیکە هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ حیزب و کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکانی

## بەشی چوارەم

ئەندام لەو شورایەدا بە مەرجی بەڕەسمی ناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا گرێ دەدا کە ئەوەش ڕەهەندێکی دیکەی خەباتی دیپلۆماتیکی حیزبی دێموکراتە.
ئەو خەباتە دیپلۆماتیکە دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزب کە دروشمی ستراتیژی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" جێگای خۆی بە "دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیک، فێدرال و پلۆرال" دەدات، ڕەوتی بەردەوامیی خۆی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییدا دەپێوێ. دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە ڕەوتی دیپلۆماتیکی حیزب پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ هاوفکری و کاری بەکردەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران و هەر لەسەر ئەو بنەما فکرییەیە کە "کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدرالی ئێران" پێک دێ و ئەندامەتی لە "شورای دێموکراسیخوازان"، "هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران"ی بەدووودا دێ. ئەو هاوبەشییە لەو بلۆکە سیاسییانەش نیشانەی باوەڕ بە پلۆرالیزم و دێموکراسی هەتا مایەپووچکردنەوەی تۆمەتی هەڵوشاندنەوەی وڵات لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان لە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتدایە.

لە سەردەمی ئێستادا خەباتی مەدەنی گۆڕەپانێکی نوێیە بۆ بەگژداچوونەوەی حکوومەت و دەسەڵاتەکان و داواکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. چالاکیی سیاسی و مەدەنی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا سەرەڕای ئەوەی هەموو کاتێک کۆسپێکی گەورەی وەک دەسەڵاتی دیکتاتۆر (حەمەڕەزاشا) و تئوکراتیک و نادێموکراتیک (کۆماری ئیسلامی) لە بەردەم بووە، بەڵام لەو کەشە داخراو و پڕ تێچووی سیاسییەشدا لە فۆڕمی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا جموجۆڵێکی هەر بووە. خەباتی مەدەنی لە ئێران زۆرجار بەهۆی هەستیاریی ڕێژیمی سیاسی تێچووی زۆری بۆ چالاکانی ئەم بوارە بووە، لە گرتن و زیندانەوە بگرە هەتا دەگاتە ئێعدام. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ماوەی تەمەنی خۆیدا خەباتی لەدژی حکوومەتی ناوەندی کردوە، بایەخێکی زۆری بەو ڕەهەندەش لە خەبات - خەباتی مەدەنی - داوە و هەموو کاتێک پاڵنەر و پاڵپشتی خەباتی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی ناوەندی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕچەشکێن و پێشەنگی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لەگەڵ ئەوەدا فاکتەری دیپلۆماسی لەهەمبەر بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا پاراستوە، هەوڵی داوە سەرنجی کەسانی خەباتگێڕ و گرووپ و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی دەرەوەی ئەم حیزبەش بۆ لای کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتی هەن لە ئاستی نێوخۆیی هەم دەرەکیدا ڕابکێشێ. خاوەنێتی لەوەها پارادایمێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تایبەتمەندیی سیستمێکی دەوڵەتییە هەتا حیزبی! چونکی قەوارەی حیزبی زۆربەی جار هەڵگری خەسڵەتی دەمارگرژی و دوگماتیزمێکە، بەڵام پانتایی پارادایمی حیزبی دێموکرات بانتر لەو قەوارەیە بووە و بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

کوردستان خاوەنی ژێرخانێکی دسەڵاتدارەتی ئاوێتە لەگەڵ کولتووری دێموکراتیکە کە لە قەوارەی حیزبێکدا درێژە بە ژیانی خەباتگێڕیی خۆی دەدات.

د. قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارێکدا کە بەبۆنەی دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی چلویەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەم حیزبە داویەتی بە پێداگرتن لەسەر ئەو خەسڵەتە تایبەتییانە دەڵێ: "ئێمە [حیزبی دێموکرات] بۆ ئازادی و دێموکراسی تێدەکۆشین. کەسێک ناتوانێ بۆ ئازادی لە دوارۆژدا تێبکۆشێ و ئێستا خۆی ڕێز بۆ دێموکراسی دانەنێت. ئەو کەسەی کە بەڕاستی دێموکراتە، بە قووڵی دێموکراسیی خۆش دەوێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە، چ لەنێو حیزبەکەماندا و چ لە دەرەوەی حیزبەکەماندا، بۆ بیروباوەڕی جیاوازی خەڵکی دیکە ئێحترام دابنێ. دێموکرات ئەو کەسە نییە کە ئێحترام تەنیا بۆ بیروباوەڕی ئەو کەسانە دابنێ کە لایەنگری دێموکراسین. هەتا ئەوکاتەی یەکێک دەستی بۆ چەک نەبردوە دژی ئێمە، ئێمە تەحەمولی بیروباوەڕەکەی دەکەین و ئەوە یەکێک لەو پەیامانەیە کە پێشەوای مەزن بۆی بەجێ هێشتووین کە دەبێ دێموکرات بین و تا سەریش دێموکرات بمێنینەوە." وەها هزر و ڕوانینێک لە وتەکانی دوکتور قاسملوو دەربڕی پێکهاتەیەکی بان حیزبییە و دەتوانین لە چوارچێوەی سیستمێکی دەسەڵاتدارەتیدا پێناسەی بکەین.

ڕەهەندێکی دیکەی وتەکانی د. قاسملوو ئاماژە و گەڕانەوەی بەڕێزیان بۆ رابردووی مێژوویی وەها پاڕادایمێک بۆ سەردەمی پێشەوا قازی محەممەدە کە جیا لەوەی پێشەوا و ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو، هاوکات سەرکۆماری کوردستان بوو. ئەو چەمکە بنەڕەتییانەی باس کران پێمان دەڵێن کە ئەو بایەخانە لە کولتووری دەوڵەتداری-دێموکراتیک و لە قەوارەی هزری و تەشکیلاتیی ئەم حیزبەدا بیچمیان گرتوە. کاتێک د. قاسملوو بە وەها پاشخانێکەوە پێ لەسەر ڕێزگرتن لە بۆچوون و باوەڕی ئەوانیدی لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەگرێ و سەرنجی ئەندامانی حیزبەکەی بۆ ڕەچاوکردنی ئەو بایەخە ڕادەکێشێ، ئەمە بناغەی هزریی پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدارەتیی دێموکراتیکە کە زەرفییەتی وەرگرتنی هەرجۆرە ڕەخنەیەکی هەیە، نەک هەر بەتەنیا حیزبی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## مستەفا مەولوودی: نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە



وتووێژ: کاروان مێراوی

بەرایی: کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٦ ساڵ پێش، سەربەخۆیی خۆی و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاندووە و دوای نسکۆی ڕووخانی کۆمار دەستی لە خەبات هەڵنەگرتووە. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پاش کۆماری سەربەخۆی کوردستان، بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانی هەنووکەیی، دروشمی خودموختاری و دواتریش فیدراڵیزمیان دەستنیشان کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەنگی سەربەخۆییخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بەرزتر دەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم پرسە چۆن لێک دەداتەوە و چۆن لە داهاتووی سیاسیی ئێران دەڕوانێت؟ خوێندنەوەی بۆ ستراتیژیی هەنووکە و پرسی سەربەخۆیی چییە؟ "کوردستان" لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بابەتەی تاوتوێ کردووە و سەرەنجتان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشین.

***

کاروان مێراوی: کاک مستەفا با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ پاش ٧٦ ساڵ لە دامەزرانی حیزب، پێتان وایە کە دروشمی ستراتیژیی ئێستەی حیزب لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگونجێت؟

مستەفا مەولوودی: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەناوی کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دامەزراوە و

## بەشی چوارەم

هەمیشە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیی پێش هەموو شتێک داناوە و مێژووش ئەوە شاهیدییەمان بۆ دەدات. ئەوەی کە بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ و ئامانج بووە، بەدەستەوەگرتنی جڵەوی چارەنووسی کورد بە دەستی خۆی بووە. هەر لە سەرەتاشەوە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی دوای قازی محەممەد لە حیزبی دێموکراتدا ئاگاداری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بۆ دەستەبەری ئامانجەکانی ئەم گەلە خەباتیان کردووە. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر ئەو باسەی کە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی ئێستەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلێتیکی ناوچە و هەڵکەوتەی ڕۆژهەلاتی کوردستان؛ ژیرانە، واقعبینانە و بەرپرسانەیە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ستراتیژیی خۆی لەسەر ئەوە دادەنێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندییشدا بە ڕێژەی خۆی بەشداریی کارای لە بەڕێوەبردنی وڵاتی ئێراندا هەبێت، لە هەموو ئاستەکاندا ژیرانەیە.

من پێم وایە ئەو دروشمە ژیرانەیە جێگای پەسند و پشتگیریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە، لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی ناوچە و ئێران لەچاو ٧٦ ساڵ لەوەپێش گۆڕانێکی ئەوتۆ و تایبەتی بەسەردا نەهاتووە. خەڵکی ئێران و کوردستانیش ئێستە زیاتر دەرک بە پێکەوەژیانی دێموکراسییانە دەکەن، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەنگە بەهێزە و کورد مافی خۆیەتی خاوەنی کیانی تایبەت بە خۆی بێت، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکیان بەوە کردووە کە دروشمی حیزبی دێموکرات بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەر بۆیە لەو بارەوە نەک ڕوویان لە حیزب وەرنەگێڕاوە، بەڵکوو بۆ هێنانەدیی ئەو دروشمە گونجاوەی ئێستەی حیزب پشتگیریشی دەکەن.

**کاروان مێراوی**: باشە، دروشمی ستراتیژیی حیزب چەندە لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوشی نێوخۆی ئێران گونجاوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو چەمکانە ڕێژەیین و دوگم نین، بەڵام ئەگەر وڵاتی ئێران وەکوو تابلۆیەک بێنینە بەرچاومان، دەبینین کە دروشمی ستراتیژی حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە و لەگەڵ ڕەوشی نێوخۆیی وڵات و ناوچەکە گونجاوە. ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە، پێکهاتەی دانیشتووانی فرەچەشنە و پێکهاتەیەلی فرە نەتەوەیی، فرە ئایینی و تەنانەت فرە فەرهەنگیی هەیە؛ جیا لەوەش لە باری ژێئۆپۆلێتیکەوە ئێران لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژیی جیهان هەڵکەوتووە، دەوری وڵاتانی زلهێز ئێستەشی لەگەڵ بێت لەو وڵاتەدا حاشاهەڵنەگرە. هێزێکی سیاسیی کارای وەکوو حیزبی دێموکرات بە ئەزموونی ٧٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ناکرێت ئەو فاکتەرانە و زۆر فاکتەری دیار و نادیاری دیکە بۆ پێکەوەژیانی خەڵکی

## بەشی چوارەم

ئێران لەبەرچاو نەگرێت و ستراتیژیی خۆی لەسەر دانەڕێژێت.

من پێم وایە ئەگەر بەبێ دەمارگرژیی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران لەو ستراتیژییەی حیزبی دێموکرات بڕوانین و بەپێی ویستی گەلانی دیکە لەپێناو دەستەبەرکردی مافی بەرانبەر و وەک یەک بۆ هەمووان لە ئێراندا کاری بۆ بکرێت، وڵاتی ئێران لە زۆر قەیرانی گەورە ڕزگاری دەبێت؛ یەکەم، دێموکراسی لەو وڵاتە چێ دەبێت و خەڵک مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەدی دێن. دووهەم، ئەمنییەتی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتە دەپارێزرێت و وڵاتی ئێران لە هەڕەشە و چاوی تەماحی نەیارانی پارێزراو دەبێت. سێهەم، جێگرتوویی و سەقامگیریی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری بۆ خەڵکی ئێران دروست دەبێت. چوارەم، خەڵکی ئێران بەگشتی وەکوو هاووڵاتیی دڵسۆز و بەرپرس خۆیان لەو وڵاتەدا دەبیننەوە و بۆ گەشەی وڵات زیاتر تێ دەکۆشن و وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن و دواجار حکوومەتی دێموکراتیکی ئێران دەبێتە حکوومەتی خاوەن کاریگەر لە ناوچەکەشدا. بۆیە دروشمی ستراتیژیی حیزب کە باس لە وەدیهاتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بۆ مانەوەی ئەو ئێرانە دەکات، زۆر واقعبینانە و کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەنووکەی ئێرانیشە.

**کاروان مێراوی:** تاکوو ئێستا چ هەنگاوێک بۆ تیۆریزەکردنی دروشمی ستراتیژیی حیزب هەڵگیراوە و ئەو فیدراڵیزمە کە حیزب کردوویەتی بە بنەمای ستراتیژیی خەباتەکەی، چییە و چۆنتان پێناسە کردوە؟

**مستەفا مەولوودی:** سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی کە دروشمێک هەڵدەگرێت بۆ دەستەبەرکردنیشی تێ دەکۆشێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە کارکردن بۆ ئەو دروشمە کەمتەرخەم نەبووە. ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکرات بکەین باشترمان بۆ دەردەکەوێت کە حیزب بۆ ئەو مەبەستە چەندە تێکۆشاوە و زۆر و کەم شوێندانەریشی هەبووە، ئەوەش هەست پێ دەکرێت. بەڵام دەزانین لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کارکردن بۆ دروشمی لەو چەشنە چەندە دژوارە.

ئێران لە مێژووی خۆیدا حکوومەتی دێموکراتیکی بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵکوو ئەو وڵاتە هەمیشە بە دیکتاتۆری و سەرکوتکردنی نەتەوە و گەلانی ئێران بەڕێوە چووە، بۆیە کار بۆ کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان نەکراوە. لە نیزامی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیچ بەستێنێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە دێموکراسی دروست نەکراوە، بەڵکوو پڕۆپاگەندەی ئەوان بە جۆرێک بووە کە ئەگەر دەرفەت بە پێکهاتەکان بدرێت ئێران دەبێتە ئێرانستان. ئەوە لەنێو خەڵکی ئاسایی و تەنانەت لەنێو بژاردەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بۆیە ئەو ڕوانگەیە لەنێو خەڵکی جیا لە پێکهاتەکاندا لە ئێران دروست بووە کە دەوڵەتی بەهێز و ناوەندگەرا دەتوانێت ئەو وڵاتە بە یەکپارچەیی بپارێزێت. بەڵام کار و تێکۆشانی هێزە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە یەک لەوان

حیزبی دێموکراتی کوردستانە، گۆڕانی بەرچاوی لە خوێندنەوەی خەڵکدا دروست کردووە کە باوەڕیان بە نیزامی دێموکراتیک هەبێت و ئەوەش وای کردووە کە لە ئێستەدا کەم نەبن ئەو هێزە سیاسییانەی کە سەقامگیریی وڵاتی ئێران لە نیزامی فیدراڵیدا دەبینن. ئەگەر ڕوونتر بڵێم؛ فیدراڵیزمێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئێران خوازیاریەتی، زۆر ڕوونە. پێکهاتەکان لە هەرێمی خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕیوەبەریی بن و لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندیدا لە هەموو جومگەکان و وەکوو یاسای کارگێڕی، دادوەری، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداریی کارایان هەبێت کە ئەوە دەبێت لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بە ڕوونی دیاریکراو بێت.

خۆتان دەزانن دوو حەوتوو لەوەپێش ناوەندی ڕاپرسیی "گمان" ئەنجامی ڕاپرسییەکی بڵاو کردەوە کە لەودا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٢٠ هەزار ئێرانی (کە نیزیک بە ١٧ هەزار کەسیان لە نێوخۆی وڵات بوون) بەشدار بوون و لەو ڕاپرسییەدا ١٢ لەسەد لە خەڵکی ئێران خوازیاری سیستەمی فیدراڵی بوون بۆ وڵاتەکەیان. ئەمە ئەگەر بەگشتی وەڵامی تەواو و بارتەقای خەبات بۆ دێموکراسی لەو وڵاتە دیکتاتۆرییەدا نییە، بەڵام ئەو پەیامە ڕوونەشی تێدایە کە ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئەو ئامادەییە لەنێو خەڵکی ئێران بۆ جێگیرکردنی نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتەدا هەیە.

**کاروان مێراوی**: هێزە کوردییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات لە چەند هاوپەیمانی و بەرەدا بەشدارن کە ئامانجەکەی ئێرانی فیدراڵە، تاکوو چەند لایەنە سیاسییە فارسەکان بۆ ئەو ئامانجە هاتوونەتە پێش؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە ئەگەر دەرفەت هەبێت و حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، زۆربەی دانیشتووانی ئێران خوازیاری ئەوەن کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بەیەکەوە وڵاتی ئێران بەڕێوە بەرن، بەڵام ئەگەر بە ڕوونی وەڵامی پرسیاری ئێوە بدەمەوە، حیزبی دێموکرات لە هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "شۆرای دێموکراسیخوازان" و "همبستگی برای آزادی و برابری در ایران" ئەندامە و لەو هاوپەیمانییانەدا بەشدارە. لەنێو ئەو هاوپەیمانییانەدا ڕێکخراو و کەسایەتیی جۆراوجۆری تێدایە بە فارسەکانیشەوە، جیا لەوانە زۆر کەسایەتی و ڕێکخراوی سەرانسەریی ئێرانی هەیە، وەکوو هاوپەیمانی حیزب لەگەڵیان لە هاوپەیمانییەکی دیاردا نییە، بەڵام کە تەرجەمەی سیاسەت و تێڕوانینیان دەکەی بۆ داهاتووی ئێران، ئەوانیش تێ دەکۆشن لە ئێرانی داهاتوودا سیستەمی بەڕێوەبەریی دێموکراتیک و لامەرکەزیی هەبێت و پێکهاتەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی وڵات و ناوچەی خۆیاندا بەشداریی کارایان هەبێت، ئەوەش هەرچەندە خواستی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دابین ناکات، بەڵام خۆی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ ئێرانی داهاتوو. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمی فیدراڵی خۆی پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە

دەقـاودەق فیـدراڵیزم لە هەمـوو وڵاتـان وەکـوو یەک جێبەجـی بکرێـت. هەلـومەرجی نـاوچەکە و وڵات، کولتـووری جیـاوازی پێکهاتەکـان و لامەرکەزیـی هەموویـان دەور دەبیـنن، بەتـایبەت لە وڵاتێکـی وەک ئێرانـدا کە ئەو جـۆرە لە سیسـتەمی حکوومەتێکی ئەزموون نەکراوە و خەڵکی ئەو وڵاتە پێی ڕانەهاتوون. بۆیە نابێت یەک ڕۆژە چاوەڕوان بین باشترین نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتە جێگیر بکرێت، بەڵکوو پێویستە کاری بۆ بکرێت، کاتی بدرێتێ و فەرهەنگسازیی بۆ بکرێت.

**کاروان مێراوی**: ئەو یەکیەتییەی لەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییانەدا باسی لێ کراوە و بنـاغەی ئێرانـی فیـدراڵی داهـاتووی لەسەر دارێـژراوە، ئایـا یەکیەتییەکی ئارەزوومەنـدانەیە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەگەر هەر کـام لە نەتەوەکـان بیهەوێ داوای سەربەخۆیی بکات، هێرش نەکرێتە سەری؟

**مستەفا مەولوودی**: دروستکردنی نیزامی فیدراڵی لەنێو گەلان و پێکهاتەکاندا حەتمەن دەبێت ئارەزوومەندانە بێت. نیزامی فیـدراڵی ئەگەر ئارەزوومەنـدانە نەبێـت، هەر نـایەتە ئـاراوە و دروست نابێـت. هەر سیسـتەمێکی فیـدراڵی بەپێـی یاسـای بنەڕەتی کە دەنووسرێتەوە، چوارچێوەی نیزامی فیدراڵ و مافی پێکهاتەکانی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دیاری دەکـات، هەروەهـا نەخش و دەور و کاریگەریی پێکهاتەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی هەرێمی خۆیـان لە دەوڵەتـی فیـدراڵی یـان بەشداریان لە دەوڵەتـی ناوەندیـدا بەتەواوی ڕوون دەکـاتەوە و وەک گرێبەستێکی کـۆمەڵایەتیی نێوان خەڵـک، پێکهاتەکـان و دەوڵەت لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵیدا دەنووسرێتەوە. ئەگەر هەموو پێکهاتەکان پابەندی ماددە و بەندەکانی یاسـای بنەڕەتـی بـن، یاسا وەک ئەوەی کە هەیە و لە سەری ڕێک کەوتـوون جێبەجـێ بکرێـت، ئەمن پێم وایە ئەو گریمانـانە دەرەوونەوە، چونکە لەڕاستیدا نیزامی فیدراڵی بۆ بەیەکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکانە؛ نەک بۆ دابڕان و لێک جیابوونەوە.

بەڵام بـۆ ئەوە کە چ گەرەنتییـەک هەیە، لە ڕوانـگەی مـنەوە تەنیـا گەرەنتـی پێبەنـدبوون بە یاسـای بنەڕەتیـی وڵات، بە ڕەچاوکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانە، ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکرێت، ڕەنگە شتی وا ڕوو نەدات. بەڵام بـۆ حـاڵەتی وا دروستە لە یاسای بنەڕەتیـدا ئەوە ڕەچـاو بکرێت، ئەگەر بە هەر هـۆیەک پێکهـاتەیەک یـان چەنـد پێکهـاتە ئارەزوویـان کـرد کیـانی سیاسیی سەربەخۆیان هەبێت بە یاسای بنەڕەتی و بەپێی مێکانیزمی دێموکراتیک دەبێت ڕێگەپێدراو بـن. بەڵام لەڕاستدا من ئەو ئامادەییە لە حاڵەتی ئێستەدا بۆ پێکهاتەکانی ئێران زۆر بە زەحمەت دەبینم، بەڵام سروشتییە نەتەوەیەک ئەگەر لە نیزامێکی سیاسیدا وستەکانی نەیەتە دی، خەباتی بۆ دەکات.

**کاروان مێراوی**: هتا دێ پرسی سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆخ و تۆختر دەبێتەوە و نەک هەر لەنێو توێژی

ڕووناکبیر، بەڵکوو لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەرەی سەندووە؛ ئەگەر ویستی سەرەکیی خەڵک لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا سەربەخۆیی بێت، حیزبی دێموکرات چ پلانێکی بۆ ئەو ویستە دەبێ و ئەو هەلە چۆن دەقۆزێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوەی کە لەنێو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی سەربەخۆییخوازی تۆخ و تۆختر دەبێت ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە و لە مێژووشدا خەڵکی کوردستان بۆ سەربەستی خەباتی کردووە. من لام وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت هێزێکی شوێندانەری وەک حیزبی دێموکرات بەتەواوی دەرکی بەوە کردووە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەڵێت ئامانجی ئەو حیزبە بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەگەر وایە ئەوە بە هیچ جۆرێک لە خوێندنەوە و ڕوانگەی حیزبدا ون و شاراوە نەبووە و نییە.

سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتکردندا یەکێک لە گرینگترین فاکتۆرەکانی بایەخدان بە ڕوانگە و ویستی خەڵکە. ئەگەر وا نەبێت ناتوانێت گەشە بکات و ببێتە حیزبی خەڵکی و جەماوەری، بەڵام خۆ حیزبی سیاسی هەر ئەرکی ئەوە نییە تەنیا گرینگی بە ویست و ئارەزووەکانی خەڵک بدات؛ بەڵکوو پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بڕوانێتە بابەتەکان و حیساب بۆ ژئۆپۆلێتیک و هەلومەرجی سیاسیی ناوچە و هەرێم و ئەو وڵاتەش بکات کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدا، خوێندنەوەی واقعبینانەی بۆ زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان هەبێت، ئەوەش بە وردی بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە.

**کاروان مێراوی**: بە ڕوونی حیزبی دێموکرات چۆن لە بابەتە دەڕوانێت؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە حیزبی دێموکرات لەو بارەوە کەمیی نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی دانی بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا هێناوە، بە پیرۆزیشی دەزانێت. ئەوە لە سیاسەتی فەرمیی حیزبدا بە ڕوونی دیار و حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچە، زەرفییەت و دەرفەت و تواناکانی ئەو حیزبە هاتووە بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان دروشمێکی واقعبینانەی هەڵگرتووە و ستراتیژیی دروستی دارشتوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژەکان لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە و تێچووی ئەو خەبات و تێکۆشانەشیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان. ئەمن لام وایە هیچ کات جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ویستی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و ستراتیژی و دروشمی حیزبی دێموکرات نایەتە ئاراوە؛ حیزبی دێموکرات ئەو باگگراوند و زەرفیەتەی هەیە و ئەگەر هەلومەرجی وا بێتە ئاراوە بە

جۆرێک ستراتیژیی خۆی دادەڕێژێت کە جێگەی پەسن و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بێت و لەوە سڵ ناکاتەوە. بە واتایەکی دی نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە، بۆ نموونە هەموومان دەزانین کە هەتا ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی، دروشمی حیزبی دێموکرات، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو و لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب ئەو دروشمە گۆڕاوە بە دامەزرانی سیستەمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێراندا.

**کاروان مێراوی**: د. قاسملوو نزیک بە سێ دەیە پێش لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم و لە زۆر وتووێژی دیکەشدا دوتوویەتی؛ "گەرەنتیی ئەوە ناکرێ کە نەوەکانی داهاتوو خۆدموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن". پێتان وا نییە ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە ئاڵوگۆڕ بەسەر دروشمی ستراتیژیی حیزبدا بێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی سیاسیی شارەزا و کۆمەڵناسێکی وردبین بوو و لەسەر ئەرزی واقع سیاسەتی کردووە. ئەو کات کە ستراتیژیی سیاسیی حیزبی دارشتووە و ئەوە دروشمەی بۆ حیزبی دێموکرات دەستنیشان کردووە، زۆر بە جوانی دەرکی بە ڕاستییەکان کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێران و کوردستان، سیاسەتی بۆ نەوەی ئەو سەردەمە کردووە و لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە شێوەی کیانێکی سەربەخۆ و تەواو هەبووە. ئەوەش کە وتوویەتی گەرەنتیی ئەوە ناکرێت کە نەوەکانی داهاتوو خودموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن هەر لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت. دوکتور قاسملوو کەسایەتیی سیاسیی سەردەمێک بووە و وای لێک داوەتەوە کە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بۆ ئەو کات گونجاو بووە، بەڵام مەرج نییە بۆ نەوەکانی داهاتووش گونجاو بێت، بەتایبەت بەڕێزیان زۆر باش دەرکی بەوە دەکرد کە دنیا لە گۆڕانکاریدایە و ئەو ئیمکانە بەهێزە لە داهاتوودا زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان بگۆڕدرێن و هەلومەرج بە جۆرێک بێت کە کورد بتوانێت یان بیهەوێ بە شێوەیەکی دیکە چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاری بکات. ئەوە هەر لە حیزبەکەی دوکتور قاسملوودا ڕووی داوە و ئەگەر بۆ ماوەی نیزیک بە سی ساڵ دروشمی حیزبی دێموکرات "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا حیزبی دێموکرات ئەو دروشمەی گۆڕی. جیا لە حیزبی دێموکرات، چەند حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەی ئێران ئێستە ئەو دروشمەیان بەرز کردووەتەوە و هیچ دوور نییە لە داهاتوودا گۆڕان لەو دروشمەشدا بێتە ئاراوە.

**کاروان مێراوی**: هەر وەک دەزانن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا فیدراڵیزم بە پرسی نێوخۆیی وڵاتان دادەنرێت و پرسی کوردیش بەپێی پێوەرە نەتەوەییەکان، پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییە. بە بۆچوونی بەڕێزتان بە مەبەستی



سەرچاوە
Serchawe

**ڕاکێشانی پاڵپشتیی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، باشتر نییە لەباتی فیدراڵیزم مافی دیاریکردنی چارەنووس بکرێت بە بنەمای ستراتیژیی خەباتی حیزب و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەگشتی؟**

**مستەفا مەولوودی**: پرسی کورد بە دوو خوێندنەوە دەتوانێت پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بێت، هەروەها دەتوانێت پرسی نێوخۆی وڵاتێک دیاریکراویش بێت. بۆ؟ یەکەم؛ کوردستان و خەڵکی کوردستان بەداخەوە بەبێ ئیرادەی خۆی بە سەر چوار وڵات و زیاتریشدا دابەش کراوە، نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و بە ڕادەیەکی زۆر دابەش دابەش کراوە، بەو خوێندنەوەیە کە نەتەوەیەک لەنێو چوار وڵاتدا بەش کراوە پرسێکی نێونەتەوەییە و مادام لەنێو چوار دەوڵەتی قانوونیدایە پرسێکی نێو دەوڵەتانیشە. بۆیەشە هەر بزووتنەوە و چالاکی لەنێو ئەو نەتەوەیەدا لەنێو ئەو دەوڵەتانە بێتە ئاراوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە باری سیاسی و ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی لە ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە، هەر ئەوەش بەداخەوە پرسی کورد زۆر پێچەڵاوپێچ و ئاڵۆز کردووە. بەڵام بە خوێندنەوەی قانوونی دەبێت پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتەکان بە جیا و وەکوو پرسی سەربەخۆی کورد لەو وڵاتە ئەژمار بکرێت و خوێندنەوە بۆ بکرێت و پرسی گەلی جۆراوجۆری خەڵکی ئەو وڵاتەش لەسەر پرسی کورد کاریگەریی هەیە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی حکوومەتی لەو وڵاتانە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێو پێکهاتەکان لەنێو ئەو وڵاتانە و بەیەکەوەیە. بۆیە لێرەدا واقعبینانە دەبێت پرسەکەدا ببینین و سەیری بکەین. خوێندنەوە لە سیاسەتی حیزبەکانی شوێندانەر کە پرسی کوردیش لە هەموو بەشەکان هەر بەو جۆرەیە و کەوتوونە نێو گەمە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە، حیزبی دێموکراتیش بە دروشمەکەیەوە دیارە هەر وای سیاسەت کردووە و دەیهەوێت لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا چارەسەری پرسی کورد بکرێت.

ئەمن لام وایە لە هەلومەرجی ئێستەدا ئەو ڕێگایەی گیراوەتە بەر دروستە کە کورد لە هەر کام لە بەشەکان کار و تێکۆشانی سیاسی دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەو بەشەدا، جا بە هەر جۆرێک هەلومەرج دەرفەتی پێ بدات، بەو شێوەیە ویستەکانی داوا دەکات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئێستە تێیدا دەژی، جا بە شێوەی لامەرکەزی بێت، خودموختاری و ئۆتۆنۆمی بێت یان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی. بۆ ئەوەش دەکرێت هەرێمی کوردستان لە باشوور وەکوو نموونە بهێنینەوە کە تەنانەت بیر لەوە کراوەتەوە لە ڕێگەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆمیشەوە بە ئاشتییانە بە سەربەخۆیی سیاسیی تەواوی خۆیان بگەن، بەڵام ئەگەر لە ئێستەدا کورد لە هەموو بەشەکان بۆ ئەو ویستە خەبات بکات ڕەوایە، حەقە، بەڵام لام وایە چالنج و کۆسپی زۆر دێتە سەر ڕێگە و ڕەنگە لەبەری دەرنەچێت، جیا لەوەش هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمیش بۆ ئەوە وەکوو پێویست گونجاو و ئامادە نییە.

## بەشی چوارەم

**کاروان مێراوی**: **لە فەسڵی یەکەمی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا ئاماژە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک - فیدراڵدا کراوە، چۆن دەکرێت حکوومەتێکی کۆماری لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا پێک بهێندرێت؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئەو دروشمە لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتدا پەسند کراوە. لە ڕوانگەی منەوە مادام لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا شکڵ و شێوەی حکوومەتی هەرێم لە کوردستان پێناسە دەکات کێشەیەکی یاسایی و حقووقی دروست ناکات، لەبەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەی پەسندی کردووە لە چوارچێوەی نیزامێکی فیدراڵیدا دەستنیشانی شکڵی حکوومەتی کوردستان دەکات لە شێوەی کۆماریدا، ئەوەش لە دەورانێک لە مێژوودا لە کاتی یەکیەتیی سۆڤییەتدا نموونەی هەبوو و لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی یەکیەتیی سۆڤییەتدا ١٥ کۆماری خودموختار هەبوون و کێشەیەکی سیاسی و حقوقیشی بۆ ئەو وڵاتە دروست نەکردبوو. یانێ یەکیەتیی سۆڤییەت بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو و لە نەتەوە یەکگرتوویەکاندا یەک نوێنەری فەرمیی هەبوو، بەڵام لە نێوخۆیدا ١٥ کۆماری هەبووە و لەنێو ئەو کۆمارانەدا ناوچە و هەرێمی خودموختار و خۆبەڕێوەبەری دیکەش هەبوون. کەوایە ئەوە شتێکی ئەزموونکراوە و هیچ کێشەیەکی حقوقی دروست ناکات.

**کاروان مێراوی**: **کاک مستەفا وەک پرسار کۆتایی؛ بە پێی ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی بەردەم، ئاسۆی پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوو چۆن دەبینن؟**

**مستەفا مەولوودی**: مێژووی کورد پێمان دەڵێ کە بە درێژاییی مێژوو کورد بۆ مافەکانی خۆی خەباتی کردووە و ئەو نەتەوەیە سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێک لە تێکۆشان نەوەستاوە، ئاکامی ئەو خەبات و تێکۆشانە سەرەڕای هەموو دژوارییەکان سەلماندنی کورد و خەبات و ویستە ڕەواکەی بووە. پرسی کورد لە ئێستەدا لە هەموو کات زیاتر وەکوو بابەتێکی هەستیار لە ناوچەکەدا وەک فاکتەرێکی بەرچاو خۆی دەرخستووە و لە هەموو بەشەکاندا بزووتنەوەی ڕەسەن و هەمەچەشنی کورد لە ئارادایە. لە بەشێکی کوردستان واتە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان بابەتە زۆر دیار و هەستیارە، بە جۆرێک پێوەندی پەیدا کردووە بە بابەتە گرینگ و هەستیارەکانی وڵاتی عیراق و سووریە و لەنێو دەوڵەتەکان و تەنانەت هاوپەیمانان کاری لەسەر دەکەن. لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئاستی دیار و بەرچاو لە ئارادایە.

## بەشی چوارەم

خۆ ئەگەر بە ڕوونییش بیبینە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند هۆکار پرسەکە هەستیارتر و دیارترە. خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لە خەباتدان و ئەو خەباتەش هەمەچەشنە، بەتایبەت خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات پڕ دیارە. کورد ئێستە خاوەنی هێزی سیاسیی بەئەزموون و بەتوانا و بە بەرنامەیە کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەر ئەوە وای کردووە و ئەو ڕاستیە بۆ زۆر لایەن دەرکەوتووە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسیتر و بەرچاوڕوونتر بۆ داهاتوو دەڕوانن. بێجگە لەوەش هەلومەرجی ئێران زۆر هەستیار و قابیلی گۆڕانە، بۆیە ئومید زیاترە لە جاران بە ئەوەی کورد لە ئەنجامی تێکۆشانی بەردەوامی خۆی بە ئامانجەکانی بگات کە هیوادارم هەرچی زووتر خەباتی پڕتێچووی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

**کاروان مێراوی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە سەرەڕای پڕکارییەکانی ڕۆژانەتان کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.

**مستەفا مەولوودی**: دەستی ئێوەش خۆش بێت و ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

# سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا



قادر وریا

ئاماژە: ئەم باسە لە سمینارێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشکێش کراوە

## پێشەکی:

حیزبی دێموکرات لە گرنگیدان بە پرسی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە. بەرزڕاگرتنی پێگەی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانە و هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی گرنگیدان بە زمانی کوردی ببێتە کولتوورێک لە کۆمەڵی ئێمەدا، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە هەتا ئێستا بووە. دەتوانین بڵێین ئەم حیزبە هەر لە دامەزرانییەوە تا ئەمڕۆ خاوەنی سیاسەتی زمانی بووە.

کە باسی سیاسەتی زمان دەکرێ، سیاسەتی زمان بە کۆی ئەو باوەڕ و بۆچوون و ڕوانگانە دەگوترێ کە دەوڵەتێک، حیزبێک، لایەنێک تەنانەت بنەماڵەیەک، دەیکەنە بنەمای هەڵوێست و کردەوە و ڕفتاری خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و کۆمەڵگەدا. بەم پێیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش خاوەنی سیاسەتی زمان بووە و هەیە. ئەگەرچی ڕەنگە دەقێکی پەسندکراوی تایبەت لە ژێرناوی" سیاسەتی زمان" لەنێو حیزبدا نەبێ، یان حیزب بۆخۆی پێناسەی ئەو سیاسەتەی

نەکردبێ و نەیگوتبێ ئەوەیە "سیاسەتی زمان"یم، بەڵام ئێمە کە لە بواری جۆراوجۆردا سەیر دەکەین دەبینین حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە خاوەنی سیاسەتی زمانی بووە و، بە ئیلهاموەرگرتن لەو سیاسەتەی کە هەیبووە بەرنامەی کار و کردەوەی خۆی لە بواری زماندا داڕشتوە و بەڕێوەی بردوە.

بۆ ئەوەی بتوانین سیاسەتی زمانی حیزبی دێموکرات باش هەڵسەنگێنین، دەبێ سەرنج بدەینە ئەو بوارانە کە حیزبی دێموکرات مەجالی ئەوەی هەبووە تێیاندا باس لە زمان بکا و هەنگاو لە پێوەندی لەگەڵ زماندا هەڵێنێتەوە.

یەکەم بوار، بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبە تا بزانین لەواندا چۆن سەیری زمان دەکا. دوویەم بوار، ئەو ڕێککەوتننامانە یان گەڵاڵەی ئەو داخوازیانەن کە حیزبی دێموکرات بەڕەورووی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها بەرەورووی لایەنە ئێرانییەکانی- ئەو کاتی ویستوویەتی لەگەڵیان هەوپەیمانی دروست بکا- کردوونەوە. بوارێکی دیکە، کار و تێکۆشانی ڕۆژانەی حیزب بۆ وێنە پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکان، ڕاگەیاندن، پەروەردە و هتد دەگرێتەوە کە دەری دەخا حیزب چۆن لەگەڵ زمانی کوردی هەڵسوکەوتی کردوە. لەو بوار و مەیدانەشدا دەردەکەوێ کە لە ژیانی ئەو حیزبەدا، مەسەلەی زمان چ جێگایەکی هەیە.

یەکێک لە بوارەکانی دیکە، هەڵوێست و چونیەتیی تەعامولی حیزب لەگەڵ ئەو کەسە دڵسۆزانەی نێوخۆی کوردستانە کە لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا کار و ئەرک دەگرنە ئەستۆی خۆیان و، خزمەتی زمانەکەیان دەکەن. لە هەمووی ئەو بوارانەش بەرچاوتر ئەو کاتانەیە کە حیزبی دێموکرات دەسەڵاتی بەدەست بووە و زمانی کوردیی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا بەکار هێناوە. من ئەم پێنج بوارەم لە نەزەر دایە کە باسیان بکەم، ڕەنگە هێندێکیان تێروتەسەلتر باس بکەم بەڵام هێندێکیان بەکورتی.

### زمانی کوردی لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتدا

یەکەم بوار، کە ڕەنگدانەوەی گرنگیدانی حیزب بە زمانی کوردیی تێدا دەبینین، پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتن. با بزانین لەواندا ئەم پرسە چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ سروشتییە حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەییە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دەزانێ؛ نەتەوەیەک کە خاکەکەی بەسەر چەند وڵاتێکدا، دابەش کراوە و جگە لەوی خاکەکەی داگیرکراوە، هەوڵ دراوە مێژووەکەشی بشێوێندرێ و چەواشە بکرێ. سەرەڕای داگیرکرانی خاکەکەی و

چەواشەکرانی مێژووەکەی، هەوڵ دراوە زمانەکەشی لێ بستێندرێتەوە. ئەوەش نەک هەر لە بەشێکی کوردستان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەر یەک لەو دەوڵەتانەی کوردیان لەژێر دەستدا بووە، هەوڵی سەرکوت و سڕینەوەی ئەو زمانەیان داوە، دیارە لە هەر وڵاتەی بە جۆرێک. لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو هەوڵە بەو شێوەیە بووە کە خوێندن بەو زمانەیان لە کورد قەدەغە کردوە، بە ڕەسمییان نەناسیوە و هەوڵیان داوە وەکوو زاراوەیەکی زمانی فارسی پێناسەی بکەن و سامانی ئەو زمانە کە وشەکانیەتی، دەستەواژەکانیەتی، دەستی بەسەر دابگرن و بیکەن بە بەشێک لە سامانی زمانیی نەتەوەی حاکم. ئەو کەسانەش کە ویستوویانە خزمەتی ئەو زمانە بکەن بە شێوەی جۆراوجۆر کێشەیان بۆ دروست کردوون. تەنانەت هەتا ئێستاش دەبینین لە سەر دانانی ناوی کوردی لەسەر منداڵان یا لەسەر شوێنی کار و دووکان و بازار، ڕێگری و کۆسپ هەیە و کەسەکان لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو دەبن. واتە هەر لە ڕێژیمی شایەتیدا ئەو سیاسەتە بەڕێوە نەچووە، لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشدا ئەو سیاسەتە هەر درێژەی هەیە. دیارە حیزبێک بەو ناسین و تێگەیشتنەی لەسەر نەتەوەبوونی کورد هەیەتی و، بەو مەترسییانەی لەسەر ڕێگای ئەو نەتەوەیە بەدیی کردوون، سروشتییە کە گرینگی بە زمان بدا.

لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتدا کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبە و لە ٨ خاڵ پێک هاتووە، یەکێک لە خاڵەکان، تایبەت بە زمانە. لە خاڵی دوویەمی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: "گەلی کورد دەبێ مافی خوێندن بە زمانی زکماکی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکانی بە هۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ." بەم جۆرە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا باسی زمانی کوردی بە زەقی هاتووە. پاشان لە مەرامنامەی حیزبی دێموکرات کە پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەیەتی، دوو خاڵ پێوەندییان بە زمانەوەیە، خاڵی سێزدەیەم دەڵێ: "بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا،" خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ". لە خاڵی ٢٢شدا دەڵێ: "مافی کەمە نەتەوەییەکان وەکوو ئاشووری، ئەرمەنی کە لە کوردستاندا دەژین دەبێ بەتەواوی دابین بکرێ." یانی دەبینین لە دوو خاڵدا باسی زمان هەیە و ئەوەش بەڕاستی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە کە حیزبی دێموکرات لەو سەردەمیشدا، مافی زمانی تەنیا بۆ کورد ناوێ و، بۆ کەمە نەتەوەکانی کوردستانیشی دەوێن.

ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە ئەو وەختی کە حیزبی دێموکرات و دوای ئەو کۆماری کوردستان دامەزران هێشتا بیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پەسند نەکرابوو. بەڵام تێگەیشتنی ئەم حیزبە بەجۆرە بووە کە کەمە نەتەوەکانی دیکەش دەبینێ و دان بە مافەکانیاندا دەنێ. تەنانەت لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئیمکانی خوێندن بۆ جوولەکەکان بە زمانی خۆیان لە مەهاباد پێک دێنێ.

**لە خاڵەکانی ١٣ و ٢٢ی مەڕامنامەی پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبەدا هاتووە:**

"١٣- بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ.

٢٢- دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکانی کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بەتەواوی دابین بکرێ".

بە داخەوە پرۆگرام و پێڕەوی نێوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووهەم لە دەستدا نیە تا بزانین پرسی مافە زمانییەکان لەوێدا چۆن هاتووە. بەڵام کە دێینە سەر پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێیەم، زۆر بە دیاریکراوی باسی زمان لەوێدا، بەرجەستە دەبێتەوە و لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ دەکرێ. من لێرەدا ئاماژە بەو خاڵانە دەکەم چونکە کاریگەریی درێژخایەنیان لەسەر بەرنامە و پەسندکراوەکانی داهاتووی حیزب دەبێ.

**لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەم لە بەشی "ئامانجەکانی گشتی، هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی"دا هاتووە:**

١١- "زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانە. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیشدا ئەو زمانە بەڕەسمی بەکار دەهێندرێ. زمانی فارسی هەروەک لە ناوچەکانی تری ئێران لە حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانیش زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سەرەتایی، منداڵانی کوردستان وێڕای زمانی کوردی دەیخوێنن.

١٢- کەمایەتییەکانی نەتەوایەتیی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە. مافی فەرهەنگییان دابین دەکرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی خۆیان دەبێ".

**لەژێر سەرباسێک بە ناوی "سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی"یشدا هاتووە:**

٢٨"پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ڕێبازی داییمی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستان دەبێ."

ئاماژە بەو خالانەی پەسندکراوی گۆنگرەی سێیەم بۆیە پێویست بوو تا وەبیر بێنمەوە لێرە بەدواوە جەوهەری ئەو خاڵانە بە بەردەوامی لە بەرنامەی حیزبدا هاتوونەوە. یانی ئەو کاتانەی لەتبوون و دابڕانیش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە و، دوو لایەن بە ناوی حیزب دێموکرات تێکۆشانیان هەبووە، لە بەرنامەکانیاندا جەوهەری ئەو خاڵانە دەپارێزن.

### مافە زمانییەکان لە گەڵاڵەی دانوستان و ڕێککەوتن لە گەڵ لایەنە ئێرانییەکان

دێمە سەر بواری دووهەم. لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەی دراون بە دەوڵەتی مەرکەزی یا هێز و لایەنە ئێرانییەکان، ئەوەندەی حیزبی دێموکرات تەرەف بووە لەگەڵیان، باسی زمان هەمیشە هەر هەبووە.

ساڵی ١٣٥٧ - ١٣٥٨، چەند گەڵالەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، خرانە بەر سەرنجی کاربەدەستانی تاران (گەڵاڵەی ٨ ماددەیی ڕەشەمەی ١٣٥٧، گەڵالەی ٢٦ ماددەیی - سەرماوەزی ١٣٥٨، گەڵاڵەی ٦ ماددەیی - زستانی ١٣٥٨). لە گەڵاڵە ٨ ماددەییەکەدا باسی مافە نەتەوایەتییەکان بە شێوەی گشتی هاتوە و بە دیاریکراوی خاڵێک یا ماددەیەک لە سەر زمانی کوردی نەهاتوە.

دوای پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی خومەینی ڕوو لە خەڵکی کوردستان، قۆناغێک لە وتوویژ و دانوستان لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد و "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" پێک هات. حیزبی دێموکرات، ئەندامی ئەو هەیئەتە و د.قاسملوو وتەبێژی هەیئەتەکە بوو. لە ٤ی سەرماوەز، دەستەی نوێنەرایەتی بەیاننامەیەکی لە ٨ خاڵدا بڵاو کردەوە. ئەو ٨ خاڵە داوا سەرەکییەکانی گەلی کورد بوون و دەستەی نوێنەرایەتی داوای لە خەڵک کرد بۆ پشتیوانی لەو داخوازانە، خۆپێشاندان وەڕێ بخەن. لە خاڵی ٤دا هاتووە:

"زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ئیدارە و دامەزراوەکانی کوردستان دەبێ. لە دوای پۆلی ٤ی سەرەتاییەوە، زمانی فارسییش لە تەنیشت زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ و، زمانی ڕەسمیی ئیداری لە

**سەرانسەری ئێران و کوردستانە."(لە ڕووی دەقی فارسییەوە وەرمگێڕاوە)**

هەم لە گەڵاڵە ٢٦ مادەییەکەدا، هەم لە گەڵاڵە ٦ مادەییەکەدا بە زەقی باسی پرسی زمان و مافە زمانییەکان هەن و گوتراوە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختار، زمانی ڕەسمی دەبێ، زمانی خوێندن دەبێ، زمانی ئیداریش دەبێ بۆ پێوەندیی نێوان ئیدارات لە کوردستان. هەروەها شتێکی دیکە کە دەبێ باسی بکەم ئەوەیە هەمیشە حیزبی دێموکرات ئەو لایەنەی لەبەرچاو بووە کە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە نێو ئێراندایە و لە بەڵگەنامەکانیدا، وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە هەبووە کە زمانمان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی مەرکەزی چی دەبێ. بۆیە بە بەردەوامی لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەدا باسی ئەوە کراوە کە لە تەنیشت زمانی کوردی (هێندێک جار گوتراوە لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە)، زمانی فارسی دەخوێندرێ. ئاماژە بەوەش کراوە کە فارسی زمانی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێ.

هەروەها لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لە هێندێک قۆناغ و سەردەمدا حیزبی دێموکرات، ڕێککەوتن و هاوپەیمانی هەبووە. بۆ وێنە لەگەڵ شوڕای بەرگریی نیشتمانی (شورای ملی مقاومت) کە لە ڕێکخراوی موجاهیدین و چەند شەخسیەت و ڕێکخراوی دیکە پێکهاتبوو. لەوێشدا پێداگریی حیزبی دێموکرات لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی مافە زمانییەکان، بووە هۆی ئەوە کە لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢، "گەڵاڵەی شوڕای بەرگریی نیشتمانی بۆ خودموختاری" پەسند کرا. لە ڕاستیدا ئەوەی لە بەرنامەی حیزبدا، لە بارەی مافە زمانییەکان هاتبوو، لە چوارچێوەی گەڵاڵەی شورا بۆ خودموختارییشدا پەسند دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر ئێستا لە ژمارەیەک یەکگرتن و هاوپەیمانیدان بۆ نموونە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"، "شوڕای دێموکراسیخوازەکان" و پێشتریش "اتحاد عمل برای دمکراسی" (یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی). لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانە و هی پێشووتردا پرسی زمان ئاماژەی پێ کراوە و مافە زمانییەکان- ئەوانەی کە مەبەستی حیزبی دێموکرات بوون و لە بەرنامەکەیدا هاتوون - دانیان پێدانراوە، قبووڵ کراون و بەڕەسمی ناسراون.

### زمانی کوردی لە ئەدەبیات و تێکۆشانی ڕۆژانەی دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتدا

دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانی حیزب لە سەرەتاوە تا ئێستا بە کوردی ئامادە کراون و، دوایە کراون بە

زمانی دیکە. ئەمە ڕەنگە بۆ هێندێک کەس شتێکی ئاسایی بێ و بڵێ جا حیزبێکی کوردستانی هەر دەبێ بە زمانی کوردی بەڵگەنامەکانی ئامادە بکا. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش حیزبی کوردستانی هەبوون کە زمانی کوردی ئەو جێگە و پێگەیەی لای ئەوان نەبووە و، کوردی زمانی سەرەکیی ئەدەبیات و بەڵگەنامەکانیان نەبووە، ئەدەبیاتیان بە زمانی دیکە بووە، دوایە کردوویانن بە کوردی. بەڵام حیزبی دێموکرات، هەمیشە زمانە سەرەکییەکەی، زمانی کوردی بووە؛ بەیاننامەکانی، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی، ڕۆژنامەکەی، گۆڤارەکانی، ڕادیۆکەی و هەرچی هەیەتی، بابەت و بەرنامەکانیان بە پلەی یەکەم بە کوردی ئامادە کراون و دوایە کرداوونی بە فارسی.

پێوەندیی ئۆرگان و دامەزراوەکانی حیزب، هەر بە زمانی کوردی بووە، ڕێبەری لەگەڵ ناوەندەکان، کۆمیتە شارستانەکان، لەگەڵ مەڵبەندەکان، لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، لە گەڵ ڕێکخراوە حیزبییەکان و ئەندامانی شانە و بەگشتی هەر پێوەندییەک لە نێوخۆی حیزبدا هەیە، بە زمانی کوردی بووە. کلاس و دەورەکانمان هێندێک حاڵەتی تایبەتی لێ دەرچێ- بۆ نموونە دوکتوری فەڕانسەوی هاتوون کلاسی دەرمانییان بۆ پێک هێناوین، ئەوان چونکە کوردییان نەزانیوە، بە فەڕانسەیی قسەیان کردوە وکادرەکانمان ناچار بووین بۆیان وەرگێڕنەوە سەر زمانی کوردی. بە گشتی هەموو جۆرە پەروردەیەکی حیزب بە زمانی کوردی بووە. تەنانەت ئەگەر پێشمەرگەی نەخوێندەوارمان هەبووە بە زمانی کوردی خوێندەوار کراوە. پێشمەرگەی خوێندەوارمان هەبووە، لە ئێران بە زمانی فارسی فێرە خوێندەواری بووە، بەڵام حیزب فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردیی کردوە.

خوێندنەوە و نووسینی کوردی بەشێکی هەمیشەیی بووە لە کلاس و دەورەکانی حیزب بەتایبەتی ئەو دەورە سەرەتاییانەی بۆ پێشمەرگە پێکهاتوون. کوردی زمانی سەرەکیی ڕاگەیانەکانی حیزب بووە. دیارە قۆناغی وا بووە حیزبی دێموکرات بۆ وێنە بە زمانی تورکییش بەرنامەی لە ڕادیۆکەی بڵاو کردووەتەوە. هەر لە جێدا لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا زمانی فارسی هەمیشە بایەخی پێ دراوە، چونکە لایەنی ئێرانی، چ دەوڵەت و چ ئۆپۆزیسیۆن، بەردەنگی ئێمە بوون، بۆیە هەمیشە هەوڵمان داوە، سیاسەت و بەرنامە و ئەدەبیاتمان بە فارسی بڵاو بێتەوە. بەڵام زمانە سەرەکییەکە لە چاپەمەنیمان، لە ڕادیۆ و لە تەلەڤیزیۆن زمانی کوردی بووە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای سنووردداربوونی ئیمکاناتی دارایی و چاپ و بڵاو کردنەوە و لە گەڵ ئەوەی بەردەوام لە خەباتی نهێنی و دووروەڵاتیدا بووە، دەزگای چاپەمەنیی حیزب هەوڵی داوە بە کوردی کتێب، گۆڤار و نامیلکە چاپ بکا. نەک هەر نامیلکە و گۆڤاری حیزبی، بەڵکوو کتێبی ئەدەبی و مێژوویی و هتد. حیزبی دێموکرات،

سەردەمانێک - لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینی- لەژێر ناوی "بنکەی پێشەوا" دا، کۆمەڵێک کتێبی چاپ کردوون و ئەو کات بڵاو بوونەتەوە. وەکوو "کوردستان و کورد"، "تاریک و ڕوون"، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"، "پێکەنینی گەدا". لەڕاستیدا چاپی ئەو کتێبانە بەو مەبەستە بووە خەڵک شێعری کوردی، ئەدەبیاتی کوردی و چیرۆکی کوردی ببینێ و بیخوێنێتەوە و، لەم ڕێگایەوە خزمەتی بە زمانی کوردیی کردبێ.

### هەڵوێست بەرامبەر دڵسۆزانی بواری زمان لە نێوخۆی کوردستاندا

بوارێکی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵسوکەوتی ئەو حیزبە لەگەڵ کەسانێک بووەکە لە نێوخۆی ئێران و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خزمەتی زمانی کوردییان کردوە. ئەگەر کەسێک سەیری ئەدەبیاتی حیزب بکا، ئەو ئەدەبیاتەی بە نووسین و بە شێوەی زارەکی هەیەتی (ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارەکانی، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، بەیاننامە و هەڵوێستەکانی)، هەروەها سیاسەتی ئەو حیزبە لە کردەوەدا، بۆی دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات بەردەوام خەڵکی هان داوە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن، بە زمانی خۆیان بدوێن، بنووسن و بخوێننەوە. ئەو کەسانەی توانایان هەیە و دەتوانن کاری فەرهەنگنووسی بکەن، وشەی کوردی کۆ بکەنەوە، تۆێژینەوە لەسەر زمان بکەن، دڵگەرمیی پێداون و پشتی گرتوون. بە زۆر شێوەی جۆراوجۆری دیکە، خەڵکی کوردستان هان دراوە بۆ ئەوەی دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بن و بەرگریی لێ بکەن. ئەو ڕاستییەی لەگەڵ باس کردوون کە کاتێک دوژمنەکەتان هەوڵ دەدا زمانەکەتان لێ بستێنێتەوە و بیسڕێتەوە و نەیەڵێ گەشە بکا، ئەوە بۆ خۆتان دەبێ بە گیان و دڵ خەم لە زمانەکەتان بخۆن و بیپارێزن.

حیزبی دێموکرات لەم بارەیەوە نەتەنیا غافڵ نەبووە، بەڵکوو هەمیشە پشتیوان بووە، هەمیشە ڕێنوێن و هاندەر بووە. دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوتی حیزب بە جۆرێک بووە کە ئەو کەسانەی لە نێوخۆی وڵات خزمەتی زمانی کوردییان کردوە (جا بە فێربوون و فێرکردنی زمانەکە بووە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسین و وەرگێڕاندا بووە، شێعریان پێ هۆندۆتەوە، چیرۆک و ڕۆمانیان پێ نووسیوە، توێژینەوەیان لەبارەی کردوە، فەرهەنگی زمانی کوردییان ئامادە کردوە و هتد) هەستیان بەو پەڕی ڕێزلێگران لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کردوە. ئەو هەستەیان تێدا پێک هاتوە کە ڕێز و نرخیان لای ئەو حیزبە لەگەڵ پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی حیزب کە تەمەنی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشان لە شاخ و چیا و دەربەدەری تەرخان کردوە، کەمتر نییە.

## بەشی چوارەم

ئەو گرنگییەی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەوان دراوە، ئەو ڕێزەی لەوان گیراوە، ئەو ستایشەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوان و بۆ زەحمەتەکانی ئەوانی هەبووە، هەر بەو جۆرەیە کە بۆ تێکۆشەرێکی لەمێژینەی خۆی هەیبووە. چونکە کارەکەیان و خزمەتەکەیانی بە گرنگ زانیوە. بۆخۆم لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە ڕیزلێگرتن و پێزانینەی حیزبی دێموکرات، کاریگەریی یەکجار زۆری هەبووە لەسەر وشیاریی نەتەوایەتی و وشیاریی زمانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرنگیدانیان بە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و بەرگری لێکردنیان.

### خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حیزبی دێموکراتدا

بوارێکی دیکە کە ڕوانین و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەبارەی زمانی کوردی نیشان دەدا، ئەو سەردەم و قۆناغانەیە کە حیزبی دێموکرات لە دەسەڵاتدا بووە. حیزبی دێموکرات هەر کات دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، زمانی کوردیی کردوە بە زمانی خوێندن لە قوتابخانە.

#### ئەلف: دەرفەتی یەکەم. سەردەمی کۆماری کوردستان

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا دوو قۆناغی وامان هەیە، یەکیان سەردەمی کۆماری کوردستانە، کە بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە کۆماری کوردستاندا دەکرێ بە زمانی ڕەسمی، دەکرێ بە زمانی خوێندن، دەبێتە زمانی ڕۆژنامەنووسی، دەبێتە زمانی پێشمەرگایەتی، دەبێتە زمانی کاری دادوەری، دەبێتە زمانی هەموو بوارەکان. یانی هیچ بوارێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا نییە کە زمانەکەی زمانی کوردی نەبێ. هەروەک لە سەرەتاوەش ئاماژەم پێ کرد، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی دامەزرانییەوە، ڕێزی لە مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی کوردستان گرتوە و بە ڕەسمیی ناسیون. هەوڵی داوە ئەوانیش لە کوردستان ئەو مافەیان هەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەو مافەشی بۆ دابین کردوون.

ئەو دەورانە (سەردەمی کۆماری کوردستان) بەداخەوە زۆر کورتخایەن بووە. لەگەڵ ئەوی هەوڵ دراوە کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان چاپ بکەن، بەڵام تا کتێب چاپ دەبێ و دەگاتە دەست قوتابیانی کورد، بەداخەوە کۆمار دەگاتە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی. ئەو سەردەم گرنگیدان بە زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە تا ئەو ڕادەیە بووە کە هەوڵ دراوە لە باشووری کوردستانەوە کەسانێک کە شارەزا بوون، ئەزموونیان لە خوێندن بە زمانی کوردی و مامۆستایەتی بە زمانی کوردی

هەبووە، باوەشیان بۆ بکرێتەوە و کاریان پێ بسپێردرێ. لە کۆماری کوردستاندا خوێندنی منداڵان ئیجباری بووە. کۆمار هەوڵی داوە بۆ ئەو منداڵانەی دەخوێنن جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندن دابین بکا. دیارە بەداخەوە ئەو دەورانە زۆر کورت بووە و حیزبی دێموکرات و کۆمار فریا ناکەون کە ئەو ئامانجانەی هەیانبووە جێبەجێیان بکەن. بەو حاڵەش خزمەتەکانی ئەو سەردەمەی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بەجێ دێڵن و شوێنەواری ئەو کاریگەرییە لە ژیانی داهاتوویاندا خۆ دەنوێنێ.

### ب: دەرفەتی دووهەم، سەردەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧

جاری دووهەم کە حیزبی دێموکرات دەرفەتی بۆ دەرەخسێ جارێکی دیکە زمانی کوردی لە کۆمەڵی کوردستان بکاتەوە خاوەنی جێگە و پێگەی شیاوی خۆی، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی تازە بەرەورووی داخوازەکانی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێتەوە. لە پێشەوەی ئەو هێزانەش، حیزبی دێموکراتە کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەرەورووی ڕێژیمی تازە دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو داخوازانە نەتەنیا ڕێزیان لێ ناگیرێ، نەتەنیا جێبەجێ ناکرێن، بەڵکوو بە سەرکوت و لەشکرکێشی وڵامیان دەدرێتەوە. لێرەدایە کە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازە ڕادەوەستن، بەرگری لەو ناوچانە دەکەن کە ئازادن و بە دەست خەڵکەوەن.

دەسەڵاتی تازە بۆ ئەوی تۆڵەی لەو خەڵکە ستاندبێتەوە کە تەسلیمی نەبوون و چەکەکانیان ڕادەست نەکردۆتەوە و ئامادە نەبوون دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن، گەمارۆ دەخاتە سەر کوردستان؛ گەمارۆی ئابووری، فەرهەنگی، دەرمانی و... هتد. واتە شانبەشانی لەشکرکێشی، شەڕفرۆشی و پیلانگێڕی، گەمارۆش دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بەچۆک دابێن. یەکێک لە ئاسەوارەکانی ئەو گەمارۆیانە ئەوە بوو کە لەو شار و ناوچانەی بە دەست حیزبی دێموکرات و خەڵکەوە بوون، کاروباری ئیدارەی "ئامووزش و پەروەرش" (پەروردە و فێرکردن) ڕادەگیرێ و دادەخرێ. کارمەندان و مامۆستایانی ئەو ئیدارەیە حقووقیان پێ نادرێ، هیچ ئیمکاناتێک بۆ قوتابخانەکان تەرخان ناکرێ، لەڕاستیدا "پەروەردە و فێرکردن" هەڵدەوەشێندرێتەوە و هەڵدەپەسێردرێ. لێرەدایە کە حیزبی دێموکرات قۆڵ لە کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە زمانی کوردی هەڵدەماڵێ. دیارە بیرۆکەی دابینکردنی کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانە هەر لە یەکەم مانگەکانی هەلومەرجی تازە لەنێو ڕێبەریی حیزبدا هەبوو و پێشتر ژمارەیەک کەسی بەئەزموون و شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕادەسپێرێ.

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩(١٩٨١ - ١٩٨٠) بە هەر جۆرێک بووە دۆخەکە بەڕێ دەکرێ، لە هێندێک شار و ناوچە بە ئیبتکاراتی حیزب و تەشویقی مامۆستایان خوێندن هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ حیزبی دێموکرات کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان پێک دێنێ. هاوکات لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێ کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان ئامادە و چاپ بکا. بانگەواز بڵاو دەکاتەوە و بە سەدان کچ و کوڕی لاوی خوێندەوار دەعوەت دەکا بۆ ئەوەی بێن لە کۆڕی پەروردە و فێرکردندا بەشدار بن. لەو خولانەی کە ئەو سەردەم بۆ پەروردەکردنی مامۆستا پێک هاتن، سەدان کەس هەر لە ناوچەی ورمێوە هەتا دەگاتە هەورامان، بەشدار بوون. کەسانێک بە هەست و دڵگەرمییەکی بێوێنەوە وەکوو مامۆستای شۆڕش دێن هەتا فێری مامۆستایەتی بن و بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێن. لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددابوون، قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی دەکرێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە ئامارێک دەکەم کە کاتی خۆی من لە زیندەیاد کاک محەممەدڕەسووڵ حەسەنپوور وەرم گرتوە. کاک حەمەڕەسووڵی نەمر زەمانی شای وێڕای ئەوەی کە بە نهێنی ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ئێران مامۆستاش بوو، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ڕۆڵی دیاری هەبووە لە کاروباری فێرکردن و کۆڕی پەروردەی حیزبدا. ئامارەکە پێوەندیی بە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٢(١٩٨٢ - ١٩٨٣)وە هەیە. لەو ساڵەدا کۆڕی پەروەردە و فێرکردن سەرجەم ٢٦١ قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوە بردوە، ٢٩٠٣ قوتابیی هەبووە کە لە پۆلی یەک تا پێنج خوێندوویانە. ٢٠١ مامۆستای سەرەتایی هەبووە. ٦٢ قوتابخانەی ناوەندی( پۆلی یەک هەتا سێ)ی هەبووە کە لە ٨١٠ قوتابی و ٦٣ مامۆستا پێک هاتوون.

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ (ژانویە-فێوریەی ١٩٨٤) لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمیشدا باسی ئەوە کراوە کە بەشی پەروردەکردن پێش هێرشی ئەو ساڵە، ٢٥٠ مەدرەسەی ئیدارە دەکرد کە ٨٠٠٠ شاگردیان هەبووە.

مامۆستایانی شۆڕش بە یارمەتییەکی کەم، هەر ئەو یارمەتییە کە حیزب داویەتی بە پێشمەرگە، خزمەتیان کردوە. قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، بە "قوتابخانەی شۆڕش" و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەش بە ناوی "مامۆستایانی شۆڕش"، بە ناوبانگ بوون. شتێکی دیکە کە بەجێیە لەو پێوەندییەدا باسی بکەم، کتێبە دەرسییەکانی کۆڕی پەروەردەیە. ئەوکات کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی، چاپ بوون. ناوەکانیان بەو جۆرە بوو: ١-"خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی، ٢-"زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. ٣-"ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. هەر بەو ناوانەوە ٣ کتێب بۆ پۆلی دوویەمی سەرەتایی چاپ بوون. هەروەها کتێبی



سەرچاوە
Serchawe

"ژیان و خەبات" هەبوو کە تایبەت بوو بە گەورە ساڵان، گەورەساڵانێک کە نەخوێندەوار بوون و دەیانەویست بە زمانی کوردی فێری خوێندەواری بن. کتێبێکیش هەبوو بە ناوی "ڕێنوێنی مامۆستا"، کە شێوازی وانەوتنەوەی نیشانی ئەو مامۆستایانە دەدا کە "ژیان و خەبات"یان بە دەرس دەکوتەوە.

بەگشتی لە ساڵی ساڵی ١٣٦٠ەوە، تا دەگەینە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٣، لە هەر جێگایەک ناوچەی ئازاد بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بووە، قوتابخانەی شۆڕشیش هەبووە، مامۆستای شۆڕش ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردیی بەڕێوە بردوە. دواتر کە ناوچەی ئازاد لە دەست حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا نامێنێ و هێزەکانی پێشمەرگە و بنەماڵەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات لەسەر سنوورەکان دەگیرسێنەوە، کار و ئەرکی کۆڕی پەروردە و فێرکردن، لەو گوندانە کە بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بوون درێژەی هەبووە. هەتا ئەو سەردەمەی کە ئێمە دێینە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و، قوتابخانەکانی ئێمە دەکەونە ژێر سەیتەرەی سیستەمی پەروردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، کاری پەروردە و فێرکردن لە لایەن "کۆڕی پەروەردە" هەر درێژەی هەبووە. ئەو دامەزراوەیە توانیویەتی لە پەروردە و فێرکردنی منداڵانی بنەماڵە حیزبییەکان و ئەو بنەماڵە ڕۆژهەڵاتیانەی لەسەر سنوورەکان و لە تەنیشت حیزبی دێموکرات گیرسابوونەوە، بەردەوام بێ.

## ئەنجام:

وەک دەبینین حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژووی خۆی و لە هەموو بوارەکاندا گرنگیی داوە بە زمانی کوردی. ئەم گرنگیدانەش لەو تێگەیشتنەوە دێ کە ئەم حیزبە، کوردی وەک نەتەوەیەک و، زمانی وەک فاکتۆرێکی زۆر گرینگ لە ناسنامەی ئەو نەتەوەیەدا سەیر کردوە. وای بیر کردۆتەوە کە هەتا پتر گرنگی بە زمان بدەین پتر ئەو وشیارییەمان دەبێ بۆ نەتەوەکەمان خەبات بکەین و شوناسە نەتەوەییەکەی خۆمان بپارێزین. ئاکامی گرتنەبەر و بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتە زمانییەش، زیندووبوونی پرسی زمان لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەوەبوونی وشیاریی زمانی لەو بەشەی کوردستان و، وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی ڕوولەگەشەی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزییە کە بەرگری لە زمان لەڕیزی هەرە پێشەوەی ئامانجەکان و داواکانی دایە.

## ڕاسپاردەکان:

**لە کۆتایی و لە ژێر ڕووناکایی ئەو باسەدا کە پێشکەشم کردن دەمەوێ چەند خاڵێک وەک پێشنیار و ڕاسپاردە باس بکەم:**

**یەکەم**، وەک حیزبی دێموکرات پێویستە بایەخ بە سامانی زمانیمان بدەین. ئەو مێژووەی لە بواری پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەو زمانە و هەوڵەکانمان بۆ خزمەتی زمانی کوردی هەمانە، سامانی زمانیی ئێمەن. سامانێکی زمانیی دەوڵەمەندمان چ بە شێوەی نووسراو چ بە شێوەی زارەکی هەیە. خاڵی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن ئەوەیە کە زۆر کەم کاری پێویستمان لەسەر ئەو سامانە کردوە.

گرینگە ئەو سامانەمان وەکوو ئارشیڤ بپارێزین، ڕێکوپێکی بکەین، ناتەواوییەکانی پڕ بکەینەوە، بیانخەینە بەردەستی توێژەران و کەسانێک کە حەز دەکەن توێژینەوەیان لەسەر بکەن. ئەو کارەی ئەمساڵ کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردی (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی لە دوو بەرگدا چاپ کردەوە) کارێکی زۆر بەنرخ بوو. ئێمە ئەگەر بتوانین بەشێک لە ئیمکاناتی ماددی و مەعنەویی خۆمانی بۆ تەرخان کەین، زۆر شتی وامان هەیە. بۆ وێنە ئەوەی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و حیزبی دێموکرات بە گشتی لە بواری زمانی کوردید کردوویانە، دەتوانن هەوێنی زۆر توێژینەوە و کاری دۆکیۆمێنتی بن. لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات سامانێکی زۆری هەیە، بەڵام دەبێ کاری توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ئەوەش کاتێک دەکرێ کە بەڵگەنامەکان بخەینە بەر دەستی کەسانێک کە شارەزان.

**دووهەم**، لە ڕووی ڕوانینمان بۆ زمان بەڕاستی دەبێ خۆمان نوێ کەینەوە. ئەگەر تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەگەڵ باسەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە زمانەوانییەکان هەبێ، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێکەڵاو بین، بۆمان دەردەکەوێ کە خوێندنەوە و چاوەڕوانیی ئەوان لەبارەی مافە زمانییەکانیان و جێگە و پێگەی دیالێکتی خۆیان، جیاوازە لە خوێندنەوە و تێگەیشتنێک کە ئێمە لە کۆنەوە پێی گەیشتووین. لەنێو حیزبی دێموکرات و لە دەرەوەی حیزبیش، ساڵانێکی زۆر بەو دیدەوە سەیری زمانمان کردوە کە نەتەوە وا دروست دەبێ کە یەک زمانی ستانداردی هەبێ. پێمان وابووە ئەگەر هەر دیالێکتێک پێی بخوێندرێ و پێی بنووسرێ، دەبینە چەند نەتەوە و ئەوە زیان بە یەکیەتیی نەتەوەییمان دەگەیەنێ. بەڵام ڕوانین بۆ زمان و نەتەوە و چاوەڕوانیی ئاخێوەرانی دیالێکتەکان، ئێستا هەم لە ئاستی جیهان و هەم لە ئاستی کوردستاندا، هەروەها زۆر فاکتەری دیکە ئەوەندە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە کە بە بڕوای من ئەم بۆچوونە باو و نەریتییەی ئێمە، ئێستا ناتوانێ وڵامدەر بێ. لەگەڵ زۆر لە چالاکانی کولتووری و زمانەوانانی سەر بە ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی کە قسە دەکەی، لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی بەو جۆرە بیر ناکەنەوە کە من و تۆ بیری لێ دەکەینەوە. ئەگەر سەردەمێک بۆ پێشگرتن لە پەرتەوازە و بەش بەشبوونی نەتەوەی کورد بە سەر زارەکاندا، زمانێکی ستاندارد بۆ هەمووان بە ڕێگەچارە و هەوێنی لێک کۆکردنەوە دەزانرا، ئێستا ئەوە دەبینین پێداگری لە سەر دیالێکتێکی دیاریکراو وەک زمانی ستاندارد و ناچارکردنی ئاخیوەرانی زارەکانی دیکە بە خوێندن و نووسین

بەو دیالێکتە، خەریکە دەبێتە هۆی بەشبەشبوون و لێک دوورکەوتنەوە. دیارە من کە دەڵێم پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێمان لەو بارەوە هەبێ، ڕێگەچارەیەکی دیاریکراوم پێ نییە. بەڵام لەو باوەڕەدام حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەبێ نیگەرانی و قسەی ئەوانەش کە بە دیالێکتی جۆراوجۆر قسە دەکەن و نایانەوێ لە سۆنگەی زاڵبوونی یەک دیالێکت وەک زمانی ستاندارد، دیالێکتی ئەوان پەراوێز بخرێ، ببیستن. بۆ وێنە ئەوان دەڵێن زمانی کوردی کامەیە؟ دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاستە؟ یان هەموو دیالێکتەکان بەشێکن لە زمانی کوردی؟ ئەگەر هەمووان زمانی کوردین، ئەدی لە کوێدا کاریان پێ دەکرێ و چ سوودێکیان لێ وەردەگیرێ؟ لە خوێندندا؟ لە نووسیندا؟ لە ڕۆژنامەنووسیدا؟ چۆن سەیریان دەکرێ؟

بیستنی ئەم جۆرە نیگەرانی و پرسیارانە، وادەکا ئێمە بە دیدێکی کراوەتر بەرەو داهاتوو بچین. ئەگەر نامانەوێ نەتەوەکەمان پەرتەوازە بێ، دەبێ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن هەبێ. بە زۆر و زۆرداری بتەوێ دیالێکتێکیان بەسەردا زاڵ بکەی و بڵێی تۆ دەبێ پێڕەویی لێ بکەی، ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە خۆی لە تۆ هەڵداوێرێ و وەدوای دیالێکتەکەی خۆی دەکەوێ و لە بڕیاری گشتیدا لەگەڵت نابێ. ئەوەشمان لە بیر بێ کە دەوڵەت و لایەنی وا هەن کەڵک لەو جۆرە کەلێنانە وەردەگرن و بۆ مەبەستی خۆیان دەیانقۆزنەوە.

من قبووڵمە کە ڕەنگە هەموو داوا و چاوەڕوانییەک لەم پێوەندییەدا لە جێی خۆیدا نەبێ. بۆ وێنە سبەینێ بتەوێ لە ئێرانێکی فیدراڵدا، پووڵ یا تەمر یا پاسپۆرت چاپ بکەی و بتهەوێ زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران لەواندا دیار بن، ڕەنگە بکرێ بە ٥ تا ٦ زمانی نەتەوەکانی نێو ئێران لەسەریان بنووسرێ. بەڵام ئەگەر هەر زمانێک پێنج یا شەش یا زیاتر دیالێکتی هەبێ و هەر ٣٠ -٣٦ دیالێکت بیانەوێ پێیان بخوێندرێ، یا لە پووڵ و پاسپۆرتدا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ، شتی وا ناگونجێ. یا ئەگەر کەسێکی بیانی بیهەوێ زمانی کوردی فێر بێ، خۆ ناتوانێ هەموو دیالێکتەکان فێر بێ، دەبێ زمانە ستانداردەکە فێر بێ. بێگومان بۆ داهاتوو دەبێ ساغ ببینەوە لە کوێدا زمانی ستاندارد بەکار دێنین و پرسی زمانی ستانداردیش دەبێ بە جۆرێک چارەسەر بکەین کە ببێتە هەوێنی یەکگرتووییمان و دیالێکتەکانی دیکە هەست بە پەراویزخران و وەلانران نەکەن. من ئەو بۆچوونەم لە هێندێکیان بیستوە و لێم خوێندوونەوە دەڵێن ئێمە وەک کورد ئەوە بە سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە دەزانین کە لە وڵاتێکی چەند زمانیدا، تەنیا یەک زمان حاکم بێ و ڕەسمییەتی هەبێ، بەڵام ڕێگە دەدەین لە چوارچێوەی زمانێکدا، تەنیا دیالێکتێک دیار بێت، زاڵ بێت، پێی بخوێندرێ و ئەوانی دیکە پەراوێز بخرێن. ئەگەر هەر زمانێک، سامانێکی کولتووریی گەورەیە، هەر دیالێکتێکیش سامانێکی کولتووریی گەورەیە و نابێ لەنێو بچێ. ئەو باسە لەنێو ئێمەدا بەکەمی کراوە و کەمتر گوێی پێ دراوە. بەڵام ئەوە کێشەیەکە لە داهاتوو حیزبی کوردی و

بزووتنەوەی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بەرەورووی دەبێتەوە و هەر ئێستاش بەرەورووی بووەتەوە. ناکرێ هەر بەو تێگەیشتنەی ڕابردوو ئەو پرسە چارەسەر بکەین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە دەبێ کراوە بین و بواری دیالۆگ و لێکتێگەیشتنێکی نوێ بڕەخسێنین. دووبارەی دەکەمەوە من ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو ناخەمەڕوو. بەڵام پێموایە پێویستە واقیعی نەتەوە و زمانەکەی خۆمان ببینین. ئەوە کە لە چوار پارچەی کوردستان تەنیا لە یەکێکیان زمانی کوردی بەڕەسمی ناسراوە، ئەوە کە زمانی کوردی هەتا ئێستاش بە چەند ئەلفوبێ دەنووسرێ، ئەوە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و گشتگیربوونی ئیمکاناتی پێوەندی، دەرووی تازەی سەرەڕای پێناخۆشبوون و دژایەتیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ هەناسەهەڵکێشانی زمانی کوردیی کردۆتەوە، دەبێ وامان لێ بکا خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ کێشە و پرسە زمانییەکانمان هەبێ.

**سێهەم.** یەکێک لەو هەنگاوانەی وەک تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات و وەک تاکێکی کورد پێویستە هەڵی بگرین، ئەوەیە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی، لانیکەم هەر کامێکمان یەکێکیان فێر بین. خۆمان فێر کەین بە ئەلفوبێیەکەی دیکەش(ئەلفوبێی لاتینی) زمانی کوردی بخوێنینەوە. ئەگەر لەگەڵ ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی لێک تێ بگەین، بتوانین ئەدەبیاتی یەکتر بخوێنینەوە، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا پێک نایە و ئەو کەلێنەی جیاوازیی دیالێکت و ئەلفوبێ لە نێوانماندا دروستی کردووە، کەمتر دەبێتەوە و زۆر باشتر دەتوانین دیالۆگ بکەین و بە لێک تێگەیشتن بەرەو دروستکردنی داهاتوویەکی هاوبەش بچین.

**چوارەم.** سیاسەتی پشتگیری و پشتیوانی لە چالاکی و تێکۆشانی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات هەتا ئێستا شێلگیرانە گرتوویەتە بەر، سیاسەتێکی دروستە و شایانی درێژەپێدانە. بە دڵنیاییەوە ئەو خەباتە هەم لە کوردستان پتر دەگەشێتەوە، هەم هەتا دێ پتر نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش دەگرێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەورووی خەباتی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی دەبێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو خەڵکەی لەو خەباتەدا بەشدارن لێمان بوێن کە ئاستی داواکانیان بەرزتر کەنەوە. بۆ نموونە جێی خۆیەتی لە بنەماڵەکانمان بوێ، لە ماڵێدا بە کوردی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن، ناوی کوردی لەسەر منداڵ و دوکان و شوێنی کارو کاسپی دابنێن. لە قوتابی و خوێندکاری کوردمان بوێ لەسەر کلاس با هەر چی زیاتر بە زمانی کوردی وڵامی مامۆستاکەیان بدەنەوە. ئەگەر وردە وردە بە کوردی قسەکردنت بەسەردا سەپاندن و لەسەر ئەم مافەت پێداگر بووی سەرئەنجام ناچار دەبێ لێت قبووڵ بکا. با خەڵکەکەمان هەر بەوە ڕازی نەبن کە ڕێژیم ئیزنی داوە لە ماڵی خۆیان و بە ئیمکاناتی خۆیان فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بن. دەبێ دەسەڵات ناچار بکرێ مل بۆ ئەوە بدا کە کوردی ببێتە

## بەشی چوارەم

زمانی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و هەروەها جێگایەکی تایبەتی لە خوێندنی زانکۆدا پێ بدرێ. ئەو پوتانسیەلە کە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بۆ خەبات لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی زمانەکانیان بە تایبەتی خوێندن بەو زمانانە هەیە، ئەگەر کاری لەسەر بکەین -هەرچەند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی لە ماهییەتیشیدا نەبێ- دڵنیام دەسکەوتی دەبێ. من ئەو هێز و ئیرادەیە لە خەڵکی خۆماندا بەدی دەکەم.

**پێنجەم**، وەکوو حیزبەکانیش پێویستە خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتوویەک کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرس و کێشانە دەبینەوە. پێویستە گوتارمان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و مافە زمانییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دوای لێکدانەوە و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کەسانی شارەزا ، نوێ بکەینەوە و لەم پێوەندییەدا ببین بە خاوەنی سیاسەتێکی ئەمڕۆیی هاوبەش کە هەم تەبایی و یەکگرتوویی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات پتەوتر و بە هێزتر بکا، هەم بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەی زمانەکەمان لە ئاستی ڕۆژهەلات و ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکرات هەم ئەخلاقە، هەم پڕەنسیپ



**سمایل شەرەفی**

**شەهید د. قاسملوو: "ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو مێعیاری بۆ ئێمە قازانجی حیزب و گەلی کورد و سەربەخۆییمانە. مێعیاری ئەساسی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لە گەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی‌یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین."**

***

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەکانی کوردستان بەستراوەیی سیاسی و فکرییانە بووە بە دەوڵەتان و هێزە شوێنەدانەرەکانەوە کە ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە ئەگەر لە لایەک پێوەندیی بە فکر و ئایدیای سیاسی یان مەزهەبییەوە هەبێ، بەشی زۆری بەرهەمی جەبرێکی جوغرافیاییە کە لە ئاکامی شەڕی جیهانیی دووهەمدا بەسەر نیشتمانی کورداندا سەپێندراوە. بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و مودێرن، ئەسڵ و مێعیارێک لە بزووتنەوەی کوردستاندا خۆی دەردەخا کە تا ڕادەیەک بزووتنەوە لەم خەسڵەتە زیانبەخشە دوور دەخاتەوە کە ئەویش سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژوویی دەیان ساڵەی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆیدا، نەتەنیا خاوەنی پاک و بێگەرترین کارنامەیە، بەڵکوو لە بەهێزکردن و ئەرزش و بایەخ بەخشین بەم

مێعیارە لە بزووتنەوەی کوردستاندا، ڕۆڵی داهێنەر و بەهێزکەری پێ براوە.

لە مەرامنامەی هەشت خاڵیی حیزبی دێموکراتی کورستاندا پشتبەستن بە هێزی لەبڕاننەهاتوویی گەل و لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و بەئەساسگرتنی ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستان، بناغە و بنچینەی سەربەخۆیی سیاسیی بزووتنەوەی نوێی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە و هەروەها سنووری دۆستایەتییەکان دادەڕێژرێ. کەوابوو ئەم ئەرزشە موبارزاتییە لە حیزبی دێموکراتدا لە دامەزرانیەوە تا ئێستا بە خوێندنەوە لە ڕابردووی بزووتنەوەکانی کوردستان و قازانجەکانی بۆ داهاتووی خەباتی نەتەوەی کورد، ئەسڵێکی نەگۆڕ و چەسپاوە. بەڵام لە کەس شاراوە نییە کە کاریگەریی کەسایەتی و بیرو ئەندێشەکانی ڕێبەری زانا و هەڵکەوتووی کورد، دوکتور قاسملوو لە تەتەڵەکردن و بەهێزکردنی ئەم ئەسڵە لە باوەڕەکانی حیزبی دێموکراتدا، بەرچاوە.

شەهید قاسملوو ئەم مێعیارە لە باوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا دەبەستێتەوە بە دوو ئەسڵ و مێعیاری هەرە ئەساسی لە باوەڕەکانی دیکەی حیزب و وەک بەها و ئەرزشێکی سیاسی - نەتەوەیی پێناسە دەکا و لادان لەم ئەسڵە بە خەتایەکی گەورە دەزانێ. کاتێک کە دەڵێ؛ " لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان، ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین" و، هەر دوو ئەسڵی "سەربەخۆیی" و "قازانج" لە پەنا یەک دادەنێ، دەقیقەن دەیهەوێ بایەخ و بەهای سەربەخۆبوون لە حیزب و بزووتنەوەدا دەربخا بۆیە دەیبەستێتەوە بە قازانجی میللەتەکەی و پێکەوە پێناسەیان دەکا.

قازانجی میللەت و ویست و داخوازتەوەری بۆ حیزبی دێموکرات پرینسیپە و ناوەزێڵ و کاکڵی باوەڕەکانی ئەم حیزبە لە کۆمەڵێک پرینسیپی نەتەوەیی پێک هاتوون کە پاراستن و زیندوو هێشتنەوەیان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. بێگومان پاراستنی ئەم پرینسیپە بەبێ تێچوو و هەزینە نابێ و حیزبی دێموکرات لەم پێوەندییەدا زۆر بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیارەکانیدا، باوەڕی بە هیچ جۆرە سازش و نەرمینواندنێک نییە. بۆیە شەهید قاسملوو دەڵێ: "ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین". واتای ڕوونی ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە؛ قازانجی میللەتەکەمان بە هیچ شتێک ناگۆڕینەوە و ئامادەین لە پێناویدا تێچوو هەزینەش بدەین تەنانەت ئەگەر لە دەستدانی دۆستەکانیشمان بێت.

لێرەدا ئەخلاق وەک ئەسڵ و مێعیارێکی دیکە بۆ بزووتنەوەی کوردستان حیزبی دێموکرات زیاتر لە هەمیشە مانا پەیدا دەکا.

خەباتی ئەخلاقتەوەر، سیاسەتی تێکەڵ بە ئەخلاق، پاراستنی ئەخلاقیانەی بەرژەوەندییەکانی خاک و خەڵک، پابەندبوونێکی ئەخلاقی بە ئەرزشەکانی موبارزە و لە کۆتاییدا تەحەموولکردنی بارگرانییەکی ئەخلاقمەدارانە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا؛ هەموو ئەمانە پێناسەی حیزبی دێموکراتن بۆ مێعیاری سەربەخۆیی سیاسی.

بەشێکی دیکەی ئەم ڕوانینە لە کەسایەتی بەخشین بە ئینسانی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ کە خۆی بەرانبەر بە حیزب و گەلەکەی بە بەرپرسیار بزانێ و بە بڕیار و سیاسەتە هەڵەکانی میللەتەکەی تووشی بارگرانی و شەرمەزاری نەکات. بڕیاری درووست و بەسوود لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو کەس و حیزب و ڕێکخراوانەی کە خۆیان بەرانبەر بە چارەنووسی میللەتەکەیان و ئاکامی بڕیارەکەیان بە بەرپرسیار نازانن، نە دەتوانن سەربەخۆبوونیان بپارێزن و دەتوانن بڕیاری درووست هەڵبژێرن، بۆیە لە پێناو دەسکەوتێکی چووکەڵەی کورتخایەندا ئامادەن؛ بە پشتکردنە بەها ئەخلاقییەکان، چاو و گوێیان لە حاست بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان کوێر و کەڕ دەبێ و پشت بە هێزی دوژمن، تەسلیمی داواکارییەنی دەبن و بە لەدەستدانی سەربەخۆییان دەست لە ڕۆڵەکانی گەل دەوەشێنن و لە کۆتاییدا تووشی شەرمەزاری و خیانەت دەبن.

حیزبی دێموکرات بە وەپێشدانی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەی وەک پرێنسیپێکی نەگۆڕ، هەوڵی داوە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی بپارێزێ. هەرچەند لەم پێناوەدا تووشی خەسار و هەزینەی زۆر و کورتخایەن بووە، بەڵام وەک سەلمێندراوە، لە وێژدانی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستاندا، سەربەرز و ڕووسوورە. لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتان، هێز و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان هەمیشە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانی کردوە و لەم پێناوەدا نەتەنیا تووشی کەوتنە ژێر نفوز و کاریگەریی هیچ لایەنێک نەبووە، بەڵکو لە پێناو باوەڕ و بڕیارەکانیدا زۆر جار وازی لە دۆستایەتییەکانی هێناوە. بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، حیزبی دێموکرات لە پێوەندی و بڕیار و سیاسەتەکانیدا ئەساس قازانج و بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە پەشەکان و پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی بووە. پێوەندیی و بڕیارەکانی حیزب بە ئێعترافی هەموو لایەک و بە پێی فایل و بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ دەوڵەتانی دەورووبەر - بەتایبەت دەوڵەتانی عێراق لە کۆنەوە تا ئێستا - نەتەنیا زەڕڕەیەک لادان لە پرێنسیپە نەتەوەییەکانی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکوو جێی شانازی و سەربەرزییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**مەنسوور مروەتی**

پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین و لە هەمان کاتیشدا بەهێزترین فاکتەرەکانی ڕاگرتن وبەردەوامیی ئەم حیزبە لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی سیاسیی کوردستانە، کە بەدرێژایی ٧٦ ساڵ لە خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکرات ئەو پێگەیە بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە. بە جۆرێک کە هیچ زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک تەنیا لە ئاستی سیاسیدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵکی کوردستاندا هەیە بەڵکوو لەوەش بەولاوەتر حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا بووە بە فەرهەنگ. ئەم حیزبە کە بەجۆرێک بە دایکی هەموو حیزبەکانی کوردستان دەناسرێ و چارەنووسی خۆی وابووە لەو مێژووە دوورودرێژەیدا سەرکردایەتییەکەی کەمتر لە سێ ساڵ لە کوردستان و لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا و بە تایبەت لە ناوەندی شارەکان بووە، کەچی هەروا خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

لە دنیای ئەوڕۆدا سەرەکیترین خاڵ کە حیزبێک دەکاتە ڕێکخراوەیەکی شوێندانەر و یەکەمی کۆمەڵگەکەی خۆی، بە پلەی یەکەم ڕادەی نفووز و خۆشەویستیی ئەو حیزبەیە کە دەتوانێ پێگەیەکی بەهێزی جەماوەریی بۆ دەستەبەر بکا. ئەو پێگە جەماوەرییەش لە هەندێ بابەت و قۆناغدا خۆی دەنوێنێ و ڕاستیی ئەو بابەتە بۆ هەموان ڕوون دەکاتەوە. ئەو قۆناغ و بابەتانەش دەکرێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بێ، یان وڵامدانەوە بە داواکارییەکانی ئەو دەستە حیزبانە لە جەماوەری

خۆیان بۆ جێبەجێ کردن یان خۆبواردن لە کارێک بێ. جیاواز لەوانە دەکرێ پێوانەیەکی دیکەش لە بەرچاو بگیردرێ کە ئەویش بەشداریی خۆبەخشانەی خەڵکە لە کاروبار و چالاکییەکانی ئەو حیزبانەی کە بۆ ڕزگاریی گەل و نەتەوەکەیان لە ژێردەستی، لە قۆناغی خەباتی سیاسی و تەنانەت چەکداریدان. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا و بەو پێوەرانەی کە باس کرا دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژینگەی سیاسیی خۆیدا خاوەنی بەهێزترین پێگەی جەماوەریی خۆیەتی، کە لە درێژەی ئەم وتارەدا ئاماژە بە چەندین نموونە دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێڕنی کوردی و یەکەم حیزب کە توانی کیانێکی کوردی بەناوی کۆماری کوردستان دامەزرێنێ لە ڕاستیدا بناغەکەی لە سەر کۆمەڵەی ژێ کاف دامەزرا. کۆمەڵەی ژێ کاف لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی و سێ ساڵ بەر لە گۆڕانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد، بەڵام لە بەر پاراستنی ئەندامەکان و دامەزرێنەرەکانی بەشێوەی نهێنی کاری خۆی دەکرد، بەڵام لە وەرگرتنی ئەندامدا پێگەی جەماوەریی ئەندامەکانی زۆر بەلاوە گرینگ بووە، ئەویش بەو مەنتقەوە کە کەسایەتیی بەهێزی کەسەکان دەتوانێ ڕادەی کارتێکەریی ڕێکخراوەکە لە نێو کۆمەڵگەدا زیاتر بکا، هەر بەو هۆیەوە بوو کە داوای هاوکاری و بوون بە ئەندامەتییان لە کەسێک کرد کە خۆشەویستترین و متمانەپێکراوترین کەسی ئەوکاتە لە ناوچەی موکریان، پێشەوا قازی محەممەد بوو کە لەو سەردەمەدا و لە کۆمەڵەی ژێکافدا بە "بینایی" دەناسرا. کەواتە هەر لە ژێکافەوە و دواتر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەم حیزبە پێگەی جەماوەریی بەلاوە لە گرینگترین فاکتەرەکان بووە و بۆ وەدەسهێنانی پێگەی جەماوەرییش هەموو هەوڵی خۆی داوە و لە چەندین قۆناغیشدا ڕادەی هێزی جەماوەریی خۆی تاقی کردووتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات لە چەندین بۆنەدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەرەبەرە ئامادەکاریی بۆ دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی کوردی دەکرد کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە ڕۆژی داگرتنی ئاڵای ئێران لەسەر شارەوانیی ئەوکاتی مهاباد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شوێنە بکەین، کە لەودا بە بەشداریی خەڵک ڕێوڕەسمێک بەڕێوە دەچێ و هەژاری شاعیریش ئەو شێعرەی تێدا دەخوێنێتەوە.

"داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەببی وەبەر خنجەر کەوێ..."

دواتر پاش چەند مانگ لەو ڕووداوە لە ٢ی ڕێبەنداندا لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا نەک تەنیا بە ئامادەبوونی خەڵکی

## بەشی چوارەم

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو بە بەشداریی کوردان و بە تایبەتی نوێنەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆماری کوردستان بە سەرۆکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد ڕادەگەیەنرێ. لەو ماوە کەمەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا کە ناکرێ ئامادەکارییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بەرچاو نەگیرێ، کۆمەڵێک کاری بەنرخ کران کە دەکرێ بگوترێ بوو بە بناغەیەکی پتەو بۆ خەباتی کورد لە هەموو بەشەکان و پاش ٧٥ساڵ تا ئێستا بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سەر ئەو ڕێبازە دەڕوا. ئەگەرچی پاش یازدە مانگ کوماری کوردستان نەما و ئەرتەشی شایەتی کوردستانی داگیر کردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی مودێڕن هەوڵی نەتەوەسازی درا و تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە قانوون دارێژرا.

لە هەموو ئەوانەی کە باس کرا ئەوەی پێوەندیی بەم باسەوە هەیە ئەوەیە کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لە سەری هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد بەبێ پرس وڕا بە جەماوەر و لەبەرچاو گرتنی گرینگترین فاکتەر واتە خەڵک، دەستی بۆ نەبردوون، تەنانەت لە کاتی هاتنەوەی ئەرتەشی شا پێشەوا قازی محەممەد لە مزگەوتی "هەباس ئاغا"ی مهاباد خەڵک کۆ دەکاتەوە و ڕاوێژیان پێ دەکا کە لە بەرانبەر ئەرتەشدا چی بکەن. هەربۆیە پێشەوای مەزن بەڵێن بە خەڵک دەدا کە تاکۆتایی ئەم کارە لە گەڵیان دەمێنێتەوە و هەرواشی کرد و بە پێشکەشکردنی گیانی خۆی بەڵێنەکەی بردەسەر.

### میتینگی سەد هەزار کەسیی مهاباد

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەورازونشێوی زۆر و پەرتەوازەیی و دەربەدەریی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ڕێژیمی حەمەڕەزاشا ڕووخا و سەرکردایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عێراقەوە گەڕانەوە کوردستان و بە هاوکاریی تێکۆشەرانی نێوخۆ دەستیان کردەوە بە ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی حیزب. یەکەم میتینگ لە یازدەی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری مهاباد بەڕێوە چوو کە لەودا زیاتر لە سەد هەزار کەس لە سەرانسەری کوردستانەوە بەشدار بوون کە بە متینگی سەد هەزار کەسیی مەهاباد بەناوبانگە. لەو میتینگەدا کە سکرتێری ئەوکاتی حیزب شەهید دوکتور قاسملوو لە وتارێکدا دەسپێکی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، هێزی جەماوەر جارێکی دیکە خۆی نیشان دایەوە و لە ڕاستیدا بۆ جارێکی تر حیزبی دێموکرات و هێزی جەماوەر دەستەملانی یەکتر بوونەوە. دواتر لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی گەورەی خەڵکی بەڕێوە چوون کە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا ڕێژەی ئەندامانی حیزب لە کوردستان بۆ دەیان هەزار کەس بەرز ببێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

### هەڵبژاردنەکان

ساڵی دواتر چەند هەڵبژاردنێک لە ئێران و کوردستان بەڕێوە چوون کە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە ١٢ی گەلاوێژ و هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەممەدا دوو نموونەی باشن کە هێزی جەماوەر پاڵپشتێکی قایمی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بوو.

لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگاندا دوکتور قاسملوو وەکوو کاندیدای حیزبی دێموکرات لە پارێزگای ورمێ توانی بە وەدەستهێنانی ١٣٠ هەزار دەنگ و بردنەوەی سەتا هەشتای دەنگەکان وەکوو نەفەری یەکەم لەو پارێزگایە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ. ئەگەرچی دەسەڵاتی تازە و لە سەروویانەوە خومەینی ڕێگەیان نەدا کە دوکتور قاسملوو وەکوو نوێنەری خەڵک و بە دەنگی خەڵک بچێتە تاران، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە تەنانەت تورکەکانی دانیشتووی ئەو پارێزگایەش بە ڕێژەیەکی زۆر دەنگیان بە دوکتور قاسملوو دابوو.

هەڵبژاردنی یەکەم مەجلیسی شوڕای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەمەی هەمان ساڵ واتە ١٣٥٨ بەڕێوە چوو، لەو هەڵبژاردنانەشدا لەو شارانەی کە بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات دەرفەتی خۆکاندیدا کردنیان هەبوو هەر هەموویان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی یەکەمیان وەدەست هێنا. دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە شارەکانی مهاباد، بۆکان، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، سەقز، بانە بکەین کە کاندیداکان زیاتر لە هەموو شتێک لە بەر کاندیدابوونیان بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوو کە متمانە و دەنگی بەرچاوی خەڵکیان وەدەست هێنا. لە هەندێ شاری وەکوو سنە هەڵبژاردن خرایە دەوری دووهەم و لەو ماوەیەشدا حکوومەتی جومهووری ئیسلامی هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاندەوە و نوێنەرانی خەڵک واتە کاندیدا هەڵبژێردراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگەیان پێ نەدرا کە بچنە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی. لێرەشدا وێڕای خۆبواردن لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوانە و ڕووداوەکانی دوای ئەوانە کە ئاکامەکەی پەلاماری هەمەلانەی ڕژیمی تازە بۆ سەر کوردستان بوو، ئەوەی کە مەبەستی ئەم وتارەیە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە وەکوو نموونە لەو ساڵانەدا ئاماژەی پێ دەکرێ. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو شوڕایانەش بکرێ کە حیزبی دێموکرات بە شێوەی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک لە گوندەکان پێکی هێنابوو کە تا ساڵانی دواتریش هەر جێگەی باوەڕ و متمانەی خەڵکی گوندەکان بوون.

ئەم هەڵبژاردنانە نموونەیەکن لە متمانەی ئەوکاتی خەڵک بە حیزبی دێموکرات کە لە ڕوویەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی

ڕوون و ڕاستەوخۆیە بە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کوردستاندا. چونکە ساڵانی دواتر ئەگەرچی هیچکات کۆماری ئیسلامی ڕێگەی بە هەڵبژاردنێکی ئازاد نەدا و لەجیاتی پەنا بردن بۆ سندووقەکانی دەنگدان کۆماری ئیسلامی شەڕێکی هەمەلایەنە و وێرانکەری بە سەر کوردستاندا سەپاند بەڵام لە چەند نموونەیەکی دیکەدا دەرکەوت کە ڕێژیمی تاران ململانێی حیزبی دێموکراتی لە کوردستان پێ ناکرێ. هەر بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی دەورەی شەشەمی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٧٢دا بە ئاماژەیەک خەڵک لە کوردستان دەنگیان بە هاشمی ڕەفسەنجانی نەدا کە تەنانەت ناوبراو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو بابەتە کردوە. هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨دا حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە دەنگ بە نوێنەرانی ڕێفۆرمخواز بدەن کە سەرەڕای ئاکامی هەڵبژاردنەکان، بەڵام خەڵک بەرەوپیلی ئەو داوایە چوو.

## پێگەی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات

نموونەیەکی دیکە لە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو خەڵکدا پێگەی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییە. پێگەی ئەوان لەنێو خەڵکی کوردستان و لە سەر بزووتنەوەی کوردستان بە ڕادەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ تێرۆر و لەنێوبردنی ئەوان برد. جیاواز لە ڕووداوی شەهیدبوونەکەیان ئەو کەشە پڕماتەمینەی کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨ و تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ بە دەستی کۆماری ئیسلامی چ ئەوکات و چ ئێستا بەئاشکرا بە ڕوخساری کۆمەڵگەی کوردستانەوە دیارە. سەرەڕای دۆخی توندی ئەمنیەتیی هەم ئەوکات و هەم ئێستاش پاش ٣١ ساڵ برینێکی سارێژ نەکراوە بە جەستەی خەڵکی کوردستانەوە کە دیسان دەرخەری پێگەی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرە هەڵکەوتووەکانی لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندایە.

شکستی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی چەند دەیەیی بۆ دابڕینی خەڵک لە حیزبی دێموکرات (١٧و ٢١ی خەرمانان وەک نموونە) بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە خەڵک لە حیزبی دێموکرات دابڕێ تا بەڵکوو لەو ڕێگایەوە بتوانێ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان سەرکوت بکا. بۆ ئەو مەبەستەش جیاواز لە هێرشی بەربڵاو بۆ کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی نارەوا، کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی بۆی کرابێ بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەنێوبردن و تەریکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی داوە. لە ناقانوونی ناساندنی حیزبی دێموکرات و ڕێگری لە چوونی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکی کوردستان بۆ هەردوو مەجلیسی خوبرەگان و شوورای ئیسلامییەوە بگرە تا دەگاتە گرتن و ئێعدامکردنی ئەندام و لایەنگرانی حیزب و پاشان هەڵگیرساندنی شەڕێکی قورس لەگەڵ خەڵک و هێزی پێشمەرگە و هەوڵ بۆ

دەرپەڕاندنی سەرکردایەتیی حیزب بۆ دەرەوەی کوردستان، هەروەها تێرۆر و لەنێوبردنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەی حیزب و لە سەرووی هەموانەوە تێرۆری هەر دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش و دوکتور شەرەفکەندی لە بێرلینی ئاڵمان، نموونەیەکن لەو هەوڵانە.

جیاواز لە هەموو ئەوانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام لەم چل و یەک ساڵەدا و بە هەموو شێوەیەک ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەبلیغی ئەوەی کردوە کە حیزبی دێموکرات پێگەی لەنێو خەڵکدا نەماوە و ئەم حیزبەی بەردەوام بە حیزبێکی هەڵوەشاوە ناو بردوە. بەڵام ڕاستییەکان پێچەوانەی درۆ و ئیددیعا بێبنەماکانی کۆماری ئیسلامی بوون و ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو زەبرە گەورانەی کە وەک پەیکەرەی حیزبی دێموکرات کەوت نەیانتوانی دابڕانێکی قەرەبوونەکراو لە بەینی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا دروست بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم دە دوازدە ساڵەی دواییدا قایمتر لە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕێکخستن بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیرتر بکا و هاوتەریب لە گەڵ ئەو پتانسیەل و جموجووڵە مەدەنییانەی کە لە نێوخۆی وڵات هەیە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. لەم قۆناغەدا سەرەڕای هەموو کێشە و گیروگرفتە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستان حیزبی دێموکرات توانی بەشێوەیەکی باش کەڵک لە هەموو ماتەوزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەربگرێ و فشارێکی زیاتر بۆ ڕێژیمی تاران بێنێ.

کۆماری ئیسلامی کە ئەو هەموو ساڵە تێچوویەکی زۆری بۆ لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان دابوو، دیسان دەستی دایە تیرۆر و تەقینەوە. کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات و بە پێچەوانەی تێرۆرەکانی پێشوویان، سپا هەر زوو بە دەرکردنی ڕاگەیاندراو ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ. سەرنجڕاکێشتر لەوە پاساوی پەلامارەکەیان بۆ سەر قەڵای دێموکرات بوو کە جگە لە شکستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆشداماوییان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هیچ خوێندنەوەیەکی دیکەی لێ نەدەکرا. سپای پاسداران لە دوو ڕاگەیاندراودا گوتی ئامانجی ئێمە لەو هێرشە لەبەینبردنی سەرکردایەتی و ناوەندی فکریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، چونکە ئەوانە ئاسایش و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییان وەمەترسی خستوە".

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەویە، ئەو کۆماری ئیسلامییەی کە چل ساڵە ئیدیعای نەمانی حیزبی دێموکرات و دابڕانی ئەوان

لە خەڵک دەکا، ئەوە چۆنە کە بە پێشکەوتووترین چەک واتە مووشەکی بالستیک هێرش دەکاتە سەر سەرکردایەتی و ناوەندی فکرییەکەی بەو پاساوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاسایش و ئەمنییەتی ئەوانیان وەمەترسی خستوە.

چوار ڕۆژ دوای ئەو هێرشە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات کە لەڕاستیدا زەبرێکی جەستەیی قورس وە پەیکەری حیزب کەوت و شەش ئەندامی ڕێبەری و دە کەس لە باشترین فەرماندە و پێشمەرگەکانی حیزب تێیدا شەهید بوون، مانگرتنە گەورە و مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان بەڕێوە چوو کە دەکرێ بە لوتکەی پشتیوانی و قووڵایی پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی کوردستان ناوی لێ ببرێ. لە ٢١ی خەرماناندا سەرەڕای کەشوهەوای ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر کوردستاندا خەڵک، بە نیشانەی نارەزایەتی بەو پلامارەی کۆماری ئیسلامی لە ماڵەکانیان نەهاتنەدەرەوە کە لە هەندێ شار و ناوچەدا ڕێژەی مانگرتنەکە گەیشتە نزیکەی سەد لەسەد.


ئەو چەند نموونەیە کە لەم وتارەدا باس کران تەنیا ئاماژەیەکی سەرەتایین بە ڕاددەی جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی، کە هاوکات ئەو ئەرکەشی دەخاتە ئەستۆ کە دەبێ تا گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە خەبات بەردەوام بێ. ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتیش خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و قووڵایی پێگەی جەماوەریی ئەم حیزبە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧




**پێشەوا عەلیپوور**

- بەشداریی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێران
- گرتنی پادگانی مەهاباد
- میتینگی جەماوەری حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد
- شەڕی یەکەمی شاری سنە
- چوونی هەیئەتی حیزب بۆ لای خومەینی
- ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم
- میتینگی نەغەدە
- ئاژاوەگێڕیی دوژمن و ئاشتیخوازیی حیزب
- هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان و بەشداریی حیزبی دێموکرات
- فتوای جیهاد و نیازناپاکیی خومەینی لە دژی نەتەویە کورد
- هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات
- خۆڕاگریی کوردستان
- پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ ئاشتی
- وەڵامی خومەینی بە نامەی حیزبی دێموکرات
- وەڵامی حیزبی دێموکرات بۆ پەیامی خومەینی

## بەشی چوارەم

- هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات
- کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات
- سەردانی هەیئەتی حیزب بۆ لای بەنی سەدر بۆ تاران
- هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی و پێگەی حیزبی دێموکرات
- سەرهەڵدانەوەی شەڕ و شەڕی دووهەمی سنە
- حیزبی دێموکرات و پێوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق و شوڕای میللی بەرگری
- تاقمی حەوت کەسی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات
- مانگی دیفاع لە ئازادی
- بەشداری و ئەندامەتی لە ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا
- بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزب
- ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و هەڵوێستی حیزبی دیموکرات
- تێرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ئوروپا و باشووری کوردستان

### ئاماژە:

خەبات و فیداکاریی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام بووە. بەڵام لەو پرۆسەیەدا تەنیا دوو جار ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەوتۆ هاتۆتە پێش کە کورد توانییتی لە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە. یەکەم دەرفەت بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا بوو کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە و حیزبی دێموکرات توانی مۆدێلێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە حوکمڕانیی نەتەوەیی پێشکێش بکا. دووهەم دەرفەتیش لەپاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێران هاتە پێش کە بووژانەوەی حیزب و دەسپێکی قۆناغێکی دیکەی خەباتی بەدوادا هات. بەڵام بەداخەوە گوتاری ئاشتیخوازیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە سیاسەتی سەرکوت و هێرش و پەلامار بۆ لەبن دەرهێنانی ئەو جووڵانەوەیە وەڵام درایەوە.

لەم نووسینەدا کە لە سێ بەشدا بڵاو دەبێتەوە، وەک پانۆڕامایەک، ئاوڕ لە چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و سیاسەت و هەڵوێستی ئەم حیزبە لەهەمبەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکاتدا دراوەتەوە:

#### بەشداریی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێران

لە ساڵەکانی پێش ١٣٥٧ی هەتاوی، گەلانی وەزاڵەهاتوو لە ستەمی ڕێژیمی پاشایەتی کە چەقۆ گەیشتبوو سەر ئێسکیان،

لە شار و ناوچە جیاجیاکان ناوەناوە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی شا دەردەبڕی، بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان لەژێر فەرمانی خومەینیدا خۆیان ڕێکخستبوو و ئامادەی شۆڕش بوون.

بە سەرنجدان بە ڕابردووی دوورودرێژی ستەمی بنەماڵەی پەهلەوی، هەر لە شەهیدکردنی سمایل ئاغای سمکۆ و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و شەهیدکردنی پێشەوای کوردان و هەروەها سەرکوتی بزووتنەوەی ٤٦-٤٧، نەتەوەی کوردیش بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕێژیمە ئامادەی ڕاپەڕین بوون. بەتایبەت کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران زیاتر لە سێ دەیە بوو خاوەن ئەزموونی سیاسی و حیزبایەتی بوون.

لەو سەر و بەندەدا و لە سێ ڕۆژانەی کۆچی دوایی کاک عەزیز یوسفی، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧، خۆپیشاندانێکی بەرین لە مەهاباد بەڕێوە چوو. ئەم خۆپیشاندانە دەسپێکی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان بوو بەدژی ڕێژیمی شا. لەو بارودۆخەدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە گەرمێن، بە تێگەیشتنی ورد و هەمەلایەنە لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەم، بەشێک لە ڕێبەرایەتی و کادرەکانی خۆی لە پاییزی ١٣٥٧ی هەتاوی، لەژێر ناوی کۆمیتەی زاگرۆس ناردەوە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەستیان بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و جەماوەر کرد.

ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان سەرلەنوێ بووژانەوە و ئیتر پۆلپۆل خەڵک پەیوەستی ڕیزەکانی حیزبی خۆیان دەبوون.

### گرتنی پادگانی مەهاباد

شۆڕش دژی ڕێژیمی شا لە سەرکەوتندابوو، لەگەڵ ئەوەیکە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی هات، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە مۆڵگە سەربازییەکان لە شار و ناوچەکانی ئێران هێشتا لەدەست پاشماوەی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوون. حیزبی دێموکرات ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بە یارمەتیی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕی ئەرتەش، دەستی بەسەر پادگانی مەهاباددا گرت و کۆتاییان بە دەسەڵاتی نگریسی پاشایەتی لەم ناوچەیە هێنا.

## میتینگی جەماوەری حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد

لە یەکەم ڕۆژ و حەوتووەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و لە کاتێکدا کوردستان ڕووی ئازادی بەخۆیەوە دەدی و حیزب و ئۆرگانەکانی بەرەو سەقامگیری دەچوون، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیدا بوو کە لە میتینگێکی گەورەدا دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، پتر لە سەد هەزار کەس لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ڕوویان کردە شاری مەهاباد، ئەو جێگایەی کە حیزبی دێموکرات، یەکەمین جار کۆماری کوردستانی لێ دامەزراندبوو.
هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر جەماوەر بوو، دەرزیت حەوادابا وەعەرز نەدەکەوت، خەڵک دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، تامەزرۆی میتینگی حیزبی خۆیان بوون. بەڵێ ئێرە وێستگەی ئاشکرابوونی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

میتینگ بە پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد دەستی پێ کرد و پاشان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی مێژوویی پێشکێشی جەماوەر دەکا.

دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا، مانیفێستی دەوڵەتێکی دێموکراتیک و ئازاد وێنا دەکا. ئەو باس لە ئاشتی و برایەتیی گەلان و ئازادیی ئایینەکان دەکا و بە بەرجەستەکردن و بەرزنرخاندنی ڕۆڵی جەماوەر خاوەنە ڕاستەقینەکانی حیزبی دێموکرات وەبیر خەڵک دەهێنێتەوە.
جۆش و خرۆشێکی لەڕادەبەدەر لەنێو جەماوەر دیارە، دوکتور قاسملوو بەردەوام دەبێ لە وتاردان و چوارچێوەی قەوارەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکا. ئیتر ئەوجار جەماوەر کەیف خۆشن، لە دێوەزمەی پەهلەوی ڕزگارییان بووە و بەرەو بەهاری ئازادی دەچن. دڵیان لە جۆشە و ئەسرینی گەشیان دێتە خوارێ، دڵیان خۆشە بە ڕەنگی بەهارێ.

## شەڕی یەکەمی شاری سنە

هەموو ئەو دڵخۆشییە زۆری نەخایاند کە قرمژنی تۆپ و تفەنگەکانی پادگانی سنە لە شەقامەکاندا زرینگایەوە و

شەقامەکانی شاری سنەیان بە خوێنی خەڵکی مەدەنی سوور کرد.

خەڵکی شاری سنە هەوڵیان دا وەک خەڵکی هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەست بە سەر پادگانی شاردا بگرن کە هێشتا پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تێیدا جێگیر بوون، بەڵام پادگان نەک هەر تەسلیم نەبوو، بەڵکوو بەرەنگاری خەڵک بۆوە و، لە ئاسمان و زەوییەوە خەڵکی سیڤیلیان کردە ئامانج.

ڕێژیمی تازە، بە بڕیاری خومەینی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پشتگیرییان لە وەدەست هاتنی پادگان کرد لەبەرانبەر خەڵکدا! لە پادگانەوە تۆپ و هاوەن و دۆشکە ئاراستەی شار کران و لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە خەڵک و ماڵ و حاڵیان کرد، لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە شاریان بۆردومان دەکرد. لەو شەر و پەلامارەدا بە سەدان کەس شەهید و بریندار بوون.

حیزبی دێموکرات لە سێهەم ڕۆژی شەڕدا بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەبەرانبەر خاک و خەڵکی کوردستان، هێزێکی پۆشتە و پەرداخی پێشمەرگە و چەندین کامیۆن خواردن و جلوبەرگی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی سنە بەڕێ کرد. بەڵام ڕێگە لە هاوکاری و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات گیرا.

سەرەنجام بە هاتنی هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ شاری سنە و دانیشتن لەگەڵ کەسایەتییەکانی وەکوو مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی و کاک ئەحمەد موفتیزادە و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان، گەمارۆی سەر پادگانی سنە کۆتایی هات.

ئاکامی ئەو عەمەلیاتە جیا لەوەی کە ماهییەتی دژە ئینسانی ڕێژیمی نوێی دەرخست، ناکامی لایەنە بەشداربووەکان، خەساری سەدان شەهید و برینداریشی بۆ خەڵکی شاری سنەی قارەمان بەدواوە بوو، کە نەورۆزەکەیان خەڵتانی خوێن کرا.

### چوونی هەیئەتی حیزب بۆ لای خومەینی

سەرباری هەموو نیازخراپیی ڕێژیمی نوێ، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بەرپرسیار لە چارەنووسی خەڵک، وازی لە هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی لەپێناو وەدیهێنانی داخوازە ڕەواکانی کورد نەدەهێنا. هەربۆیە ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٥٧، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی دوکتور قاسملوو بەرەو تاران وەڕێ کەوتن و لە شاری قوم چاویان بە خومەینی کەوت. بەڵام خومەینیی سەرمەست لە سەرکەوتنی ئینقلاب، وەڵامی داخوازییەکانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی

نەدایەوە و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی حەواڵەی سەرۆکوەزیر کرد کە ئەوکات مێهدیی بازەرگان بوو.

دوکتور قاسملوو لەدیدار لەگەڵ مێهدی بازەرگان پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە دەوڵەتی کاتی ڕاگەیاند و داوای کرد کە هەیئەتی حیزب لە ڕێگای رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە داخوازییەکانی گەلی کورد بۆ گەلانی ئیران شی بکەنەوە و هەروەها داوای کرد کە بەمەبەستی گونجاندنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە یاسای بنەڕەتیدا، ڕێگا بدرێ کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستانیش لە نووسینەوەی ئەو قانوونە بەشدار بن.

هەر لەو دیدارەشدا دەستەی نوێنەرایەتی حیزب گەڵاڵەیەکی لە ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد پێشکەش بە سەرۆکوەزیر کرد. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە لەسۆنگەی سیاسەتی دوژمنکارانەی ناوەندەوە ناکام مانەوە.

### ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم

بە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە نادێموکراتیکەوە، سەرەنجام ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە بە ڕۆژی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری سیستمی حکومەتی نوێ دیاری کرا. بەڵام چ ڕێفراندۆمێک؟ بەرگی دەنگدان هیچ مۆدێلێکی بۆ هەڵبژاردنی شێوەی حوکمڕانی نوێ تێدا بەدی نەدەکرا! نێوەرۆکی ئەو ڕێفراندۆمە لەو پەندەی کوردەواری دەچوو کە دەڵێ: "کەوت دەوێ ئەوە سمۆرە، سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە"

حیزبی دێموکرات کە هەر ئەوکات ماهییەتی نادێموکراتیک و دژە ئینسانی ڕێژیمی نوێی ناسیبوو، پێی وابوو ئەم ڕێفراندۆمە دێموکراتیک نییە و مەجالی هەڵبژاردنی جۆری حوکمڕانی لە خەڵک ستاندۆتەوە. هەر بۆیە ئەوکات ئەم پرسە گورگانەی ڕێژیمی بایکۆت کرد.

### میتینگی نەغەدە

خومەینی لە تاران وردە وردە بناغەی حکومەتە ئیسلامییەکەی بە هەڵاواردنی نەتەوەکانی دیکە پتەو دەکا و لە کوردستانیش حیزبی دێموکرات خەریکی ڕێکخستنی جەماوەری تینووی ئازادییە.

وەک نەریت کە حیزب لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کۆبوونەوەی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی پێک دەهێنا و

سیاسەتەکانی خۆی لەمەڕ ئیدارەی ئێران و کوردستان بۆ خەڵک شی دەکردەوە، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨یش بە بەشداریی هەزاران کەس پێکهاتوو لە کورد و ئازەری، لە یاریگای وەرزشی نەغەدە ئامادە بوون تاکوو نێوەرۆکی پەیامی حیزبی دێموکرات لە میتینگی مەهاباد بکەنە دەستمایەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

پێش دەسپێکی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب، کۆمەڵێک مۆرەی بەدناوی حکوومەتی پاشایەتی و دەمڕاستی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لە چەند شوێنی جیاواز ڕوو بە جەماوەر تەقە دەکەن و میتینگی حیزبی دێموکرات تێک دەدەن. شەڕێکی چوار ڕۆژە لەنێوان کورد و ئازەری هەڵدەییسێ کە بە سەدان کەس لە نەتەوەی کورد و ئازەری دەبنە قوربانی. ئەم شەڕە نەخوازراوە بە دەستێوەردانی ئەرتەش و بە دژی نەتەوی کورد شکایەوە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش ئاسەواری ئەم ئاژاوەگێڕییە بەسەر هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەرەیەوە ماوە.

### ئاژاوەگێڕیی دوژمن و ئاشتیخوازیی حیزب

تا دەهات کوردستان زیاتر دەکرا بە مەیدانی ئاژاوەگێڕی. بەکرێگیراوانی ڕێژیمی نوێ بە مەبەستی بەلارێدابردنی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کورد دەستیان لە هیچ نەدەپاراست، حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئەوکات بە دەرکی حەساسیەتی دۆخەکە و بەرپرسیاربوون لەبەرامبەر ئەم قۆناغە لە مێژوو، بەردەوام هەوڵیان دەدا لە ڕێگای دیالۆگ دۆخەکە هێور بکەنەوە و ئیزن نەدەن ڕەوایی دۆزی کورد بکەوێتە ژێر هێژموونی کەشی ئینقلابیی تاران و هەروەها ئاژاوەگێڕان لەکوردستان. بۆ ئەمەش حیزبی دێموکرات دەرگای دیالۆگی بەڕووی تاراندا دانەخست و بەردەوام بوو لە شیکردنەوەی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کورد لەگەڵ تاران.

### هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان و بەشداریی حیزبی دێموکرات

ڕێژیمی نوێ هەنگاو بە هەنگاو خۆی سەقامگیر دەکرد. ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان دیاری کرا، دیارە وەک ڕێفراندۆمەکە ئەمەشیان شتێکی نوێ و تاقینەکراوە بوو، بەهەرحاڵ هەڵبژاردن لەسەرجەم پارێزگاکاندا بەڕێوە چوو و کاربەدەستانی ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا کە نوێنەرانی کورد بە تایبەت دوکتور قاسملوو لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ نەهێننەوە.

خەڵک چوونە سەر سندووقی دەنگدان و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. دوکتور قاسملوو بە ١١٣،٣٧٧ دەنگ، بە نوێنەری



سەرچاوە
Serchawe

پارێزگای ورمێ بۆ مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا.

**فتوای جیهاد و نیازناپاکیی خومەینی لە دژی نەتەوەی کورد**

هەڵبژێرانی دوکتور قاسملوو بە نوێنەری مەجلیسی خیبرەگان، ڕێژیمی تووشی هیستریا کرد،

دەسەڵاتی نوێی تاران تەحەمولی دەنگی ئازاد و نوێنەرێکی دێموکراتی نەکرد. هەر بۆیە لە ڕێگای بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندییەکانییەوە، دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە لە کوردستان، تاکوو بەو بیانووە هێرش دەست پێ بکا. سەرەنجام ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە هێرش بۆ سەر شاری پاوە، ڕێژیم زەنگی شەڕی سەرتاسەری لە کوردستان لێدا.

لەگەڵ ئەمەش ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ کوبوونەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی مەجلیسی خیبرەگان دیاری کرابوو، دکتور قاسملوو بە نیەتی پاراستنی متمانەی خەڵک و وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک بڕیاری دابوو کە لەو کۆبوونەوەدا بەشداریی بکا، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە نیازەکانی پشتی ئەم کۆبوونەوەی بۆ ڕوون ببۆوە، نەیهێشت دوکتور قاسملوو بچێتە یەکەم کۆبونەوەی مەجلیسی خیبرەگان.

مەجلیس لە کاتی دیاریکراودا کۆ بۆوە و هاوکات لەو ڕۆژەشدا خومەینی فتوای جیهادی لە دژی میللەتی کورد دەرکرد. چەند ڕۆژ دواتر کە ئەندامانی مەخلیسی خیبرەگان چووبوونە لای خومەینی، خومەینی پەردەی لەسەر نیازە خراپەکانی هەڵدایەوە و بە هێنانەگۆڕی باسی کوردستان و دوکتور قاسملوو گوتبووی: "ای کاش آمده بود، من خیال داشتم اگر بیاد همینجا نگرش دارم" [بریا هاتبا، ئەگەر هاتبا نیازم وابوو لێرە ڕایگرم].

دیارە ئەو ڕاگرتنە ئەگەر ئێعدام نەبا حەتمەن زینندانی هەتاهەتایی دەبوو. ئەمە ماهییەتی ڕێژێمێک بوو کە خۆی لەبەرانبەر یاسا و هەڵبژاردنەکانی خۆشیدا بە بەرپرسیار نەدەزانی. دوای ئەو فتوا نگریسەی خومەینی، کوردستان شەڕی بەسەردا سەپا و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات یاساغ کرا. ئیتر کەس گومانی نەما لەوەیکە ڕێژیمی ئیسلامی بڕیاری داوە کورد قەڵاچۆ بکا.

بەشی چوارەم

### هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

لەو سەروبەندەدا خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و کارمەندانی باڵوێزخانەیان بە بارمتە گرت، ڕێژیم هەوڵی زۆری دا کە ئەم کردەوەیە بە خۆڕسک نیشان بدا، بەڵام پڕوپاگەندەی بەربڵاوی دامودەزگا میدیاییەکەی و هەروەها شاگەشکەبوونی سەرانی ڕێژیم بەم کردەوەیە، دەری خست کە ئەم شاکارە بە پیلانی خۆیان بەڕێوە چووە. دیارە ئەو ڕووداوە زۆر لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی دژە ئیمپریالیزمیشی شاگەشکە کرد. لەونێوەدا حیزبی دێموکرات بۆچوونێکی جیاوازتری هەبوو، حیزبی دێموکرات بە دەرکی دروست لە دۆخی ئەوکات، ئەو کردەوەی بە یاساشکێنی و دەرچوون لە ڕێوشوێنە یاساییە نێونەتەوەییەکان ناو برد و مەحکوومی کرد.

### خۆڕاگریی کوردستان

هەر لە ڕۆژ و مانگەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو هەموو ئەو کێشە گەورە و بچووکانەی کە ڕێژیمی نوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆخۆی دروستی کردبوون و نیشانی دابوو کە تێگەیشتنی دروست و واقعبینانەیان لە ئیدارەی وڵات و سیاسەت نییە، لە نێوخۆی وڵاتیش بە ئاگر و ئاسن وەڵامی ویست و داخوازییەکانی گەلانی ئێرانیان دەدایەوە. بەڵام لەو نێوەدا ئەوە کوردستان بوو کە قورس و قایم ڕاوەستا.

سێ مانگ هێرش و شەڕی نابەرامبەر دژی کوردستان و خوڵقاندنی جینایەت و کارەساتگەلی وەکوو قارنێ و داگیرکردنی شارەکانی مەهاباد و سەردەشت و بۆکان و...، بە خۆڕاگری و تێکۆشانی پێشمەرگانە وەڵام درایەوە؛ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا بڕیاری خەباتێکی درێژخایەنی پارتیزانیی لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند.

لە جادەی سەردەشت-پیرانشار پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات زەبرێکی گورچووبڕیان لە سپایەکی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم دا و جودا لەوەی تانک و تۆپی ئەو هێزە تێک شکان، بە دەیان کەسیش لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران. حەماسەی قارەمانەتیی پێشمەرگە و ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، شار بە شار و دێ بە دێ دەنگی دایەوە.

کوردستان یەکپارچە ببوو بە مەیدانی بەرەنگاری، خەڵکی مەهاباد لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا وەفاداریی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد دووپات کردەوە، ئەو دوو حەماسەی شاخ و شار، گوڕوتینێکی

نوێی بە تێکۆشان دا.

شارەکان یەک لەدوای یەک لەدەست داگیرکەر ڕزگار کران و بنکەکانی حیزب جارێکی دیکە لە مەهاباد و بۆکان و... دەستیان بە تێکۆشان کردەوە.

لەیەک ڕستەدا ویستی خەڵک بەسەر ئاگر و باڕووتدا سەرکەوت.

## پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ ئاشتی

لە جەنگەی ئەو سەرکەوتنانەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ نامەیەکی سەرئاوەڵەی ڕوو بە گەلانی ئێران و حیزب و لایەنە سیاسی و پێشکەوتووەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند کە "ئێمە ئەو نامەیە لە هەلومەرجێکدا دەنووسین کە لە ڕاستیدا جگە لە هەندێ شاری کوردستان، سەرانسەری کوردستان کەوتۆتە بەردەستی پێشمەرگە کوردەکان". لە درێژەی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە "ڕاوەستانی ئەو شەڕە بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێرانە و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش پێویستە".

## حیزبی دێموکرات لەو نامەیەدا چوار مەرجی بۆ ئاگربەست دانابوون کە بریتی بوون لە:

- دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان لە کوردستان و سەراسەری ئێران و هەروەها ئازادکردنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات.
- کۆکردنەوەی پاسدارە لاوەکییەکان لە سەرجەم کوردستان کە مایەی دووبەرەکی و ئاڵۆزی بوون.
- کورتکردنەوەی دەستی ئەرتەش لە دەستوەردان لەکاروباری نێوخۆ و دیاریکردنی ئەرکیان تەنیا وەک پارێزەری سنوور.
- ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و ڕاگرتنی حوکمی ئێعدامی خەباتکاران.

## وەڵامی خومەینی بە نامەی حیزبی دێموکرات

ئەم نامەیەی حیزبی دێموکرات کە لە پێگەی هێزەوە بڵاو بۆوە، دۆخەکەی گۆڕی. سەرەنجام ئەو ئاخوندەی کە سێ مانگ پێشتر فتوای جیهادی لەدژی کورد دا، دانی بە شکستی خۆی دانا و ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لەپەیامێکدا داوای لە هەموو

لایەک کرد کە لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە دوژمنی هاوبەش بکەن و بەڵێنی دا کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستان چارەسەر بکا. ئەو هەروەها بەڵێنی دا هەیئەتی دەوڵەت ڕاسپێری کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان وتوویژ بکەن. خومەینی لە پەیامەکەیدا، گرووپێکی لەژێر ناوی "بەدخواهان" وەک تاوانبار بە تێکدانی نێوانی نەتەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندی، ناساند.

بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی خومەینی لەو پەیامە و ڕاگرتنی شەڕ تەنیا ئەوە بوو کە کات بکڕێ بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی خۆیان ڕێک بخەنەوە و جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر کوردستان.

### وەڵامی حیزبی دێموکرات بۆ پەیامی خومەینی

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات لە سیمینارێکی تەشکیلاتیی تایبەتدا ئەم پەیامەی هەڵسەنگاند و بەشداربووانی سیمینارەکە پێیان وابوو کە بۆ ڕێگریکردن لە کوشتاری خەڵک پێویستە حیزبی دێموکرات پێشوازی لەو پەیامە بکا. ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر لە میتینگێکدا لە شاری مەهاباد ئامادەیی حیزبی دێموکراتی بۆ وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نیشان دا و تەنانەت لە وتارەکەیدا وشەی "لبیک"ی وەک وەڵام بۆ پەیامی خومەینی بەکار هێنا کە ئەوپەڕی نیازپاکی بوو. ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە پێک هاتبوون لە: مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی وەک سەرۆک، حیزبی دێموکرات وەک وتەبێژ و کۆمەڵە و چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران - لقی کوردستان وەک ئەندام.

ئەم دەستەیە گەڵاڵەیەکیان لەبارەی خودموختاریی کوردستانی ئێران ئامادەکرد، بەڵام هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ دەستەی نوێنەرانی کورد، قەت ئامادە نەبوو بە شێوەیەکی جیددی لەگەڵ نوێنەرانی کورد دابنیشێ و ڕا و سەرنجەکانی سەبارەت بەم گەڵاڵەیە بهێنێتە گۆڕێ. هۆکارەکەشی ڕوون بوو کە تاران بەدوای وتوویژەوە نەبوو، بەڵکوو وەدوای کات کڕین بۆ سەقامگیری ڕێژیمی نوێ و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی بوو.

### هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

ڕێژیمی نوێ بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی دێموکراتیک لەخۆی، ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەست پێ دەکرد،

بەڵام ئەو دێموکراسییەی کۆماری ئیسلامی لە ئەساسدا وەک هیچ نیزامێکی دێموکراتیک نەدەچوو! مەیدانی خۆپاڵاوتنیان تەواو بەرتەسک کردبۆوە، لەلایەک لە ڕێگای یاسای بنەڕەتی مافی خۆپاڵاوتنیان لە بەربژێری کورد ئەستاندبۆوە، لەلایەکی دیکەش لە دەیان پاڵێوراو تەنیا ١١ کەس شیاویەتییان بۆ چوونە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردن پەسەند کرا!

ئەوکات بەهۆی ئەوەیکە مەسعوود ڕەجەوی وەک پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک کۆمار لە بەرنامەی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتیی کوردی وەکوو بناغەیەک بۆ دانووستان قەبووڵە، حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند

کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکا و دەنگ بە ئاغای ڕەجەوی دەدا.

بەڵام خومەینی کە پێکەوەژیان و دێموکراسی هەر لە زاتیدا نەبوو، بە بڕیارێک مەسعوود ڕەجەویی لە لیستی بەربژێرەکاندا لابرد، هەربۆیەش حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا ناکا.

هەڵبژاردن ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بەڕێوە چوو و ئەبولحەسەن بەنیسەدر بە سەرۆک کۆمار دیاری کرا، دیارە بەنیسەدر پێشتر لە هەندێ لێدوانی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە باوەڕی بە خودموختاری لە کاروباری نێوخۆییدا هەیە. بە سەرنجدان بەو پاشخانە فکرییە، حیزبی دێموکرات لەنامەیەکدا بۆ بەنیسەدر ڕایگەیاند کە: "ڕاستە ئێمە لە هەڵبژاردندا بەشدار نەبووین و دەنگمان بە جەنابت نەداوە، بەڵام ڕێز بۆ دەنگی زۆربەی خەڵکی ئێران دادەنێین و جەنابت بە سەرکۆماری هەموو ئێران دەزانین. بۆیە پێمان خۆشە وەختێک دیاری بکەی کە دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی ئێمە بۆ وتووێژ دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بێنە تاران و چاویان بە جەنابت بکەوێ."

## کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات لە تەنیشت دانووستان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، هەوڵی دەدا کە لە دەرفەتی ئاگربەستدا خۆی ڕێک بخاتەوە و ئامادەکارییەکانی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەست پێ بکا.

٣١٠ نوێنەر کە نوێنەرایەتی ٣٠ هەزار ئەندامیان لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە جۆراوجۆری ڕەگەزییەوە دەکرد، ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە مەهاباد کۆبوونەوە و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات لە پانتایی سەراسەری کوردستان و

لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی پێگەی هەیە.

**کۆمەڵێک بڕیار لەو کۆنگرەیە پەسەند کران وەکوو:**

– پێداگری لەسەر دێموکراسی بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی ژیانی سیاسی و بەهێزبوونی شۆڕش.
– چارەسەری پرسی نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی ئینسانی و دادپەروەرانە.
– چارەسەری پرسی کورد و دابینکردنی خودموختاری لە ڕێگای ئاشتییانە.
– سزادان و دادگایی کردنی بەکرێگیراوان و سەپێنەرانی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

– سزادانی بکەرانی کارەساتی گوندی قارنێ.
– پاککردنەوەی ئەرتەش و دامەزراوەکانی دیکە لە بەکرێگیراو و گرێدراو بە ڕێژیمی پێشوو.
– چارەسەری کەلێنەکانی یاسای بنەڕەتی بە زیادکردنی دەقێکی تەواوکەر.
– ڕەخساندنی کەشێکی دێموکراتیک بەمەبەستی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شۆڕای میللی.

### سەردانی هەیئەتی حیزب بۆ لای بەنی سەدر بۆ تاران

بەدوای تەواوبوونی کۆنگرەی چوارەم وەڵامی نامەی بەنیسەدر، سەرۆک کۆماری ئێران بۆ حیزبی دێموکرات گەڕایەوە و ڕۆژی ٩ی ڕەشەمەی بۆ دیدار لەگەڵ هەیئەتی حیزب دیاری کرا، لەو دانیشتنەدا هەیئەتی دەوڵەت بە سەرپەرەستیی بەنیسەدر داوای گەلاڵەی پێشنیاریی حیزبی دێموکراتی کرد بۆ چارەسەری پرسی کورد، هەیئەتی حیزب گەلاڵەیەکی ٦ ماددەیی بە پاشکۆیەکی ٨ ماددەیی ڕادەستی هەیئەتی دەوڵەت دەکەن.

**گەڵاڵەی پێشنیاریی هەیئەتی حیزب کە بە ناوی شەش ئەسڵی خودموختاری ناوی دەرکرد بەم شیوەیە بوو:**

– چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا و گونجاندنی ئەم مافانە لە پاشکۆی یاسای بنەڕەتیدا. (کە پێیان دەگووت "موتەمیمی قانوونی ئەساسی.("
– دیاریکردنی چوارچێوەی جوغرافیای کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تاریخی، جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووان.
– هەڵبژاردنی شوڕایەکی سەرانسەری بۆ کوردستانی خودموختار.



سەرچاوە
Serchawe

– هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی بۆ کاروباری ئابووری، فەرهەنگی، ئیداری و ئینتزامی لەلایەن شوڕای سەراسەری.
– بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستانی خودموختار بۆ نووسینی نامەی ئیداری و هەروەها خوێندنی لە تەنیشت زمانی فارسی.
– کاروباری نێوخۆیی چ ئیداری، چ ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئینتیزامی بە ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار بسپێردرێ.

لەکۆتایی گەلاڵەکەشدا پێشنیار کرابوو کە بۆ ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی کوردستان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ، کۆمەڵێک ڕێکار بگیردرێتە بەر کە لە ٨ ماددەی پاشکۆ پێک هاتبوو.

هەیئەتی دەوڵەت ئەم گەلاڵەیەی ڕادەستی "شوڕای ئینقلاب" کرد و شوڕای ئینقلابیش بێ سێ و دوو گەلاڵەکەی ڕەت کردبۆوە.

### هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی و پێگەی حیزبی دێموکرات

شوڕای ئینقلاب کە پێشتر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی یاساغ کردبوو و دواجاریش بەم شێوەیە وەڵامی گەلاڵەی پێشنیاری نوێنەرانی حیزبی دابۆوە، مەیدانەکەیان لە ڕەقیب و نەیاری خۆیان بەتاڵ کردبوو و پێیان وابوو کە جادە تەخت و چۆڵە بۆوەی دەست و پێوەندەکانی خۆیان، کورسییەکانی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس مسۆگەر بکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات دەستبەرداری بەشداری لەو هەڵبژاردنە نەبوو، چونکە مەجلیس وەک ناوەندێکی یاسادانان گرنگیی خۆی هەبوو و هەمیش پێگەی جەماوەریی حیزب لەو هەڵبژاردنەدا دەردەکەوت. هەروەها حیزب دەیهەویست بە دەوڵەت بڵێ نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک کێیە و بزانن لەگەڵ کی تەرەفن و دەبێ لەگەڵ کێ وتووێژ بکەن.

لە دەستەی نوێنەرایەتی کورد ئەو بیرۆکە هاتە گۆڕێ کە سەرجەم بەربژێرەکان بەسەریەکەوە دیاری بکەن و چوار لایەنی بەشدار لە دەستە بە لایەنگرانیان بڵێن دەنگیان پێ بدەن، بەڵام سێ لایەنی دیکەی نێو دەستە ئامادە نەبوون تەنانەت نیوەی بەربژێرەکانیش لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دیاری بکرێن، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە جیا هاتە مەیدان و بەربژێرەکانی خۆی بە خەڵک ناساند.

## بەشی چوارەم

ئەگەرچی هیچ کام لە بەربژێرەکان ئاماژەیان بە ناوی حیزبەکانیان نەکردبوو، بەڵام هەم خەڵک و هەم دەوڵەتیش دەیزانی کێ بەربژێری کام لایەنە. سەرەنجام ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی دەستی پێ کرد و لە ئاکامدا بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان، ٥٧% تا ٩٧% دەنگەکانیان مسۆگەر کرد. ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە پێگەی حیزبی دێموکراتی بە دۆست و دوژمن نیشان دایەوە.

ڕێژیم کە لە بنەڕەتڕا باوەڕی بە هەڵبژاردنی ئازاد نەبوو و چاوی بە سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات هەڵنەدەهات، ئەمجارەش کەوتە خۆ و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی لە کوردستان هەڵوەشاندەوە. خومەینی و دەوروبەرەکەی کە سەرمەست لە سەرکەوتن یاساکانی خۆشیان پێشێل دەکرد، نێوەرۆک و واتایان بۆ هەڵبژاردن و دێموکراسی نەهێشتەوە.

### سەرهەڵدانەوەی شەڕ و شەڕی دووهەمی سنە

ڕێژیم ئەو ماوەیە دەرفەتی هێنا و جارێکی دیکە سوپاکەی پۆشتە و پەرداخ کردەوە و لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٨ لەگەڵ ئەوەدا کە کوردستانیان لە ڕووی ئابوورییەوە گەمارۆ دابوو، دیسان هێرشەکانی ڕێژیم لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کردەوە.

ئەرتەش بە پشتیوانیی دەرەبەگەکان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بە تانک و تۆپ و فانتۆم و هێلیکۆپتێر، هێرشیان کردە سەر جوتیاران و لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانیش بە بیانووی مەترسیی هێرشی عێراق، هێزێکی پۆشتە و پەرداخ بەرەو سنە و سەقز و بانە و... وەڕێ کەوت و لافاوی خوێنیان وەڕێ خست. کوردستان لە زۆر ڕووەوە لە لێنینگراد دەچوو. دۆخی خەڵک لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی ئازادی، گەمارۆی لەبیر خەڵک بردبۆوە، ورەی خەڵک بەرز بوو و بە هەمەجۆر یارمەتیی پێشمەرگەیان دەکرد.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد. لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا لە وشەی "بدخواهان" کەڵک وەرگیرابوو کە جاری پێشوو خومەینی تاوانباری کردبوون بە تێکدانی پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران، هەربۆیەش حیزبی دێموکرات لە پەیامەکەیدا ڕوو بە خومەینی ڕایگەیاند: "ئێستاش کە بەدخوازان سەرلەنوێ وەزعی کوردستانیان ئاڵۆز کردوە و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن، لەلایەن حیزبی دێموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانی ئێرانەوە، حیزبێک کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان پشتیوانیەتی، بۆ دواجار هۆشدار دەدەین کە ئەگەر پەلاماری ئەرتەش و ژاندارمێری و پاسداران بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان ڕانەوەستێ و کوشتاری خەڵک درێژەی هەبێ، پێشمەرگەکان بە پشتیوانیی هەموو گەلی کورد بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان دەکەن". هەروەها لەو پەیامەدا حیزبی دێموکرات داوای لە خومەینی کرد کە بە ڕازی بوون بە ئەسڵی ٦ ماددەیی خودموختاری، نیازپاکی لە نێوان تاران و کوردستاندا دروست بکا. بەڵام دەوڵەت ملی بۆ ویستی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ڕانەکێشا و ئەمجارە شەڕێکی قورس و دژوار تووشی خەڵکی کوردستان بوو و هێرشەکە لە هەموو لایەک ڕا بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کردەوە.

شاری سنە لەو شارانە بوو کە هێزە کوردییەکان بنکە و بارەگایان لێ دانابوو و بە تەبایی بانگەشەیان بۆ خۆیان دەکرد، ئەم پێکەوەهەڵکردنە خەڵکی گەشبین کردبوو، هەر بۆیە بەرگەی گەمارۆی ئابوریيان دەگرت و لە بەرامبەر هێرشی سپادا ئامادەی خۆڕاگری و هەرچەشنە فیداکارییەک بوون. ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ بۆ جاری دووهەم هێرش بۆ سەر سنە دەستی پێ

کردەوە و زیاتر لە ٤٠٠ گوللە تۆپ ئاراستەی شار کران. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لە یەک سەنگەردا ڕووبەڕووی دووژمن وەستانەوە و هێزەکانی ڕێژیمیان ناچار بە پاشەکشێ کرد.

لە ئەنجامی هێرش و بۆردومانی بێ بەزەییانەی ڕێژیمدا، ٢٤٠٠ کەس لە خەڵکی سیڤیل بوونە قوربانی. لە ترسی بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئێران، بەشێکی زۆر لە قوربانییەکانی ئەم هێرشە هەر لە حەوشەی ماڵەکانیاندا بەخاک دەسپێردران.

خەڵکی گوند و شار و ناوچەکانی دیکە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتییان دەگەیاندە شاری سنە، سوپای ڕێژیم ئابلۆقەی سەر سنەی توندتر کرد و ڕێگای یارمەتیی لە خەڵک بەست. دوای نزیک بە یەک مانگ خۆڕاگری لەکاتێکدا کە سپا نەیتوانیبوو بچێتە نێو شاری سنەوە، هێزە کوردییەکان بڕیاریان دا بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل کە لەشار بچنە دەرەوە. دوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگە لە شار، سپا چووە نێو شار و وێڕای "پاکسازی" دەستیان بە ڕەشبگیری چالاکانی کورد کرد. ئەوان لە دادگای بەپەلە و سەربازیدا، سزای لەسێدارەدانیان بە سەر خەڵکی مەدەنیدا دەسەپاند و سزاکەیان جێبەجێ دەکرد.

## حیزبی دێموکرات و پێوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەلق و شوڕای میللی بەرگری

ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، هەر بەوە ئۆقرەی نەگرت کە کوردستان خەڵتانی خوێن بکا و دەنگی ئازادیخوازنی کوردستان کپ بکا، بەڵکوو لە تارانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵقەی دەسەڵاتی بچووک دەکردەوە و هەر کەس و لایەنێک کە بەجۆریک باسی لە دێموکراسی و سێکۆلاریزم و مافی نەتەوەکان دەکرد، لەلایەن دەسەڵاتی پاوانخوازەوە دەخرایە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات.

موجاهیدینی خەلق یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوو کە لە سەرخستنی شۆڕشدا دەوری بەرچاوی گێڕا، بەڵام دواتر کەوتە بەر تیغی غەزەبی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. موجاهیدینی خەلق کە ئیتر وەک نەتەوەی کورد ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ناسیبوو، لە کۆماری ئیسلامی کەوتە نەبان و دەستی دۆستایەتیی بۆ لای حیزبی دێموکرات درێژ کرد.

مجاهیدین سەرەتا بە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە ڕۆژنامەی "مجاهد" کە ئۆرگانی ئەو سازمانە بوو،

ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و نێوەرۆکی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران ناساند. ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە پێشی بە زۆر چەواشەکاریی ڕێژیم لەدژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد گرت.

هێزە ڕزگاریخوازەکان بۆ وەلانانی ڕێژیمی خومەینی لەسەراسەری ئێران دەبوا لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە، ئەمەش بوو بە هەوێنی دامەزرانی شوڕای میللیی بەرگری.

مەسعودی ڕەجەوی بەمەبەستی بەشداریکردنی حیزبی دێموکرات لەو شوڕایەدا کە دەیویست ببێتە بەدیلی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٠، وێنەیەکی ڕوونووسی بەرنامەی شوڕای میللی بەرگری بۆ حیزبی دێموکرات نارد، حیزبی دێموکرات دوای وتوویژی چڕ لەگەڵ موجاهیدینی خەلق، ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ وەڵامی نامەکەی دایەوە و بەفەرمی چوونی خۆی بۆ نێو شوڕای میللیی بەرگری ڕاگەیاند.
لە درێژەی هاوکاری و پێوەندی لایەنە ئێرانییەکان و حیزبی دێموکرات لەو شوڕایەدا، ئەندامانی شوڕا لەسەر تەفسیری

هەڵە لە بەندێکی پێڕەوی نێوخۆی ئەم شوڕایەدا، لە هەوڵێکی دوور لە ئەساسنامەییدا ئەندامەتی حیزبی دێموکراتیان خستە ژێر پرسیار!

حیزبی دێموکرات وێڕای هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی یەکیەتیی نێوان ئەندامانی شوڕا، ئەم هەوڵەی ئەندامانی شوڕای پێ ناياسايی و دوور لە پرەنسیپە پەسەندکراوەکانی شۆڕا دەدی، هەربۆیە لەکۆتاییدا ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤ کشانەوەی خۆی لە شوڕای میلليی بەرگری ڕاگەیاند.

### تاقمی حەوت کەسی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی چارەنووسی کورد، لەلایەک دەبوا ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی قایم‌وقۆڵ ڕابوەستێ و، لەلایەکیش لە کوردستان بەردەوام تووشی تەنگوچەڵەمەی زۆر دەبۆوە و سەرئێشەیان بۆ ئەو حیزبە دروست دەکرد.

حیزبی توودە کە لە نێوەرۆکدا بەتاڵ ببۆوە و خاوەنی تەشکیلاتێکی هەڕۆڵ بوو، کاتێک کە بێهیوا بوو لەوەیکە حیزبی دێموکرات بخاتە ژێر فەرمانی خۆی، دەستی بە ئاژاوەگێڕی و بنکۆڵکردنی حیزب کرد. دوای ڕازیکردن و هەڵخەڵەتاندنی ٧ کەس لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، بەیاننامەیەکیان پێ بڵاو کردنەوە و حیزبی دێموکراتیان تاوانبار کرد بەوەیکە شەڕخوازە و نایهەوێ پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتیانەوە چارەسەر بکا و گرێدراوی دەوڵەتی عێراقە!

تاقمی حەوت کەسی کە پێیان وابوو کلیلی چارەسەری پرسی کورد بەدەست ئەوانە، پاش ڕوون‌بوونەوەی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و دیتنی ئەو هەموو جینایەتەش، بڕیاریان دابوو کە بگەڕێنەوە نێو باوەشی ڕێژیم! لەبەرامبەردا پەیام و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرا، زۆر دەقیق و ڕوون بوو. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کردەوەی تاقمی حەوت کەسی بە خیانەت ناوبرد و بڕیاری دا لەقاویان بدا.

خەڵکی مەهاباد لەسەر داوای حیزبی دێموکرات لە چەشنی میتینگی ١١ی ڕەشەمە جارێکی دیکە کۆ بوونەوە. دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرز نەدەکەوت، دوکتور قاسملوو لە سەرشاخان (بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات)ڕا هاتبۆوە نێو شار و وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا نێورۆکی ئەم تاقمە و سیاسەتەکانی پشت ئەم کارەی بۆ خەڵک شی کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

شەڕی ئێران و عێراق و هەڵوێستی حیزب بەنیسبەت ئێران، پێوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێژیمی عێراق ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو وەها لە خەیاڵپڵاوەکانی خۆیدا نغرۆ ببوو کە لەلایەک دەستی لە سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران نەدەپاراست و لەلایەکیش دەرگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لەخۆی داخستبوو، ئەمجارەیان پێشنوێژەکانی نوێژی هەینی لە تاران پێیان ئەسپێردرابوو کە لە وتارەکانی نوێژی هەینیدا، باس لە ڕزگارکردنی عێراق بکەن لە دەست بەعس و دەیانگوت کە ڕێگای قودس بە کەربەلا دایە!

دیارە کێشەی نێوان عێراق و ئێران تازە نەبوو و میراتی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتیی پاڵەوی و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، هەروەها جوابکردنی خومەینی لە نەجەف لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق بیانوو بوو بۆ پەرەپێدان بەو دوژمنکارییە لەلایەن ئێرانەوە و لە ئەنجامی تۆپباران کردنی پاسگاکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە، سەدام تووڕە بوو و لە بەرچاوی بیرورای گشتی، ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایری دڕاند و ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩، هێرشی بۆسەر خاکی ئێران دەست پێ کرد.

حیزبی دێموکرات ئەوکات وێڕای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ڕەزبەری ١٣٥٩ لە پەیامێکدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆسەر خاکی ئیرانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی داخوازییە بنەڕەتییەکانی

خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ، حیزبی دێموکرات ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کە بۆ لێفێربوون دەبێ، ئەوەبوو کە بە پێچەوانەی زۆر کەسایەتیی ئێرانی و تەنانەت باشووری کوردستانیش، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات هەرگیز هەڵپەی دەرکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و هیچ داگیرکەرێکی کوردستانیان نەبووە، هەروەها حیزبی دێموکرات هەرگیز داوای دەوڵەتی عێراقی سەبارەت بە دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوور قەبووڵ نەکردوە. گەورەترین شانازی حیزبی دێموکرات ئەویە کە خاڵی ڕەشی لە کارنامەی پێوەندی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا نییە و لەسەر حیسابی تێکدانی خەبات و تێکۆشانی هیچ پارچەیەک، خەباتی خۆی درێژە پێ نەداوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سیاسەتمەدار و ئەدیبی بەناوبانگی گەلی کورد لە کتێبی "حەقیقەتی مێژوو"دا لەبارەی پێوەندی دوکتور قاسملوو و سەدام حوسێندا دەڵێ: "سەدام حوسێن مرد، قاسملوو حازر نەبوو ببینێ و لە تەلەفزیۆن

دەگەڵی دەرکەوێ. زۆرجار بەیەکەوە دانیشتوون بە تایبەتی لە جەریانی ئەو موفاوەزاتەی کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیدا هەبوو، بەڵام ئامادە نەبوو لە تەلەفزیۆن دەربکەوێ. قاسملوو دەیگوت: "چۆن دەکرێ ئەمن لە تەلەفزیۆن دەربکەوم و کوردی عێراقیش هەموو ڕۆژێ جەنازەی بۆ بێتەوە!؟"

هەروەها دوکتور مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کوردی باشووری کوردستان، سەبارەت بە ڕابردووی پێوەندی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی عێراق پەردە لەسەر زۆر ڕاستی هەڵدەداتەوە کە لە ئارشیوی موخابەراتی عێراقدا دەست کەوتبوون و بە ئاماژە بە ڕابردووی پاک و بیگەردی حیزبی دێموکرات دەڵێ: "ئەوەی گرنگە شێوازی هەڵسوکەوتی دێموکرات لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوو، ئەوکاتە ئێمە لە بەر سنوورەکە پێوەندیمان لەگەڵ ئێران هەبوو و ئەوانیش لەگەڵ عێراق بەڵام هیچ وەختێک شتێکیان لەگەڵ حکوومەتی سەدام و عێراق نەکردوە کە زەرەری بۆ کوردی عێراق هەبێ، ئەوە زۆر موهیمە. بیرم دێتەوە دوکتور قاسملوو بەڕەحمەت بێ زۆر ئەهات و ئەچوو دەیانەویست لە بەغدا تەرتیبی چاوپێکەوتنێکی بۆ بکەن لەگەڵ سەدام، چەند جارێک خۆی لێ دزیەوە، نەیدەویست تێکەڵاو بێ و ئەیوت من ئەگەر سەددام ببینم لە تەلەڤیزیون دەرئەچێ و ئەویش ئەیهەوێ مەدحی بکەین، منیش ناتوانم ئەوە بکەم. کەم هەیە سەرکردەی کورد بەو شێوەیە فکر بکاتەوە، ئەو دەیتوانی زیاتر کەڵک وەربگرێ، دەیانتوانی چەک وەربگرن، پارە وەرگرن بەڵام قەت نەیانویست بچنە ئەو خانەیە کە بە زەرەری کوردی عێراق بێ، ئەوە شتێکی گرینگە بە قەناعەتی من لەبەر ئەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ

ڕژێمی بەعس و لە گەڵ سەددام کەم بوو بچووک ببوو، دەسکەوتی کەم بوو، بەڵام گوێیان نەئەدایە. ئەوە کارێکی نیشتمانپەروەرانە و باشە. حیزبی دێموکرات نەیویستووە دەسکەوتێکیان هەبێ لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی تر. بمانهەوێ و نەمانهەوێ جوغرافیا وای کردوە کوردی عێراق دەبێ پەیوەندیی بە ئێران و تورکیە هەبێ، کوردی ئێران لەگەڵ عێراقی هەبێ و ئەویتر لەگەڵ ئەوەیتر، جوغرافیاکەمان وایە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە دەبێ بە شێوەیەک بێ لەسەر حیسابی کوردی ئەو پارچەیە نەبێ. ئێستا ئێمە پەیوەندی بە ئێرانەوە دەکەین نابێ لەسەر حیسابی کوردی ئێران بێ و زەرەر بە کوردی ئێران بگەیەنین و تورکیەش عەینی شت. حیزبی دێموکرات ڕەچاوی ئەوەیان کردوە و توانیویانە لەو پەیوەندییە کە هەیانە ئەو باڵانسە ڕابگرن. ئەوە گرینگە، حیزبی تر هەبوو لە کوردستانی عێراق ئەو باڵانسەیان ڕانەگرتوە، نەیانتوانیوە ڕایبگرن، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو کارەی حیزبی دێموکرات یەکێکە لە خاڵە گرینگەکان و خاڵە ئەرێنیەکانی ئەو حیزبە، ئەوەش لە خەباتدا جێگای تەقدیرە".



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

### سەرباری ئەمەش حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو دەوری باشیان گێڕا لە سەرخستنی موفاوەزاتی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور و دەوڵەتی عێراق.

#### مانگی دیفاع لە ئازادی

هێشتا دوو ساڵ بەسەر دەسپێکی شەڕی نگریسی نێوان ئێران و عێراق تێنەپەڕیبوو کە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بەردەوام بوو لە هێرش بۆ سەر کوردستان. لەونێوەدا ڕێگای نێوان سەردەشت - پیرانشار بایەخێکی ستراتێژیکی هەبوو بۆ گەیاندنی یارمەتی و تەداروکات بۆ هێزی پێشمەرگە، هەربۆیە ڕێژیم دەیهەویست دەستی بەسەردا بگرێ. ئەوکات حیزبی دێموکرات لە پەیامێکدا بۆ دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان داوای هێزی یارمەتی دەکا بۆ پاراستنی ئەو جادەیە. لەوەڵامی ئەو داوایەی حیزبی دێموکرات یەکیەتیی نیشتمانی ١٥٠٠ پێشمەرگەی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کرد و لەژێر ناوی هێزی پشتیوان قارەمانەتیی زۆریان نواند.

هێرشەکانی ڕێژیم بۆسەر کوردستان درندانە بوو و پێویست بوو کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانیان هەڵوێست بگرن. هەربۆیە دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب لەپەیامیکی ڕادیۆییدا ماوەی ٢٠ی خەرمانان تاکوو ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٦١ی، وەک "مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجودییەتی گەلی کورد" ڕاگەیاند.

دوکتور قاسملوو داوای لە کۆمەڵانی خەڵک کرد کە لە هەموو ناوچەکان بۆ دیفاع لە ئازادی و شەرەفی خۆیان وەکار کەون و "کچ و کوڕ و ژن و پیاو و گەنج و پیر لەو دیفاعەدا بەشدار بن".

لەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو ئەرکەکانی کۆمەڵانی خەڵک، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی بەرگریی میللی و بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی بە وردی دەستنیشان کردبوو.

هەر لەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی ئەرکدار کرد کە پەیوەستی هێزی پێشمەرگە بن و چەکی دیفاع لە خاک و خەڵکی کوردستان هەڵبگرن: "هەموو شتێک بۆ جەبهە، هەموو ئیمکانێک بۆ سەنگەر" ببوو بە دروشمی گشتیی خەڵک لەبەرگری ڕەوادا.



سەرچاوە Serchawe

### بەشداری و ئەندامەتی لە ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا

حیزبی دێموکرات وێڕای تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەردەوام هەوڵی دەدا کە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە دۆخی کورد ئاگادار بکاتەوە، لەم پێوەندییەشدا دوکتور قاسملوو بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە پاشخانی دۆستایەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبە سوسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا، دەرگای ڕێکخراوی جیهانی "ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست"ی بە ڕووی کورد و حیزبی دێموکراتدا کردەوە و بۆ یەکەم جار دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٥ وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات لە حەڤدەهەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست، لە لیمای پایتختی وڵاتی پێرۆ بەشدار بوو.

لەدرێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە و بەشداریی بەردەوامی حیزبی دێموکرات لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، سەرەنجام ساڵی ١٣٧٥ لە بیستەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکی ئامریکا پێکهاتبوو، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بانگهێشت دەکرێن و حیزبی دێموکرات لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی چاودێر وەردەگیرێ و هەنووکە ئەندامی ئەسڵییە لەو ڕێکخراوە جیهانییە.

بەشداریی حیزبی دێموکرات لە وەها ڕێکخراوێکی جیهانیدا کە حیزب و لایەنە پێشکەوتووخوازەکانی دنیا و بە تایبەت ئورووپای لە خۆیدا کۆکردبۆوە، ئەوکات و ئێستاش پڕبایەخە، بەتایبەت ئێستا کە کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان نوێنەری نییە، ئەوا ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست باشترین دەرفەت و سەکۆیە بۆ ناساندن و

پەیداکردنی دۆست بۆ دۆزی ڕەوای کورد.

### بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزب

لە گەرمەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوو ڕێژیمی ئێران و عێراق لە شەڕدابوون، خاکی کوردستانیان کردبوو بە مەیدانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، کە دەکرێ بڵێین شەڕی ئێران و عێراق لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە یەکێک لە پڕخەسارترین شەڕەکان هەژمار دەکرا.

## بەشی چوارەم

لەکاتێکدا کە بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕاگیرانی شەڕ دەرچووبوو، بەڵام هەردوو ڕێژیم بەردەوام بوون لە شەڕ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و شیمیایی لە دژی یەکتر. بێ فەرق و جیاوازی، هەردوولا ئەو چەکانەیان بەسەر خەڵکی کورددا دەباراند.
هەڵەبجە و سەردەشت و زەردەی داڵاهۆ، ئەو ناوچانەن کە ڕێژیمی عێراق بە چەکی شیمیایی بۆردومانی کردن و هەر ئەوکات حیزبی دێموکرات زۆر بوێرانە و بەڕوونی ئەم کردەوەی ڕێژیمی عێراقی مەحکوم کرد. دوای ئەوەیکە شاری هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە کیمیاباران کرا، دوکتور قاسملوو کە تەنیا سەرکردەیەکی کورد بوو کە لەدەرەوەی وڵات دەنگی دەبیسرا دەستبەجێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکان و هەروەها لە پاریس کۆنفرانسێکدا لە دەرەوەی وڵات، ئەم جینایەتەی ڕێژیمی عێراقی لەقاو دا و هەروەها زۆر بە توندی ئەم کردەوەی ڕێژیمی مەحکووم کرد.

### ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و هەڵوێستی حیزبی دیموکرات

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، دەوڵەتی عێراق هەدادانی نەبوو و لە هێرشێکی کتوپڕدا دەستی بەسەر خاکی کوێتدا گرت.
ئەو داگیرکارییەی دەوڵەتی سەدام، تووڕەیی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، و شەڕێکی پڕخەسار و ماندووکەری جارێکی دیکە تووشی سپای عێراق کرد و ئەمجارەیان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گورزی سەربازی لەسپای عێراق وەشاند.
ئاکامی ئەو لەشکرکێشییە بوو بە هۆکاری ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین (هێڵی ٣٦ دەرەجە). ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە ئاواتەکانی خۆی بگا.

ئەوکات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور لە چیاکان دەرفەتێکی مێژوویی چارەنووسسازیان بۆ هەڵکەوت، وەک ڕێبەران و فەرماندەکانی ئەوکاتی شۆڕشی کوردی باشوور دەیگێڕنەوە، بزووتنەوەکەیان لەوپەڕی دەسکورتیدا بوو کە پەنا بۆ حیزبی دێموکرات دەبەن و حیزبی دێموکراتیش سەرجەم سەرمایەی خۆی دەخاتە خزمەتی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان.

### تێرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ئورووپا و باشووری کوردستان

حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و هەوڵی داوە کە پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتییانەوە

## بەشی چوارەم

لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چارەسەر بکا، بەڵام مخابن دەوڵەتی ئیسلامیی تاران هەر لە سەرەتایدامەزرانییەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە نەبووە.
ئەم ڕێژیمە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا وتوویژی وەک دەرفەت بەکارهێناوە هەم بۆ خۆڕێکخستنەوە و هەمیش بۆ زەربە لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. ئەم ڕێژیمە بە بیانووی دیالۆگ بۆ چارەسەری پرسی کورد، ساڵی ١٣٦٨ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتوویژ تێرۆر کرد، ساڵی ١٣٧١ و بۆ جارێکی دیکە دوکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنووسی ئاڵمان تێرۆر کرد. جیا لەوانە تێرۆری دەیان کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بە نیازی سڕینەوەی حیزبی دێموکرات، هەمیشە لەبەرنامەی کاری ئەو ڕێژیمەدا بووە.

ئەم ڕێژیمە بێ ئەوەی بۆ جارێک بە خەیاڵیدا بێ ئاوڕێک لە چارەسەری پرسی کورد بداتەوە، تەنیا لەبیری پیلانگێڕیّ و تێرۆر و سڕینەوەی ئەم حیزبەدا بووە و بەردەوام ڕێبەرانی بزووتنەوەی کردۆتە ئامانج.
دوایین جار ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، سپای پاسدارانی ڕێژیم بە نیبەتی کۆتاییهێنانی یەکجاریی بە ویست و داوا ڕەواکانی کورد، قورسترین چەکی لەدژی حیزبی دێموکرات بەکار هێنا و لە ڕێگای مووشەک و درۆن پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج کە بەداخەوە ١٦ تێکۆشەری دڵسۆز شەهید و بەدەیان کەسیش بریندار بوون کە شەش کەس لە شەهیدەکان ئەندامی ڕێبەری حیزب بوون.

لەوەڵامی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی کوردستان ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ بە مانگرتنی گشتیی وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەم کارەی سپا، جارێکی دیکە بە ڕێژیمیان سەلماند کە حیزبی دێموکرات حیزبی گەلی کوردە و گەلی کورد خاوەندارییەتی لە ڕۆڵەکانی خۆی دەکا.

لە ڕاستیدا مانگرتنی خەڵکی کوردستان دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لە نەوعی خۆیدا ڕێفراندۆمێک بوو کە جارێکی دیکەش خەیاڵپڵاویی کۆماری ئیسلامیی بۆ لەناوبردنی حیزبی دێموکرات تاهەتایە لە گۆڕ نا.

**لەکۆتاییدا ئەوە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەو حیزبەن کە بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی خۆیان ئەو ڕێژیمە ڕادەماڵن و داهاتوویەکی گەش بونیات دەنێن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچ ، ٤ی و ٢٠ ئەپریلی ٢٠٢٢

# کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات

## (دەورەی پەهلەوی)




**د. ئازاد محەممەدیانی**


* پێشەکی
* زەمینەکانی پێکهاتنی یەکەم گوتاری سیاسیی کورد
– گوتاری سیاسیی شوناس‌خوازانەی حیزبی دێموکرات
– گوتاری سیاسیی بەشداریخوازیی حیزبی دێموکرات
– گوتاری سیاسیی شوناس‌خوازانەی قەومیی حیزبی دێموکرات
– گوتاری سیاسیی شوناس‌خوازانەی بەشداریویستی حیزبی دێموکرات
* ئاکام




سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

# پێشەکی

بەهۆی جیاوازیی جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری لە ئێراندا، کۆمەڵگەی ئێران دەستەویەخەی هێندێک کەلێنە. پاش سەرهەڵدانی مودێرنیتە لە ئێران کەلێنی سونەت - مۆدێرنیتە یەک لەو کەلێنە گرینگ وکاریگەرانە بووە کە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێراندا بوونی هەبووە، ئەگەرچی لە ئێراندا هێندێک کەلێنی دیکەی وەک کەلێنی چینایەتی، کەلێنی نەوەکان و جنسیتی بوونی هەبووە بەڵام هیچ کام لەوانە تا هاتنە ئارای مۆدێرنیتە، نەبوونەتە هۆی پێکهاتنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، چون بە قەولی مارکس، کۆمەڵگە بە دەوری ئەم کەلێنانەوە بە هۆی نەبوونی خۆئاگایی کۆ نەبوونەتەوە، تا ببنە هۆی پێکهاتنی قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەواتە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەک نەبووە کە کەلێنە کۆمەڵایەتیەکان ببنە هۆکاری پرسی سیاسی. بەڵام وەک "ڕیچارد کاتم" دەڵێ ئێرانی چەند نەتەوەیی ئەو بەستێنەی بۆ ئامادەیە تا بە هۆی هەبوونی چەند پێکهاتەی جیاواز و جۆراوجۆری نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە کەلێنی لەم جۆرە ساز بێت و ئەم کەلێنانە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بخوڵقێنن.

هاتنەسەرکاری حکوومەتی پەهلەوی و بڕیاری ڕەزاشا بۆ مۆدێڕنکردنی ئێران و پێکهاتنی گوتارێکی سیاسیی مۆدێرن خوازانە، کە ناسیۆنالیزمی کەوناراخواز لە داڵە هەرە گرینگەکانی ئەم گوتارە بوو، حەولی بۆ هاوشێوە کردنی ئێران دەدا. ئەگەرچی لە کورت خایەندا بە کەڵکوەرگرتن لە زەبروزەنگ، ڕەزاشا توانی ڕواڵەتێکی هاوشێوەی خولیاکانی خۆی لە ئێران ساز بکا، بەڵام لە درێژماوەدا و بە هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتە زۆرەملیەکەی و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەند، هێندێک داواکاری، گرووپ، ڕێکخراوە و قەیران بە شێوەیەکی گشتی بە دەوری کەلێنی نەتەوەییەوە پێک هاتن، بە جۆرێک کە گوتاری زاڵی ڕەزاشا ئەویتری سەرەکییان بوو. ئەم بابەتانە حیکایەتی لە قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی دەکرد کە ڕەزاشا پێیوابوو بە سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوە سازییە زۆرەملیە ناسیۆنالیستییەکەی خۆی دەیسڕێتەوە. کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بەرهەمی ئەم دۆخە بوون. دوای هەرەسهێنانی ئەم کۆمارانە و زاڵبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەند بە سەر ئەم ناوچانەدا، سیاسەتی ڕەزا شا لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی قەومی کەوناراخواز بە توندوتیژییەکی زۆرەوە لە لایەن پادشای نوێوە پەیڕەو کرا. ئەم سیاسەتە؛ قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی لێ کەوتەوە، جگە لە قۆناغێک، کە سیاسەتی ناسیۆنالیستیی قەومخوازانەی محەمەدڕەزا جێی بۆ ناسیۆنالیزمی لیبراڵی محەمەدی موسەدیق بەجێ هێشت کە بەشداری پێکهاتەکان لە قۆناغێکی تایبەتی لێ کەوتەوە.

هاوکات لەگەڵ گۆڕانی گوتاری سیاسی ناوەند، گۆڕانکاری لە گوتاری سیاسیی کوردیشدا بە دی دەکرێ و بە نیسبەت هەر

گۆڕانێک لە ناوەند گۆڕانێک لە گوتاری سیاسیی کورددا ڕوو دەدا.

ئەم وتارە بە پشتبەستن بە تیۆریی لێکدانەوەی گوتاری "لاکلاو مۆفە" حەول دەدا گۆڕانکارییەکانی گوتاری سیاسیی کورد لێک بداتەوە و لە ڕاستیدا ئەم وتارە دەیهەوێ کاریگەرییەکانی ناسیۆنالیزمی ناوەند لە سەر پێکهاتن و گۆڕانی، ناسیۆنالیزمی کورد و لە ئاکام دا گوتارە سیاسیەکەی لێک بداتەوە.

### زەمینەکانی پێکهاتنی یەکەم گوتاری سیاسیی کورد

ڕووداوەکانی خەرمانانی ۱۳۲۰ و ئازادبوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکامی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی ناوەند دوای تەبعیدی ڕەزاشا، بووە هۆی نیوە ئاشکرابوونی کۆمەڵەی "ژ - ک" کە لە ساڵی ۱۳۱۷ەوە تا ئەو کات بە شێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد. کۆمەڵەیەک کە دواتر بووە بەردی بناغەی حیزبی دێموکرات کە لە سەر بنەمای خولیا و ئامانجەکانی"ژ - ک" دامەزرا. لە ڕاستیدا ئەگەرچی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە بزووتنەوەی سمکۆوە بە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی باکووری کوردستان یەکەمین بناغەکانی داندرابوو، بەڵام ئەم شێوە ڕوانینە بە پێکهاتنی کۆمەڵەی "ژ - ک" قەوارەیەکی نوێی بە خۆوە گرت. پێگەی کۆمەڵایەتیی "ژ - ک" چینی ناوینی شاریی کوردستان بوو، کە دواتر بوو بە پێگەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات (نادری، ۱۳۹٤، ٤٠ - ٣٦). دوای شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ ئەم بزوتنەوەیە گرینگترین بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات بوو کە بووە بەردی بناغەی یەکەمین حیزبی سیاسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. حیزبێک کە بۆ چەند دەیەیە ئەکتەری سەرەکیی سیاسەتی کوردستانە. حیزبێک کە لە دەورەی پەهلەویدا وەک گرینگترین نیشانەی کەلێنی نەتەوەیی باس دەکرێ و نوێنەرایەتیی گوتاری سیاسیی کوردی بەئەستۆوە بووە، بە شێوەیەک کە گۆڕانکاری لە ڕوانگەی ئەم حیزبەدا گوتاری سیاسیی کوردیشی بە گشتی گۆڕیوە.

### ١- گوتاری سیاسیی شوناسخوازانەی حیزبی دێموکرات

دوای تەبعیدی ڕەزاشا و شکستی حکوومەتەکەی، بە هۆی بەکارهێنانی سیاسەتەکانی بە مۆدێرنکردنی ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە کەڵکوەرگرتن لەو پلانانەی کە پێکهێنەری گوتاری پەهلەویی یەکەم بوو، دۆخێک لە ئێران هاتە ئاراوە کە هاوکات لەگەڵ لاواز بوونی ناوەند، هێندێک هێزی سیاسیی نوێ لە ناوچە جیاوازییە نەتەوییەکاندا هاتنە مەیدانەوە، کە کوردستان یەک لەو ناوچانە بوو. ئەگەرچی پێش ئەو قۆناغەش لە کوردستان بزووتنەوەی دیکە لە ئارادا بوون کە شۆڕشی سمکۆ گرینگترینی ئەم بزووتنەوانە بوون کە شکستی هێنا. بەڵام ئەو قۆناغە نوێیە بە داگیرکردنی ئێران

لە لایەن سۆڤیەت و بریتانیا و سازبوونی بۆشایی دەسەڵات هاتە ئاراوە. ئەم بۆشاییە لە دەسەڵاتدا لە کاتێکدا ڕووی دا کە دوو دەیە بوو ڕەزاشا حەولی سازکردنی دەوڵەت - نەتەوەی لەسەر بنەمای قەومی و ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازدا دەدا. بە بڕوای "ئیستین ڕۆکان"(١) لە وەها دۆخێکدا پێکهاتنی نیزامە سیاسییەکان هاوکات دەبن لەگەڵ کێشەوگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لەم نێوانەدا پێکهاتنی دەوڵەت - نەتەوە، کە یەک لە قۆناغە گرینگەکانیەتی لەگەڵ کێشە و توندوتیژی زیاتر ڕووبەڕوو دەبێ .(Lipset and Rokkan, 1967, 42-4)

سەرەڕای ئەوە واتە جەختکردن لەسەر سازکردنی دەوڵەت - نەتەوە بەم شێوەیە، سازبوونی ئەم بارودۆخە نوێیەش کە ئێرانی تێکەوتبوو، دەیتوانی بەستێنێکی گونجاو پێک بێنی، بۆ قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی، کە "ڕووکان" جەخت لە سەر ئەم پێشهاتەیە لە قۆناغە هەستیارە مێژووییەکاندا دەکا. کەواتە لەم کاتەدا بە پێی تێئۆریی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئیستین ڕووکان، هەل بۆ پێکهاتنی گوتارێکی سیاسی لە دەوری کەلێنی نەتەوەیی، فارس-کورد و جۆرێک ناسیۆنالیزمی قەومی کە لە دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیسمی ئێرانی ڕەزاشادا بوو ڕەخسا. چون هەم بارودۆخی مێژوویی بەهۆی بۆشایی دەسەڵات لەبار بوو هەمیش ئەم گوتارە بە درێژیی ساڵەکانی دەسەڵاتی ڕەزا شا خەریک بوو پێک دەهات. دەتوانین ئەم قۆناغە وەک سەرەتای شکڵگرتنی گوتاری سیاسی کورد ناودێر بکەین. کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی سیاسیی کورددا بەم شێوەیە پێک دەهات، چون لەم قۆناغەدا ڕێبەریی سیاسی کورد لە ئەستۆی حیزبێکدا بوو کە پلان، ئەساسنامە و ڕێکاری بۆ بە بەڕێوە بردنی خولیا نەتەوەییەکانی گەلەکەی هەبوو.

**حیزبێک کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ئێعلامی مەوجودییەتی کرد و بووە ڕێبەری سیاسیی کورد بە گوتارێکی سیاسی نەتەوەیی نوێوە.**

لە کاتێکدا کە بەشی هەرە زۆری سیاسەتەکانی ڕەزاشا لەسەر بنەمای هاوشێوەکردنی کولتووری، ئێتنیکی و نەتەوەیی و سەپاندنی شێوە ڕوانینی خۆی و سەرکوتی هێزە ناوەندنەخوازەکان بە پێداگری لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی کەوناراخواز بۆ وەدیهاتنی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی شکڵی گرتبوو، لە کوردستان حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەی ئێعلام مەوجودییەتی خۆیدا جەختی لەسەر مافی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران، پێکهاتنی ئەنجومەنە ئەیالەتییەکان(٢) لە سەر بنەمای یاسای بنەڕەتی و مافی خوێندن بە زمانی زگماکی (کوردی) دەکرد.(ایگلتۆن، ١٣٦١، ١٠٣). لە ڕاستیدا گوتاری سیاسیی کورد لە دژایەتی لەگەڵ گوتاری ناسیۆنالیستیی پەهلەوی، بە دوای شوناسێکی تایبەت، لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمێکی شوناسخوازانەدا بوو، کە ئەم شوناسە بە هۆی ناسیۆنالیزمی هاوشێوەسازی پەهلەوییەوە کەوتبووە بەر

هەڕەشەی لە نێوچوون. سیاسەتی «ئێرانیزاسیۆن»ی پەهلەویی یەکەم، کە پێشمەرجی، پێکهاتنی دەوڵەت - نەتەوەیەکی مۆدێڕن بە ژمار دەهات، پشتی بە نزیکبوونەوەی هەنگاو بە هەنگاوی قەومی و نەتەوەیی و کەمایەتییە قەومی و ناوچەیی و مەزهەبییەکان نەبەستبوو. ئەم سیاسەتە لەسەر بنەمای سڕینەوەی قەومی و حاشا کردن لە جیاوازییەکان دامەزرابوو، هەر بەم هۆیەش کێشەی نێوان ئەم جیاوازییانە و دەوڵەتی ناوەندی لێ کەوتەوە.(آبراهامیان، ١٣٨٣، ٣٠١ - ٣٠٠)

گوتاری سیاسیی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، لە یەکەمین قۆناغی ژیانی سیاسیی خۆیدا بە دەوری کەلێنی نەتەوەیی کە بەهۆی ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازی قەومی پەهلەویی یەکەمدا قووڵ ببۆوە، بە جومگەبەندیی هێندێک لە واتا و چەمکی گوتاریی، پێک هات. ئەگەرچی لەم قۆناغەدا بۆ یەکەم جارە کە داواکاریی «خودموختاری» لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات دێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردەوە. بەڵام ئەم واتایە نەیدەتوانی لە دۆخێکدا کە شوناسە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکەی بە هۆی پلانە هاوشێوەسازییەکانی دەوڵەت - نەتەوە سازی پەهلەویەوە کەوتبووە بەر پەلامار، وەک دالی ناوەندیی ئەم گوتارە بێتە ئەژمار. بەپێی سوخەنرانی و دیمانەکانی قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و سەرکۆماری دەوڵەتە ناوچەییە کوردییەکە و بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا، پێداگری لەسەر زمانی کوردی وەک خاڵێکی گرینگی پێکهێنەری شوناسی نەتەوەیی دەردەکەوێ،

**کە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەتوانین سەرنج بدەینە ئەم بڕگانەی خوارەوە؛**

- لە بڕگەی دووهەمی بڵاوکراوەی ئێعلام مەوجودییەتی حیزبی دێموکراتدا، ئاماژە بە «مافی خوێندن بە زمانی زگماکی» دەکرێ.
- لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتدا؛ جەخت لەسەر کوردیبوونی زمانی فەرمیی دایرەکان و دەرکردنی بڵاڤۆکی «کوردستان» وەک ئۆرگانی ڕەسمیی حیزب و بڵاوکردنەوەی بابەت بە زمانی کوردی دەکرێ.
- لە قەتعنامەی کۆتایی وتووێژەکانی حیزبی دێموکرات و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا؛ ئاماژە بە پەرەدان بە زمانەکانی کوردی و ئازەری لە ناوچە ژێر دەسەڵاتەکانی یەکتریدا دەکرێ.
- لە ڕێکارنامەی حکوومەتی ناوچەیی کوردستاندا ئاماژە بە پێویستیی هەڵگرتنی ناوە غەیرە کوردییەکان لەسەر قوتابخانە و دایرەکان و دانانی ناو و نازناوی کوردی کراوە. (خوشحالی، ١٣٨٠، ٥٤ - ٣١)

لە کاتێکدا «شا دەیویست بە داسەپاندنی زمانی فارسی وەک زمانێکی تایبەت و زۆرەملی لە کاروباری حکومەتی و ڕۆژنامە

و ڕاگەیاندن و کتێبەکاندا، بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕێ بە پەرەسەندن و مانی زمانی کوردی بگرێ» (انتصار، ۱۳۹۰، ٦١) بەڵام زمانی کوردی لەم قۆناغەدا وەک یەکێک لە گرینگترین واتاکانی گوتاری سیاسیی کورد، خۆ دەنوێنێ و چەشنی چەمکێکی پێکهێنەری شوناس دەبێتە بنەڕەتیترین واتای ئەم گوتارە، بەو هۆیەی کە پەراوێز خستنی زمانی شوناسێکی نەتەوەیی دەتوانێ ببێتە هۆی سڕینەوەی ئەم شوناسە، پێداگری لە سەر زمان بە هەمان شێوە دەتوانێ ببێتە هۆکاری پێکهاتنی شوناس. لە ڕاستیدا «دەسەڵاتدار بە تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە سەلماندنی شوناسی زمانی ئەویتر بە مانای دانپێداهێنان بە بوونی ئەم پێکهاتەیەیە، حەول بۆ تێکدانی ئەم شوناسە زمانیە دەکا... نەتەوەیەک کە زمان وەک تاکە چەمکی مانا بەخش و ڕاگوێزەری کولتوور لە دەست بدات، ناچارە بە قەبووڵکردنی زمانی ئەویتری، فەرهەنگی ئەویتری و هەر لەم ڕێگایەوە شوناس و دەسەڵاتی ئەویتر».(رضایی، ١٣٨٥، ١٦٥ - ١٦٤)

هەرەسهێنانی کولتووری و زمانی و لە ئاکامدا هەرەسهێنانی شوناسێکی ئێتنیکی و نەتەوەیی ژێرستەم لە دەورانی ئێستیعماری و تەنانەت لە دەورەی پاش ئێستیعماریشدا بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە نەتەوە ژێردەستەکان لە ڕێی ململانێی زمانییەوە بەرگرییان لە شوناس و کیانی سیاسیی خۆیان کردوە. «دژکردەوە بە نیسبەت هەڕەشەی نەتەوە و هێزی باڵادەست چ لە چوارچێوەی زمان و کولتوور و چ لە قەوارەی کێشەی سەربازیدا، بەردەوام بەشێکی لە مێژووی وڵاتانی بە خۆوە گرتووە، کە لە ئاکامدا یا بەرهەمهاتنی بیری نوێ و پێکهاتنی گوتارێکی نوێی لێ کەوتۆتەوە یا بۆتە هۆی مانەوەی زمان، شوناس و نیشتمانی نەتەوەی ژێردەست».(هەمان، ١٦٩) کەواتە لەو سەردەمەدا کە زمانی کوردی وەک زمانی پێکهاتەکانی دیکەی ئێران بە هۆی پلانی دەوڵەت-نەتەوە سازی ڕەزاشاوە کەوتبووە ژێر گوشارەوە، زمان وەک چەمکێکی پێکهێنەری شوناس، لەنێو گوتاری سیاسیی کورددا خۆ دەنوێنێ و وەک دالی ناوەندیی «گوتاری سیاسیی شوناسخوازیی حیزبی دێموکرات» واتاکانی دیکە بە دەوری خۆیدا جومگەبەندی دەکا. بە شێوەیەک کە بە پێکهاتنی کۆماری کوردستان، لە ڕێی نیزامی پەروەردەییەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە گۆڤار و بڵاوکراوە و کتێبی پۆل، کۆمار حەولی بۆ پەرەدان و بە فەرمی کردنی ئەو زمانەدا. بە شێوەیەک کە ئەم ژێرخانە دواتر بووە کۆڵەکەی زمانی کوردی لەژێر دەسەڵاتداریێتی هەر دوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا. هەڵبەت ناسیۆنالیزمی قەومیی کورد کە لە دژایەتی لە گەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا شکڵی گرتبوو هێندێک واتای دیکەی لە خۆی کۆ کردبۆوە کە بۆ یەکەم جار بوو دەهاتنە نێو ئەدەبیاتی سیاسی کوردەوە، کە گرینگترینیان "خودموختاری" بوو کە وەک داواکارییەکی گرینگ و سەرەکیی گوتاری شوناسخوازیی حیزبی دێموکرات هاتە بەر باس و داواکردن. هەر وەک لە بڵاوکراوەی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی حیزبی دێموکرات، وتووێژ و قسەکانی سکرتێر و سەرکۆمار دەردەکەوێ، ئەم خودموختارییە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا داوا کراوە و خودموختاری و ئەنجومەنە ئەیالەتییەکان وەک چەمکێکی یاسایی لەگەڵ واتای ئازادی، چەمکە سەرەکییەکانی ئەم گوتارە پێک دەهێنن،

بەشی چوارەم

ئەم واتایانە لە چوارچێوەیەکی گوتاریی شوناسخوازانەدا جومگە بەندی دەکرێن و واتاکانی دیکەی وەک سەربەخۆیی خوازی و تێک دانی دەسەڵات و شکاندنی قەوارەی نیشتمانی ئێرانی دەخەنە لاوە.

پەراوێزەکان:

١- ئیستین رووکان (Stein Rokkan (1921-1979) پێی وایە کە کەلێنی نەتەوەیی یا قەومی یەک لەو کەلێنانەیە کە ئەو توانایییەی هەیە کێشەی سیاسی لە سەر ساز بێت و ئەم کەلێنە ڕاست لە کاتە هەستیارە مێژوویەکاندا ئەم کێشەیە دەخوڵقێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت - نەتەوە سازیش دەتوانێ بەستێنێکی گونجاو بۆ قووڵبوونەوەی ئەم کەلێنە پێک بێنێ، بە تایبەت کە ئەگەر ئەم پرۆژەیە لەسەر بنەمای هاوڵاتی مەدەنی دا نەکرێ کە لە سەردەمی پەهلەوی و دواتریش دەوڵەت نەتەوەسازی لە سەر ئەساسی نەتەوەی باڵادەست و بێ لەبەر چاوگرتنی مافی هاووڵاتی، پێکهاتەکانی دیکە حەولی بۆ دراوە.

٢- لە یاسای بنەڕەتی مەشرووتەی ئێران لە ئەسڵەکانی ٩٣ - ٩١ دا ئەم ئەسڵە بەفەرمی ناسراوە.

***

* ئەم وتارە پێشتر لە کتێبی "قەڵای خۆڕاگری" کە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەری کردبوو، بڵاو بۆوە. ئەوکات بەهۆی ئەوەی د. ئازاد محەممەدیانی لە شاری بۆکان و لە نێوخۆی وڵات دەژیا، لەبەر ڕێوشوێنی ئەمنییەتی بە ناوی "د. ڕزگار موکری" بڵاو کرایەوە و "کوردستان" ئێستا لە سێ بەشدا بڵاویان دەکاتەوە.

## گوتاری سیاسیی بەشداریخوازیی حیزبی دێموکرات

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێکانی، کەشوهەوای مەهاباد و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار میلیتاریزە و پۆلیسی کرا و ئەندام و هەوادارانی حیزبی دێموکرات کەوتنە ژێر چاوەدێری و ڕاوەدوونانەوە. شارێک کە بە قەولی "جان فوران" بە شاری کراوەیی سیاسی لە بەرامبەر کۆنترۆڵی توندی حکومەتی ناوی دەهات، دیسان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی. بە پێچەوانەی ناوەند کە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ تا کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دۆخێکی ئازادیی بە خۆیە دەدی و ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی سیاسی و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان دەبیندرا، لە کوردستانی پاش ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٣٢٥دا کەشوهەوایەکی پۆلیسی و ئەمنی حاکم بوو و ئەرتەش ببووە حاکمی ڕەهای کوردستان. سیاسەتی حکوومەت بە نیسبەت کوردستان و بە تایبەت ناوچەی مەهاباد، سیاسەتی داگیرکاریی نیزامی

بوو، واتە ئەم ناوچەیە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشدا بوو، لێپرسراو و مەئمورێک کە دەهاتە ئەم دەڤەرە لە پلەی ناوین بۆ خوارێدا بوو. هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی و کۆمەلایەتی لەو ناوچەیەدا بە دی نەدەکرا، تەنانەت لە مەجلیسی شازدەی شورای میلیدا کە ساڵی ١٣٢٨ کراوە، مەهاباد، ناوەندی کۆماری کوردستان، هیچ نوێنەرێکی نەبوو. بەلام ئەگەرچی لە کوردستان دوای ڕووخانی کۆمار دۆخێکی پۆلیسی زاڵ بوو و بڵاوبوونەوەی چالاکانی سیاسی ببووە هۆی ئەوەیکە کەشوهەوای گەرموگوڕی ساڵەکانی ٢٤ و ٢٥ ببێتە دۆخێکی سارد و سڕ و ناهومێدی باڵی بە سەر ولاتدا کێشابوو، بەلام بە گشتگیربوونی چالاکیی محەممەد موسەدیق لە ناوەند و سەرجەم ئێران و جەختکردن لەسەر لیبرالیزم وەک بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کەشوهەوای کوردستانیش وردە وردە بەرەو جموجۆڵی سیاسی دەڕۆیشت.

دوای ڕەزاشا لە ناوەند، جموجۆڵی کۆمەڵگە بووە هۆی ئەوەی کە دەرفەتێکی هەستیار وە دەست ڕێبەرایەتیی ناسیۆنالیزمی لیبرال بکەوێ. ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم بەشداریی مەدەنیی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی مەشروتەوە خستبووە نێو بەرنامەکانی خۆیەوە، حەولی دەدا لە ڕێی مەجلیسی شورای میللی و هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی ئەم مەجلیسە، گۆڤار و ڕۆژنامەی ئازاد و پەرەدان بە نیزامی حیزبی بە چالاکیی هێندێک حیزبی وەک؛ حیزبی ئێران، حیزبی توودە، حیزبی زەحمەتکێشان، هێزی سێهەم، حیزبی پان ئێرانیست و جیبهەی میللی، قەوارەی دەسەلاتێکی سیاسی بەشداریخواز بە خۆیەوە بگرێ و رووکارێکی تایبەت بەم قۆناغەی مێژووی ئێران بدا. ئەم بارودۆخە توانیبووی کار بکاتە سەر کوردستانیش، هەڵبەت بەو هۆیەی کە موسەدیق وەک ڕێبەری بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەناسرا و سیاسەتی کوردیش لەسەر ئەساسی دژایەتی لەگەڵ ئێمپریالیزم دامەزرابوو، جموجۆڵی لایەنگرانە لە موسەدیق لە کوردستان دەستی پێ کرد. وەک سارمەدین سادق وەزیری دەڵێ: "ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێمپریالیزمی ئینگلیز، بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلانی ئێران، بە شێوەیەک پەرەی سەندبوو و قووڵ ببۆوە کە دەنگدانەوەکەی گەیشتبووە کوردستانیش، ڕۆژنامە چەپییەکان، مەبەست بڵاوکراوە ئاشکراکانە، دەگەیشتنە کوردستان و نەخشێکی بەرچاویان لە وریاکردنەوەی کورد و ئامادەکردنیان بۆ بەشداری لە خەباتی کۆمەلایەتیدا دەگێڕا".

وێڕای ئەوەی کە موسەدیق دژی لایحەکەی ڕەزم آرا(١) بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیالەتی و ولایەتی بوو و نەیهێشت لە مەجلیسی شازدەدا پەسەند بکرێ، بەلام کورد هەرگیز دەستی لە پشتیوانیی موسەدیق لە هیچ قۆناغێکدا هەڵنەگرت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە؛ «دەوڵەتی موسەدیق نوختە گۆڕانێک بوو لە سیاسەتی ئێراندا. چونکە ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی پێشوو جیاوازییەکی ئەساسی هەبوو. حکوومەتێک بوو کە بە پشتیوانیی خەڵک و بۆ چارەسەرکردنی

## بەشی چوارەم

مەسەلەیەکی زۆر گرینگ وەک میللیکردنی نەوت هاتبووە سەر کار و سیاسەتێکی میللی بەڕێوە دەبرد.» (قاسملوو، ١٣٨١) و «جۆری ناسیۆنالیزم و ئامانج و ڕوانگە دێموکڕاتیک و لیبڕالیەکەی موسەدیق و شێوەی حکوومەتکردنەکەی بەسەر خەڵکدا کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بوو، جموجۆڵ و حەزی خستبووە نێو ڕووناکبیرانی کوردەوە»(انتصار، ١٣٩٠). گرینگترین نموونەکانی بەشداریی کورد لە پڕۆسەی سیاسیی ئێران و پشتیوانی لە موسەدیق لەو سەردەمدا؛ یەکەم؛ بەشداری لە ڕاپرسی بۆ پشتیوانی لە موسەدیق بوو بە جۆرێک کە «لە مەهاباد لە نێو پێنج هەزار دەنگدا تەنیا دوو دەنگ بۆ لایەنگری سەڵتەنەت کەوتبووە سندووقەوە»(مک داوال، ١٣٨٠). لە بانەش تەنیا دوو دەنگی هاوشێوە هەبوو. دووهەم؛ بەشداری لە هەڵبژاردنی مەجلیسی هەڤدەیەمدا بوو، «ئەوە یەکەم هەڵبژاردن دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بوو، کە هێندێک پاڵێوراو لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بوون، (ئەم هەڵبژردنە) لە سەرەتاکانی ١٩٥٢دا بەڕێوە چوو، کە نوێنەرانی ئەم حیزبە بۆ وە دەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان بە ئاسانی سەرکەوتن(٢)».

ناسیونالیزمی لیبرالیی محەممەد موسەدیق کە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی وەک بنەمای دەسەڵاتداری خۆی دیاری کردبوو، توانی حیزبی دێموکرات و کورد تووشی وەرسووڕانی گوتاری بکا، گوتارێک کە لە ساڵەکانی دوای ڕووخانی کۆمار، بەهۆی فەزای پۆلیسی کوردستان خەریک بوو بەرەو جۆرێک ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ دەڕۆی. ئەگەرچی بە هۆی چالاکی نهێنیی حیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسیی کوردستان و کەمبوونی بڵاوکراوە و سوخەنرانیەوە کاری دەرکێشانی واتا گوتارییەکان کارێکی دژوارە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی گوتاری "لاکلاو و مۆفەدا" جگە لە کردەوە گوتارییە زمانییەکان، کردەوە گوتارییە غەیرە زمانیەکانیش دەتوانن ببنە ماکی گوتار و چەشنی زمانی کردەوە، داڵە گوتارییەکانی لێ دەرکێشین. لەم قۆناغەدا سیاسەتی کوردی بە بەشداری لە پرۆسەی گشتی و کەلانی ئێران وەک بەشداری لە ڕێپێوانەکان بۆ پشتیوانی لە موسەدیق، بەشداری لە ڕاپرسی و هەڵبژاردنی مەجلیس، بە کاریگەری وەرگرتن لە گوتاری ناسیۆنالیستی سەربەخۆیی خوازی موسەدیق لە سەر بنەمای سیاسەتی «هاوسەنگی نەرێنی»(٣) و حەول بۆ نەتەوەییکردنی نەوت و ئازادی لە ڕێی پەرەدان بە بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە، جیاواز لە کەشی گوتاریی سەردەمی کۆماری کوردستان، شکڵ دەگرێ. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە ساڵەکانی دەسەڵاتدارێتی موسەدیقدا زۆرترین هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە وەک یەکێک لە کاریگەرترین حیزبەکانی ئەو ساڵانەی ئێراندا دەبیندرێ. گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا "بەشداری" وەک دالی ناوەندی ئەم گوتارە هەڵدەبژێرێ و واتاکانی وەک ئازادیی حیزب و دەربڕین، وێڕای زمانی کوردی کە دالی ناوەندی دەوری پێشوو بوو، دەبنە دالی خزی (شناور) ئەم سەردەمە و خودمختاری وەک گرینگترین داواکاری کورد لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی مەشروتەدا و چەشنی دالێکی دیکەی ئەم گوتارە لە چوارچێوەی "کەشی گوتاریی" بەشداریدا جومگەبەندی دەکرێن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

### گوتاری سیاسیی شوناسخوازانەی قەومیی حیزبی دێموکرات

پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ڕووخانی دەوڵەتی موسەدیق، ئەو هیوایەی کە کورد بە سیاسەتە لیبرالی و بەشداریخوازانەکانی موسەدیقی بەستبوو لەنێو چوو. لە کوردستان بە شێوەیەکی توندتر ڕووبەڕووی لایەنگرانی موسەدیق بوونەوە و هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کە لەو دەورەیەدا، بە شێوەیەکی نیوەئاشکرا چالاکییان دەکرد، تووشی زیندان و هەڵاتن هاتن. «شا وێڕای بە دەسەڵات گەیشتنەوەی هەموو نیشانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە ژیانی سیاسی ئێران سڕییەوە»(مک داول، ١٣٨٠). ئەگەرچی داخرانی سیاسی لە هەموو جێیەکی ئێراندا دەبیندرا بەڵام لە ناوچە نەتەوەییەکان بە تایبەت لە کوردستان، کە وەک پشتیوانی موسەدیق دەهاتنە ژمار، دۆخەکە جیاواز بوو. «حکومەت بۆ دڵنیابوون لە سیاسەتەکانی هاوشێوەسازی زمانی، کەسانی دەرەکی بۆ بەرپرسیارەتیی ناوەندە پەروەردەییەکانی کوردستان دەنارد و بەو پێیە چالاکیی سیاسی و ئازادی لە کوردستان بەرتەسک بۆوە»(انتصار، ١٣٩٠). گەڕانەوەی ئەم دۆخە لە ڕوانگەی کوردەوە داخرانی دەروازەکانی گۆڕان بوو، لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسێکدا سیاسەتەکانی خۆی بەم شێوەیە دیاری کرد: ڕووخاندنی پاشایەتی، دامەزراندنی شوناسێکی کوردی لە قەوارەی دەوڵەتێکی کوردیی هەڵبژێردراوی خۆیدا و ڕزگارکردنی هەموو کوردستان.(مک داول، ١٣٨٠). لە ڕاستیدا ئەم کۆنفرانسە کە بۆ تێکەڵکردنەوەی دوو کومیتەی مەهاباد و سنە و دیاریکردنی سیاسەتەکانی نوێی حیزب پێکهاتبوو، دەستپێکی گۆڕانێکی مەزن لە سیاسەتی بەشداریخوازانەوە بەرەو سیاسەتێکی دژە حکومەتی ڕادیکاڵ بوو.

حیزبی دێموکرات کە دوای کۆماری کوردستان گرینگترین و گەورەترین ئەزموونی بەشداریی خۆی لە پرۆسەی سیاسی ئێراندا هەرچەند بە شێوەیەکی نیوە ئاشکرا لە دەورەی موسەدیقدا، دیبوو، ئێستا بە نهێنیکردنەوەی چالاکییەکانی بەهۆی داخرانی سەراسەری سیاسیی ئێران، بەرەو سیاسەتی ڕادیکاڵی ڕووخێنەرانە دەڕۆیشت کە چارەی کێشەکانی خۆی لە بەشداری لە چوارچێوەی حکوومەتی سەقامگیردا نەدەدی، بەڵکوو تێکدانی ئەم قەوارەیەی بە ڕێگەچارەی گەیشتن بە داواکارییە نەتەوەیی و شوناسخوازانەکانی خۆی دەزانی.

لە ڕاستیدا کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و داخرانی دوبارەی کەشوهەوای سیاسیی ئێران بووە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی و ڕادیکالیزەبوونی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات کە بەستێنی بۆ خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٨ - ٤٦ خۆش کرد. «کومیتەی ئینقلابی»ی حیزبی دێموکرات بەرهەمی ئەو دۆخە و دژ کردەوەیەک بوو بە نیسبەت سیاسەتەکانی پەهلەویی دووهەم کە بە شێوەیەکی ئاشکرا شوناسی کوردی کە لە دەورەی کۆماردا پشوویەکی هاتبۆوە بەر، خستبووە ژێر

گوشارەوە. کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات، شۆڕشی چەکداری کردبووە شێوازی خەباتی خۆی کە لە ماوەی دوو ساڵدا هێندێک شەڕی چریکی لە سێ کوچکەی مەهاباد - بانە - سەردەشت، وەڕێ خست(کوچرا، ١٣٧٣) کە لە ئاکامدا ئەم بزووتنەوە چەکدارییە کە وەرسووڕانێک بوو لە گوتاری سیاسی کورددا، سەرکوت کرا.

لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە دەستبردن بۆ چەک و شەڕی چریکییە کە بەپێچەوانەی دەورەکانی پێشوو ڕوو دەدا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنانەت لە سەردەمی کۆماردا کە ئەرتەش بەرەو مەهاباد بۆ خستنەوە ژێر دەسەلاتی خۆی وەڕێ دەکەوێ، حیزبی دێموکرات دەست بۆ چەک نابا. دیارە وەک گوترا، توندبوونی زمانی ئەو حیزبە بە هۆی سیاسەتەکانی پەهلەویی دووهەم پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژە، کە قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا دەبینین گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات گۆڕانی بە سەردا دێ. «ئەگەر نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار سیاسەتێکی گونجاو پەیڕەو نەکا، کەلێنی شوناسی قەومی دەتوانێ بەستێنێکی باش بۆ جموجۆڵی توندوتیژخوازانە ساز بکا و لە وەها دۆخێکدا داواکارییە شوناسخوازانەکان بە ئاسانی دەتوانن بەرەو ئەم شێوە جموجۆڵانە بڕۆن».(ایوبی، ١٣٨٧) لەم قۆناغەشدا وەڵامنەدانەوەی حکوومەت، داخرانی زیاتری کەشوهەوای سیاسیی کوردستان و نەبوونی دەرفەت بۆ گەیاندنی داواکارییەکان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان، بووە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی، وەک یەکێک لە گرینگترین کەلێنەکانی شوناسی و شکلگرتنی خەباتی سیاسی لە چوارچێوەی "کومیتەی ئینقلابی"ی حیزبی دێموکرات و ڕادیکاڵبوونی گوتاری سیاسیی کورد، کە دژکردەوەیەک بوو بە دۆخی زاڵ بە سەر کوردستاندا.

لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا؛ پێکهاتنی پەلە چریکیەکان و هێندێک شەڕی ناو بە ناو لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستاندایە، کە وەک "کردەوەیەکی گوتاریی نا زمانی" (عمل گفتمانی غیر زبانی) لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات کە لە کۆنفرانسی دووهەمی ئەم حیزبەدا؛ ڕووخانی پاشایەتی، دامەزراندنی شوناسێکی کوردی و ئازادکردنی هەموو کوردستان، ناوی دێ، پێویستە لێکدانەوەی لەسەر بکرێ. هەڵبەت ئەم سیاسەتانە هێندێک بابەت و پرسن کە لە سەردەمی کۆماریشدا نە بە شێوەی تیئۆری و نە بە شێوەی کردەوەیی نەهاتە بەر باس و پلانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان نەبوون. لەم سەردەمەشدا وەک سەردەمی کۆمار کە یەکەمین قۆناغی پێکهاتنی گوتاری سیاسی کورد بوو، جەخت لە سەر چەمکی شوناس دەکرێ، بەڵام وەک ئەو سەردەم زمانی کوردی چەشنی چەمکێکی شوناسی، زەق نابێتەوە، بەڵکوو بابەتی ئیتنیک سەرەکیترین چەمکی ئەم گوتارەیە. چەمکێک کە پتر لە هەر واتا و دالێکی دیکە توانایی سازکردنی خەباتی چەکداریی هەیە و ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ کۆمەلانی خەڵک بێنێتە مەیدان، کە باشترین دۆخ بۆ ئەم بابەتە؛ بۆشایی دەسەڵات و لاوازیی ناوەندە، کە لەو سەردەمدا ئەم هەلە بۆ کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکڕات

نەڕەخسا، چون محەممەد ڕەزا شا، پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، بناغەی دەسەڵاتێکی بەهێزی دارشتبوو و هەر لە دوای هەرەسهێنانی کۆمارەوە سەرنجێکی زۆری ئەمنیی دابووە کوردستان و ئیزنی هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی لەم ناوچەیەدا نەدەدا.

کەواتە گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا، شەڕی چریکی دەبێتە دالە ناوەندییەکەی و هێندێک چەمکی وەک ڕووخاندنی پاشایەتی و ئازادیی هەموو کوردستان وەک دوو دالی نوێی گوتاریی و زمانی کوردی وەک گرینگترین چەمکی شوناسی، وێڕای هێندیک دالی دیکە کە لە گوتارەکانی پێشووشدا بوونیان هەبووە، لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوە ویستی شوناسخوازانەدا جومگەبەندی دەکرێن و دەبنە پێکهێنەری ئەم گوتارە. دالی بەشداری وەک دالی ناوەندی قۆناغی پێشووی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات دەخرێترە لاوە و ئەم واتا ڕادیکاڵە واتە شەڕی چریکی دەخرێتە جێی.

***

پەراوێز:

١- لە هاوینی ساڵی ١٣٢٩دا تیمسار ڕەزمئارا لایحەی سازبوونی ئەنجومەنە ئیالەتیەکانی بردە مەجلیس کە موسەدیق یەک لە موخالفانی ئەم لایحەیە بوو کە پەسەند نەکرا.
٢- یەک لەو کەسانەی کە پاڵێوراوی حیزب بوو، سارمەدینی سادق وەزیری بۆ مەهاباد بوو، کە لەگەڵ ئەوەی کە دەنگی زۆربەی خەڵکی مەهابادی هێناوە، بەڵام حکوومەتی نیزامیی مەهاباد ئیزنی نەدا بچێتە مەجلیس و کەسێکی دیکەیان دەستنیشان کرد.
٣- موازنە منفی: بنەمای سیاسەتی دەرەکی محەممەد موسەدیق بوو کە دواتر بوو بە ماکی "جنبش عدم تعهد" کە پێک هاتبوو لەو وڵاتانەی کە سەر بە هیچ باڵێکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە نەبوون.

سەرچاوەکان کوردی و فارسی:

- قاسملوو، عەبدولڕەحمان و عەبدوڵا حەسەنزادە. (١٣٨١)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی ئێران.
- انتصار، نادر. (١٣٩٠). سیاست کردها در خاورمیانه. ترجمه عرفان قانعی فرد. تهران: نشر علم.
- مک داول، دیوید. (١٣٨٠). تاریخ معاصر کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات پانیذ.
- کوچرا، کریس،(١٣٧٣). جنبش ملی کرد. ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات نگاه.



سەرچاوە Serchawe

- ایوبی، حجت الله. (١٣٨٧). شکاف های قومی و خشونت در پیکارهای سیاسی. تهران: فصلنامەی مطالعات ڕاهبردی. دورۀ اول، شمارۀ ٢٣.

----

### گوتاری سیاسیی شوناسخوازانەی بەشداریویستی حیزبی دێموکرات

ئەگەرچی لە قۆناغە جیاوازەکاندا، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بە مانای شیفتێکی ئەرێنی و کاریگەر نەبووە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم وەرچەرخانانە دژکردەوەیەک بووە بەرامبەر بە بارودۆخی زاڵ بە سەر ئێران و کوردستاندا، کەواتە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییە گوتارییەدا هێندێک جار سەرکەوتوو نەبووە.

گوشارەکان و دژوارکردنی دۆخی چالاکیی سیاسی لە قۆناغێکدا و کرانەوەی ڕێژەیی کەشوهەوای سیاسی لە سەردەمێکی دیکەدا کە سەرچاوەی لە جۆری ناسیۆنالیزمی ناوەند دایە، بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا. دوای شکستی کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات لە شەڕی چریکی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی کە ئەم کومیتەیە ڕووخاندنەکەی کردبووە ئامانجی سەرەکیی خۆی، حیزبی دێموکرات وێڕای وەرچەرخانێکی گوتاری، هەولی ڕێکخستنەوەی خۆی دەدا و هێندێک پلانی دێموکراتیک کە پەسندی حیزبی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو دەخاتەوە نێو گوتارە سیاسییەکەیەوە. لە ڕاستیدا شکستی بزووتنەوەی چریکی و پێشوازینەکردنی جەماوەر لەم جۆرەی خەبات لەو قۆناغەدا - بە پێچەوانەی قۆناغەکانی دواتر واتە لە ساڵەکانی یەکەمی هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیدا کە خەباتی چەکداری پێشوازییەکی مەزنی جەماوەریی لێ دەکرێ- هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی دروشم و شێوازێکی نوێ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بوو. «کەواتە لە ساڵی ١٣٥٠ەوە، دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەرگیرا، هەڵبژاردنی وەها دروشمێک هەول بوو بۆ قەوارە بەخشین بە داواکارییەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی گونجاودا بۆ ئێرانییەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی» (رومانو، ١٣٨٨). ئەگەرچی خەبات دژ بە حکوومەتی پەهلەوی وەک گوتاری دژبەری گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، قەوارەبەندیی گوتاریی ئەم گوتارە پێک دێنێ، بەڵام هەرگیز وەک قۆناغی پێشوو شەڕی چریکی بەشێک لە ڕەفتاری سیاسیی ئەم حیزبەی پێک نەدەهێنا، لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسیی حیزب فۆرمێکی واقعبینانە و نێوانگیرتر بە خۆیەوە دەگرێ و خۆی لە چوارچێوەیەکدا جومگەبەندی دەکا کە هەم کەشی دژایەتی ڕابگرێ و هەم سەرنجێکی تایبەت دەداتە ئیمکانی وەرگرتنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنیان لەم چوارچێوە گوتارییەدا.

بەشێوەیەک کە ئەم گوتارە بە ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر، بەرەوپیری شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٥٧دا دەڕوا و بە وروژاندنی بابەتی سەرنجڕاکێشتر لە سەر بنەمای داواکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەشێکی زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی هاوڕێ دەکا، بە چەشنێک کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دەبێتە گەورەترین حیزبی سیاسیی کوردستان و تەنانەت ناوچە نەتەوەییەکانی ئێران، بە پێگەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتییەوە.

لە دۆخێکدا کە کوردستان دەستەویەخەی گەشەی ناهاوسەنگی پلانە گەشە تەوەرکانی محەمەدڕەزا شا بوو، بەشێکی زۆر لەو لاوانەی کورد کە وێڵی کار بوون ڕوویان کردە ناوەند، ئەم کۆچە بەپێچەوانەی ناوچەکانی ناوەندی ئێران کە بووە هۆی تێکچوونی شوناسی ناوچەییان بە قازانجی شوناسی نەتەوەیی (سەراسەری)، لە کوردستان بووە هۆی بەهێزبوونی شوناسی ئیتنیکی و، تێگەیشتنێکی بە نیسبەت دوا کەوتوویی کوردستان لە بەرامبەر ناوەند دا ساز کرد. حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا ببوە سێحەبی ڕێبەرایەتییەکی جیاواز کە وێڕای ئەوەی کە دەرکێکی دروستی لە دۆخی سیاسیی ئێران هەبوو، گەڕانەوەی بۆ دروشمە سەرەکییەکانی کۆماری کوردستان کە خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران بوو کردبووە نەخشە ڕێگای خۆی، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئەزموونی ساڵەکانی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ئێران لە دەورەی مەسەدیقدا، هاوکاری لەگەڵ حیزبی تودە و شەڕی چریکیشی هەبوو. کەواتە دەبوو گوتارێکی سیاسی نوێنەرایەتی بکا کە لە لایەکەوە ئیمکانی باسکردنی لە چوارچێوەی ئێراندا هەبێ، لەلایەکی دیکەوە ئیمکانی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی کوردستانی هەبێ و هەروەها ئیمکانی ئەوەشی هەبێ کە شوناسی کوردی کە بە هۆی گەشەی ناهاوسەنگ پڕڕەنگتر ببوو وەک چەمکێکی گرینگی ئەم گوتارە جومگەبەندی بکا. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسیی کورد، دوای کۆنگرەی سێهەمی خۆی ئەو دروشمانەی بۆخۆی هەڵبژارد کە بەستێنەکانی گەیشتن بە دۆخی شۆڕشگێڕانەی خۆش دەکرد و پتر لە هەر قۆناغێکی دیکە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی گشتیی کۆمەڵانی ئێرانەوە گرێ دابۆوە.

کەواتە لەو سەردەمەدا، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێویست بوو هەم جەخت بکاتە سەر ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و گوتارە شوناسخوازانەکەی، هەم ئەوەیک ە وەک سەردەمی موسەدیق بیر لە هاوڕێیەتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەریی ئێران بکاتەوە. جەختکردنەوەی دووبارە لە سەر دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران، زیادکردنی وشەی «ئێران» بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە عێراق و ئورووپاوە بۆ ئێران و بڵاوبوونەوەیان بە شارەکانی کوردستان و تاراندا (حەسەنزادە، ١٣٨١)، بەشێک لەو کردەوە گوتارییانە بوون کە هەوێنی گوتاری سیاسیی کوردیان لەو سەردەمەدا پێک دەهێنا.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

ئەگەرچی دروشمی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لەنێو ئەم گوتارەدا بوونی هەبوو، بەڵام تەنانەت لە مانگەکانی کۆتایی تەمەنی ئەم حکوومەتەشدا شەڕی سەربازی و چریکی وەک قۆناغی پێشوو پێڕەو نەکرا. هەروەک گوترا، بەهێزبوونی شوناسی کوردی بەهۆی گەشەی خۆئاگایی گشتی کوردەوە کە بەرهەمی گۆڕانی کۆمەڵگەی ئێران و گەشەی شارنشینی و پێشکەوتنی ڕێژەیی ئابووری و گەشەی ناهاوسەنگی کوردستان بە نیسبەت ناوەند و ناوچە ناوەندییەکانی ئێران بوو، داواکاری پێشکەوتن و گۆڕانی بارودۆخی ئابووری خەڵکی بۆ یەکەم جارکەوتە پلان و ئەدەبیاتی سیاسی کوردەوە. گەشەی شوناسی کوردی لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی ئێتنیکدا نەبوو، بەڵکوو جۆرێک هەست بە هەڵاواردن بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو، «ئەم خۆئاگاییە نوێیەی کورد، بە هۆی سەرنجدان بە دواکەوتوویی کوردستان پەرەی ئەستاند»(مک داول، ١٣٨٠) بەو هۆکارانە؛ گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە چوارچێوەی ئەم دروشم و کردەوە گوتاریانە و هەستی هەڵاوردنەدا پێک هات. کەواتە شوناسی غەیری ئێتنیکی، ئەم چەمکە گوتارییەیە کە لەم قۆناغەدا وەک واتایەکی پارادۆکسیکاڵ دەبێتە دالی ناوەندی کە لە ئاکامی هاوڕێیەتی لەگەڵ واتاگەلێکی وەک دێموکراسی بۆ ئێران، زیادبوونی ناوی ئێران بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆتاییدا بەشداریی لە خەباتی سەراسەری دژ بە حکوومەتی پەهلەویدا مانا پەیدا دەکا و ئەو چەمکانە بە دەوری خۆیەوە جومگەبەندی دەکا.

## ئاکام

گۆڕانی ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە قاجارەوە بۆ پەهلەوی بەو هۆیەی کە گۆڕانکارییەکی مەزن لە شێوەی دەسەڵاتدارێتیدا بوو، بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتیی بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێران. ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەک ڕوویان دا، کە بووە هۆی ڕوودانی هێندێک گۆڕانی گەورە لە کوردستانیشدا.

ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازی قەومیی پەهلەوی کە ئەویتری خۆی لە جۆراوجۆری ئێراندا دەدی، باشترین ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بە سڕینەوەی ئەم جیاوازییە ئێتنیکی و نەتەوەییانە دەزانی. لە ڕاستیدا دەوڵەت-نەتەوەسازییەکەی ڕەزاشا لەسەر بنەمای ئاسیمیلاسیۆن و سڕینەوەی جیاوازییە ئێتنیکی و کولتوورییەکان نەتەنیا نەیتوانی لە خزمەت ناسیۆنالیزمی دەوڵەتسازدا بێ بەڵکوو بووە هۆی قووڵبوونەووی کەلێنی نەتەوەیی وەک یەکێک لە کەلێنە شوناسییەکانی کۆمەڵایەتی. قووڵبوونەوەی ئەم کەلێنە و پێکهاتنی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی کوردی ناسیۆنالیست لە دەوری کەلێنی قەومی-نەتەوەیی، نیشانەی ناسەرکەوتوبوونی ئەم پرۆژەیە بوو، کە بە سازبوونی هەلومەرجی تایبەتیی دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و سازبوونی بۆشایی دەسەڵات، کوردستان ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا دژکردەوە نیشان بدا و بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پاشان کۆماری کوردستان بناغەی یەکەم گوتاری سیاسیی کورد دژ بە گوتاری ناسیۆنالیستی کەونارا خوازی ڕەزاشا بە

## بەشی چوارەم

پێشەنگێتیی دێموکرات داندرا. کەواتە لە دەورەی پەهلەوییەکاندا و وەک دژکردەوە بە نیسبەت ناسیۆنالیزمێک کە سەرچاوەی شێوە ڕوانینیان بۆ جیاوازییەکانی ئێران بوو، کەلێنی قەومی یا نەتەوەیی بەردەوام زیندوو بووە و لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا بۆتە هۆی پێکهاتنی قەیران و کێشە، کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و درێژە بە چالاکی و گۆڕانی گوتارەکەی بەرهەمی ئەم بارودۆخەیە. وەک باس کرا لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ۱۳٥۷دا، گوتاری سیاسیی کورد چوار قۆناغی بە خۆیەوە دیتووە کە بە کاریگەری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوە ڕوانینی دەسەڵاتدارانی ئێران گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دیارە لە سەرجەمی ئەم قۆناغانەدا، ناسیۆنالیزم وەک ڕۆحی گوتاری سیاسی، هەڵبەت لە دژکردەوە بە نیسبەت جۆری ناسیۆنالیزمی ناوەندا بوونی هەیە و لەهەر سەردەمێکدا تایبەتمەندیی خۆی دەبەخشێ بە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات. دیارە گوتارەکان بە نیسبەت بارودۆخ و هەلومەرج و پێداویستیی کۆمەڵگە دێنە مەیدانەوە و گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتیش بەپێی زەروورەتە مێژووییەکەی و لە دژایەتی لەگەڵ گوتاری سیاسی ناوەندا هاتۆتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و لە دژایەتی لەگەڵ واتا و دالەکانی ئەم گوتارە دژبەرە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە یا شکڵی گرتووە.

لە ڕاستیدا گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات و لە ئاکامدا گوتاری سیاسیی کورد گوتارێکی دژکردەوەییە و لە وەڵامی گوتاری ناوەندا خۆی ڕێک خستوە و بە گۆڕانی ئەو گوتارە گۆڕانی پێدا هاتووە. جگە لە قۆناغی چوارەم، واتە قۆناغی کۆتایی کە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ سەراسەری ئێران بەرەو پیری شۆڕشێک دەچن کە ئاکامەکەی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتییە، لەم قۆناغەدا وێڕای ئەوەیکە لە ناوەند و بە تایبەت لە مانگەکانی ئاخردا چاکسازی بەڕێوەیە و چاوەڕوان دەکرێ کە حیزبی دێموکرات بۆ وەڵامی ئەم چاکسازییە گوتارێکی نەرم بەکار بێنێ، بەڵام ئەو شتە ڕوو نادا و بڕیاری ڕووخانی پاشایەتی هەر لە ئارادایە و حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی کردەوەیی گوتارەکەی خۆی بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ دەکا، بە چەشنێک کە پاش ڕووخانی ئەم حکوومەتەش ئەم گوتارە وێڕای ئەوەی کە حیزب و لایەنی دیکەش دێنە مەیدانی سیاسەتی کوردییەوە، بەڵام هەر زاڵ دەمێنێتەوە و ئەو لایەنە نوێیانە نەخشی وردە گوتاری سیاسیی کورد لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا دەگێڕن، کە تا ئێستاش ئەم دۆخە وەک خۆی ماوەتەوە.

***

سەرچاوەکان:

کوردی؛

- قاسملوو، عەبدولڕەحمان و عەبدوڵڵا حەسەنزادە. (١٣٨١)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

فارسی؛

- آبراهامیان، یرواند. (١٣٨٣). ایران بین دو انقلاب. ترجمەی احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی. چاپ دهم. تهران: نشر نی.
- احمدی، قاسم. (١٣٨٧) جامعە شناسی تاریخی حزب دموکرات کردستان ایران. تهران: فصلنامەی ڕوژڤف شمارە ٨و٩و١٠.
- انتصار، نادر. (١٣٩٠). سیاست کردها در خاورمیانە. ترجمە عرفان قانعی فرد. تهران: نشر علم.
- ایگلتون، ویلیام. (١٣٦١). جمهوری ١٩٤٦ کردستان. ترجمەی محمد صمدی. مهاباد: انتشارات سیدیان.
- ایوبی، حجت الله. (١٣٨٧). شکاف های قومی و خشونت در پیکارهای سیاسی. تهران: فصلنامەی مطالعات ڕاهبردی. دورە اول، شمارە ٢٣
- رضایی، یونس. (١٣٨٥). زبان عرصەی هویت زایی و هویت زدایی. مریوان: فصلنامەی زریبار. سال دهم، شمارە ٦٠.
- رومانو، دیوید.(١٣٨٨). چالش های هویت جویی کردی و حکومتهای ایران (از قاجاریە تا خاتمی)، ترجمەی منصور ساعی. تهران: فصلنامە ڕوژڤ، شمارە ١١ و ١٢و ١٣.
- کوچرا، کریس، (١٣٧٣). جنبش ملی کرد. ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات نگاه.
- فوران، جان. مقاومت شکنندە. (١٣٨٥). ترجمە احمد تدین. تهران: مؤسسەی خدمات فرهنگی ڕسا.
- فرقانی، محمد مهدی. (١٣٨١) تحول گفتمان توسعە سیاسی در ایران از مشروطە تا خاتمی. تهران: فصلنامەی علوم اجتماعی، شمارە ١٧.
- مک داول، دیوید. (١٣٨٠). تاریخ معاصر کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات پانیذ.
- نادری، محمود.(١٣٩٤). حزب دموکرات کردستان ایران. تهران: مؤسسەی مطالعات و پژوهشهای سیاسی

ئینگلیزی؛

-Lipset, S. M., & Stien, R. (1967). Party Systems and Voter Allignment. New York, US: Free Press.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٨ و ٢٤ی ئۆکتۆبەر و ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

# دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ




**شیوا مورادیان**

**لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، دوای ٣ ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی، کۆمەڵەی ژ . ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی دێموکراتیان دامەزراند.**

**ڕەنگە باسکردن لە دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن لەم سەردەمە زۆر ئاسایی بێت، بەڵام حیزبی دێموکرات لە سەردەمێکدا دامەزرا  کە بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای ئەو کەشە سیاسییەی کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ئێران و کوردستانی گرتبووەوە بە خوێندنەوەیەکی مۆدێڕن و جیهانبینییەکی نوێیەوە بە پێکهێنانی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی کوردی خستە سەر ڕێبازێکی نوێ و  کاری گرووپی و نیزامەند هاتە ئاراوە، کە ئەمە لەو کاتە زەمەنییەدا کارێکی کەموێنە یان باشتر وایە بڵێین کارێکی بێوێنە بووە.**

**دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتوو و تەنراو بە بیری**

**عەشیرەیی کارێکی ئەستەم بووە، ئەوەی کە جێگای ئاماژەیە ئەوەیە تەنانەت حیزبی دێموکرات بەرنامەی سیاسیی خۆی لە سەر ٨ خاڵی زۆر گرینگ دادەمەزرێنێت کە ئەو ٨ خاڵە بریتی بوون لە:**

**یەکەم**: نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوچەی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودمۆختاری دەستەبەر بکات.

**دووهەم**: مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێت (تەواوی کاروباری ئێدارەکان بە زمانی زگماکی بەڕێوە بچێ).

**سێهەم**: لەسەر بناغەی یاسای بنەڕەتی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێرییان بەسەردا بکات.

**چوارەم**: کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ لە خەڵکی ناوچەکە بن.

**پێنجەم**: لەسەر ئەساسی یاسای بنەڕەتی لە نێوان خەڵکی جووتیار و خاوەن ملکدا ڕێکەوتنێک پێک بهێندرێت کە مافی هەر دوو لایەن دەستەبەر بکات.

**شەشەم**: حیزبی دێموکرات تێدەکۆشێ لە خەباتدا لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان، ئاسوورییەکان، ئەرمەنییەکان و...، یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێ.

**حەوتەم**: حیزبی دێموکرات بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد، دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتی و کانگاکانی کوردستان.

**هەشتەم و کۆتا خاڵ**: حیزب خوازیارە هەموو گەلانی ئێران هەلی تێکۆشانی ئازادییان پێ بدرێت و بەختەوەر بن.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە حیزبی دێموکرات پاش نزیک بە ٧٨ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا، بە بوونی هەموو ئەو

بەشی چوارەم

پەلامارانەی کە لەلایەن دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و ئاخوندییەوە بەرەو ڕووی بوونەتەوە و سەرەرای ئەوەی کە هەموو گرووپ و دەوڵەت و دەسەڵاتێک پێیان وابوو لە دوای تێرۆری دوو سکرتێری کاریزما و لێهاتووی ئەو حیزبە، دەیان و بگرە سەدان کادر و پێشمەرگەی دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵدەگرن، بە پێچەوانە هەموو جارێک دێموکرات بەهێزتر لە جاران بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی لە خەبات بەردەوام بووە.

ئەمە نەک تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات لەسەر سیاسەتێکی دروست دامەزراوە، بەڵکوو دەرخەری ئەوەشە کە دێموکرات بە سیاسەتە دروستەکەی لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگایەکی وەها گەورەی هەیە کە دێموکرات و خەڵک وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو هەوڵی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی کورد دەدەن.

دێموکرات ئێستاش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا حیزبی پێشڕەو و ڕێنیشاندەرە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بناغەی ئەم حیزبە لەسەر دێموکراسی و بنەما و باوەڕێکی پتەوی نەتەوەیی دانراوە. هەر بۆیە پاش نزیک بە ٧٨ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا، دێموکرات پێناسە و ٢٥ی گەلاوێژ، باوەڕە بە ڕێبازێکی دروست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٨ساڵەی دامەزرانیدا




**سمایل شەرەفی**

٧٨ ساڵ پێش ئێستا و لە کۆتاییەکانی شەڕی جیهانیی دووهەمدا یەکەم حیزبی مودێرنی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (کۆمەڵەی ژێکاف) کە سێ ساڵ بوو بە شێوەی نهێنی چالاکیی دەکرد، لە شاری مهاباد دامەزرا. حیزبی دێموکرات دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، یەکەم کۆماری دێموکراتیکی کوردی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد دامەزراند و لە قەوارەی ئەم دامەزراوە نەتەوەییدا دەستی دایە پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێچکەیەکی نوێی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا بەڕووی ئینسانی تێکۆشەری کورددا کردەوە.

حیزبی دێموکرات کە لە خەبات و تێکۆشانی نزیک بە هەشت دەیەی خۆیدا دژ بە دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا، چەندین قۆناغی سەخت و پڕلە کەوتن و هەستانەوەی تێپەڕاندووە، ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو، یادی لەدایکبوونی خۆی دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم حیزبە کە لە ئاکامی لێکترازانێکی تەشکیلاتی‌دا بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لەژێر دوو ناوی "حدکا" و "حدک"دا درێژەی بە تێکۆشان دا، لە گەلاوێژی ئەمساڵدا بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی، هەم یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە و هەم ساڵێک بەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی‌دا تێپەر دەبێ.

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب لە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی وەک یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ژیانی سیاسیی حیزب و، وەک داوا و ئارەزووی چەندین ساڵەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات کە ڕێبەرایەتیی بەشی زۆری بزووتنەوەکەی لەسەر شانە، زەروورەتێکی مێژوویی بوو. دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا دوای کەمتر لە مانگێک تێپەڕین بە سەر سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و شوێنەواری یەکگرتنەوە و هاوهەڵوێستیی نێوان هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە شەپۆلێک لە خۆشحاڵی و ڕەزایەتی خەڵک لەنێوخۆی وڵات و هەروەها وەزەگرتنی تێکۆشەرانی دێموکراتی لێ کەوتەوە، لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر یەکگرتوویی خەڵک لە سەر شەقامەکانی کوردستان دانا و وزەیەکی بەگوڕتری بە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بەرانبەر بە دیکتاتۆری لە ئێران بەخشی. بە جۆرێک کە زیاتر لە هەمیشە ڕێژیمی تارانی تووڕە و تووشی دەستەوەستانی کرد.

کاربەدەستانی ڕێژیم نەیانتوانی ڕق و تووڕەیی و ترسی خۆیان لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و کاریگەریی ئەم ڕووداوە مێژووییە لە سەر هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵک بشارنەوە، بۆیە هەر دوای مانگێک تێپەڕین بە سەر یەکگرتنەوە و چەند ڕۆژێک تێپەڕین بەسەر شۆڕشی ژینادا، هێرشی مووشەکی و درۆنییان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە و بەخەیاڵی خۆیان، ویستیان چاوگەی وزە و دڵخۆشیی خەڵکی سەر شەقامەکانی کوردستان کوێر بکەنەوە. بەڵام زۆری نەخایاند کە لە شەقامەکانی کوردستانەوە دروشمەکانی "کۆیە بەتەنیا نییە، کوردستان پشتیوانییە" و "کوردستان قەڵای دێموکراتە" بەرز بوویەوە.

هاوکات لەگەڵ یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزب و ساڵوەگەڕی یەکگرتنەوەدا، بەرەو یادکردنەوە لە یەکساڵەی شۆڕشی ژینا دەڕۆین و باس لە گۆڕانگارییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەماندا دەکەین کە هەموویان شوێنەواری تایبەتی و قوڵیان لەسەر یەکتر داناوە و دادەنێن.

## بەشی چوارەم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک سەرمایەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە ڕەسالەتێکی نەتەوەیی مافخوازانەی لەسەرشانە، تاقیکارییەکی مێژوویی و هەستیاری لەپێشە. لە ڕەوتی نزیک بە یەکساڵەی شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەم ڕووداوە مێژووییەدا، دەرکەوت کە کورد لە کوردستانی ئێران و بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاستی سەرانسەری و نەتەوەکانی ئێران، چاوەڕوانییان لە حیزبی دێموکرات هەیە. نفوز و پێگەی ئەم حیزبە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و لەنێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، هەروەها ئێعتباری لەنێو کۆڕوکۆمەڵە ئێرانی و نێونەتەوەییەکاندا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تەمەنەوە حیزبێکی کۆنی لەمێژیینەیە، بەڵام لە ڕوانین و هەڵوێست و جیهانبینیدا، بەڕۆژ و وڵامدەرە.

بۆیە حیزبی دێموکرات بە بێ ئەوەی بەم سەرکەوتن و ئیمتیازانە لەخۆبایی بێ، پێویستە لەگەڵ بڕینی کەیکی ٧٨ ساڵەی لەدایکبوون و ساڵوەگەڕی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی، خۆی بۆ وڵامدەربوون بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکان کە دەستیان پێکردوە ئامادەتر بکات و، بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پاراستنی یەکگرتووی ڕیزەکانی، درێژە بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## ٢٥ی گەلاوێژ، دەرکەوتنی ئەستێرەی هیوا




**ناسر ساڵحی‌ئەسڵ**

پاش داگیرکردنی ئێران لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە و هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی و دوورخستنەوەی ڕەزاشا بۆ ئەفریقای باشوور، جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەپێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی بەخێرایی پەرەی گرت. لە وەها کەشوهەوایەکدا نەتەوەکانی ئێران خوازیاری دامەزرانی سیستەمێکی دێموکراتیک بۆ پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکانی لەسەر بنەمای دێموکراسی، ئازادی و دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی سیستەمێکی ناناوەندگەرادا بوون. بەڵام ڕێژیمی حەمەڕەزا شا و دەستوپێوەندییەکانی لە فیکری بەهێزکردنی حکوومەتێکی ناوەندگەرا و داخراو بۆ ئێران بوو.

لە وەها بارودۆخێکدا جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد، دژ بە زۆرداریی دەوڵەتی ناوەندی بە هۆی چەند تایبەتمەندییەوە لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەهێزتر بوو. چونکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی جەنگی دووهەمی جیهانی، شوێنی ڕوودانی چەندین ڕاپەڕینی چەکدارانە دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بوو. ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریوان سەریان هەڵدا، هەموویان ئامانجی سیاسی و نەتەوایەتی و فەرهەنگییان هەبوو. هەروەها لە ناوچەی

موکریـان، پـاش ڕووخانـدنی ڕەزاشـا و هەڵوەشـانەوەی ئەرتەشـی شاهەنشـایی و نەمانیـان لە نـاوچەکە، بە هـۆی هێنـدیک تایبەتمەندی جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی و کـاریگەری جووڵانەوەی ئـازادیخوازیی کوردەکـانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەلـومەرجێکی لەبـاری تێدا ڕەخسـا و پـاش مـاوەیەکی کەم، بـوو بە ناوەنـدی چالاکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و نەتەوەیـی. لە٢٥ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٢١ی هەتـاویـدا، کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کـورد "ژێکـاف" یەکەم ڕێکخـراوەی سیاسی و نەتەوەیـی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە پرۆگرامێکی نەتەوەیی هەبوو و ئامانجی، ڕزگاریی نەتەوەی کـورد بـوو. بەڵام چونکە "ژێکاف" نهێنی بوو و لە جوغرافیایەکی دیـاریکراو و چوارچێوەیەکی داخـراودا بـوو، ئەنـدامانی ئەو ڕێکخـراوەیە و لە سەرەوەی هەموویـانەوە پێشەوا قـازی محەممەد هەستی بە پێویسـتیی دامەزرانی حیزبێکی مودێڕن و پێشکەوتوو کـرد، هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتـاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر بنـاغەی تەشکیلاتیی "ژێکـاف" و بە هیممەتـی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد لە شاری مەهاباد دامەزرا. هەروەها پرۆگرامی سیاسی خۆی لە ٨ ماددەدا بڵاو کردەوە.

دامەزرانـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، خـاڵێکی وەرچەرخـان بـوو لە مێژوویـی خەبـاتی نەتەوایەتیـی گەلـی کـورد و سەرەتایەک بوو لە پێکهێنـانی حیزبێکی سیاسی، پێشکەوتوو و مودێڕنـدا. هەروەهـا وەک حیزبێکی سیاسی _ نەتەوەیـی و دێموکراتیک هـاتە گۆڕپـانی خەبـات و تێکۆشـانەوە و خـۆی وەک نوێنەری تێکـڕای چین و توێژەکـانی کۆمەڵگـای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ڕاگەیـاند. هەر بـۆیە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لەنێـو ڕووداوە سیاسییە گرنـگ و چارەنووسـازەکانی مێـژووی سیاسیی هـاوچەرخی کوردسـتاندا، ڕۆڵـی دیـاری هەبـووە و وەک حیزبێکـی خـاوەن هەڵوێسـتی جەمـاوەری، پێشـەنگی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـووە. هەروەهـا هەڵوێستەکانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێران سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی مافە نەتەوەیەتییەکانی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتـایبەت، لە مێژوویـی سیاسی خەبـاتی ڕەوادا، بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی، بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەیەکی کەمدا هەموو توانا و چالاکی خۆی وەگەڕ خست بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان. هەر بـۆیە دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان بە خـاڵێکی وەرچەرخـان لە مێژوویـی خەبـاتی سیاسیی کوردسـتان بەگشـتی و لە مێژوویـی سیاسـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانـدا بەتـایبەتی دادەنرێـت. لە بڕگەیەکـی چارەنووسـازدا لە پـاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی سەرکۆمار و هاوڕێیانی و گرتن و زیندانیکردنی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و نفووزی ساواک لە تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێموکرات لە یەکەمین کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا بە هیممەت و تێکۆشانی کادرە لاوەکانی و لەژێر ڕێنوێنیی کادری لاو عەبدوالڕەحمان قاسملوو،



سەرچاوە
Serchawe

پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران پچڕاند. پاشان چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خستەوە. هەروەها سەرلەنوێ ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی بە چاپ گەیاندەوە.

بڕگەیەکی دیکەی خەباتی حیزبی دێموکرات، ڕاپەرینی پڕ لە شانازیی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوییە بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە بەشێک لە جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو ڕاپەرینە چارەنووسساز و شۆڕشگیرانەیە نزیک بە ١٨ مانگی خایاند. بەڵام ئەو شۆڕش و ڕاپەرینە چارەنووسسازە بە شەهیدکرانی دەیان کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، بە ئەمری حەمەڕەزا شا، لەلایەن ئەرتەشی شای ئێران دامرکایەوە.
بڕگەیەکی دیکەی مێژوویی سیاسی حیزبی دێموکرات گەڕانەوەی دوکتور عەبدوالڕحمان قاسملوو لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٧٠ی زایینی، بۆ کوردستانی باشوورە. پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و دارشتنی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار پاش کۆنگرەی سێهەم، بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبێکی پێشکەوتوو و مودێڕن کە بە خاڵێکی مێژوویی لە مێژووی خەباتی سیاسیی حیزبیکی کوردی دێتە ئەژماردن.

بڕگەیەکی دیکەی خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکرات پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. پاش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قوناغێکی دیکەی خەباتی سیاسیی خۆیەوە. لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی خومەینیدا، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هات. قوناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سیستەمێکی نوێ و نەناسراو بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان گەلی کورد بوو. لە وەها بارودۆخێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەرلەنوێ خەباتی ئاشکرای خۆی لە میتینگی ١٠٠ هەزار کەسیی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان تامی ئازادیی ڕاستەقینەی دەچێژت و دەسەڵاتی ناوەندی بە سەرەوەی نەبوو. بەڵام بەداخەوە پاش بێئاکامبوونی وتووێژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی خومەینی بڕیاری دا کێشەی کورد لە ڕێگای هێرشی نیزامی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتەوە. هەر بۆیە لە نەوروزی سالی ١٣٥٨ی هەتاویدا ڕێژیمی خومەینی هێرشێکی بەربڵاوی نیزامیی بۆ سەر شاری سنە دەست پێکرد. پاشان خومەینی بە دەرکردنی فتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و لەشکرکێشیی پاسدارانی نەزانی ڕێژیم بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، کە ئەو شەڕە نابەرانبەرە تا ئێستاش لە شێوەی

جۆراوجۆردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوامە.

خاڵی گرنگ و جێگای وردبوونەوە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا دوکتور قاسملوو یەکەم کەسی کورد و ئێرانی بوو کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەلێک بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی ویلایەتی فەقیهی لە ئیراندا لە قەلەم دا. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات ڕیفراندۆمی گۆڕینی سیستەم بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کرد.
بەڵام هەر ئەوکات زۆر لایەنی چەپ و مارکسیزم، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئەمپریالیزم و بەتایبەت ئامریکا هەنگاو دەنێت و ئەو لایەنە چەپانە بە کردەوە پشتیوانییان لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی خومەینی دەکرد. کاتێک باڵوێزخانەی ئامریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا لەلایەن تاقمێک بە ناو خوێندکارەوە دەستی بەسەردا گیرا، زۆر لایەن پشتیوانییان لەو حەرەکەتەی خوێندکارانی پێڕەوی خومەینی کرد، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملوو ئەو کردەوەی ڕێژیمی خومەینی بۆ گرتن و دەسبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئامریکای مەحکووم کرد و بە کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی زانی، کە ئیستا بۆتە جێگای ئافەرینی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و جیهانی پێشکەوتوو.

ئەوڕۆ کە چەمکەکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، خەباتی شار و شەقام و ڕاپەرین و شۆڕشی ژینا، تەوەر و میحوەری سەرەکی باس و خواستەکانە ناوچە و جیهان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە چاو و چرای ئێران، سەرچاوەگرتوو لە باوەڕمەندبوون بەو چەمکانە و واقیعبینبوون لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئیستا کە باوەڕمەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی شار بۆتە فەرهەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی بێبەش لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی، دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران هەر لە کاتی دامەزرانیەوە تا ئێستا دووربینترین، واقیعبینترین، پێشکەوتنخوازترین و مودێرنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێران بووە کە باوەڕی قووڵی بە خەباتی مەدەنی، شار و شەقام هەیە و هەبووە. هەر بۆیە ئێستاش پاش نزیک بە هەشت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناو مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی، ڕێباز و قوتابخانەی چوارچرا نەک هەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشتووە، بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێتەوە و وەک گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا دەر کەوتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات لە بەردەم هەلومەرجێکی مێژووییدا




**مەنسوور مروەتی**

بەرەوپیلی یەک ساڵەی شۆڕشی ژینا و سەرهەڵدانی نوێی خەڵکی ئێران دەچین. ئێستا کاتێکی لەبارە بۆ ئەوەی هەمووان هەڵسەنگاندن و خەسارناسییەکی واقعبینانە بۆ ئەم یەکساڵەی تێکۆشانی خۆیان بکەن. ئەگەر ئەم ماوەیە خاڵی هاوبەشی هەموو خەڵکی ئێران ڕزگاربوون لە دەست زوڵم و زۆریی ڕێژیمی سەرتاپا گەندەڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، بێگومان ئەوا بۆ نەتەوە بندەستەکانی نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە جیاواز لەو خاڵە هاوبەشە، پرسێکی لەمێژینەی چارەسەرنەکراو بە ناوی مافی نەتەوەیی بوونی هەیە کە لانیکەم بۆ خەڵکی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە. پرسێکی ژیانەکی کە وەبیرهێنەرەوەی خەبات و هەوڵ و تێکۆشانێکی سەدان ساڵەی پڕ لە چەرمەسەری و کەوتن و هەستانەوە و هەورازونشێوی زۆری نەتەوەی کوردە. بۆیە لە شۆڕشی ئەمجارەشدا پرسی نەتەوەیی پڕڕەنگتر لە هەمووکات و لە ڕیزی هەرەپێشەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بوو.

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، لە شەڕ و ماڵوێرانی، پەلامار و ئێعدام، کوشتاری بەکۆمەڵ و ژێنوساید، بۆمباران و ڕاوەدوونان، کۆچی زۆرەملێ و تێرۆری ڕێبەرانی کورد و دەسبەسەرکرانی بەربڵاوی چالاکانی سیاسی، مەدەنییەوە بگرە هەتا مووشەک و درۆنبارانی حیزبەکانی کوردستان کە مەبەست لێی زەبروەشاندن لە بزووتنەوەی

نەتەوەیی کوردستان و لاوازکردن و نەهێشتنیەتی، بەڵام سەرنجڕاکێش و خاڵی بەهێزی بزووتنەوەکە ئەوەیە: ئەم گەلە کۆڵی نەداوە و هەروا لەسەر پێ و چالاکە و لە شۆڕشی ژیناشدا بزوێنەر و پێشەنگی شۆڕشەکە بوو و هەیە.

خاڵێکی تری بەهێزی بزووتنەوەی کوردستان ئەو یەکگرتووییە ڕێژەییەی لەنێو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ناوەندی هاوکاریدا هەبوو. ناوەندی هاوکاری کە خۆی وەک وڵامدانەوەیەک بە پێویستیی یەکگرتوویی و پێکەوەکارکردن بوو، لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا. بەڵام مەنشووری جۆرجتاون و هاتنەئارای بیروڕای جیاواز لە کوردستان ئەو یەکگرتووییەی ناوەندی هاوکاری لەلایەن کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانەوە هێمای پرسیاری لەسەر دانرا و خوڵقێنەری دۆخێکی نەرێنی بوو کە دەکرێ لە هەڵسەنگاندنی ئەم یەکساڵەی دواییدا ئەمە بە یەکێک لە خەسارەکان ناو ببرێ.

بە حوکمی پێگە و کاریگەریی زیاتری حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی کوردستان و لە کۆمەڵگەی کوردستان، دەکرێ بگوترێ کە ئەم حیزبە هەر بەو ڕادیەش بەرپرسایەتیی گرینگی دەکەوێتە سەرشان و وەک ئاڵاهەڵگری پرسی نەتەوەیی لە کوردستان پێویستە خوێندنەوەیەکی تازەتر بۆ هەڵوێست و ڕەفتارە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لاوان وەکوو چینێکی زیندووتری کومەڵگە بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێرن لە سەد ساڵەی ڕابردوودا، شانازیی دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی کوردی و ڕەسمیەت بەخشین بە هێما نەتەوەییەکانی کوردی، وەکوو ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی و سوپای میللی کوردستان لە دنیادا هەیە. سەرەڕای لەنێوچوونی کۆماری کوردستان بەڵام ئەوەی لەو کۆمارەدا لە پرۆسەی نەتەوەسازییدا کاری بۆ کرا سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێنا و بزوتنەوەی کوردستانی خستە سەر ڕێڕەوێکی وەها کە ئێستا گەشەی ناوسیونالیزم لە کوردستاندا لەوپەڕی خۆیدایە.

لە بابەت خۆشەویستی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و کاریگەرییان لە سەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەت نەوی نوێ دەیان و سەدان نموونەی بەرچاو هەیە بەڵام لێرەدا ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دوو کەس لە شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شاری پیرانشار بکرێ. باوی شەهید کۆمار دەرئوفتادە لە کاتی ناشتنی تەرمی جگەرگۆشەکەیدا بە گەرووی پڕگریانەوە گوتی: "ئەمن ئەم کوڕەم لە ٢٥ی گەلاوێژدا لە دایک بوو، ناوم نا کۆمار." یان باوکی شەهید کاروان، ئەویش هەر لە کاتی ناشتنی کوڕەکەیدا گوتی: "لە بەر خۆشەویستیی کاروانی شەهیدان ناوی کوڕەکەمم نا کاروان" کە مەبەست بەرنامەی کاروانی شەهیدانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتە کە تێدا ڕێز لە یاد و ناوی شەهیدانی پێشمەرگە دەگیرێ.
بە گشتی هەڵسوکەوتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستاندا جیا لەوەی دەکرێ بڵێین بێوێنە بوون، لە لایەکی دیکەوە نیشاندەری ئاستێکی بەرز لە وشیاری سیاسی و هەست بە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر دۆزی ڕەوا و مافەکانی



سەرچاوە
Serchawe

گەلەکەیان بوو. مانگرتنە بەردرێژەکانی دوکاندار و بازارییەکانی کوردستان، یارمەتیدانی بریندارن بە هەموو جۆرەکان و بەتایبەت لەلایەن دوکتور و پەرستارەکان و لە سەرپشت بوونی درگای ماڵان بۆ پەناهێنانی خۆپیشاندەران و بەتەنیا نەهێشتنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و چەندین و چەندەها نموونەی دیکە لە هاودڵی و هاوکاریی خەڵکی کوردستان تابلۆیەکی بەربەرینی پڕ لە هیوا و ئومێدیان لە ئاستی بەرزی هەست و ویستی نەتەوەیی لە کوردستان خستە پێش چاوی دونیا. لە یەک ڕستەدا وا باشە بگوترێ کە خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشەدا وەک نەتەوە دەرکەوتن. نەتەوەیەک کە بە پێناسە نوێیەکەی نەک تەنیا زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و ئایینی هاوبەش و شتی وا، بەڵکوو نەتەوەیەک بە هەست و ویستی هاوبەشەوە. بێگومان بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئێستای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەم شۆڕەشدا و دەرکەوتنە فرەلایەن و ماناداەرەکانیان پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی بەرفراوان هەیە و لە توانای ئەم وتارەدا نییە، بەڵام ئەوەی بەئاشکرا دیارە ئەوەیە،میللەتێک بە هەموو وجوودیەوە داوای مافەکانی خۆی دەکا. ئەم نەتەوەیە لە مافەکانی خۆی تێگەیشتووە و بەباشی ئاگاداری جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ نەتەوەی باڵادەستە کە ساڵانێکە دەسەڵاتدارەکانی حاشایان لێ کردووە و هەوڵیان داوە بیسڕنەوە.

لەوە ئەولاتر ئێستا نەوەیەک پەروەردە بووە و لە مەیداندایە کە سێ و چوار ساڵ لەوەپێش شەهید دوکتور قاسملوو بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشبینیی کردبوو. دوکتور قاسملوو لە دوایین قسەکانی لەگەڵ هەیئەتی بەناو وتووێژکاری ئێران دەڵێ، نەوەی ئێمە ئێستا لەبەرانبەر داواکاریی خۆمان کە خودموختارییە بەرپرسیارین، بەڵام ڕەنگە لە دواڕۆژدا و نەوەی دواڕۆژ داوای سەربەخۆیی بکەن.

ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە ئەوەیە بوترێ چاوخشاندنێکی سەرپێی بە ڕەفتارە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێمان دەڵێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی قوڵی بەسەردا هاتووە و لە ئێستا تینووی گوتارێکی تۆختری نەتەوەیی لەچاو ڕابردوویە. ئەوان لە بیروزەینی خۆیاندا سنووری خۆیان لە گەڵ دەرەوەی کوردستان دیاری کردووە،و پێویستە ئەم واقعییەتە لە چاوی هیچ ڕێکخراوێکی بەرپرسەوە ون نەبێ. وەک لە سەرەتاشدا باس کرا، لەم بوارەدا ئەرکی سەرەکی لە سەرشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە. حیزبی دێموکرات ئەو حیزبەیە کە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردستاندا بە هەڵسەنگاندن و دەرکی دروست و واقعبینانە لە ژینگەی سیاسی خۆی، هەنگاوی دروست و پێویستی هەڵگرتووتەوە. حیزبێک کە هەر لە سەرەتاوە دامەزرێنەر و پارێزەری هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی خۆی بووە پێویستە لە ئێستادا کە ناسیونالیزم لە ڕۆژهەڵاتدا لە چڵەپۆپەی خۆیدایە بەباشی دەرک بەم بابەتە بکا و بە گوتارێکی ڕادیکاڵتر لە پێشوو ڕەسالەتی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## قوتابخانەی گەلاوێژ




### کەریم پەرویزی

"حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی پێشەنگی کۆمەڵگا، ئەرکی هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و جێگرتنی پەروەردەیەکی ئەمڕۆیی لەنێو ئەندامان و لایەنگرانی لەسەر شانە. هەتاکوو بەو شێوە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەژێر سەرکوت و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامیدا تووشی کولتووری نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران نەبن و جیهانێکی مرۆڤانەتر و یەکسانیخوازانەیان لەبەر چاو بێت".

بنەما فیکرییەکانی حیزبی دێموکرات؛ بەرنامە و پێڕەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم حیزب وەکوو دیاردەیەکی مۆدێرن، بەرهەمی کۆمەڵگای کوردستان نییە، بەڵکوو وەکوو دیاردە مۆدێرنەکانی دیکە هاوردەی کۆمەڵگایە کە بە چاولێکردن لە ئەزموونی وڵات و نەتەوەکانی دیکە، کوردستانیش وەدوای ئەو ئەزموونانە کەوتووە و ویستوویە کە لە چاکییەکانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بەهرەمەند بێ.

حیزب کۆبوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە بە دەوری یەکەوە کە بە شێوەی سیستماتیک وزەکانیان سەر یەک بخرێ و پێوەندیی تایبەتی لە نێوان تاکەکان دامەزرێ و بە ڕێکخستنیان لە سیستمێکی تایبەتدا بە یەکەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستێک یان چەند مەبەستی دیاریکراو هەوڵ بدەن.

حیزب وەکوو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی جیاوازیی هەیە لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە تاکەکان بە دەوری یەکەوە کۆ دەکاتەوە: بۆ وێنە جیاوازیی حیزب لەگەڵ سێنف یان تەناتەت لەگڵ خێڵ ئەوەیە کە تاکەکانی نێو حیزب پێویستی نییە کە پێشتر یەکتریان ناسیبێ و لە شوێن و جوغرافیایەکی ناوچەیی وەک یەکەوە هاتبن، بەڵکوو حیزب تاکە جیاوازەکان بە ڕەنگ و ناسنامەی ناوچەیی و کارکردی کۆمەڵایەتیی زۆر دوور لە یەکەوە کۆ دەکاتەوە و لەو جیاوازانە، دیاردەیەکی مۆدێرن دروست دەکا کە لە هەندێ شتدا هاوشێوەیان دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزران و خەبات و تێکۆشانی یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین حیزبەکانی گۆڕەپانی سیاسەت و چالاکی لە کوردستانە.

ئەم حیزبە وەکوو حیزبێکی سیاسی و مۆدێرن لە ناخی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاوە و لە پێویستییەکی مێژووییدا کە چیدی پێوەندییە کۆمەڵایەتی پێشووەکان وەکوو خێڵ یان حوجرە و ... وەڵامدەری ئەو قۆناخەی کۆمەڵگای کوردستان نەبوون، حیزب لە دایک بوو و شێوازی دیکە لە گرێچنی سیاسی کۆمەڵایەتیی پێشنیار کرد و ختیە بەردەست کە مێژووساز بوو. بەو مانایە کە لە وەها خاڵێکدا وەرچەرخانێک لە مێژوو دێتە ئاراوە. هەر وەکوو دوکتور قاسملووی نەمر دەڵێ، لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا چونکە خێڵ و سەرۆک خێڵ بەڕێوەی دەبرد، بە بڕیارێکی سەرۆک خێڵ ڕاپەڕین دادەمرکا یان بە شەهیدبوونی سەرۆک خێڵەکە ڕاپەرینەکە پەرتەوازە دەبوو، بەڵام بە تێپەڕین لەو قۆناخە و دروستبوونی حیزب، ئیدی ڕاپەڕین و خەبات تەنانەت بە شەهیدبوونی سەرکردە هەرە ناودارەکانی تێدا نەچوو و خەبات ڕەنگە بە خەسارەوە، بەڵام درێژەی هەبووە.

نموونەی هەرە زیندوو و مێژوویی هەر خودی حیزبی دێموکراتە کە لە مێژووی خۆیدا سێ ڕێبەری گەورە و ناوداری لەدەست دا و بە دەستی دوژمنانی کورد و کوردستان شەهید کران، بەڵام دوای ئەوانیش حیزبی دێموکرات بە برینی قورسەوە بەڵام بە ئەزموونی گەورەوە درێژەی بە تێکۆشان داوە و بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە لە ڕیزەکانیدا خەبات دەکەن و دوژمنان تەنیا ئەوکات دەتوانن دێموکرات لەنێو ببەن کە هەموو کوردێک لە جیهان بسڕنەوە، چونکە تا کورد بمێنێ، دێموکراتیش



سەرچاوە
Serchawe

دەمێنێ.

حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە وەکوو حیزبێکی سیاسی لەنێو کۆمەڵگا لە دایک بوو و سەری هەڵ دا و لە نزیکترین دەرەتانی بەردەستیدا، کۆمارێکی خولقاند کە بۆ کوردستان بۆتە ناسنامە و کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی. ئەم حیزبە ڕەنگە وەکوو هەموو حیزبێکی ئەم جیهانە لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی ئیرادەی بڕیاردان و ئیدارەکردنی کۆمەڵگادا کار بکا، بەڵام لە درێژەی ٧٨ ساڵ تەمەن و تێکۆشانیدا لە حێزبێکی بەتەنیا سیاسییەوە تێپەڕیوە و بۆتە قوتابخانەیەک بۆ کوردستان.

قوتابخانەی دێموکرات کە لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا و بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر لە دایک دەبێ و دادەمەزرێ، لەم نزیک بە هەشت دەیەدا وەها پەرەی سەندووە و گەورە بووە کە بە دەیان هەزاران قوتابیی بەئەمەگ و وریا و گیانبازی، پێشکەشی نەتەوەکەی کردووە.

**هەندێک لەو وانە گرنگانەی کە لەم قوتابخانەیەی گەلاوێژدا دەوترێنەوە و وامان لێ دەکا کە حیزبی دێموکرات وەکوو قوتابخانەی گەلاوێژ ناو ببەین بریتین لە:**

* پرسی کورد لای حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەییەکە کە دەیەوێ ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بە زمانی سیاسی وەربگێڕێتەوە سەر دەسەڵاتێکی کوردستانی کە خۆی بڕیاردەر لەسەر چارەنووسی خۆی بێ. پرسی نەتەوەیی لای حیزبی دێموکرات وەکوو وانەی یەکەمی ئەم قوتابخانە لە ڕوانینێکی یەکسانیخوازانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ڕوانینی یەکسانیخوازانە بریتییە لەوەی کە لەم قوتابخانەیەدا مرۆڤ وەها پەروەردە دەکرێ کە نەتەوەی کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نییە. نە لەو نەتەوانە کەمترە و نە لەوانیش زیاترە. کورد نەتەوەیەکی هاوتا و یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەیە و هەر بۆیە دەبێ مافی ئەم نەتەوە بدرێ کە چارەنووسی خۆی، خۆی دیاریی بکا. لەو لاشەوە ئەم نەتەوەیە یەکسان و هاوتایە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و بۆیە لە قوتابخانەی گەلاوێژدا بیری تەسکی نەتەوەیی کە بگاتە شۆڤێنیزیم و خۆبەزلزانیی نەتەوەیی ڕێگای نییە و سەر هەڵ نادا. هەر بۆیە کاتێک حیزبی دێموکرات لەسەر ستەمی نەتەوایەتی قسە دەکا و دەدوێ، دژایەتیی نەتەوەکانی دیکە ناکا. لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا دژایەتیی نەتەوەی فارس یان نەتەوەی دیکە ناکرێ بەڵکوو دژایەتیی بیرو بۆچوونی ستەمکارانە و فاشیستی و

کۆلۆنیالیستی دەکرێ.

* لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، ڕێبەریی ئەم حیزبە، نەک خۆی بە شتێکی سەرتر و بانتر لە کەسانیتر نازانێ، بەڵکوو ڕێبەری لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیددا ئەرک و بەرپرسارەتیی زیاترە و ئامادەبوون بۆ خۆفیداکردن لەهەموو قۆناخێکدایە؛ هەر وەک پێشەوا و هەر وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید لە ڕیزی پێشەوەی گیانبازیدا بوون و ڕێبەرایەتی کردن لای ئەوان کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانە خولقاوەکان بۆ وەسەریەکخستنی خەرمانی زیاتر لەم ڕێبازەدا بووە و لە بڕگەیەکی هەستیاریشدا کە بڕیاری تایبەت پێویست بووە، لە خۆبەختکردن نەسڵەماونەتەوە.

* **ئاساییە کە تووشی هەڵە و یان کەموکووڕی و گرفتیش بۆتەوە.**

لە مێژوویی دوور و نزیکی حیزبی دێموکراتدا دەتوانی ڕووداو و کردار و کردەوەی سیاسیی وەها ببینی گەر بە نیسبەتی ڕۆژ و قۆناخی خۆیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، کەموکۆڕی و هەڵەی تێدا دەستنیشان بکەی و هەڵەکردن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کرداری مرۆییە چونکە هیچ مرۆڤێک لەم جیهانەدا نییە لەبەر ئەوەی زانیاریی تەواوی لەبەردەستدا نییە یان ئیمکانەکانی کەمن یان هەر هۆیەکی دیکە، تووشی هەڵە نەبێ.

بەڵام ئەوەی لە حیزبی دێموکراتدا گرنگە و وەکوو ڕەوتێکی گرنگ بۆتە وانەی فێرکاری بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و دەرەوەی حیزبیش، ئەوەیە کە دێموکرات ڕەنگە هەڵەی کردبی بەڵام قەت تووشی خەیانەت نەبووە و لە هەڵە و کەموکۆڕییەکانیشدا ڕەنگە لەو ساتەوەختەدا تووشی بووبێ، بەڵام دواتر کراوەتە ئەزموونێک بۆ دووپات نەکردنەوەی هەڵەکان و لێ فێربوونیان.

* یەکێک لە وانە گرنگەکانی دیکە کە بە شێوەی بەردەوام لەم قوتابخانەیەدا نەوە بە دوای نەوە فێر دەکرێ و نەوەی ئەمڕۆ دەبێتە مامۆستا بۆ نەوەی داهاتوو تاکوو ئەو وانە بگوترێتەوە و لە ڕاستیدا بۆتە پێناسەی دێموکراتبوون، بریتییە لە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بڕیاردان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. بیرکردنەوەی سەربەخۆ، هەزینەی زۆری بۆ دراوە و لەوەتەی دوکتور قاسملووی نەمر باسی کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ لەنێو ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دەگوترێتەوە و بیری لێ دەکرێتەوە. تەنیا یەک ڕەهەند ناگرێتەوە بەڵکوو گەر سەربەخۆ بیرکردنەوە ببێ بە فاکتەری سەرەکیی بڕیاری تاکێکی دێموکرات، ئیدی ئەو مرۆڤە لە قۆناخی پێش هاتنە نێو قوتابخانەی دەگۆڕێ بۆ تاکێکی

وشیار و ئامادەی نرخدان لە پێناو بڕوا و ئاواتەکاندا.

ئەو بڕوا و ئاواتانەش گرنگترین فاکتەریان، بەرژەوەندیی گشتییە کە وا دەکا دێموکراتێکی ڕاستەقینە، بارهاتوو لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، بەردەوام هەستیار بێ لەسەر کردار و کردەوە و لێکدانەوە سیاسییەکانی و ئەو کردار و کردەوانە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا دادەڕێژێ، نەک بەرژەوەندیی تاکەکەسیی کورتخایەن.

لە حیزبی دێموکراتدا بە سەدان هەزان کەس بە شێوازی جۆربەجۆر تێکۆشانیان بۆی کردووە و نرخیان لە پێناودا داوە و لەم ڕێبازەدا بە سەدان و هەزاران کەس بار هاتوون کە بوونەتە مامۆستا بۆ نەوەی دوای خۆیان. وانەکانی قوتابخانەی گەلاوێژ زۆر زۆرتر لەم چەند خاڵەن کە لێرەدا باس کران بەڵام هەموویان پێکەوە وەها دەکەن کە هەر تاکێک کە پەیوەست بەم قوتابخانەیە دەبێ، هەندێ کردەوە و هەڵسوکەتی سیاسی لە خۆی نیشان دەدا و لە کەشی گوتارێکی تایبەتدا دەژی کە ناسنامەی دێموکراتبوون یان لۆگۆی تایبەتی گەلاوێژی لە هەڵسوکەت و کردارەکانیدا دیار دەبێ.

**دامەزرانی ئەم قوتابخانەیە لە هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەپێناویدا نرخیان داوە و هەموو ئەوانەی هیوایان بە دواڕۆژێکی گەشاوە بە هۆی تێکۆشان و خەباتی ئەم ڕێبازە پڕ شانازیەوە هەیە پیرۆز بێ.**

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیەک لە هەشت دەیەی ڕابردوودا




**حەسەن قارەمانی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی دەیان‌ساڵەی پڕ هەورازونشێوی هەیە.**

حیزبێک کە لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا بەردەوام بۆ پێشخستنی مافەکانی کورد و ڕزگاریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئاڵۆزی سیاسی و جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەباتی کردووە. ئەم حیزبە لە سەردەمێکدا دروست بوو کە کورد بە دوای نوێنەرایەتیی سیاسی و دانانی بە شوناس و مافە کولتوورییەکانی خۆیدا دەگەڕا. ئەم حیزبە بەدرێژایی دەیان ساڵ خەبات بۆ مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد لە ئێران ڕۆڵی هەرە سەرەکیی هەبووە و لەو پێناوەشدا زۆرترین تێچوو و قوربانیی داوە.

حیزبی دێموکرات لە سەردەمی هەڵچوونی سیاسی و نائارامیی کۆمەڵایەتی لە ئێران پێک هات کە ئاکامی گۆڕانکاری لە دۆخی ژئۆپۆلۆتیکی ناوچەکە بوو، و ڕێبەرانی سیاسیی کورد لە ئێران کە پێشتر کۆمەڵەی ژیانەوێ کورد (ژ. ک)یان بۆ

## بەشی چوارەم

بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی دروست کردبوو، بە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما هزری و فەلسەفییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بەرنامەی تۆکمەتریان بۆ ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان دارشت.

ساتێکی دیاریکەر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ بوو. دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات تەنیا ڕووداوێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو گوزارشت کردن لە خەباتێکی درێژخایەنە بۆ مافەکانی مرۆڤ، شوناسی کولتووری و سەربەخۆیی سیاسی بۆ کورد لە ناوچەکەدا. کۆمارێک کە بووە سیمبولی هیوا و ئازادی بۆ نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان.

حیزبی دێموکرات دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دەستی لە ئامانج و بەرنامەکانی بەرنەدا. خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە لە شێوەی جۆراوجۆری خۆی و لە مێتۆدەکانی چالاکی سیاسیی، بەرگریی پێشمەرگانە، خەباتی دیپلۆماسی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا بەردەوام بووە و سەرەڕای هەموو لەمپەر و ئاستەنگەکانی بەڵام نەوێستاوە و هەموو کاتێک جێگای هیوا و هۆمێدی خەڵک بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆیدا ئەوەی هەمیشە تەکزی لەسەر کردووە و وەک بنەما لێی ڕوانیوە، بەرژەوەندییەکانی کورد و بایەخ و بەهاکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە. بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی، پێناسی زمانی، کولتووری کۆمەڵایەتیی کورد لە نێو ئێرانی فرەنەتەوەی پڕ جۆراوجۆریدا و پێکهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی خودموختار لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکرات لە سیاسەتە نەگۆڕەکانی حیزبی دێموکرات بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ٧٨ ساڵی بوونی خۆی و لە ڕەوتی خەباتی دوورودرێژیدا هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە سەرکوت و بەربەستی لە بەردەم دروست کراوە. جگە لەوە بارودۆخی ژێئۆپۆلوتیکیی ناوچەکە لەگەڵ گۆڕانی هاوپەیمانییەکان و گۆڕانی هەلومەرجەکان شوێنکاری نەرێنیی لەسەر حیزب داناوە، بەڵام نەیتوانیوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ ئامانج و پرۆژەکانی سارد بکاتەوە. ئەم خۆڕاگری و پابەندبوونە بە پرەنسیپەکانی خەبات، پێگەیەکی دیار و بەرچاوی بە حیزب بەخشیوە، بە جۆرێک بووەتە ڕەمزی یەکرێزی و خۆڕاگریی لە نێوخۆی کوردستان و ئادرەس بۆ مافەکانی کورد لە ئێران لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مێژووی دەوڵەمەندی لە خەبات و پێداگریی لەسەر مافەکانی کورد، توانای ئەوەی

هەیە وەک هەمیشە لە سیاسەتی کوردیدا هێزی بنەڕەتی و سەرچاوەی ئیلهام بۆ هێزەکانی دیکەش بێت.

حیزبی دێموکرات لە ژیانی سیاسیی دوورودرێژ و پڕ نرخی خۆیدا زۆر دەسکەوتی بەبایەخی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەستەبەر کردوە. ئەم حیزبە لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا زۆر قۆناغی دژواری ئەزموون کردوە، بەسەر زۆر کەندوکۆسپدا سەرکەوتوە، لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کورددا زۆر بەها و پرەنسیپی گرینگی جێگیر کردوە، خوێنی زۆر لەبەر ڕۆیشتوە، نشوستی و تاڵیی هاتووەتە ڕێ، ڕیزەکانی لێک ترازاون؛ بەڵام لە هیچ بارودۆخێکدا ئاڵای خەباتی مافخوازیی ئەم گەلەی هەڵنەپەساردوە و لەسەر ئەو ڕێباز و ئامانجە بەردەوام بووە کە لە پێناویدا دامەزراوە.

ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەهەندەکانی گوتارسازی، بەرگریی چەکداری، گرتنەبەری شێواز و نەریتی جۆراوجۆری خەباتگێڕی، دیپلۆماسی و ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە، چەسپاندنی نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا و زۆر ڕەهەندی دی هەموو کاتێک جێی سەرنج و لێکدانەوەن.

حیزبی دێموکرات وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری گەورە گوتاری نەتەوەیی هەمیشە لە تەعامول و سازان و لە یەک حاڵیبوون لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆ بووە، حزووری پڕ ڕەنگی ڕێکخراوەیی بە شێوازی شویندانەر بەڵگەیەکە بۆ ئەم ئیدعایە و توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە پتانسیلەکانی لە دەرەوەی وڵات و سازماندانی کوردانی دیاسپورا، وەک نوینەرایەتییەکان و پێکهینانی گرووپی دیپلۆماسیی بەهێز بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە جهانیان و..... بە باشترین شێواز کەڵک وەرگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# حیزبی دێموکرات، پرسە جەوهەری و ژێرخانە فکرییەکانی




**عەلی بداغی**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرروودا بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٨ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای



سەرچاوە
Serchawe

دامەزرێنەری، لە تێرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆر بە تیرۆر وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی - بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتێک هەلی وتووێژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بێ و شەڕ و نائارامی و ماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. بەڵام کاتێک ڕێژیم پەلاماری کوردستانی دا، ئەمە حیزبی دێموکرات بوو باری هەرەقورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێنشوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکرات سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتووێژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لە پێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووداناني بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.


پرسی جەوهەری لە حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەربۆیە جۆری مامەڵەی حیزب لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و داهاتووی ئێرانیش پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ٢٥ی گەلاوێژ و چەند وتەیەک




**برایم چووکەڵی**

یەکێک لەگرینگترین ڕۆژەکانی مێژووی نەتەوەی کورد ڕۆژی ٢٥ی گەلاویژە، کە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزراوە، و لە مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورددا جێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە سێ چارەگە سەدە لەوە پێش بە حەول و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لەسەر ڕێبازێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانە دامەزرا. لە مێژووی کوردستاندا دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووێ گەلی کورد دانراوە، لە ڕاستیدا ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە و لەلایەن مێژوونووسان و نووسەرانەوە کە لە خەباتی ئەو نزیک بەو ٨٠ ساڵەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات لێکۆڵینەوەیان کردوە پێ لەو ڕاستییە دانراوە. هەر بۆیەش بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناخێکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان دەستی پێ کرد.

گرینگترین خاڵ ئەوە بوو کە جووڵانەوەی سیاسی کورد بۆ هەمیشە چووە قالبی ڕێکخراوەیی و حیزبێکی سیاسی بە بەرنامەی پێشکەوتنخوازانە و ڕوونی سیاسی ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی وەئەستۆ گرت. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراتی کوردستانی ئێران شوێنەوارییەکی قووڵی لەسەر هەستو بیری کۆمەڵانی خەڵک دانا، بە جۆرێک کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان و ئەو زەبرە قورسەی پاش زاڵبوونەوەی ڕێژیمی پاشایەتی بە سەر خەڵکی کوردستان وەپەیکەری حیزب کەوت، دەستی لە خەبات هەڵنەگرت و ئاڵای خەباتی بۆ وەدیهێنانی مافە لەمێژینەکانی گەلی کورد هەر شەکاوە ڕاگرت. ئەگەرچی حیزبەکەمان لەکاتی دامەزرانییەوە تا ئێستا ڕێگای زۆر سەختی پێواوە، هەوراز و نشێوی لەڕادەبەدەر بەجێ هێشتووە و هەر لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و لەگەڵ ئەوەش برینی زۆر قورسی هەڵگرتووە. بەوحاڵەش تائێستا نە سەرکەوتنەکانی مەغروور و لەخۆبایی کردووە، نە ئەو برینە قووڵانە توانیویەتی بەچۆکی دابێنێ. هەربۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم لە ئاستی دەرەوە وهەم لە نێوخۆی کوردستان و ئێران جێگای تایبەتی خۆیو ئیعتبارو پرستیژی تایبەتی هەیە، ڕوونیشە کە، ئەو دەسکەوتانە زۆر بەئاسانی بەدەست نەهاتووە. لەوبارەوە دەبێ بڵێین حیزبێک کە داوا ڕەواکانی ئەوەندە بەرحەق و عادڵانەیە کە بێ شک لە ئاستی جیهانی و ڕوو بە دەرەوە خاوەنی ئەوپرستیژە دەبێ.

لەلایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکڕیزی ماڵی کورد هەوڵی زۆری داوە و لە هەموو حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات زیاتر خۆی بۆ ئەم مەسەلەوە ماندوو کردووە، چونکی باوەڕی وایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی درێژە بە ملهوڕی خۆی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی دەدا لەبەر ئەوە نییە کە جێ پێی لەنێو خەڵکدا بەهێزە، بەڵکوو هۆکاری سەرەکی پرشوبڵاویی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی و نەبوونی هاوکاریی نێوان حیزبەکانە. لەو پێوەندییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر هەنگاوی گرینگی هەڵێناوەتەوە و بۆ یەکڕیزی ماڵی کورد دریخی نەکردووە.

بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا، سیاسەتەکانی پێشووی ڕێژیم هەروا بەردەوامن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ توندتر لەپێشوو بەڕێوە دەچێ. نموونەکەی ئێعدامی لاوانی کورد لەم چەند ساڵی دواییدا، ئەمەش ڕەخنەو بێزاریی زۆری لێ بەرز بۆتەوە. ئەم ڕێژیمە پێی وایە بە کوشتنی لاوانی کورد دەتوانێ خەباتی ڕەوای کورد بێدەنگ بکا. بەڵام دژکردەوەی بەرینی ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بەرانبەر بەو ئێعدامانە بۆ جارێکی دیکەش ئەو خەیاڵە خاوەی پووچەڵ کردەوە و سەلماندی کە زیندان، ئیعدام، دەربەدەری و کوشتن وماڵوێرانی.... ناتوانێ چۆک بە خەباتکاران دادا و تێکۆشانی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد درێژەی هەیە.

بەسەر هەڵدانی شۆڕشی "ژینا" جارێکی دیکە کوردستان نیشانی دا کە لە هەمووی ئێران بۆ خەبات و تێکۆشان دژی ڕێژیمی ئاخوندی پێشەنگە، لە ساڵی ڕابردوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەک ساڵانی پیشوو خەڵکی کوردستانی زیاتر لە ژێر



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

فشار ناوە و چالاکوانان و کەسایەتییە سیاسییەکانی لە بەندیخانە خزاندوون، کاسبکاران و کۆڵبەرانی بەر گوللە دراون، سەرەڕای ئەو زەبرو زەنگە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی کوردستان هەروا قایم لەسەنگەری خەباتدا وەستاونەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تێپەڕکردنی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ قۆناخێکی نوێ لە خەباتی دەست پێ دەکاتەوە، دیارە شارەواوە نییە لە ماوەی چەندین دەیە تێکۆشاندا کە دەسکەوتی بووەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، شکانیشی هەبووەو بێ هەڵەش نەبووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ڕێگای خەباتی خۆی گرتۆتە بەر و لە هەڵەکانی دەرسی وەرگرتوە و لە کورەی خەباتدا قاڵ و پوختە بووە، توانای ئەوەی هەبووە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان تێ بگا و بە قازانجی بەرەو پێشبردنی خەباتی گەلەکەی کەڵکیان لێ وەر بگرێ. سەرەڕای ڕێگای دوورودرێژو پڕ لەکەندولەندی خەبات، ئێستاش گەرموگوڕتر لەجاران لە میدانی خەبات و تێکۆشاندا ماوەتەوەو درێژە بە خەباتە پیرۆزەکەی دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# حیزبی دێموکرات و ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە



سمایل شەرەفی

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری دامەزراوەیەکی مودێڕنی خۆبەڕێوەبەری لەسەر دوو بنەمای "کۆماری" و "دێموکراتیک" بە ناوی "کۆماری کوردستان"ە، ئەساسی بەرنامە و تێڕوانینی، کارکردن بۆ کەسایەتیی‌بەخشین بە ئینسانی چەوساوەی کورد و نیشتمانە خاپوور و داگیرکراوەکەی بووە. کە لە یەکەم هەنگاوی دوای دامەزرانی‌دا "کۆماری کوردستان" وەک قەوارەیەکی سیاسی دادەمەزرێنێ، دەیهەوێ لەم ڕێگایەوە کۆمەڵی کوردەواری هەست بە "بوون" و "کەسایەتی"ی خۆی بکات و باوەڕ بەو حەقیقەتە بێنێ هیچی لەو نەتەوانەی کە دەوڵەت و کیانی خۆیانیان هەیە، کەمتر نییە.

کورد بۆ دەرخستن و نیشاندانی ئەم بوون و کەسایەتییە، پێویستی بە ڕەمز و سەمبولێکی دیکە هەبوو، بۆیە پێشەوای کورد و حیزبی دێموکرات و سەرۆککۆماری کوردستان، قازی محەممەد بڕیاری دانان و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەر دەکات کە لە چەند شار و شارۆکەیەکی ئەوکاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری بە ئامادەبوونی جەماوەری خەڵک ڕێوڕەسمی تایبەتی بەم بۆنەوە بەڕێوە دەچێ.

## بەشی چوارەم

پرسی پاراستنی ئەم دەسکەوتانە و پارێزگاری لەم بوون و کەسایەتیی کورد و نیشتمانەکەی کە بە درێژایی مێژوو هێرشی کرابووە سەر و پەلامار درابوو، بۆ حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوای کوردان گرینگ و جێی تێڕامان و بیرکردنەوە بووە. بۆیە بڕیار لەسەر پێکهێنانی سوپای میلیی کوردستان کە دواتر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناسێندرا، درا. کەوایە فەلسەفەی دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پاراستن و پارێزگاری لە مان و مەوجوودییەتی کورد و نیشتمانەکەی بووە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی خۆی لەسەر ئەم تێفکرین و پێناسەیە، لە ئەرک و وەزیفەی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان"ی ڕوانیوە.

ئەم حیزبە کە هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، شانازیی ئەوەی پێبڕا کۆماری کوردستان دامەزرێنێ و، لە کاتێکدا بە بێ ئەوەی چاوی بڕیبێتە سەر خاک و نیشتمانی خەڵکی دیکە، سەرقاڵی بنیاتنانی پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێخستنی دامەزراوە مەدەنییەکانی تایبەت بە لاوان، ژنان، منداڵان، قوتابییان و ڕۆشنبیران بوو و چەندین جار بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان بە دیالۆگ سەردانی تاران کرابوو، لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی پاشایەتییەوە پەلاماری درا. لە وەها دۆخێکدا کە شەڕ بەسەر کۆماری کوردستاندا سەپێندرابوو، کابینەی وەزیرانی کۆمار، وەزیری بەرگریی، محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازیی ڕاسپارد کە بۆ پاراستنی خەڵک و خاکی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلاماری دوژمن، سوپای مللیی کوردستان بجووڵێنێ.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش، هەموو هەوڵێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی شەهید دوکتور قاسملوو، وەک سکرتێری گشتیی حیزب و وتەبێژی هەیئەتی کوردستان بۆ دانووستان لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، ئەوە بوو کە وتووێژ و دیالۆگ تەنیا ڕێگا چارەسەری کێشەکان بێت. د. قاسملوو کە لێکەوتەکانی دوورکەوتنەوە لە مەنتقی دیالۆگ و کەوتنەوەی شەڕ و تێکهەڵچوونی بە باشی دەرک کردبوو، دەیگوت؛ "ئەگەر ڕۆژێک ئەم شەڕە دوا بکەوێ، ئێمە ڕۆژانێکی زۆر قازانج دەکەین ."

بەڵام کاتێک کە فەرمانی جیهاد ڕاگەیاندرا و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرشیان هێنایە سەر کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان شەڕێکی چەندین ساڵەی بەسەردا سەپێندرا، حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بە هەموو شێوەیەک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش، پشتیوان و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن و ناچار بە پەنابردنەبەر  خەباتی چەکداری بوو.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

لە کاتێکدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەیەی شەستی هەتاوی‌دا لە بەرگری و بەرەنگاری‌دا بوو و ڕۆژ نەبوو لە پێناو پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان‌دا حەماسەی قارەمانانە تۆمار نەکات، دیسان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باوەڕەوە، پێداگریی لەسەر ڕێگای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەکرد. ئەوە بوو کە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانەی هێزەکانی پێشمەرگە، سکرتێری ئەم حیزبە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش لەگەڵ نێردراوانی تاران کە دواتر بە تێرۆریست و پیاوکوژ دەرچوون و ناوبراویان تێرۆریان کرد، لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد کەوتە دیالۆگ و وتووێژەوە.

لە ڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکراتەوە، "خەباتی چەکداری" یان "خەباتی پێشمەرگانە" کە لە چوارچێوەی مەفهوومەکانی "مافی خۆ پاراستن" و "مافی بەرگری لەخۆ"وە سەرچاوە دەگرێ، مافێکی ڕەوا و مەشرووعە. بەو مانایە کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان - وەک بزووتنەوەیەکی مافخوازانە - لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە بەزۆر و چەوساندنەوە لێی زەوت کراوە، مافی خۆپاراستن لە پیلان و پەلاماری دوژمن و بەرگری لە خاک و کەرامەتی خۆی هەیە.

حیزبی دێموکرات کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی جیهانی، ناوچەیی و خۆماڵی‌دا و لەشار دامەزراوە و ڕێبەرانێکی خاوەن تێفکرین و بیرمەندی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیی هەبووە و خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیی مودێڕن و تەشکیلاتێکی بەرینی جەماوەریی پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بۆ کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە، تێفکرین و جیهانبینیی خۆی هەیە.

لەم پێوەندییەدا ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە، لەگەڵ باوەڕ بە ئازایەتی و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پێی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی و تێگەیشتن لە پیلان و پلانەکانی دوژمن و شوێنەواری ئەم شێوازە لە خەبات، لەسەر خەباتی جەماوەریی خەڵک لەسەر شەقامەکانی کوردستان، بڕیاری لەسەر ئەم ڕەهەندە لە خەبات داوە و دەدات. هەر وەک چۆن سپای مللیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەسکەوتەکانی دیکەی حیزب و کۆماری کوردستان، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێی شانازین، خەبات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کوردستاندا، بەشێکی دانەبڕا و حاشاهەڵنەگر لە مێژووی ئەم حیزبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە



سمایل شەرەفی

ساڵێک پێش ئێستا لە ڕێکەوتی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا و دوای ١٦ ساڵ لە لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەردوو لایەنی دێموکرات (حدک و حدکا) یەکیان گرتەوە. دێموکراتەکان بەم یەکگرتنەوەیە وێڕای خستنەسەری شانازییەکی دیکەی گەورە بە تۆماری شانازییەکانی حیزبی دێموکرات، وزە و هیوایەکی گەورەیان بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسییەکەی بەخشی.

بۆ قسەکردن لە زەرووڕەتی ئەم یەکگرتنەوەیە تەنیا ئاماژەدان بە دوو ڕووداو و ڕەفتاری تەواو لێکجیاوازی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسە کە کەمتر لە یەک مانگ دوای سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕوویان دا. دەستپێکی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان و هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران لە ٦ی ڕەزبەر بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، هەرکام بە مانا و خوێندنەوەی جیاواز سەلمێنەری زەرووڕەتی ئەم کردەوە مێژووییەی دێموکراتەکان بوون.

لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی ژیناوە کە پرسی یەکگرتنەوە، شوێنەواری ئەرێنی لەسەر ئیرادەی یەکگرتووانەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ڕەفتارێکی یەکگرتوانە دانابوو، خەڵک لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەریندا وڵامی بانگەواز و ڕێنوێنییەکانی

ناوەندی هاوکاری و حیزبی دێموکراتیان دایەوە. بزووتنەوە بە گوتارێکی هاوبەش و یەکانگیرەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرە و گەشەسەندندا بوو، بەشێوەیەک کە لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژدا توانی پشتیوانی و سەرنجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆلای خۆی ڕابکێشێت و کۆماری ئیسلامی تووشی شۆک و داماوی بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروستی دەرکی بە سەرچاوەی ئەم هێز و یەکگرتووییەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان کردبوو، لە ماوەی یەک مانگی سەرەتای شۆڕشەکەدا سێ جار جار هێرشی مووشەکی و پەهبادیی کردە سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تازە ڕیزەکانی خۆی یەک خستبۆوە و پێگە و نفووزی لەنێو شەقامەکانی کوردستاندا سەرنجی گشت لایەکی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. بە واتایەکی دیکە؛ شوێنەواری زەینیی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە سەر ڕەفتاری یەکگرتووانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە بەکردەوە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا خۆی دەرخست و دواتر هێز و وزەی بە شەقامەکانی کوردستان ببەخشی، بەشێک لە زەروورییبوونی بەئەنجامگەیاندنی ئەم پرسە لە قۆناغێکی هەستیاردا دەردەخات.

گرینگیی پرسی یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب پێوەندی بە ماهییەتی ئەو زەروورەتەوە هەیە کە یەکگرتنەوەکەی لەسەر بنیات نرا. بەپێچەوانەی لێکدابڕان، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ "حیزبی دێموکراتی مێژوویی" تەنیا زەروورەتێکی تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو زەروورەتێکی تەواو سیاسی و خەباتکارانە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان خوازیاری بوون.

کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە خەڵک لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوویی و پێکەوەبوونیان دەوێ و لە لێکترازان نیگەران و بە یەکگرتوویی خۆشحاڵن. بەڵام زۆرمان نەوتووە کە بڵێین ئەم مەیل و داواکاریانە لە حیزبی دێموکرات چەند بەرانبەرە کە هۆکارەکەی بۆ ڕەساڵەتی مێژوویی ئەم حیزبە و پێگە جەماوەرییەکەی دەگەڕێتەوە. لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا کورد لە کوردستانی ئێران قەت ئەم لێکدابڕانەی نێو ڕیزەکانی حیزبیان لە تێکۆشەرانی دێموکڕات قبووڵ نەکرد و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دابڕانەوە بە بێ ئەوەی لێی ماندوو و بێهیوابن، داوایان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، لەگەڵ ئەوەی وڵامێکی - هەرچەند درەنگ - بەڵام درووستی بە خەڵکی کوردستان و ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی کوردستان دایەوە، بە قەرا گەورەیی و بەرینایی خۆی

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوەڕوانیی لێ دەکرێ. پاراستنی ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە لە ئەولەویەتی پرۆسەی کاریی ئەم حیزبەدایە. هەروەک چۆن لە هەموو دۆخ و هەلومەرجێکی خەباتکارانەدا ئەسڵێ یەکیەتی و یەکگرتوویی لە بزووتنەوەکەدا گرینگ و پێویستە، لە ئێستا و هەموو قۆناغێکی خەباتی ئەم حیزبەدا پاراستنی یەکڕیزی و یەکگرتووییەکەی زەروورەتێکی ژیوارییە.

بۆ پاراستنی یەکگرتوویی لە حیزبی دێموکراتدا سەرنجدان بە دوو بابەت؛ یەکەمیان، "ئەرک و ڕەسالەتی ئەم حیزبە بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان" و دووهەمیان، "تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک"، پێویستە. بابەتگەلێک کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و ئەم حیزبەیان لەسەر دامەزراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە درێژایی ٧٨ ساڵەی تەمەنی خۆی، پشتئەستوور بە سامانی مەعنەویی هەمیشەیی خۆی (خەڵک) بووە بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵک دامەزراوە و بە پشتیوانیی خەڵک درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە، تەنیا بە بەڕێوەبردنی ڕەساڵەتی خۆی بەرانبەر بە خەڵک و تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکە کە دەتوانێ یەکریزی و یەکگرتووی خۆی بپارێزێ. لەژێر ڕووناکایی ئەم خوێندنەوە لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە قازانجە لاوەکی و کورتخایەنە فەردی و گرووپییەکان لاواز و پووچەڵ دەردەچن و بەرژەوەندییە گشتییەکان گرینگی پەیدا دەکەن.

لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا کە کۆمەڵگە و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستان بە یەکیەتیی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، لەسەر هەموو لایەکە زیاتر لەسەر ئەم پرسە کار بکرێ. نابێ فرەلایەنی و فرەجۆری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە مانای لێکجیایی و پەرتەوازەیی لێک بدرێتەوە، بەڵکوو با فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێتە دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیانێکی تۆکمە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای یەکخستنەوەی ڕیزەکانی و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بە بەردەوامی هەوڵی داوە وێڕای پێداگری لەسەر پاراستنی پرنسیپە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستی لەگەڵ هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان بکاتە ئامیانی هەڵوێست و سیاسەتەکانی و، پێداگری لەسەر زەروورەتی یەکریزی و هاوهەڵوێستی، بەشێکی دانەبڕاو لە گوتاری سیاسیی ئەم حیزبەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش، دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە




کوردکاناڵ

### ئاماژە:

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتووێژ دەگەڵ تەلەڤیزیۆنی فەرمیی حیزب (کوردکاناڵ) باسی لە پێویستیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، دەوری پێشەوا قازی محەممەد و دکتۆر قاسملوو لە داڕشتنی سیاسەتە گشتگیر و ستراتێژیکییەکانی حیزب و ڕەوشی خەبات لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا کردووە. باس لە چۆنیەتی و هۆکاری هێرش بۆ سەر کوردستان هەر لە سەرەتای دەستپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامیی سیاسەتی سڕینەوەی کورد لەلایەن حکومەتی ناوەندی تەوەرێکی دیکەی ئەو دیمانەیە بوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" پوختە و گرنگترین بەشەکانی وتوێژی بەڕێزیانی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**کوردکاناڵ**: گرنگی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات:

**خالید عەزیزی**: دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، وەڵامێک بوو بۆ پێویستییەکی مێژوویی،

سیاسی و تەشکیلاتی لە کوردستانی ئێران. بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران بە شێوەی بەربڵاو بەڵام ڕێکنەخراو و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا دژایەتیی دەسەڵاتی ناوەندی بە ئاراستەی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوونی دەکرا. بەڵام دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دەرکەوتنی بۆشاییەک لە ئاکامی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و ئینگلیس، ئەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات بە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی لە دۆخی ئارایی، حیزبی دێموکراتی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک دامەزراند. دەکرێ بڵێین دوای ئەم ڕووداوە ژینگەی سیاسی کوردستانی ئێران و ڕێکخستنی خەڵکی کورد لە هەمبەر چۆنیەتیی چالاکیی سیاسی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان شێوازیی حیزبی بەخۆوە گرت.

**کوردکاناڵ**: دەوری پێشەوا قازی محەممەد:

**خالید عەزیزی**: بە ڕوانینێکی ڕاستەقینە لە دۆخی ئێران و کوردستانی ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، ڕەوشی ئاڵۆز و ناهەمواری ئێران، پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بەبەراورد دەگەڵ ئەمڕۆ، نزمبوونی ئاستی خوێندەواری و زانست لەنێوان خەڵک و هەبوونی کۆمەڵگەیەکی عەشیرەیی و دەرەبەگایەتی؛ هەوڵی قازی محەممەد بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ئامادەکردنی کوردستان بۆ ژینگەیەکی سیاسی نوێ، هەوڵێکی ناوازە و پێشکەوتوانە بوو. هەڵبەت لەو سەردەمەدا ئالنگاری و دەرفەتی زۆریش بوونیان هەبووە. دەرفەتەکان ئەوانە بوون چۆن بکرێ لەو دەرفەتە هەڵکەوتووە بۆ ڕۆنانی دێموکراسی و گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کورد، کەڵک وەربگیردرێ. کێشە و ئالنگارییەکانیش ئەوە بوو کە دەبوایە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە بە دوای چارەسەری کێشە و قەیرانەکان هەنگاو بنێن و، بەخۆشییەوە بەڵگە مێژوویەکان نیشان دەدەن کە ئەو پرسانە بە ژیری و وریایی چارەسەر بوون و ئێمەش هیوادارین کە ئەم ئەزموونە مێژووییە ئێستاش کاری پێ بکرێ و هەردووک لایەنی کورد و تورک پێکەوە بە هاوکاری و هاوتەریب دەگەڵ یەکتر پەرە بە پێوەندییەکانییان و هاوکاریی دوولایەنە بدەن. یەکێکی دیکە لە گرفتەکان حکومەتی پەهلەوی بوو کە نەیدەویست دان بەو حکوومەتانە دابنێت. قازی محەممەد هەوڵی ئەوەی دابوو بە چالاککردنی دیپلۆماسی و دیالۆگ دەگەڵ تاران بەپێی ڕاستییەکانی ئارایی باشترین بڕیار بدرێ، بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمدا بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێران ئاگاداری ئەوە نەبوون دۆخی کوردستان چۆنە و خەڵکی کورد چی دەوێ، وێڕای هەوڵی بێوچانی قازی محەممەد بۆ چارەسەری گرفتەکان، بەڵام لە تاران هیچ گوێچکەیەک بۆ بیستن بوونی نەبوو.

چۆنیەتیی ئیدارەی کوردستان یەکێکی دیکە لە داڵغە فکرییەکانی پێشەوا بوو. بە هەوڵ و خەباتی بەردەوامی قازی



سەرچاوە
Serchawe

محەممەد و ڕێنوێنییەکانی لەو سەردەمدا (کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر یەکیەتیی لاوان و ژنانی کوردستان دامەزرا) بەڵگەیەکی زۆر هەن پشتڕاستی دەکەنەوە، حکومەتی خودموختار بۆ ئیدارەکردنی کوردستان بەرنامەی دارشتووە و زۆربەی ئەو بەرنامانە لە ئاوەزی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە. "ئارچیباڵد روزوێلت" کە ئەوکات دیپلۆمات و بەرپرسی کاروباری نیزامیی ئەمریکا لە سەفارەتی ئێران بوو، سەفەرێک بۆ کوردستان دەکات و چاوی بە قازی محەممەد دەکەوێت و دگەڵی دەدوێ، ئەو دەڵێ: قازی محەممەد لە نێو خەڵکدا کەسایەتییەکی زۆر جێگای ڕێز و خۆشەویست بوو، ئەو بەسەر چەند زماندا زاڵ بوو و کتێبخانەیەکی هەبوو یەکجار زۆر گەورە و دەوڵەمەند، هەڵسوکەوتی ناوبراو دەگەڵ سەرجەم چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەوپەڕی ڕێزەوە بوو، کاتێک پرسیارم لێ کرد ئارمانج و جۆری حکوومەتی دوارۆژتان چییە؟ گوتی: دێموکراسی. ئەمە لەوسەردەمەدا و لە جیهانبینیی ئەو چاخە کە کلۆکۆی هزری چەپ و کۆمۆنیستی زاڵ بوو، زۆر جێگای بایەخە".

**کوردکاناڵ**: کۆمارە ناوچەیەکان لە وڵاتی پاشایەتیی ناوەندتەوەر:

**خالید عەزیزی**: ئێستا ئێمە باس لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر و دواساڵەکانی کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی دەکەین. لەو سەردەمدا باکووری ئێران، بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو داگیر کرابوو و هەوڵیان دەدا لەم ناوچانەی ژێر دەستەڵاتییان ئەزموون و بیرۆکەی سیاسیی خۆیان دابمەزرێنن. ئەم بابەتە لەلایەک ئەرێنی بوو، چونکە لە نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو نزیک ١٥ نەتەوەی جۆراوجۆر دەژیان، ئەوان هەموویان کۆمار یان خودموختاری نێوخۆیی خۆیان هەبوو واتە دەستەڵات لەدەستی خۆیان دابووە، کۆماری کوردستان و ئازەربایجانیش لەوە وەرگیرابوو، هەربۆیە قازی محەممەد و حیزبی دێموکرات بەرنامەی ئەوەیان نەبوو لە ئێران جیا ببنەوە و هەوڵی ئەوان ئەوە بوو پرسی نەتەوەیی کورد و هەڵسووڕانی کاروباری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دابێ.

**کوردکاناڵ**: دۆخی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای نەمانی کۆماری کوردستان:

**خالید عەزیزی**: دوای لەسێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێیەکانی حیزبی دێموکرات قۆناغی خەباتی نهێنیی دەست پێ کرد، زۆربەی کادر و ئەندامانی حیزب زیندانی و بەشێکیشیان شاربەدەر کرابوون، بەڵام سەرەڕای ئەوە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب دەگەڵ چالاکانی ئیداریی ئێرانی پێوەندی باشیان هەبوو، بۆ میناک لە سەردەمی موسەدیق ئەو پێوەندی و چالاکییانە هەروەها کەشی هەتا ڕادەیەک کراوەی سیاسی لە کوردستان بووە هۆی ئەوەیکە جارێکی دیکە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وە جموجۆڵ بکەوێتەوە، بەڵام دوای کودتا و گەڕانەوەی دیکتاتۆریی پەهلەوی، هەمدیسان بەشێک لە ڕێبەرانی

حیزبی دێموکرات گیران و تەنانەت بەشێکیان هەتا شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ لە بەندیخانەدا مانەوە و هەبووە ٢٥ ساڵ لە زینداندا بووە. لەم دەورانە ئاڵۆز و نهێنیکارییەدا بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەناچار نیشتمانی بەجێ هێشت و لە باشووری کوردستان درێژەیان بە خەباتی سیاسی خۆیان دا، بەڵام هەرچۆنێک بێ پردی پێوەندیی خەڵک و حیزب هەر بەردەوام بووە.

**کوردکاناڵ**: دۆخی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی ١٣٥٧:

**خالید عەزیزی**: خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی شۆڕش هەبوو، بەڵام بەداخەوە وردوردە ئێمە لە نێوخۆی ئێران وەک بێگانە و دژ سەیرمان کرا، هەتا وای لێ هات بەشێک لە خەڵکیی چەکداری تاران و شارەکانی دیکەی ئێران لە ڕێکخراوە تازە دامەزراوە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک خران. سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەردەوام پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کردووە پرسی کورد دەگەڵ دەستەڵاتی ناوەند لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر دەبێ، هەموو هەوڵی حیزبی دێموکرات و د. قاسملوو وەک وتەبێژی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵقی کورد لەو کاتەدا و دواتریش لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان ئەوە بووە کۆتایی بەو قسە بێنیت کە باس لە وەهمی "جیاییخوازی" کوردەکان دەکات. بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینیش وەک ڕێژیمی پاشایەتی دانی بە پرسی خودموختاری نەنا و دەیگوت ئەوە چەمکێکی ڕۆژئاواییە. ناوبراو هەر لەم پێوەندییەدا بە هاوکارێکی خۆی دەڵێت: ناکرێ ئێمە ئەوان بگۆڕین؟ دوای ئەوە باسی خودگەردانی هاتە کایەوە و، هەموو نەرمی و نەویکێشانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە بوو کۆماری ئیسلامی ئێران خێرا و بەهاسانی شەڕ بەسەرماندا نەسەپێنیت بۆوەی دەرفەتی زیاترمان بۆ وتووێژ و لەیەکتر حاڵیبوون هەبێ. تەنانەت ئەوکات زۆربەی چەپەکانی ئێران و کۆمۆنیستەکان تانەیان لەو سیاسەتەی حیزب دەدا و مۆرک و بوختانی ئەوەیان بۆ حیزب و د. قاسملوو هەڵدەبەست کە "سازشکارە". تەنانەت کاتێک باڵوێزخانەی ئەمریکا لەلایەن ڕێژیمەوە دەستی بەسەردا گیرا و کارمەندەکانی بەبارمتە گیران، حیزبی دێموکرات لە یەکەمین حیزبەکان بوو ئەو کردەوەیەی مەحکووم کرد و پێداگریی لەسەر پاراستنی یاسا و ڕێسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کرد. ئەم هەڵوێستەش هەر لەلایەن حیزبگەلی کۆمۆنیستی و چەپ کەوتە بەر ڕەخنە و گازندە، بەڵام ئێمە وەک بەشێک لە مێژوویەکی درەوشاوەی خۆمان سەیری دەکەین چوونکە ئێمە هەمووکات دژایەتیمان کردووە دەگەڵ تیرۆر و بەبارمتە گرتن و ئەمەش سیاسەتی بنچینەیی و نەگۆڕی حیزبەکەمانە. بەهەرحاڵ وێڕای هەوڵەکانی حیزبە سیاسییەکانی کورد بە دامەزراندنی شوورای خەڵکیی و دێموکراتیک، ناوچەکانی کوردستان ئیدارە دەکران، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هێرشمان کرایە سەر و شەڕێکی سەرتاسەری بە دژی خەڵکی کورد سەپێنرا.

## بەشی چوارەم

**کوردکاناڵ**: دەوری دوکتور قاسملوو لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتە ستراتێژییەکانی حیزب:

**خالید عەزیزی**: سەرجەم ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە بەشێکی زۆریان لە مەیدانی خەبات دەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکام هێرش بۆسەر کوردستان شەهید بوون یان لە کوردستانی باشوور تیرۆر کران، یان نەمر دکتۆر شەرەفکەندی کە لە ڕێستۆرانی میکۆنوسی ئاڵمان تیرۆر کرا، دەورێکی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبووە. بەڵام ڕۆڵ و کاریگەریی دوو کەس لە ڕێبەرانمان یەکجار زۆرتر دیارە. یەکەم قازی محەممەدە کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی دامەزراند و دوای ئەو د. قاسملوو کە ئەندازیار و داڕێژەری نوێکردنەوەی تەشکیلاتی، سیاسی و ستراتێژیی حیزب بووە. ئەگەر قازی محەممەد سوور بوو لەسەر دامەزراندنی حیزب، د.قاسملووش بەو ڕادەیە پێداگر بوو کە حیزب دەبێ یاسا و ڕێسا، تاکتیک، ستراتێژی، بەرنامە، کۆنگرە، کۆنفرانس و دووره دیمەنی سیاسی خۆی هەبێ، هەربۆیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بنچینەیی و پێویست، ڕۆڵی د.قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بە شێوەی گشتی لە بزووتنەوەی کوردستان زۆر بەرچاو و دیارە. دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزماتیک و مەزنی هەبوو، بەڕێزیان کە لەسەردەمی دامەزرانی حیزبدا تازەلاوێک بوو، بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە تاران و دواتر بۆ درێژەی قۆناغەکانی خوێندنی ئاکادیمیک وڵاتی بەجێ هێشت. مانەوە لە ئورووپا و گۆڕانکارییەکانی بەهاری پراگ دەرفەتێکی باش بوو بۆ د. قاسملوو هەتا بتوانێ ئەو ئەزموونانە بگوازێتەوە نێو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەک ڕستەدا دوکتور قاسملوو ئەندازیاری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە.

**کوردکاناڵ**: هۆکاری هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان:

**خالید عەزیزی**: کوردستانی ئەو سەردەم بە بەراورد دەگەڵ باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران پێشەنگی دێموکراسیخوازی و ڕێکخستنی سیاسی و خەڵکی بوو. ڕێبەری و نوێنەرایەتی زۆربەی هێزەکانی ئێرانی دژبەری ئەو ڕێژیمە نوێیە کە نەیاندەتوانی لە تاران و ناوچەکانی دیکە بمێننەوە، لە کوردستان بوون و کۆماری ئیسلامی ئێران جیهانبینیی جیاوازیی کوردستانی بۆ نەدەسەلما و دانی پێ نەدەنا، هەربۆیە هێرشی کردە سەر کوردستان و بەشێک لە خەڵکی کوردستانیش کە وەک باقی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران چەکیان هەبوو، دەگەڵ دامەزراندنەوە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە کەوتن و هەتا ئێستاش ئەو بەرگرییە هەر بەردەوامە. خاڵێکی جێ سەرنج لە گەرمەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق ئەوەیە، نەمر د. قاسملوو پەیامێکی بۆ تاران نارد بەو نێوەڕۆکەی، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دان بە ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد دابنێ، ئێمە ئامادەین هێزەکانی خۆمان بۆ بەرەی شەڕ دەگەڵ عێراق بگوازینەوە. ئەمە پەیامێکی زۆر مێژوویی و گرنگ



سەرچاوە
Serchawe

بوو، بەڵام هەتا ئێستاش لەو خەڵکانە بوونیان هەیە کە لە ڕێبەری ڕێژیم دان یان بەشێکن لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە ئاگادارییان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد نییە و هەر زۆر بە هاسانی بەدوای تیۆری پیلان گێڕیدان هەوڵ دەدەن کوردستان و حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار بکەن کە ئێوە "جیاییخوازن"، د. قاسملوو بەردەوام باوەڕی بەوە هەبوو دامەزراندن و سەقامگیری دێموکراسی لە ئێران و هەبوونی مافی خودموختاری کە بۆ نەتەوەکانی نێو ئێران گرنگی هەبوو، هۆکاری سەرەکی بۆ پێشگرتن لە دابەشبوونی ئێرانە. کەواتە ئەگە بۆ هەمیشە کوردستان و باقی نەتەوەکان لە پەراوێز دابن و ناوەندیش هەر بە ناوەندی بمێنێتەوە، زۆر سرووشتییە هۆکاری هەڕەشەکە بۆ ئەو جۆرە تێڕوانینە بگەڕێتەوە.

**کوردکاناڵ: بۆچی لە کاتێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەهۆڵی کوشتار و تیرۆر و خوێنڕشتن دەکوتێ بەڵام حیزبی دێموکرات واز لە خەباتی مەدەنی، سیاسەتی دیالۆگ و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیانە ناهێنێت؟**

**خالید عەزیزی**: پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کاتێک کە ئارچیباڵد ڕوزوێڵت لە قازی محەممەد دەپرسێ ئێوە چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی پەسند دەکەن، وڵامی پێشەوا ئەوەیە کە؛ حکومەتێکی دێموکراتیک. د. قاسملوو لە درێژەی خەباتی سیاسی و حیزبی ئەو دێموکراسیخوازی و بایەخە جیهانداگرەکانی بردووەتە نێو هەناو و ناخی حیزبەوە. لە سەردەمی شەڕی داسەپاوی دەستەڵاتی ناوەندی بەدژی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات هیچکات دیلەکانی شەڕی ئەشکەنجە نەدا، برینندارەکانیان لە مەیدانی شەڕ وەک پێشمەرگەکان دەرمان دەکران و دوای ئەوەیکە لە بواری بیرکردنەوەی سیاسی ڕوون دەکرانەوە ئازاد دەکران، جا زۆربەی ئەوان لە ناوچەی خۆیان دەبوونە سەفیری پرسی کورد، ئێمە هیچکات باوەڕمان بە تیرۆر نەبووە، تەنانەت ئەو کاتەی ڕێبەرانمان سەرەتا د. قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ دەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێرانی و دواتریش لە میکۆنوس د. شەرەفکەندی کاتێک دەگەڵ بەشێکی لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن دانیشتبوو، و لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە تیرۆر کران، ئێمە بۆ وڵامدانەوەی ئەو تاوانە مەزنانە دەستمان بۆ تیرۆر نەبرد. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا ناوەندەکانی ڕێبەریی حیزبەکەمان چەندین جار بە درۆن و مووشەک پەلامار دران و خەسارەتی گیانی و ماڵیی زۆرمان وەبەر کەوت بەڵام ئێمە وتمان تیرۆر بە تیرۆر وڵام نادەینەوە دواتریش دیتمان خەڵک چۆن ئەو پەیامەی ئێمەی وەرگرت و بە خەباتی مەدەنی، سیاسی و یاسایی ئەوەندەی بۆیان لوا بە چالاکیی وەک مانگرتن، ناڕەزایەتیی سەرشەقام و بە بەشداریی ژنان و پیاوان و لاوانی کوردستان لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە تەنانەت مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییەکانی مەزهەبی کە هەمووکات دەوری کاریگەریان لە ژیانی سیاسی حیزب هەبووە، مەیدانی خەبات و تێکۆشانییان لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران گرتووە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

**کوردکاناڵ**: بنەمای دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب:

**خالید عەزیزی**: فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکرات، فەلسەفەیەکی سیاسی‌یە، ڕوانینی ئێمە سەرچاوە و ئاخێزگەیەکی ئایدۆلۆژی تایبەتی یان حیزبێکی چینایەتی نییە، ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین و کاتێک دەڵێین ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین، ئەمە هەموو خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە بە سەرجەم چین و توێژ و باوەڕەکانیان. چوونکە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگە، ئەو جۆراوجۆرییەش بە جوانی لەنێو ڕیزەکانی تەشکیلاتیی حیزبدا خۆیا دەبێ. هەروەک باس کرا ئێمە بەدوای چارەسەری پرسی کورد و مافەکانی نەتەوەیی خۆمانین و لە دانیشتنە سیاسییەکانیشدا زۆر سرووشتییە بۆ ئەو مەبەستە بەدوای یارگیری و بەردەنگی خۆمانین. لەناوخۆی ئێران سەرجەم ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێرانی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، ئیدارەی هاوبەشی ئێران و نا ناوەندبوون و مسۆگەربوونی یەکسانیی مافی نەتەوەکانی ئێران هەبێ، ئێمە وەک هاوپەیمان چاویان لێدەکەین، لایەنگری دۆستایەتی و پێوەندی دەگەڵ هەموو ڕێکخراوە و ڕەوتێکین کە بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن. لە بواری دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیشەوە ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە لەسەر ئەو بنەمایە پێداگر بین کە وێنایەکی گشتی لە ئێران و کوردستان پێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەین. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە داهێنان و نوێکاری و جیهان بینییەکانی نەمر د. قاسملوو کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو تێکۆشاوە لە ئەمریکا و ئورووپا دەگەڵ دامەزراوە و وڵاتانی جۆراوجۆر پێوەندی هەبێ، لە درێژەی ئەو سیاسەتانە و پێوەندی ئێمە وەک ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیست و دەرفەتەکانی دیکەش هەوڵ بدەین پەیام و ڕێکاری سیاسی حیزب و خەڵکی خۆمان بگەیەنینە گوێی جیهان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕ و ئاشتی و پڕەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا




عەلی بداغی

لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر بەڕوونی ئامانج و خولیا و، هاوکات پلان و بەرنامەکانی دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە فۆرموله کراون. لەم مەرامنامەیەدا وەدیهێنانی مافەکانی کورد و پارێزگاری کردن لەو مافانە بە ئامانجی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات داندراوە. لەو مەرامنامەیەدا زۆر بەڕوونی هاتوە کە حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە و دەخوازێ لە ڕێگەی هێمنانەوە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێراندا وەدی بێن و دێموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا سەقامگیر ببێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم پڕەنسیپە پێشکەوتووانەیەی ئاوێتە بە باوەڕی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کردوە. "هێمن"، شاعیری میلیی کۆماری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی ئەم حیزبە ڕاست لە کاتێکدا کە سوپای جەهل و تاریکی هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی "قەڵتوبڕی خستە سنە"، بەمجۆرە ئەم پرەنسیپەی حیزب لەتوێی شێعرێکدا دادەڕێژێ:

"لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ

بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ

ئارەزووەمە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟"

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرووڎا بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٩ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تیرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆر بە تیرۆر وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە مووشەک لێی درا، بەڵام وازی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە ئێران نەهێنا و نەیهێشت ڕێژیم باوەڕ بە بایەخ و مەرامە جیهانگیرەکانی لەدەست دەربێنێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی -بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتیک هەلی وتوویژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کورستان دەستەبەر بن و شەڕ و نائارامی و ماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و، مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمانی

ئـاوەدان ڕاگرتـوە. هاوکـات زەبـری وەهـای لە دوژمـن داوە کە تاسـاوە، بـۆ نمـوونە خـومەینی بەر لەوەی جامە ژارە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ٦٧ی هەتاویدا هەڵبدا، ئەم جامە ژارەی لە هاوینی ٥٨ دا و لە شەڕی سێ مانگە و لە سۆنگەی ئازایەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا فڕ کردبوو.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و٤٧دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. حیزبی دێموکرات کە هەرچەند مانگ دوای ئاشکراکردنەوەی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات لە حیزبێکی سەدان کەسییەوە ببووە خاوەنی هەزاران پێشمەرگە و سەدان هەزار ئەندام و لایەنگر لە کوردستاندا، بەنیسبەت چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی زۆری لەسەر شانی خۆی هەست پێدەکرد. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر هەمان چاوەڕوانییان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوو.

حیزبی دێموکرات سەرەتا پێیوابوو ڕێژیمی نوێ کە بەرهەمی ڕاپەڕین و فیداکاری و خوێنی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەرە، بێشک دان بە مافەکانی گەلی کورد کە خەباتێکی دووردرێژی لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی کردوە و دەیان ساڵ بە دەستی ئەم ڕێژیمە غەددارەوە چەوساوەتەوە، دادەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی تیژبینیی ڕێبەرانی حیزبەوە زۆر زوو جەوهەری ئینتیما و بیرکردنەوەکانی ڕێژیمی بۆ دەرکەوتبوو و ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کردبوو؛ بەڵام دیسانەکەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە سیاسەتی سازان و مەدارا پێش بە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان بگرێ و لە کەشێکی سیاسی و ناتوندوتیژدا بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانی نوێدا تێبکۆشێ. هەڵبەت سیاسەتی وتووێژ وەک پرەنسیپێک زۆر پێشتر لەو سەردەمە و لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە حیزبی دێموکرات و لای ڕێبەرانی ئەم حیزبە نەهادینە بوو، وەک چۆن کاتی خۆی پێشەوای شەهید چەند جار سەردانی تاران کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کەوتبووە دانوستانەوە، بۆوەی ناکۆکییەکان دوور گرژی و شەڕ و لێکدان چارەسەر بن.

لەو بارودۆخەشدا حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی سەردان و ناردنی شاندی دانوستانکار، لە ڕێگەی نووسینی نامەی سەرئاوەڵا و



سەرچاوە
Serchawe

نامەی نهێنی بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی نوێ، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕێگە لە ڕوودانی شەڕ و میلیتاریزە کردنی کوردستان بگرێ، تا ئەو ڕادەیەی کە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری چەپ و مارکسیستی حیزب "لبیک" بۆ خومەینی، ڕێبەری ئایینی و دوگمی ڕێژیم بنێرێ. یان تا ئەو جێیە لە مەدارا و ددان بە جەرگداگرتن بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان چووە پێش کە لەلایەن هیندێک ڕێکخراوە سیاسیی کەمئەزموونی کرچوکاڵەوە بە "سازشکار"ی دابندرێ و دروشمی "بمرێ"ی لەدژی بەرز بکرێتەوە! بەڵام کاتێک شەڕ دەرگای بە کوردستان گرت و زۆر لەو ڕێکخراوانەی هەتا پێش ئەوە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار دەزانی و خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین و شەڕ لەدژی ڕێژیم هان دەدا لەپڕ لە مەیداندا نەمان، ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە باری قورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێنشوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات ئاوێنەی باڵانوێنی هەموو ئەم ڕاستییانەن کە پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتوویژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەستیشی بۆ چەک برد، بەرگریی چەکدارانەی ئەگەر لەلایەک لە پێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دیفاع لە کەرامەت و هۆوییەتی گەل بوو، هاوکات چەکێک بوو بە مەبەستی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ وتوویژ. بە واتایەکی دی "شەڕ"یشی هەر بۆ "ئاشتی" کردوە. وەک چۆن د. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٥ دا بەڕوونی دەڵێ: "شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و دواجار شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە".

ئەم شەڕە (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران) کە تا ئێستاش لە فۆڕم و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە، تێچووی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بووە. لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا زیاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگەی حیزب لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریدا شەهید بوون. جێی سەرنج ئەوە کە لە نێو شەهیدەکاندا ٤٤ کەسیان ئەندامی ڕێبەری و ٣٦ کەسیان لە فەرماندەرانی

هێزەکانی پێشمەرگە و ١٦٠ کەسیان فەرماندەر و جێگری لک و زیاتر لە ٤٥٠ شەهیدیان کادری سیاسی بوون. بەو مانایە کە هیچ حیزبێکی کوردی نییە ئەوەندە ڕێبەر و کەسایەتیی ئاستبەرزی لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاری لەگەڵ ڕێژیمدا لەدەست دابێ. لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە ٣٦٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە دار دراون، و زیاتر لە ٣٢٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە خەسارە گیانییە قورسەدا، حیزبی دێموکرات ئێعدامی بە ئێعدام و تێرۆری بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە. پێچەوانە لە ڕەوتی بەرگریی چەکداریی حیزبدا بە هەزاران دیلی شەڕی ئازاد کردوە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەی قوربانیی سەرەکیی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی تۆکمەترین هێزی نیزامی و پێشمەرگە لە کوردستان بووە، بەڵام نەک هەر دەستی بۆ کردەوەی هاوشێوە لە دژی ڕێژیم نەبردوە؛ بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر فۆرم و شکڵێک و لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ هەر مەبەستێکیش کرابێ، مەحکووم کردوە. ئەمەش لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ئەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی ئاست بەرزی حیزب وەک سامانێکی مەعنەوەی بۆ جووڵانەوەی کورد چێیان کردوە. وەک چۆن د. قاسملووی نەمر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆر نییە [...] تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرامبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وەڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت."

وەک لە دێڕەکانی پێشوودا بە کورتی باس کرا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ هەل و دەرفەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران لە کیس نەداوە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوون کە قەت گوێیان بە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات نەبزووت. ئەمەش وایکرد کە ئەم حیزبە ناچار بێ لە فۆرمەکانی دیکەی خەباتدا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ. بەڵام ئەم حیزبە نەیدەتوانی ماوەی پتر لە حەوت دەیە لەو مەیدانەدا بمێنێتەوە ئەگەر پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لەگەڵ نەبا. ئەم خەڵکەی کە لەگەڵ ئەوەدا زۆرترین فشار و توندوتیژی و سەرکوتی خوێناویی ڕێژیمیان لەسەر بووە، بەڵام پشتی حیزبەکەی خۆیان چۆڵ نەکردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ باوەڕی قووڵ و متمانەیەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات و سیاسەتە واقعبینانەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبەی کە دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بەڵام، ژیرانە و بەپرسانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی هەڵسەنگاندوە و سیاسەت و دروشمەکانی لاقیان لەسەر عەرز بووە. حیزبێک کە بایەخی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ داوە و تێکۆشانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی وەک سەرمایەی بەنرخی خەبات و تێکۆشان سەیر کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لە پێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووداناني بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.

لەولاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا چ بە زبری سەرکوت و سەرنێزە و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم و سایبێریی ئامبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و لەو بەربەرەکانییەدا لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردوە. بەڵام تەنیا ئاسنی ساردکوتانی بۆ ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی نەتەوەیی و پرەنسیپە مۆدێرنە جیهانییەکانی وەها ئاوێتەی بیر و زەین و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە دابڕاندنیان لە یەکتر ئەمری مەحاڵە.

حیزبی دێموکرات کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە. پێشەوای دامەزرێنەری لەدار دراوە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری هەرە بەوەجی ئەم حیزبە تێرۆر کراوە، ڕێبەرییەکەی لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە و تەنانەت لەو شوێنەش بە مووشک لێی دراوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەم بجووڵێتەوە و دەسکەوتەکانی دووپات بکاتەوە.

بۆ دوا وتە و ئاکامگیری لەو باسە باشترین شت گەڕانەوە بۆ چەند بڕیارێکی حیزب لە کۆنگرەکانی دایە، لەو جێگایەی دەڵێ باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکڕاتە. ئەگەرچی

## بەشی چوارەم

ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتووێژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتووێژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە.

یان کە باسی دێموکڕاسی وەک یەکێک لە بایەخە گرینگەکانی نهادینەکراو لە حیزبدا دەکرێ، هاتوە کە دێموکراسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکڕات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەرلەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە. هاوکات خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ۷۹ گەلاوێژ




**ناسۆ مینبەری**

لە مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ٢٥ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی دامەزرانی ئەم حیزبە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم ڕۆژە نەک تەنیا بۆ حیزبی دێموکرات و لایەنگرانی بەڵکوو بەگشتی وەکوو وێستگەیەکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاوی لێ دەکرێت، هەر بۆیە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا هەوڵ دەدرێت وردبینانەتر لە ڕابردوو چاو لەو مێژووە پڕ هەوراز و نشێوەکەی بکرێت و بە دەرس‌وەرگرتن لە نسکۆ و دابڕانەکان و هەروەها ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی مێژووی ئەو حیزبە، هەوڵ بۆ گەشەپێدان و پێشەنگ مانەوەی بدرێت.

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموونی نەتەوەیی، خەریکە ۷۹ـەمین ساڵی دامەزرانی خۆی تێپەڕ دەکات و لەم ماوە زەمەنییەدا توانیویەتی وەک حیزبێکی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، هەنگاوی بەجێ، جیددی و کارامە لە چوارچێوەی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەڵ بگرێت. ئەم حیزبە، لە مێژووی خۆیدا، وێڕای کارکردن لەسەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات لە پرس و بابەتەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە خافڵ نەبووە و بە بەردەوامی هەوڵی بۆ داوە.

هاوکات لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، پرسە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، پرسی ژینگە، پرسی ئابووری، جوگرافیا و دێموگرافیای کوردستان، پرسی مێژوو و بە سەدان پرسی دیکە لە دەستووری کاری ئەم حیزبەدا بووە و هەوڵی داوە بە گونجاندنی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی پێڕەو و پرۆگرامی خۆیدا کاریان لەسەر بکات. یەکێک لەو پرسانە کە لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکراتدا لە سەرەتای دامەزرانییەوە، گرینگیی پێ دراوە، پرسی ژنان بووە.

پرسی ژن لای حیزبی دێموکرات، هەمیشە پرسێکی گرینگ و جێی بایەخ بووە و هەر لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کە خەریکە ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕێت، بە بەردەوامی هەوڵ دراوە کاری بۆ بکرێت.

هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا، تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراو لە خەباتی ئەم حیزبە نەبووە، بەڵکوو بەرنامەیەکی درێژخایەن بووە کە تا ئێستا بەردەوام بووە و بێگومان بەردەوامیش دەبێ.

ئەوەی کە سەبارەت بە پرسی ژنان لەم حیزبەدا گرینگە، ئەوەیە کە لە هیچ قۆناغێکدا ئەم پرسە پەراوێز نەخراوە و هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ پرسی نەتەوەیی، خەبات دژی چەوسانەوەی ژنان و دابینکردنی مافەکانیان، بابەتێکی هەستیار و گرینگ بووە.

شێوازی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی ژنان، بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا تێپەڕیوە، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین، ئەکتی شۆڕشگێرانەی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستاندا، بەرهەمی تێکۆشان و ئەرکوەخۆگریی حیزبی دێموکرات لەمبارەوە بووە. هەر لە یەکەم هەنگاوەکانەوە حیزبی دێموکرات بە دژایەتیکردنی نەریتە ناشیرین و دژەژنەکان هەوڵی دا پشتیوانێکی قایم بۆ ژنان بێت و ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات توانی تا ڕادەیەکی زۆر، هەستی متمانە بە خۆبوون بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و هەڵاواردن لەواندا زیندوو بکاتەوە.

ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژنان بینراوە، ئاکامی ئەو پشتیوانییە قایمە بووە کە توانیویەتی ژنان بێنێتەوە گۆڕەپانی خەباتەوە و بیانکات بە پێشەنگی خەباتەکە. ئەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە پاڵ ئەم پشتیوانییەدا، خودی ژنانیش هەوڵیان داوە لە ژێردەستەیی بێنە دەر و بە خوێندن و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و هەنگاونان لە بازنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سەربەخۆییەک بەدەست بێنن و وەک مرۆڤ خۆیان پێناسە بکەنەوە و هاتنە مەیدان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بە ئەرکی خۆیان بزانن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینادا، ئەکتی خەباتکارانەی ژنان، بەشێکی زۆری پێوەندیی بەو متمانەبەخشینەوە هەبوو کە لە چوارچێوەی بەرنامەی و گوتاری حیزبی دێموکراتدا پێناسی بۆ کرا، هەروا کە حیزبی دێموکرات باسی لە ئازادیی ژنان و پێشەنگایەتیی خۆدی ژنان بۆ چارەسەرکردنی پرسە پێوەندیدارەکان بە خۆیان دەکرد و ئەوانی بە سەرەکیترین ئەکتەری گۆڕەپانی خەبات دژ بە چەوسانەوەی ڕەگەزی دەزانی، ژنانیش بەرەوپیری ئەم ڕوانینەوە چوون و بە خۆ تەیارکردنی دووبارە بە زانست و تێگەیشتن و بە خوێندنەوەی دروست لە پێگەی خۆیان وەک بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە، پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان دۆزییەوە.

ئێستا کە ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزارنی حیزبی دێموکرات وەک حیزبی پێشەنگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێت، نابێ لەبیرمان بچێت کە هەر لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا ژنان هاوتەریب لەگەڵ خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان، خەبات بۆ نەتەوەشیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە و لەم ڕێگایەدا قورسترین نرخەکانیان داوە. ٧٩ گەلاوێژە کە ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و خەباتی ڕەگەزین و بە ئیلهاموەرگرتن لە وتە و ئاکاری ڕێبەران و بە پشتبەستن بە بەرنامە و پرۆگرامی ئەم حیزبە لەم چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵدەگرن.

دوکتور قاسملووی نەمر لە کۆبوونەوەیەکدا هاوکات لەگەڵ باسکردن لەسەر پرسی ژنان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ئەگەری دابینبوونی مافی نەتەوەییشتماندا، هەوڵەکانی ژنان بۆ دەستخستنی مافەکانیان هەر دەبێ بەردەوام بێ، هەر بۆیە نەک تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئەم ٧٩ ساڵە بەڵکوو، بە تێگەیشتن لە خەبات و تێکۆشانی ژنانی پێشەنگی جیهان و خوێندنەوەی دروست سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستان و بەستێنی خەبات، دەبێ هەنگاوەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان بەردەوام بێت و ئەم ئەرکە، بەبێ جیاوازی دەبێ ئەرکی قورسی سەر شانی هەموو تاکە ئازادیخوازەکانی کوردستان بێت .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

# چەند بڕگەیەک لە ٧٩ ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی




**ناسر ساڵحی‌ئەسڵ**

دامەزرانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"، لە سەر بناعەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی "ژکاف" بە هیممەتی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد، لە ٢٥ی گەلاویژی ١٣٢٤ی هەتاویدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژوویی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت و سەرەتایەک بوو لە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی، پێشکەوتوو و مودێرندا. لەو ڕۆژەوە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی سیاسی _ نەتەوەیی و دێموکراتیک هاتە گۆڕپانی خەبات و تێکۆشانەوە و خۆی وەک نوێنەری تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند. لەم ڕووەوە حیزبی دێموکرات لە نێو ڕووداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مێژوویی سیاسیی هاوچەرخی کوردستاندا، ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەک حیزبێکی خاوەن هەڵویستی جەماوەری، پێشەنگی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەروەها سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی مافە سیاسی و نەتەوەیەتییەکانی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، لە مێژوویی سیاسی خەباتی ڕەوادا، بۆ دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوایەتی، بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

**لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندیک بڕگەی گرینگی مێژوویی – سیاسی و پڕ لە سەروەریی و شانازی حیزبی دێموکرات دەکەم:**

### بڕگەی یەکەم:

دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویی خەباتی سیاسی کوردستان بە گشتی و لە مێژوویی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی دادەنرێت. چونکە دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە هەلومەرجێکی مێژوویی، سیاسی و کۆمەلایەتی نەتەوەی کورددا بوو. چونکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی ئاسیمیلاسیۆن ببۆوە. ڕاگەیاندنی دەوڵەت_نەتەوە لە لایەن ڕەزاشا و کەماڵ ئاتاتۆرکەوە کە هەوڵی یەکدەستکردنی ئەو وڵاتانە لە پێناو دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەیان دەدا، نەتەوەی کوردی خستبووە تەنگانەی تواندنەوەوە، کە دەبووا پەرچەکرداری بۆ تواندنەوە و لە پێناو بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆیدا هەبا. لە وەها بارودۆخێکدا، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان باشترین وەڵام بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی توانەوەی نەتەوەی کورد. بۆیە کۆماری کوردستان بوو بە هۆکارێک کە پاش هەرەسهێنان و ڕووخانیشی فۆرمێکی نوێ ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوەی سیاسی مودێرن، بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی هەر کام لە پارچەکان پەرە بستێنن.

### بڕگەی دووهەم:

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی سەرکۆمار و هاوڕێیانی و گرتن و زیندانی کردنی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و نفوزی ساواک لە تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکەمین کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا لە گوندیکی نزیک مەهاباد، بە هیممەت و تێکۆشانی کادرە لاوەکانی و لەژێر ڕێنوینی کادر لاو "عەبدولرەحمان قاسملوو"، پیوەندی تەشکیلاتی خۆی لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران پچراند. پاشان چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێک خستەوە. هەروەها سەرلەنوێ ڕۆژنامەی کوردستانی بە چاپ گەیاندەوە.

### بڕگەی سێهەم:

ڕاپەرین و جووڵانەوەی پڕ لە شانازیی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ هەتاوی بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی

## بەشی چوارەم

لە بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان برگەیەکی زێڕینی ئەو قوناغەیە. ئەو جوڵانەوە و ڕاپەرینە چارەنووسساز و شۆڕشگێرانەیە نزیک بە ١٨ مانگی خایاند. ئەو شۆڕشە چارەنووسسازە بە شەهیدکرانی دەیان کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، بە ئەمری ڕاستەوخۆی حەمەڕەزا شا لەلایەن ئەرتەشی شای ئێرانەوە دامرکایەوە. سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کە لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی حەمەڕەزاشا بوو، ئەو جووڵانەوەیە یەکەم ڕاپەرینی بەکردەوە لە پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی لە کوردستان و ئێران لە دژی دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیی و دوورگەی ئارامی حەمەڕەزاشادا بوو. هەر بۆیە ئەو جووڵانەوە چەکدارییە لەلایەک برگەیەکی زێڕین لە مێژوویی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و لە لایەکی دیکەوە ئەو جوڵانەوە چەکدارییە برگەیەکی پڕشنگداریی مێژوویی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕابردوو و ئیستای خەباتی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە گرێدەداتەوە.

### برگەی چوارەم:

گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوویە لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ کوردستانی باشوورە. پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانی عیراق بە مەبەستی بووژاندەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و داڕشتنی قەوارەی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سێهەم و پاشان لە کۆنگرەی سێهەمدا، بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبیکی پێشکەوتوو و مودێرن، کە بە خاڵێکی مێژوویی لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەنرێت.

**شەهید دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەر و سکرتیری حیزبی دێموکرات، لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە جووڵانەوەی کورد دوو ئەرکی گرینگی دەکەوێتە سەر شان کە بریتین لە:**

**یەکەم**: جووڵانەوەی کورد دەبێ خۆی وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ نیشان بدات. واتا هەموو دونیا ببینێ و قەبووڵ بکا کە جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی دەرەکییەوە نییە.

**دووهەم**: پێویستە پرسی کورد بکرێتە ڕۆژەڤێکی نێونەتەوەیی و جیهانی. هەروەها شەهید دوکتور قاسملوو لایەنگری ئاشتی و دێموکراسی بوو و هەوڵیدەدا کە پرسی کورد لە ئێرانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بە ئاشتی و لە چوارچێوەی



سەرچاوە Serchawe

دێموکراسیدا چارەسەر بکرێت. بەڵام چونکە ڕێژیمی خومەینی لە ئاشتی و دێموکراسی دەترسا و فەلسەفەی ڕێژێمەکەی لەسەر شەڕ و ئاژاوەنانەوە بونیاد نراوە، هەرگیز ئامادە نەبووە پرسی سیاسی نەتەوەی کورد و گەلانی ئێران لە ڕێگای ئاشتی و دێموکراسییەوە چارەسەر بکات.

## بڕگەی پینجەم:

پاش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قوناغێکی دیکەی خەباتی سیاسیی خۆیەوە. لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی خومەینیدا، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیران گۆڕانی بنەڕەتیی بە سەردا هات. قوناغی نوێ خەباتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سیستەمێکی ئەزموونەکراو و نەناسراوی ڕێژیمی خومەینی، بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان گەلی کورد بوو. لە وەها بارودۆخێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٢ سال خەباتی نهینی و ژیانی ئاوارەیی سەر لە نوێ خەباتی ئاشکری خۆی لە متینگی ١٠٠هەزار کەسیی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان تامی ئازادیی ڕاستەقینەی دەچێشت و دەسەڵاتی ناوەندی بە سەرەوەی نەبوو. بەڵام بەداخەوە پاش بێئاکامبوونی وتوویژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد و ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی خومەینی بریاری دا کێشەی کورد لە ڕێگای هێرشی نیزامی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتەوە. هەر بۆیە لە نەورۆزی سالی ١٣٥٨ی هەتاویدا ڕێژیمی خومەینی هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی بۆ سەر شاری سنە دەستی پێ کرد. پاشان خومەینی بە دەرکردنی فتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاویژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی گەلی موسولمانی کورد، لەشکرکێشی پاسدارانی نەزانی ڕێژیم بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد، کە ئەو شەڕە نابەرانبەرە تا ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوامە.

خاڵی گرنگ و جێگای وردبوونەوە ئەوەیە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، یەکەم حیزب لە ئاستی ئێران و کوردستان بوو کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەوڵێک بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی مەزهەبیی وەلایەتی فەقهی لە ئیران لە قەڵەم دا. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات ڕێفراندۆمی گۆڕینی سیستەم لە "پادشایی" بۆ دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامی"ی بایکوت کرد. بەڵام هەر ئەوکات زۆر لایەنی چەپ و مارکسیزم، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و بە تایبەت ئامریکا هەنگاو دەنێت و ئەو لایەنە چەپانە بە کردەوە پشتیوانییان لە سیاسەت و هەڵویستەکانی ڕێژیمی خومەینی دەکرد. کاتێک باڵوێزخانەی ئامریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ هەتاویدا لە لایەن تاقمێک بە ناو خوێندکارەوە دەستی بەسەر



سەرچاوە
Serchawe

داگیرا، زۆر لایەن پشتیوانیان لەو حەرەکەتەی خوێندکارانی پێڕەوی خومەینی کرد. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملووی نەمر ئەو کردەوەی ڕێژیمی خومەینی بۆ گرتن و دەسبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئامریکای مەحکووم کرد و بە کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕیساکانی نێونەتەوەیی زانی. کە ئێستا بۆتە جێگای ئافەرینی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و جهانی پیشکەوتوو.

## بڕگەی شەشەم:

لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارد دا، تەنیا ڕێگایەک کە دەنگی خەباتی ڕزگاریخوازی و مافویستیی نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی بە گوێی جیهان دەگەیاند، خەباتی چەکداری بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسیی و هێڵەگشتییەکانی حۆیدا، خەباتی چەکداری وەک تاکتیکێکی خەبات چاو لێ کردوە، بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی بڕیاردەری تاران، بە مەبەستی ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنی ڕێگای دیالوگ و وتووێژ، بۆ چارەسەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژ و چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسی لە یاسایی بنەڕەتی ئێراندا بووە. بۆیە لە سەردەمی ئیستاشدا کە چەمکەکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، خەباتی شار و شەقام و ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری، تەوەر و میحوەری سەرەکی باس و خواستەکانە گەلانی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و کوردستان وەک پێشەنگی خەباتی شار بۆتە چاو و چرا گەلانی ئێران، سەر چاوەگرتوو لە باوەڕمەندبوون و واقیعبین بوون لە سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە. ئیستا کە باوەڕمەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی شار بۆتە فەرهەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی و نەتەوایەتی گەلانی ئێران، بۆ مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیانە، دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزرانی تا ئیستا دووربینترین، واقیعبینترین، پێشکەوتنخوازترین و مودێرنترین حیزب سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئیرانە بووە کە باوەڕی قوڵی بە خەباتی مەدەنی، شار و شەقام هەیە و هەبووە. هەر بۆیە ئیستاش پاش ٧٩ ساڵ خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی، ڕێباز و قوتابخانەی چوارچرا نەک هەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشتووە، بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێتەوە و وەک گونجاوترین ڕێبازی ڕیگای ڕزگاریخوازیی بۆ نەوەی نوێ شۆڕشی ژینا و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گورەپانی خەباتدا دەرکەوتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، هەنگاوی پێویست




**شەماڵ تەرغیبی**

دوو ساڵ لەمەوپێش لە ڕۆژی ۳۰ی گەلاوێژدا پاش چەند ساڵ هەوڵی بێوچان و سەرباری هەبوونی دەیان گرفتی جۆراوجۆر، حیزبی دێموکرات توانی جارێکی تر شانازییەکی دیکە لە مێژووی خۆیدا تۆمار بکات؛ شانازییەک لە چەشنی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکخستنی هێزەکان بۆ هاوخەباتی لەدژی دوژمنی سەرەکیی کورد واتە کۆماری ئیسلامی.

لە ڕێکەوتی ۳۰ی گەلاوێژی ۱٤۰۱دا و تەنیا چەند ڕۆژ پاش جێژنی گەورەی ۲۵ی گەلاوێژ، ڕێبەرایەتیی حیزب ئەو مزگێنییەی بە گەلی کورد دا کە سەردەمی لێکدابڕان کۆتایی پێ هاتوە و وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دەست پێ دەکاتەوە. ئەگەرچی زۆری نەخایاند حیزب دوای بزووتنەوەی ژینا و بە هۆی مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی لە لایەن سپای پاسدارانەوە بەرەورووی دۆخێکی تایبەت بوویەوە، بەڵام یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات لە ناخی خۆیدا توانی کۆمەڵێک پەیام و کارتێکەری گرینگ بۆ نەسڵی ئێستە و نەسڵەکانی دواتریش بەجێ بهێڵێ.



سەرچاوە
Serchawe

بێگومـان یەکەم کـارتێکەریی یەکگـرتنەوەی ڕیزەکـانی حیزبـی دێـموکرات، شـوێندانەرییەکی سـایکۆلۆژییە لەسـەر دەوری سێکوچکەی خەبات؛ واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیاسپۆرا و بەشی ئاشکرای حیزبی دێموکرات کە توانی کـاریگەریی ڕەوانـی لەسـەر گەل دابنـێ و گڕوتینێکـی نـوێ ببەخشـێتەوە گیـانی ئەم حیـزبە و لەژێـر کـاریگەریی ئەویشـدا کـۆی بـزووتنەوەی مافخوازانەی گەل. لە لایەکی ترەوە توانی ببێتە کاتالیزۆرێک بۆ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کە لێک دابـڕاون، بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە و دواجار لە بەرەیەکی کوردستانیدا خۆیـان ببیننەوە. لە هەمان کاتیشدا تـوانی شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و هەروەهـا دەسەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی، بەو مانـایە کە لەمەوبەدوا ئیتر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک حیزبێکی خـاوەنمێژوو و شوێندانەر کە نـوێنەرایەتیی چەنـدین میلیۆن کورد دەکـا سەیرت دەکـا و ئەمە قورساییەکی تایبەتی پێ بەخشی.

بەڵام کە باس لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەکرێ، ناکرێ سەرنجمان نەچێتە سەر سەرهەڵدانی بـزووتنەوەی ژینـا و ئەو کاریگەرییـانەی ڕۆح و پەیامەکـانی ئەم یەکگـرتنەوەیە لەسـەر بـزووتنەوەی ژن، ژیـان، ئـازادی دایـنـا. مانگێـک دوای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە بزووتنەوەی ژینا سەرهەڵدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران کانگـا و ئادرەسی ئەم وەزەبەخشییەی کـۆمەڵگەی کوردستـانی کردە ئامـانج و بە مووشـەک و درۆن هێرشـی کـردە سـەر بـنکە و بارەگـاکـانی حیـزب. ئەگەر ئەوە لە لایەک نیشـانەی کـاریگەریی یەکگـرتنەوەی دێموکراتەکـان لەسـەر سـەرهەڵدانی بـزووتنەوەی ژینـا بـوو، هەڵوێسـتی سەرکوتکارانەی ڕێـژیم و مووشەکبارانی بنکەکـانی حێـزب لەو کاتـدا نیشـانەی ترسی ڕێـژیم لە وەسەرڕیەکخستنەوەی وزەی خەبات و کاریگەریی ئەم یەکگرتنەوە لەسەر جووڵاندنی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ژن. ژیـان، ئازادی بوو.

پەیـامێکی گرینگی دیکە کە دەکرێ لێرەدا تیشک بخرێتە سەری بـوونی تـۆلێرانس و ڕۆحی پێکەوەهەڵکردنە کە دەبێ لە حیزبێکی دێموکراتدا وەک تۆخمێکی سەرەکی بوونی هەبێ و بەختەوەرانە لە ڕەوتی یەکگرتنەوە و دواتریشدا بینـرا کە ئەمە لە ناخی خۆیدا دەتوانێ وانەیەکی بەپێزیش بێت بۆ گەل.

جیـاواز لەم ڕەهەنـدانە کە هەر کـام پێویسـتییان بە شـەنوکەوکردنی ورد هەیە، دەتـوانین بڵێـین ئەم یەکڕیـزییە دەبێـتە هۆکارێـک بـۆ سـازکردنی گوتـارێکی هاوبەشیش، مەبەسـت لە گوتـاری هـاوبەش ئەوەیە گوتـارێکی هـاوبەش سـاز ببێت کە نوێنەرایەتی پاراستنی بەرژەوەنـدییە بـاڵا نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان بکـات و بـڕواتە نێوخـۆی وڵات، ئەو گوتـارە دەبـێ بتوانێ بە هەموو ئەو تـایبەتمەندییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لەسـەر بنەمـای پوتانسییەلەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بخەملێنندرێ و ڕووبەڕووی دەسەڵات بکرێتەوە. دیارە گوتـاری بزوتنەوەی نەتەوەیی تـایبەتمەندییەکانی خۆی لە دێرزەمانەوە

هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو گوتارەی کە لێرەدا مەبەستمانە دەبێ بەپێی ئەم دۆخەی کە ئێمە تێیدا دەژین بخەملێندرێ.

واتە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕەچاو بکرێ. لە قۆناغی دواتریشدا دەبێ حیزبی دێموکرات خەباتی سیاسی خۆی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان و مەیدانی خەباتەکەی بەرفراوانتر بکاتەوە.

ڕێک ئەو کارەی کە ڕێبەری گەورەمان شەهید دوکتور قاسملوو لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا کردی، لەسەردەمی کەمیی میدیا سوننەتییەکان وەک تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆدا کردی. ئەویش ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەستی کرد بە وتوویژ بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دنیا بناسێنێ، بۆیە ئەوەش پێویستی بە وزەیەکی یەکجار زۆر هەیە و دەبێ تەرکیزی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی تێپەڕبوون لەو هەست و سۆز و عاتیفەیە بۆ قۆناغی سازکردنی گوتار یا خەملاندنی گوتار و دواجار پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بێ.

هەروەها پێویستە ئەوە وەبیر بهێنینەوە وەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێی چاوەڕوان دەکەن، حیزبی دێموکرات دەبێ گەورەتر لە حیزبێک خۆ بنوێنێ، واتە ببێتە ڕێبازێک بۆ خەبات، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ڕاستە حیزبی دێموکرات پەیرەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەو تواناییەی هەیە کە بتوانێ ببێتە چەترێک و هەمووان لە ژێر ئەم چەترەدا کۆ بکاتەوە.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە لە ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا ڕووی دا، لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا وەک هەنگاوێکی پێویست سەیری دەکرێ، هەنگاوێک کە گەلێک مانای هیوابەخشی لێ دەکەوێتەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە و یادەوەرییەکانی لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

بێگومان ٢٥ی گەلاوێژ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوە کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرنی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا. ئەم حیزبە هەم ڕێچکەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد داڕشت و هەم بووە هۆی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی حیزبێکی ئەمڕۆیی و نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتدا خۆیان ببینەوە و خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لە بایەخمەندی، دەسکەوت و کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

## بەشی چوارەم

**شەهرام سوبحانی**: کاک حەسەن با بەم پرسیارە دەست پێ بکەم، گرینگی و بایەخمەندییەکانی ٢٥ی گەلاوێژ لە مێژووی سیاسیی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چیدایە؟

**حەسەن شەرەفی**: هەرکام لە بزووتنەوە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخ و شوێندانەری و گرینگی خۆیان هەبووە. و خاوەن تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام گرینگیی ٢٥ی گەلاوێژ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزرا وەک سەرەتایەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی و لە لایەک بوونی حیزبێکی مۆدێڕن بۆ خەبات لەپێناو وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد بە ڕادەیەکە کە دەکرێ ناوی وەرچەرخانی گرینگ لە ڕەوتی خەباتی کورد بە گشتیی پێ بدەین. بەو مانایە کە شێوەیەکی تازە لە جۆری خەباتی بە دوا دەهات کە سیمای بزووتنەوەی کوردی بە تەواوی گۆڕی لە خەباتی تەنیا نەتەوەییەوە بەرەو خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک برد. لە ڕێبەری فەردییەوە خستیە سەر ڕێڵی ڕێبەریی جەمعی و لە دەوری ڕێبەریی کەسایەتی ئایینی و عەشیرەییەوە بەرەو دەوری ڕێبەری سیاسییەوە پێشی خست. لە بزووتنەوەی خێڵەکی و بێ بەرنامەییەوە بەرەو حیزبایەتی و یاسامەندی و خاوەن بەرنامەی روونی سیاسی برد و شکڵی پێدا و لە کۆمەڵگەدا جێگیری کرد. بەڕاستی ئەگەر بمانهەوێ سەرجەم بابەتە ئەرێنییانە دەست نیشان بکەین کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا هاتنە ئاراوە یا شیکاری بۆ بکەین هەر بابەتەی و هەر بەرگێکی کۆمەڵێک وتارە و دەرەتانی لێکۆڵینەوەی وردی پێویستە.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە گرینگترین و چارەنووسسازترین بڕگەکانی مێژوویی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٨ دەیەی ڕابردوو کام قۆناغ و سەردەمن و بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: ٨ دەیە خەباتی بێ پسانەوە و بەردەوام بە بەرنامەی سیاسی و بە ئیرادەی درێژەدان بە تێکۆشان و قوربانیدان ئاشکرایە چەند و چەندین بڕگەی مێژوویی لە خۆ دەگرێ کە دەربڕی هەڵکشان و داشکان و سەرکەوتن و لەخۆبایینەبوون و شکست و نائۆمێدنەبوون و کەوتن و هەستانەوەن و هەر کامیان بە جیا شیاوی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەن. بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئاماژەیی قەناعەت بکەین بە بڕوای من بڕگەی دامەزراندنی حیزب خۆی یەکێک لەو بڕگە گرینگانەیە کە بە کورتی لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمان لێ کرد. بڕگەی دواتر کە خۆی بەرهەمی بڕگەی یەکەم بووە، دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسیی کورددا ئەو نەتەوە بوو بە خاوەن کیانێکی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردی لە شکڵی کۆماریدا و ئاکامە ئەرێنییانەی بە دوای خۆیدا هێنا کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ کورد دەستەبەربوون. بڕگەی سێهەم لە ڕوانگەی منەوە ئاڵوگۆڕەکان و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لە

کۆنفڕانسی سێ و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا بوو کە ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و سەریەکخستنەوەی ئەندامان حیزب و شکڵی ڕێکخراوەیەکی بە واقیعی بە حیزب بەخشی و بەرنامەی ڕوونی سیاسی بۆ حیزب دەستەبەر کرد. سیاسەتی سەربەخۆیی لە حیزبدا جێگیر کرد و کەسایەتییەکی بە حیزب بەخشی کە بەڕاستی شیاوی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک بوو. دیارە حەرەکەتەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ و پێش و دوای ئەویش ئەوەندە گرینگ هەن کە دەبێ بایەخی خۆیان پێ بدرێ و هەرکام لە کات و شوێنی خۆیدا شیکارییان بۆ بکرێ. بڕگەیەکی دیکەی گرینگ لە مێژووی حیزبدا ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بوو کە پاش ئەوەندەی سەرکوت و زیندانی ئەندامان. خەڵک لە میتینگی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد ئامادە بوون و ڕیشەداربوونی ئەو حیزبەی لە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا نیشان دا. جیا لەوە لەو هەڵبژاردنانەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوون کاندیدەکانی حیزب لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوە چوون هی حیزبی دێموکرات بوون کە جارێکی دیکە قورسایی و خۆشەویستی ئەو حیزبەی خستەوە بەرچاوی هەموو لایەک. لە ماوەی زیاتر لەو ٤٠ ساڵەشدا کە خەبات و تێکۆشانی حیزب پاش فتوای کوشتاری کورد لەلایەن خومەینییەوە سیمایەکی ناسراوتر و شوێندانەرتر لە خۆڕاگر بە خۆیەوە گرت چەندین بڕگەی گرینگی لە فیداکاری و سەرکەوتن و ڕووداوی تاڵ و بە ئازاری تاقی کردەوە شەهیدکرانی ڕێبەران و شەهادەتی تێکۆشەران، دابڕان و ترازانی نێوخۆیی، بەم حاڵەش بە هەڵگرتنی ئەو زامانەش بە چۆک دانەهات و بە قامەت و سیمای تایبەت بەخۆیەوە لە مەیدانی خەباتدا هەروا سوارچاک و چالاک مایەوە. لە بەرانبەردا یەکگرتنەوەکان و وەسەریەککەوتنەوەکان حزوور لە هێندێ ناوەندی نێونەتەوەیی و سەرکەوتن لە پێکهێنانی چەند هاوپەیمانی چ لە کوردستان چ لە ئێران و هەر کام خۆیان وەک بڕگەیەکی تایبەتی شیاوی ئاماژە و لێکۆڵینەوەن کە لەم مەجالە کورت و کەمەدا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە هەمووان بە وردی نییە، چونکە هەموویان گرینگ و پڕ بایەخن.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەگەر باس لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە بڕگە گرینگەکانی مێژوویی خەباتیدا بکەین، ئێوە گرینگی بە کامیان دەدەن، یان چۆنیان ڕیز دەکەن؟**

**حەسەن شەرەفی**: لە ڕاستیدا ئەمە هەموو بڕگەکانی مێژووی حیزب دەگرێتەوە، بەڵام دامەزرانی حیزب، دامەزرانی کۆماری کوردستان و بڕگەکانی نێوئاخنی خەباتی زیاتر لەم ٤٠ ساڵەی دوایی حیزب بەگشتی پێک دێنن دەکرێ وڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە بێ.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: کە باسی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ پێش هەموو ناوێک، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێتەوە بەرچاو و دیارتر و زیاتر لەهەر ناوێکی دیکە خۆی دەردەخا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری گرینگ و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لەو بزاڤەدا. لە داهێناندا، لە زام هەڵگرتندا، لە فیداکاریدا هەموو ئەمانە و زۆری دیکە سیمای ئەو حیزبە ئەگەر نەڵێم بە تاقانەیی بەڵام بێگومان بە شوێندانەرترین و جێگای ئومێدتربوون بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکرات ٧٩مین ساڵی تەمەنی خۆیی تێپەڕ ئەکات حیزبێک کە دوای کەند و کۆسپگەلێکی زۆر هێشتا لە گۆڕپانی سیاسی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی مانەوەی ئەم حیزبە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پاش ٧٩ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو زامانەی هەڵیگرتوون و ئەو شانازییانەش تۆماری کراون هەروا قورس و قایم و بە ئیرادە و ئامادە بۆ فیداکاری تێکۆشەرانی هەر لە مەیداندا ماوەتەوە و بە شوێندانەرییش ماوەتەوە؛

**کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو حیزبە دەگرێتەوە کە لە سەرروویانەوە دەکرێ ئاماژە بەم سێ خاڵە بکەین.**

١- سیاسەتی دروست و واقێعبینانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢- فیداکاری و لەخۆبوردوویی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەوە.
٣- پشتیوانی بەربڵاو و هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان لەو حیزبە کە بە حیزبی خۆیان و بە فیداکاری بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەزانن.

دیارە لایەنی دیکەش لەو بوارەوە دەوری خۆیان هەبووە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر بە کورتی ئاماژەیی پێ بدەین لەم ٣ تایبەتمەندییەدایە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە و لە هەموو بەرەکاندا حیزبی دێموکراتی بە سەرەکیترین دژبەر و نەیاری



سەرچاوە Serchawe

خۆی داناوە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری وەدیهاتنی کۆمەڵێک ئامانج و ئاواتی خەڵکە کە لە دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیی کوردی، عەداڵەت و یەکسانی بەرابەری ژن و پیاو و ...دا خۆی دەنوێنێ. ئەوانەش ئەو بابەتگەلەن کە لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی ناسەردەمیانە و دواکەوتووەکانی ئیدئولۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتەبان و دابینی ئەوانە بە هۆی ڕووخان و نەمانی خۆی و باوەڕەکانی دەزانێ. جیا لەوە جیددیبوون و پێداگربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە حیزبی دێموکراتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کردووەتە ئامانجی هەموو جۆرە پیلانەکان و سەرکوت و دژایەتیی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی هەتا ئێستا دەرحەق بە حیزبی دێموکرات کردوونی.

**شەهرام سوبحانی**: حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی ئەویش لە سەردەمی ئێستادا پێویستیی بە چ جۆرە ستراتیژییەکە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئیستراتیژی ڕوونی هەبووە و هەیە و ڕایگەیاندوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرینگەش لە تاکتیکی شیاو و شوێندانەر بەپێی هەلومەرج و دەرەتان کەڵکی وەرگرتوە بەو مانایە ئەگەر ئیستراتیژی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە تاکتیکەکان دەتوانن بەپێی هەلومەرج یا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێ یا لە ئەولەوییەت و نا ئەولەوییەتدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، ئەویش بە شێوەی کاتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# حیزبی دێموکرات و ٨ دەیە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس




ڕامیار مەهابادی

## ئاماژە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییە دیارەکانی کوردستانی ئێرانە کە لە ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٢٤ لەسەر دەستی قازی محەممەد و لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە. ئەم حیزبە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەک هێزێکی پێشەنگ لە شەڕی دژی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و خەبات بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران ناسێندرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەمیشە پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد بووە. ئەم بابەتە بە ئاراستەی بەگژداچوونەوەی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان، لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتەکانی ئەم حیزبە دەکۆڵێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

### دامەزراندنی حیزب و خەبات دژی کۆلۆنیالیزم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ لە کاردانەوە بە چەوساندنەوە و کۆلۆنیکردنی دەیان ساڵەی حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران لەسەر خەڵکی کوردستان دامەزرا. قازی محەممەد، ڕێبەری ئەم حیزبە و دامەزرێنەری کۆماری مەهاباد، بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە سروشتی سەرکوتگەرانە و کۆلۆنیالیزمی حکوومەتەکانی ئێران، خەباتێکی ڕێکخراوی لە دژی ئەم دۆخە دەست پێکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە.

کۆماری کوردستان کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ دامەزرا، هێمای ئەم خەباتە دژ بە کۆلۆنیالیزم و خەبات بۆ سەروەریی کورد بوو. کۆماری کوردستان وەک یەکەمین حکوومەتی کوردی لە مێژووی نوێدا، نەک هەر هەوڵی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسیی سەربەخۆی دا، بەڵکوو هەوڵی ڕزگارکردنی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی لە چنگی کۆلۆنیالیزم دا. قازی محەممەد، وەک سەرۆکی ئەم کۆمارە، بەرنامەی زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی و دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵکی کوردستانی دەست پێکرد. بەڵام ئەم کۆمارە بە خێرایی و بە گوشارە سەربازییەکانی دەوڵەتی ناوەندی ئێران و ئاڵوگۆڕە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە هەرەسی هێنا و قازی محەممەد وەک سیمبولی بەرخۆدانی کورد لە بەرانبەر کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی شەهید بوو.

### قۆناغی سەرکردایەتیی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی: چڕبوونەوەی خەبات بۆ مافی چارەنوس و بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی محەممەد، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ. لەو ماوەیەدا - سەردەمی سەرکردایەتیی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی- شاهیدی چڕبوونەوەی خەباتی حیزب بۆ مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستیی سیستماتیکی حکوومەتی ناوەندی ئێران بووین.
دوکتور قاسملوو کە بە باشی ئاگاداری ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی بوو، هەوڵی دا خەباتی کورد بەرەو ئاستی نێودەوڵەتی ببات و پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کوردستان بەدەست بهێنێت. ئەو پێی وابوو خەڵکی کوردستان بەبێ گەیشتن بە مافی چارەنووسی ناتوانن خۆیان لە یەخەی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی حکوومەتی ناوەندی ئێران ڕزگار

بکەن. قاسملوو هەروەها جەختی لە گرنگیی یەکگرتوویی نێوان هێزەکانی کوردستان و هاوکاری لەگەڵ گەلانی ستەملێکراوی دیکەی ئێران کردەوە. د. قاسملوو بە جەختکردنەوە لەسەر خەباتی چەکداری و دیپلۆماسی توانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتە هێزێکی خۆڕاگر بەرامبەر سەرکوتەکانی حکوومەتی ناوەندی. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٨ لە کاتی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤییەن بە شێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کرا. ئەم تیرۆرە ئیرادەی حکوومەتی ئێرانی بۆ لەنێوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە کوردستان نیشان دا و بوو بە سیمبولی خەباتی تەواونەکراوی گەلی کوردستان بۆ مافی چارەنووس.

دوای تێرۆرکردنی دوکتور قاسملو، سەرکردایەتیی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەستی دوکتور سادق شەرەفکەندی کرا. د. شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی حیزب، بەردەوام بوو لە خەبات بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان. د. شەرەفکەندیش هاوشێوەی پێش خۆی پابەند بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان.

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی سەرکردایەتی دوکتور شەرەفکەندی هەوڵدان بوو بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کوردستان و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خەباتەکانی گەلی کورد و سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی پرسی کوردستان بۆ پرسێکی جیهانی و پاڵپشتییەکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە ئورووپا بەدەست هێنا. هەر لەو ئاڕاستەیەدا د. شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسیی کارا و دامەزراندنی پێوەندی بەرفراوان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی دا گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکوومەتی ناوەندیی ئێران. بەڵام لە ساڵی ١٣٧١ د. شەرەفکەندی و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێستۆرانتی میکۆنووس لە بەرلین لە کاتی هێرشێکی تێرۆریستی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئاراستەی کرابوو، شەهید بوون. ئەم تێرۆرکردنە کە بوو بە یەکێک لە سیمبولەکانی تاوانەکانی حکومەت بەرانبەر بە کورد، جارێکی تر نیشانی دا حکومەتی ئێران ئامادە نییە مافە نەتەوەییەکانی کورد قبوڵ بکات و درێژە بە سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و ڕەگەزپەرستییەکانی خۆی دەدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ، هەمیشە لە پێشەنگی خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم، ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان بووە. سەرانی ئەم حیزبە لە قازی محەممەدەوە تا دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بە خۆبەخشی و کۆڵنەدان زەمینەیان بۆ خەبات بۆ مافە

نەتەوەییەکانی کورد خۆش کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای سەرکوتی بەربڵاو و تیرۆری ترسنۆکانە، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و یەکگرتن لەگەڵ گەلانی ستەملێکراوی دیکە، ئامانجی کۆتایی خۆی کە بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەرییە بۆ خەڵکی کوردستان بگات

### کۆلۆنیالیزم و سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران لە کوردستان

لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێرانەوە، سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر ناوچە کوردییەکان کەڵک وەرگیراوە. ئەم سیاسەتانە لە سەردەمی پەهلەویدا بە گرنگیدان بە ئاسمیلەکردنی کولتووری و لاوازبوونی شوناسە نەتەوەیی و ئایینییەکان چڕتر کران و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام بوون.

### - سیاسەتی ئابووریی کۆلۆنیالیزم

کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەکانە، هەمیشە لە گەشەسەندنی ئابووری بێبەش بووە. بە دەرهێنانی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکانی دیکە لەم هەرێمە، بەبێ گەڕانەوەی شیاو بۆ ئابووری نێوخۆیی، حکوومەتی ناوەندی توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات و لە هەمان کاتدا پشتبەستنی کورد بە حکومەتی ناوەند زیاتر بکات. ئەم سیاسەتانە بوونەتە هۆی هەژاری و کەم گەشەسەندن لە کوردستاندا.

### - لاوازکردنی کولتووری و زمانەوانی

حکومەتە ناوەندییەکانی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی زمان و کولتووری کوردییان داوە. ئەم ڕێوشوێنانە بریتی بوون لە قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و سنووردارکردنی میدیا و کولتووری و هەوڵدان بۆ ئاسمیلەکردنی کولتووری لە ڕێگەی بەرنامەی ئایدۆلۆژییەوە. ئەم سیاسەتانە وەک بەشێک لە پرۆژەی کۆلۆنیالیزمی ڕێژیم بۆ تێکدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەپاندنی شوناسێکی فەرهەنگی و مەزهەبی ناوەندی کاریان کردووە.

### - ڕەگەزپەرستیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی کورد

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای مەزهەبی - شیعی، هەمیشە ڕوانگەیەکی هەڵاواردنانەی لە



سەرچاوە Serchawe

کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان هەبووە. لەم نێودا کورد بە هۆی داخوازی ناسیۆنالیستییەوە بووەتە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتگەرانەی ئەم ڕێژیمە.

### - چالاکی ڕێکخراوەیی: پێکهاتە و ڕێکخستن

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێشخستنی بانگەشەکانیدا، پێکهاتەی تەشکیلاتی یەکگرتوو و کارایە. ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵیدا پەیوەندییەکانی خۆی لە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و جیهانیشدا بە دروستکردنی تۆڕێکی ڕێکخراوەیی بەهێز بەرفراوان بکات.

### ١- ڕێکخستنی نێوخۆیی و ناوچەیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی لە ڕێگەی پێکهێنانی بەشی نێوخۆیی و ناوچەییەکان لە سەرتاسەری کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نزیک لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دابمەزرێنێت. ئەم بەشانە کە وەک قۆڵی جێبەجێکاری حیزب لە ناوچە جیاجیاکاندا کاریان دەکرد، ئەرکی پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕێکخستنی نارەزایەتی و پەروەردەکردنی ئەندامان لە ڕووی سیاسی و کولتوورییەوە و هەماهەنگی چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان لە ئەستۆ بوو.

### ٢- بەشی پەروەردە و کولتوور

یەکێکی تر لە چالاکییە گرینگەکانی ڕێکخراوەیی حیزب دامەزرانی بەشی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بوو بۆ پێشخستنی بیرۆکە و ئامانجەکانی حیزب، هەروەها پاراستن و فراوانکردنی کولتوور و زمانی کوردی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای ئەوە، هەوڵی دا لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە نەوە لاوەکان بە مێژوو، کولتوور و ناسنامەی کورد ئاشنا بکات و ئامادەیان بکات بۆ درێژەی خەبات.



سەرچاوە
Serchawe

## ٣- چالاکییە نهێنییەکان

لەو قۆناغـانەی کە سـەرکوتی حکـومەت تونـدتر بـوو و ئەگەری چـالاکیی گشـتی بـۆ ئەو حیـزبە سـنووردار بـوو، حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی تۆڕە نهێنیەکانیەوە بەردەوام بوو لە ڕێکخستنی چالاکییەکان. ئەم تۆڕانە کە شانە نهێنییەکـان و نـاوکی خۆڕاگرییـان لەخۆگرتبـوو، لە سـەختترین هەلومەرجـدا بەردەوام بـوون لە ڕێکخسـتن و جێبەجێکردنـی ئۆپەراسیۆنە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو حیزبە.

## چالاکییە سیاسییەکان: لە دانوستانەوە بۆ بەرخۆدان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوشان لەگەڵ چالاکییە تەشکیلاتیەکان، هەمیشە هەوڵـی داوە بە کەڵکـوەرگرتن لە میتۆدی سیاسی جیاواز، ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت. ئەم چالاکییە سیاسیانە بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەی جۆراوجۆر وەک دانوستاندن، دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری ئەنجام دراون:

### ١- دانوستان و دیپلۆماسی

یەکێک لە ستراتیژییە هەرە گرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێشخستنی ئامانجەکانیدا، کەڵکوەرگرتن لە دانوستان و دیپلۆماسی بوو.

ئەم ڕێبازە بە تایبەتی لە سـەردەمی سـەرکردایەتی دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو و دوکتـور سـادق شـەرەفکەندی سـەرنجی درا. قاسملوو، وەک سیاسەتمەدارێکی نوخبە، هەوڵیدا لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئێـران و هەروەهـا دامەزرانـدنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان، پرسی کوردستان بکاتە پرسێکی گرنگ لەسەر شانۆی جیهان.

ئەو دانوستانانەی د. قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤیەننا بەڕێوەی بـرد، هەرچەنـدە بە تیرۆرکردنـی ترسنۆکانە کۆتـایی هـات، بەڵام خواستی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانـی بـۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە بـۆ پرسـی کوردسـتان نیشـان دا. هەرچەنـدە ئەم دانوسـتانانە سـەرکەوتوو نەبـوون، بەڵام نیشـانی دا حیزبـی دێموکرات باوەڕی بە دیپلۆماسی و وتووێژو هەیە وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی.



سەرچاوە
Serchawe

## ٢- دیپلۆماسی نێودەوڵەتی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ بانگەشەکانی ڕابکێشێت. ئەم حیزبە لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتە دەرەکییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵی داوە گوشارەکانی سەر حکوومەتی ئێران زیاتر بکات و پرسی کورد لەسەر ئاستی جیهانی بەرز بکاتەوە.

دوکتور شەرەفکەندی کە لە دوای قاسملوو سەرکردایەتیی حیزبەکەی گرتە ئەستۆ، هەروەها درێژەی بەو ستراتیژەیە دا و توانی بە سەرکەوتنە دیپلۆماسییەکانی پشتیوانی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خۆی ڕابکێشێت. بەڵام تیرۆرکردنی لە چێشتخانەی میکۆنۆسی بەرلین دەریخست کە ئەم هەوڵانە هێشتا پڕن لە مەترسیی جددی.

## ٣- خەباتی بەرگری چەکدارانە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جگە لە چالاکیی دیپلۆماسی و سیاسی، لە سەردەمی جۆراوجۆردا پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردوە. ئەم خەباتانە کە بە تایبەتی لە ساڵانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠ و دوای شۆڕشی ئیسلامی توندتر بوون، خۆڕاگریی گەلی کوردستانیان لە بەرامبەر سەرکوتەکانی حکومەت و هەوڵەکانی داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانیان نیشان دا.

خەباتی چەکداری حیزب کە زۆرجار شێوەی شەڕی چریکی و پێکدادانی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتدا گرتبوو، نەک هەر وەک ئامرازێکی بەرگری بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی ئیرادەی کورد لە دژی ڕەگەزپەرستی ناوخۆیی و کۆلۆنیالیزم کاری دەکرد.

## ٤- ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی جەماوەری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا ڕۆڵێکی کارای هەبووە. ئەم حیزبە بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتە تەشکیلاتییەکانی توانیویەتی ناڕەزایەتی بەرفراوان لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکبخات. ئەم ناڕەزایەتیانە کە زۆرجار بە هۆی سیاسەتی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستانەی



سەرچاوە
Serchawe

حکوومەتی ناوەندییەوە ڕوویان دەدا، هاودەنگیی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و پشتیوانیان لە ئامانج و بیرۆکەکانی ئەم حیزبە نیشان دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چالاکییە تەشکیلاتی و سیاسییە بەرفراوانەکانیەوە، وەک هێزێکی کاریگەر و سەرەکی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێراندا ناسێنراوە. ئەم حیزبە بە پشتبەستن بە پێکهاتە پتەوی ڕێکخراوەیی و کەڵک وەرگرتن لە میتۆدی سیاسی جۆراوجۆر، لە دانوستاندن و دیپلۆماسییەوە تا دەگاتە خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی نارەزایەتی جەماوەری، هەمیشە هەوڵی گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستانی داوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای سەرکوت و تیرۆری بەربڵاو، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە خوڵقاندنی هاوپشتی نەتەوەیی و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی، لە ئامانجە کۆتاییەکانی کە بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ خەڵکی کوردستان نزیک بێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## مێژووی پڕ لە شانازی، باری قورسی ئەرکمان لە بەرانبەر داهاتوودا




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

لە مانگی گەلاوێژدا یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن حیزب و نەتەوەی کوردەوە دەکرێتەو. بەرزڕاگرتنی ئەو یادە لە شوێنی جیاوازی دونیا لەلایەن دڵسوزان و لایەنگرانی حیزبەوە، بەڵگەی گەورەیی ڕێکخراوێکی کاریگەرە کە تا بە ئەمڕۆ کە هەشت دەیە لە خەبات و تێکۆشانی تێپەر بووە، بەڵام دیسان لە سۆنگەی جیاوازەوە جێگای هیوا و دڵگەرمی دۆست و جێگای نیگەرانیی نەیارانیشە.

لە ڕەوتی ئەو هەشت دەیەدا حیزب بەرەوڕووی زۆر کەند و کوسپی جیاواز بۆتەوە، زۆر ڕۆژی ئەستەمی تێپەڕ کردوە، بەرهەمی بەنرخی نەتەوەییشی هەبوون، چوارچێوەی خەباتی زۆر فیداکاری گەلەکەمان بووە کە بە قوربانیدانیان بۆ درێژەدان بە خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب کە ئامانجەکانی گەلە بوونەتە هۆکاری بەردەوامی و بە شەکاوەی هشتنەوەی ئاڵای خەبات تێکۆشان. تەنانەت بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین یەکێک لەو هۆکارانەی کە کوردستان ئەمڕۆ لە زۆر ئاستەوە جیاواز بە شێوەیەکی ئەرێنی دەردەکەوێ لەژێر کاریگەری خەباتی ئەو حیزبە بووە.

بێگومان لە ڕەوتێکی نزیکەی یەک سەدە لە خەبات تێکۆشان حیزبێکی وا کاریگەر بێ هەڵە وکەم وکوڕییش نابێ، بەڵام ئەوەی وەک تاکێکی کورد ئێستاش دەتوانین بە شانازییەوە باس لە ئەندام بوون لەو حیزبە بکەین بۆ سیاسەتە دروستەکانی، قارەمانی بێوینە و فیداکاری لە ڕادەبەدەر و نەتەوەییبوون و بە گەوهەری کوردایەتی بوونی ئەو حیزبە بووە کە لە زۆر بابەتەوە بێئەوەی زێدەڕویی تێدا بێ دەتوانین بە دەگمەنیشی بزانین.

هەمووی ئەو هەشت دەیە کە چرکە بە چرکەی شوێنپەنجەی فیداکاریی ڕۆڵەکانی گەلە لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەبێت و دەتوانین بە شانازییەکی گەورەش ناوی ببەین. شانازییە چونکە بەردەوام لە پێناو دەستەبەری سەروەری و بەدژی ژێردەستەیی وەک چقلێک بووە لە چاوی دوژمناندا، شانازییەکی گەورەیە چونکە ئەگەر سەرکەوتنی کۆتایی واتە ڕزگاریی کورد و کوردستان هەتا ئێستا بەدی نەهاتووە، بەڵام نەیهێشتووە داگیرکەرانیش ئاسوودەیی بە خۆیان ببینن و پیلانەکانیان بۆ نەهێشتنی کورد بەئاسانی جێبەجێ بکەن و تەنانەت هۆی مانەوەی شوناسخوازی کورد وەک کورد لە ئەمڕۆ ئەو خەباتە بووە.

ئەو شانازییە زۆر گەورەیە، هەر بۆیە تێکۆشەران لە قوناغی جیاوازدا، تەنانەت ئەوکاتەی حیزب لە ڕادەبەدەر لاواز و پڕ لە گرفتیش بووە، هەر دیسان ئەو سەنگەرەیان وەک سەکوی بەردەوامی بوژانەوە و خەبات و تێکۆشان هەڵبژاردوە، هەر واش بەردەوام دەبێ، ئەوەی زۆر جار دەگوترێ چ شانازییەک گەورەتر لەوەی لە حیزبی نەمران پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکەدابین تەنیا دروشم نییە بەڵکوو هەڵگری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو چوارچێوەیە کە ئامرازی گەیشتن بە ئازادی گەڵی خۆمان دەبینن وەک نرخێک سەیر دەکرێت.

لە سەر مێژووی شانازی و هۆکارەکانی هەرچی بگوترێ هەر کەمە، بەڵام بوون لەو چوارچێوەیە ئەوە لە ئێمە دەخوازێ بەو شانازییەوە لە داهاتووی خەبات لەو سەنگەرەدا بڕوانینن. چونکە هەمووەمان لە بەرانبەر ڕابردوووی پڕ لە شانازی، دۆخی پڕ ئەستەمی ئێستا و داهاتووی نەوەکانی ئەو نەتەوەیە ئەرکدارین. ئەو ئەرکەش ئەگەر بە ئازادیی گەلەکەمان و ڕزگاریی نیشتمانی ناوزەد بکەین ئەرکێکی قورسە و پێویستە بە هەموو شێوەیەک کاری بۆ بکەین. چونکە هەر چرکەیەک لە ژێردەستەیی کارەساتێکی دیکەی بە دوایەیە و ئەو کارەساتە تەنیا ڕووبەڕووی مرۆڤ و نەتەوە و ماف و ئازادییەکانی نییە، بەڵکوو تەنانەت سروشت و ئاژەڵەکانی کوردستانیشی گرتۆتەوە، و بەردەوامیی ژێردەستەیی وەک بەرەوامیی کارەساتە.

بۆیە ئێمە کە ڕەگمان لە شانازی مێژووی ڕابردوودایە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەرکی ئێستامان بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی

## بەشی چوارەم

جیاواز و ئازاد و سەرەوەری وردبیینەوەو پێویستە لە چونیەتی سەرکەوتن لە جێبەجێ کردنی ئەرکمان تێبفکرین و ڕێکاری سەردەمیانەو شێوازی نوێ کە ئاوێتەی باوەڕی کوردایەتی ڕابردووی پڕ لە شانازیمان هەیە بگرینە بەر.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گوێ لە مامۆستای ڕێنیشاندەر واتە مێژوو بگرین و پێداچوونەوە بەو ڕێکارانە بکەین بۆوەی بتوانین ڕێگای سەرکەوتن مسۆگەر بکەین. مێژوو پێمان دەڵێ حیزب دەبێ پەرە بۆ ڕەگداکوتانی گوتاری نەتەوەخوازی بدات، چونکە ئەم حیزبە دامەزراوەی چارەسەری سەرەکیترین پرسی گەلەکەیەتی کە پرسی نەتەوە و ئازادی و ماف و ڕزگاریی نیشتمانە. بۆ سەرکەوتنی ئەو داوایە، و ئەو فەلسەفەی خەبات یا وێژمانی سیاسیە، پێوستە وانەکانی سەرۆک‌کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی شەهیدمان بکەینە سەرمەشقی خەبات کە بە بەردەوامی پێیان لەسەر پێویستیی بە جەماوەریکردنی خەبات کردۆتەوە. بێگومان ئەگەر خەبات ببێتە خەباتی هەمووان، داگیرکەرانیش ناتوانن بۆ ساتێکیش لە حوکمڕانیی دیکتاتورانە، توتالیتەرانە و داگیرکەرانەی خۆیان لە کوردستان بەردەوام بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٥ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٥ی کوردی**

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

